حکومەتی هەرێمی کوردستان–عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان/بەشی زمانی کوردی

# وەرگرتنی زمان لای منداڵ

نامەیەکە

## عەدنان عەبدوڵڵا عەبدولوەهاب

پێشکەشی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زانستی زمان و زمانی کوردیدا.

## سەرپەرشت

## پ.ی.د. ئازاد ئەحمەد حسین

٢٧١٥کوردی ١٤٣٣کۆچی ٢٠١٥زایین

ئەم نامەیە بەچاودێری من لە بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زانستی زمان و زمانی کوردیدا٠

ناو: پ٠ی٠ د٠ ئازاد ئەحمەد حسین

ڕۆژ: / / ٢٠١٥

بە پێی ئەو پێشنیارە،ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو: پ٠ی٠د٠ کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: / / ٢٠١٥

ئێمە ئەندامانی لیژنـەی هەڵسەنگاندن،ئەم نامەیـەمان خوێنـدەوە و لەگـەڵ خوێندکارەکـەدا گفتوگـۆ و تاوتوێی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تریمان کرد و بڕیارماندا،کە شایستەی ئەوەیە،بە پلەی(          ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی زمان و زمانی کوردیدا پێبدرێت٠

ناو: د٠ شیلان عمر حسین
ئەندام
ڕۆژ:    /     / ٢٠١٥

ناو: د٠ شاخەوان جەلال فەرەج
ئەندام
ڕۆژ:    /     / ٢٠١٥

ناو: پ٠ی٠د٠ ئازاد احمد حسین
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕۆژ:    /     / ٢٠١٥

ناو:پ٠د٠ محمد عبدالفتاح حمەسعید
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:    /     / ٢٠١٥

لە لایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەند کرا٠

ناو: د٠ شاخەوان جەلال فەرەج
سەرۆکی سکوڵی زمان/بە وەکالەت
ڕۆژ:    /     / ٢٠١٥

# پێشکەشە بە:

- گیانی پاکی دایك و باوکی کۆچکردووم.
- خوشکەکانم،هاوسەرم،منداڵەکانم(ئاوان،ئاسۆس،ڕەیان).
- گیانی پاکی ئەو ئەنفالکراوانەی،کە لە بیابانەکانی غەریبیدا زۆر بە ناڕەوایی زیندە بەچاڵکران.
- دۆست و خزم و هاوڕێ و مامۆستا و خوێندکارانم.
- هەموو ئەوانەی لە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ماندوو بوون و یارمەتییاندام،کەم،یان زۆر.

عەدنان

# سوپاس و پێزانین

پاش سوپاس و ستایشی زۆر بۆ خوای گەورە و بالاَ دەست،کە یارمەتییدام و توانای پێبەخشیم بۆ ئامادەکردنی ئەم نامەیە،سوپاسی ئـەم بەڕێزانـەی خوارەوەش دەکەم:

- ماموٚســتای خۆشەویــست و سەرپەرشــتم بــەڕێز(د٠ ئــازاد ئەحمــەد حسین)،کە برایانە لەگەڵم دەجولاَیەوە و بۆ ساتێکیش هەستم بـە بێـزاری لەگەڵیدا نەکرد،بەڵکو هەمیشە ڕێنمایی و تێبینییەکانی سەرچاوەی سود و گەشبینی و کۆڵنەدانی من بوون،هیواخوازم نموونەی زۆربێت٠
- هەموو ئەو ماموٚستا بـەڕێز و خـۆشەویستانەی،کە لە ژیانی خوێندکاریمدا وانەیان پێوتوومەتەوە و بەهرەم لە ئاموٚژگارییەکانیان وەرگرتووە٠
- هاوڕێی خۆشەویستم بەڕێز ماموٚستا سەلاَح شاکەلی٠
- هاوڕێی خۆشەویستم بەڕێز ماموٚستا یوسف زەماوەنگەیی٠
- ئـەو دۆست و هـاوڕێ ئـازیزانـەی،کـە یادو پەیوەندیی و خـۆشەویستییان بەشێکە لە ژیانم٠

# هێما و دەستەواژە کورتکراوەکان

| ڕوونکردنەوەی | هێما و دەستەواژەی کورتکراوە |
|---|---|
| دەنگی گۆنەکراو،یان دەرنەبڕدراو | ... |
| دەرکەوتەی فۆنەتیکیی(بزرۆکە) | i |
| وەڵامدانەوە(کاردانەوە) | R |
| وورووژێنەر(هەژێنەر) | S |
| ڕێزمانی گشتی/جیهانی | UG |
| بەرهەمهێنان و گواستنەوە | TG |
| سەرباس/ سەرتۆپ(وشەی سەرەتا) | Topic |
| ئاستی قووڵ | DS |
| ئاستی ڕووکەش | SS |
| شریتی ترشەڵۆکی سەر کرۆمۆسۆمەکان | DNA |
| مۆدێلێکی دیاریکردنی ناوچەکانی زمانە لە مێشکدا | WLG |
| وێنەگرتنی لەرینەوەی موگناتیسی ئەرکەکانی مێشك | FMRI |
| زمانی یەکەم | L1-ز١ |
| زمانی دووەم | L2-ز٢ |
| مۆدێلێکی کلاسیکییە بۆ دیاریکردنی ناوچەکانی زمان لە مێشکدا | BWL |
| لەناوچوونی لای ڕاستی مێشك | RHD |
| لەناوچوونی لای چەپی مێشك | LHD |
| وێنەگرتنی کۆمپیوتەریی چینەکانی مێشك | CAT-CT |
| | |
| | |
| | |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Tool | ئامێر/کەرەستە |
| Organs of speech | ئەندامەکانی ئاخاوتن |
| Functional | ئەرکی |
| Attention | ئاگایی |
| Melody | ئاواز |
| Experience | ئەزموون |
| Symbolic function | ئەرکی هێمایی |
| Babbling | گغەکردن/ئغەکردن(گڕوگاڵ) |
| | ب |
| Production | بەرهەمهێنان |
| Thinking | بیرکردنەوە |
| Countless | بێکۆتایی |
| Valuation | بەها دانان |
| Root of Biology | بنەمای بایەلۆژی |
| | پ |
| Process | پرۆسە(کردە) |
| Cognitive | درککردن |
| Maturation | پێگەیشتن |
| System | پێڕەو |
| | ت |
| Input | تێکردە |
| Theory | تیۆریی(بیردۆزە) |
| Critical period | تەمەن،یان قۆناغی هەستیاری |
| Human ecology theory | تیۆری ژینگەی مرۆڤ |
| Perception-Comprehension | پەیبردن– تێگەیشتن |

| | |
|---|---|
| Individual | تاك |
| Natural ability | توانای خۆڕسك |
| | ج |
| Body and mind | جەستە و بیر |
| Substitution | جێگۆڕکێ |
| Universality | جیهانی |
| Variation | جیاوازی |
| | چ |
| Active | چالاك |
| Quality | چۆنێتی |
| Quantity | چەندێتی |
| Significant | چییەتی |
| | خ |
| Hidden | شاراوە |
| Egocentric | خۆپەرستی(خۆویستی) |
| Self monitoring | خودە چاودێری |
| Creative-Sane | خۆکرد |
| | د |
| Psychology | دەروونزانی(دەروونناسی) |
| Creation-Invention | داهێنان |
| Childish creativity | داهێنانی منداڵانە |
| Phenomenon | دیاردە |
| Language acquisition device | دەزگای وەرگرتنی زمان |
| Delay language development | دواکەوتنی گەشەکردنی زمان |
| Repitition | دووبارەکردنەوە |
| Prolongation | درێژکردنەوە |
| Output | دەرکردە |

| | |
|---|---|
| | ر |
| Behaviorism | ڕەفتاری(ڕەفتارگەرایی) |
| Righthander | ڕاستەوانە(ڕاستاڵ) |
| Language system | پێڕەوی زمان |
| | ز |
| Linguistics | زمانەوانی |
| Natural language | زمانە سروشتییەکان |
| Artificial language | زمانی دەستکرد |
| Psycholinguistics | زانستی زمانی دەروونی |
| Sociolinguistics | زانستی زمانی کۆمەڵایەتی |
| Neurolinguistics | زانستی زمانی دەماری |
| Stuttering | زمانگری(زمانگیری) |
| | س |
| Naturality | سروشتی |
| Black box | سندوقە ڕەشەکە |
| German measles | سورێژەی ئەڵمانی |
| | ش |
| Language disorder | شێواوی زمانی |
| Speech sound disorder | شێواوی دەنگەکانی زمان |
| Articulation disorder | شێواوی دەربڕین |
| Phonemic disorder | شێواوی فۆنیمەکانی زمان |
| | ف |
| Learning and teaching | فێربوون و فێرکردن |
| Prenatal learning | فێربوون پێش لەدایکبوون |
| Perceptive phonetic | فۆنەتیکی وەرگرتن |
| | ق |
| Native speaker | قسەکەری ڕەسەن |

| | |
|---|---|
| Formulation | فۆرمداڕشتن/قاڵبوەرگرتن |
| | ك |
| Social intraction | کارلێکی کۆمەڵایەتی |
| Fetus | کۆرپەلە |
| | ل |
| Study-Thesis | لێکۆڵینەوە |
| Imitation | لاساییکردنەوە |
| | م |
| Brain | مێشك |
| Assimilation | ئاوێتەبوون، تووانەوە |
| | ن |
| Right hemisphere brain | نیوەی ڕاستی مێشك |
| Left hemisphere brain | نیوەی چەپی مێشك |
| | ه |
| Symbol | هێما |
| Reason | هۆکار |
| | و |
| Response | وەڵامدانەوە |
| Stimulus | وروووژێنەر |
| Pivot word | وشەی سەرەکی |
| Change word | وشەی گۆڕاو |
| Realism | واکەوت |
| | ی |
| Memory | یادگە |
| Short term memory | یادگەی ماوە کورت/کورت خایەن |
| Long term memory | یادگەی ماوە درێژ/درێژ خایەن |

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٢ |
| **بەشی یەكەم/هەندێك تایبەتمەندیی زمانی مرۆڤ و گیانداران** | **٦** |
| ١/١) زمان چییە؟ | ٦ |
| ٢/١) جۆرەكانی زمان | ٩ |
| ١/٢-١) زمانە سروشتییەكان | ١٠ |
| ١/٢-٢) زمانە دەستكردەكان | ١٠ |
| ٣/١) جیاوازییە بنەڕەتییەكانی زمان لە نێوان مرۆڤ و گیانداراندا | ١١ |
| ١/٣-١) جیاوازیی بایەلۆژی | ١١ |
| ١/٣-٢) جیاوازیی تایبەتێتیی زمانەوانی | ١٥ |
| ٤/١) ئایا گیانداران زمانی مرۆڤ فێردەبن؟ | ١٧ |
| ٥/١) منداڵ پێش لەدایكبوون | ١٨ |
| ١/٥-١) پێكهاتەی مێشك و ئەندامەكانی ئاخاوتن | ١٩ |
| ١/٥-٢) كاریگەریی زمانوەرگرتن پێش لەدایكبوون | ١٩ |
| ١/٥-٣) یادگە و جۆرەكانی | ٢٠ |
| ١/٥-٣-١) یادگەی هەستی | ٢٠ |
| ١/٥-٣-١-١) یادگەی هەستیی بیستراوەیی | ٢٠ |
| ١/٥-٣-١-٢) یادگەی هەستیی بینراوەیی | ٢١ |
| ١/٥-٣-٢) یادگەی كورت خایەن | ٢١ |
| ١/٥-٣-٣) یادگەی درێژخایەن | ٢٢ |
| ١/٥-٤) جیاوازیی بیستن و تێگەیشتن | ٢٢ |
| ١/٥-٥) كۆدكردنی فۆنۆلۆژی | ٢٤ |
| ١/٥-٦) زمانی منداڵ پاش لەدایكبوون | ٢٦ |
| ٦/١) بیر و زمان | ٢٧ |
| ١/٦-١) چەمكی فێربوون و فێركردن | ٢٩ |
| ١/٦-٢) لێكدانەوەی زاراوەكان | ٣٣ |
| ١/٦-٣) زیرەكیی و زمان | ٣٥ |

**بەشی دووەم/تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ** ........................................ ٤٠
١/٢) تیۆری ڕەفتاریی ........................................ ٤١
٢/١-١) تیۆری کلاسیکی مەرجیی(پاڤلۆف) ........................................ ٤٣
٢/١-٢) تیۆری مەرجیی (بەجێهێنان)ی سکینەر ........................................ ٤٤
٢/٢) تیۆری درککردن ........................................ ٤٧
٣/٢) تیۆری کارلێککردنی کۆمەڵایەتی ........................................ ٥٣
٤/٢) تیۆری بایەلۆژی و زمانەوانی ........................................ ٥٩
٥/٢) قۆناغە کردەییەکانی زمانوەرگرتن لای منداڵ ........................................ ٦٥
٢/٥-١) قۆناغی گریان–هاوارکردن ........................................ ٦٦
٢/٥-٢) قۆناغی گڕوگاڵ ........................................ ٧٠
٢/٥-٣) قۆناغی فێربوونی وشە ........................................ ٧٥
٢/٥-٣-١) پۆلەڕەگەزی یەکەم وشەی منداڵ ........................................ ٧٧
٦/٢) وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم ........................................ ٨٣
٢/٦-١) مۆدێلی(Spolsky) ........................................ ٨٥
٢/٦-٢) جووتزمانی و جێگەیان لە مێشکدا ........................................ ٨٦
٢/٦-٣) ئاستی تەمەن و زمانی دووەم ........................................ ٨٧
٢/٦-٤) زمانی دووەم و ڕێزمانی جیهانی(UG) ........................................ ٨٩
٢/٦-٥) مۆدیلە هاوبەشەکانی ز١ و ز٢ لە ئاستی وشەدا ........................................ ٩٠
٢/٦-٥-١) مۆدێلی هاوبەشیی وشە ........................................ ٩٠
٢/٦-٥-٢) مۆدێلی چەمکی نێوانگر ........................................ ٩١
٢/٦-٥-٣) مۆدیلی هەموارکراوی هەرەمی ........................................ ٩٣
**بەشی سێیەم/ هۆکار و نەخۆشییەکانی دواکەوتنی وەرگرتنی زمان لای منداڵ** ........................................ ٩٦
١/٣) هۆکار و کاریگەریی بۆماوە ........................................ ٩٦
٣/١-١) دیاردەی داون،یان مەنگۆلیزم ........................................ ٩٧
٣/١-٢) ئۆتیزم ........................................ ٩٧
٢/٣) کاریگەریی ژینگە و هۆکارەکانی دەوروبەر ........................................ ٩٨
٣/٢-١) سورێژەی ئەڵمانی ........................................ ٩٩
٣/٢-٢) ئیفلیجی مێشک ........................................ ٩٩
٣/٢-٣) بەرکەوتنی مێشک(زیانکەوتن لە مێشک) ........................................ ١٠٠

٣/٣) هۆکارە دەروونییەکانی دواکەوتنی وەرگرتنی زمان.................................... ١٠٩
٣/٣-١) گەگ گرتن .................................................................. ١٠٩
٣/٣-٢) تەتەڵەکردن،گراندوویی...................................................... ١١١
٣/٣-٣) نەتوانایی ئاخاوتن،یان کەڵەکەبوونی گوتن.......................................... ١١٢
٣/٣-٤) جێگۆڕکێ.......................................................................... ١١٣
٣/٣-٥) لابردن،یان گۆ نەکردن.............................................................. ١١٥
٤/٣) هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دواکەوتنی وەرگرتنی زمان.................................... ١١٩
٣/٤-١) نەدواندنی منداڵ لە خێزاندا.......................................................... ١٢٢
٣/٤-٢) لە کاردابوونی دوو پێڕەوی زمانی لە خێزاندا........................................ ١٢٣
٣/٤-٣) باری ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی خێزان...................................... ١٢٤
ئەنجام...................................................................................... ١٢٦
سەرچاوەکان................................................................................ ١٢٧
ئەو منداڵانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراون.............................................. ١٣٥
خلاصة البحث.............................................................................. ١٣٦
Abstract.................................................................................. ١٣٨

# پێشەکی

# پێشەکی

## ١/٠)ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە(وەرگرتنی زمان لای منداڵ)ە،کە تێیدا توێژینەوە لە قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ لە تەمەنێکی دیاریکراودا کراوە،ئەو تەمەنەش ئەو کاتەیە،کە منداڵ دەتوانێت(زمانی دایك)ی بەباشی بەکاربهێنێت و بەقسەکەرێکی ڕەسەنی ئەو زمانە دابنرێت٠ئەم دیاردەیە بابەتێکی گرنگە و گەلێك زانستی جیاجیا پێیەوە پەیوەستن،وەك زانستەکانی بایەلۆژی و زمانەوانی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی،واتە بابەتێکی نێوانزانستییە٠لەژێر ئەم ناونیشانەدا ئەوە خراوەتەڕوو،کە وەرگرتنی زمان تایبەتمەندیی و پێویستییەکی کەسێتیی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤە،چونکە منداڵ دوای تەمەنی(٤–٥)ساڵ دەبێتە خاوەنی زمانێکی سروشتی لەو کۆمەڵگەیەدا،کە تێیدا دێتە ژیانەوە و تا کۆتایی تەمەنی بەکاریدەهێنێت٠

## ٢/٠)گرنگی لێکۆڵینەوەکە

لەوەتەی مرۆڤ و زمان هەن،جێگەی گرنگی و بایەخ پێدانن٠زمان وەك تایبەتمەندییەکی تایبەت بە مرۆڤ و مرۆڤیش وەك سەروەر و پێشەوای ئەم ژیانە،لە ژیانی مرۆڤایەتیشدا منداڵ وەك سەرمایەیەکی ئایندە و داهاتوو،چەقی لێکۆڵینەوەی زاناکان بووە،بە هۆکاری ئەوەی،ئەگەر منداڵ دروست بناسرێت و پەروەردە بکرێت،ئەوا دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی دروست و بەختەوەر بنیات بنرێت٠

لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە گرنگە،چونکە تێگەیشتن لە(منداڵ و زمانوەرگرتن)ەکەی دەکاتە ئامانجی خۆی و پێیوایە دەکرێت لە ڕێگەی زمانوەرگرتنی منداڵەوە،نهێنیی و یاساکانی زمان ئاشکرا بکرێن و بدۆزرێنەوە،هەروەها لە ڕێگەی زمانیشەوە دەتوانرێت،منداڵ بەباشی بناسرێت خواست و ئارەزوو و گرفتەکانی دیاریبکرێن و بۆ ئاییندەیەکی گەش ئامادە بکرێت٠

## ٣/٠)هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

کردەی وەرگرتنی زمان لای منداڵ بابەتێکی گرنگ و بەسودە بۆ تێگەیشتن و ناسینی زمانی مرۆڤ دواتر خودی مرۆڤیش،چونکە سەرەتای پەیدابوون و دروستبوونی زمانە،هەروەها بۆ تێگەیشتن لە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ بە تایبەتی گەشەکردنی لایەنی دەروونی و ژیری،چونکە منداڵ بەو زمانەی،کە قۆناغ بە قۆناغ وەریدەگرێت خواست و خەمە منداڵییەکانی دەردەبڕێت،بۆیە دەکرێت لەڕێگەی زمانوەرگرتنەوە،هەم زمان و ئاست و تایبەتمەندییەکانی و هەم منداڵیش بناسرێت٠

ئەم بوارە لە زمانی کوردیدا کەمترین لێکۆڵینەوەی تێداکراوە،ئەم هەوڵە دەبێتە تەواوکەری هەوڵەکانی پێشتری ئەم بوارە و سەرەتایەك بۆ توێژینەوەی وردتر و زانستیتر،لەسەر ئەم دیاردە بە بایەخەی ژیانی منداڵ بەتایبەتی و مرۆڤ بەگشتی٠

## ٤/٠)ڕێباز و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لە ڕووالەتدا بابەتەکە تەنها زمانەوانییە و لە چوارچێوەی زانستی زماندا لێیدەکۆڵرێتەوە،بەلاّم لە ڕاستیدا بابەتێکی نێوانزانستییە، لەبەرئەوە پرۆسەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر و هەمەلایەنترە،کە بتوانرێت بۆ لێکدانەوەی،تەنها پشت بە زانستێك، یان ڕێبازێك ببەسترێت،بۆیە جگە لە ڕێبازی پەسنکەرانە لە هەرکوێی لێکۆڵینەوەکەدا پێویست بووبێت سود لە ڕێبازی تریش وەرگیراوە،وەك ڕێبازی گەشەکردن بە مەبەستی دەرخستنی گەشەی زمان،هەروەها ڕێبازی زانستی زمانی جێبەجێکەرانە بە مەبەستی پیشاندانی نموونەکان و جیاوازییان لە منداڵێکەوە بۆ یەکێکی تر.

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە دەربڕینەکانی منداڵە لە(گریان)وە،تا(ڕستەیەکی ڕێزماندروست و واتاڕاست)، واتە لە لەدایکبوونەوە تا ئەو کاتەی،کە بە تەواوەتی زمان بۆ پەیوەندیی و لەیەکگەیشتن بەکاردەهێنێت ئەمەش دەکاتە دەوروبەری پێنج ساڵی.

## ٥/٠)گرفت و کێشەی لێکۆڵینەوەکە

گومانی تێدا نییە،هەموو لێکۆڵینەوەیەك گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە،بەلاّم لێکۆڵینەوەیەکی وەك، وەرگرتنی زمان لای منداڵ ڕەنگە کێشە و گرفتی زیاتر بێت،بەهۆکاری ئەوەی پرۆسەیەکی قووڵ و پڕ لە نهێنییە و تێیدا چەندین ڕەهەندی بایەلۆژی و دەروونی و ژینگەیی و زمانی و کۆمەلاّیەتی و کەلتوری بەشێوەیەك تێکەڵدەبن،کە زۆر گرانە بڕ و ئەندازەی هەریەکێکیان بە وردی لە هاتنە ئارای پرۆسەکەدا دیاریبکرێت.وێڕای ئەوە،لێکۆڵینەوەکە پێویستی بە سەرچاوە لە هەموو ئەو بوارانەی سەرەوەدا هەبووە و دەستکەوتنیان کارێکی ئاسان نەبووە،هەروەها بەکارهێنانیان دەبووە هۆی فراوانبوون و قورسترکردنی لێکۆڵینەوەکە.

## ٦/٠)بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە،بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی زمان بەگشتی و تێڕوانین و لێکدانەوەی زانایانی زمان لەسەری لەگەڵ خستنەڕووی چەند پێناسەیەکی گرنگی زمان،هەروەها هەر لەم بەشەدا زمان،وەك دیاردەیەکی تایبەت بە مرۆڤ،کە جیای دەکاتەوە لە هۆکاری پەیوەندی سەرجەم گیانلەبەرانی تر، باسکراوە و پەیوەندی لەگەڵ چەند ئەدگارێکی تری مرۆڤدا،وەك زیرەکی و بیر و بیرکردنەوە خراوەتەڕوو.

منداڵ وەك سەرەتاییترین تەمەنی مرۆڤ،بۆ بەدەستهێنانی ئەم دیاردە ئاڵۆز و سەرسوڕهێنەرە لە بەرچاو گیراوە،کە بەهۆیەوە دەتوانێت لە کۆمەڵدا بژی و بمێنێتەوە و گەشە بەلایەنەکانی تری ژیریی و ڕۆشنبیری بدات و لەیەك دۆخدا نەمێنێتەوە و پێشبکەوێت.

**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا تیۆرەکانی زمانوەرگرتن خراونەتەڕوو،چونکە چەندین تیۆر بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە باسکراون،لێرەدا لە چوار تیۆری سەرەکییدا پێشاندراون،کە ئەمانەن:
١/ تیۆری ڕەفتاری، ٢/ تیۆری پەیپێبردن(درککردن)، ٣/ تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری، ٤/ تیۆری زمانەوانی،یان بایەلۆژی·پوختەی ڕاوبۆچوونەکانی ئەم تیۆرانە و لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانیان، ناوەڕۆکی ئەم بەشە پێکدەهێنن·
هەروەها لەم بەشەدا،کورتەیەك سەبارەت بە وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم لەگەڵ چەند تیۆرێکدا باسکراون و شیکراونەتەوە·

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە بۆ نەخۆشییەکانی پرۆسەی وەرگرتنی زمان تەرخانکراوە،دیارە دیاردەی زمانوەرگرتن لە هەموو قۆناغەکانیدا لەگەڵ کۆمەڵێك نەخۆشی بۆماوەیی و جەستەیی و دەروونی و بارو دۆخی کۆمەڵایەتیی دژوار و نەخوازراو ڕووبەڕوو دەبێتەوە،کە لەئەنجامدا دەبنەهۆی لەدەستدانی زمان، یان ئاخاوتن بەتەواوی،یان دواخستنی پرۆسەکە بۆ ماوەیەکی کاتی·لەم بەشەدا،هەموو ئەم گرفت و نەخۆشییانە بە وردی لێکدراونەتەوە·بەم شێوەیە هەرسێ بەشی لێکۆڵینەوەکە،تێهەڵکێشن و پێکەوە وێنەیەکی گشتی دیاردەی زمانوەرگرتن دەکێشن·

# بەشی یەکەم

## هەندێك تایبەتمەندیی زمانی مرۆڤ و گیانداران

## ١) هەندێك تایبەتمەندیی زمانی مرۆڤ و گیانداران

### ١/١) زمان چییە؟

ئـەم پرسیارە،هــەم کۆنە،هـەم تازەیە،کۆنـە لـەبەرئەوەی،لــەو کاتـەوەی دیـاردەی زمـان لای مـرۆڤ دەرکەوتووە،بەردەوام سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشاوە و وای لێکردووە،لێیڕابمێنی و بـەردەوام بپرسـێت،ئەم دیـاردە سەرسـوڕهێنەرە چـییە؟لە هــەناوی ئــەم پرسیارەشـدا،هەندێك پرسـیاری تـری،وەك چـۆن پەیدابووە؟،کـەی پەیـدابووە؟،بۆ پەیدابووە؟،سـەریانهەڵداوە و هاتوونەتـە ئـاراوە٠تازەیە،چـونکە ئـەو پرسـیارانەی،کە لـە کۆنـدا دەربـارەی زمـان کراون،لـە ئێـستاشدا بـەردەوام دووبـارە دەبنــەوە،واتا پرسیارەکان نەمرن، چونکە وەڵامەکان نەیانتوانیوە،گشت ڕەهەندەکانی مەتەڵی زمان هەڵبهێنن٠

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت،زانایان و بیرمەنـدان لـەکۆن و نوێـدا دەربـارەی زمـان،وەڵام و لێکدانـەوەکانیان جیاوازبوون،بـە جۆرێك،هــەر یەکــەیان لــە گۆشــەنیگایەکەوە لێیــانڕوانیوە٠دیـارە هۆکــەی بــۆ ئــەوە دەگەڕێتەوە،کـە زمـان پەیوەنـدیی بـە تـەواوی لایەنـەکانی ژیـانی ئـادەمیزادەوە هەیـە٠مـرۆڤ ناتوانێـت دەست بداتە هیچ کارێك،ئەگەر زمان چەکی دەستی نەبێت،بێ زمان ناتوانێـت لـە زانـست بکۆڵێتـەوە و داهێنان بکات و ژیانی خۆی بگۆڕێت و ئاسۆکانی پێشکەوتن لە بەردەم خۆیدا بکاتەوە،لە بواری ژیـانی کۆمەڵایەتیشدا بە هۆی زمانەوە مرۆڤ توانیویەتی پەیوەندییەکانی خۆی،لەگـەڵ تـاك و کۆمـەڵ و هـۆز و نەتەوە جیاوازەکاندا رێکبخات و لە مەبەست و نیازەکـانی خۆی،تێیـان بگەیـەنێت٠زمـان پێکهاتەیـەکی ئاڵۆزە،هێندەی ئاڵۆزی ژیان،چونکە لە هەرکوێ ژیان هەبێت،زمانیش هەیە،هەرچەندە ژیـان پـەلبهاوێت و پێشبکەوێت،زمان لەگــەڵیدا دەڕوات و وەڵامــی تێکـڕای پێویـستییەکانی دەداتــەوە٠ئــەم گرنگـی و زیندوێتییەی زمان،بیر و هزری زانایان و لێکۆڵەرانی سەرقاڵ کردووە و بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئـەم تایبەتمەندییـەی ژیـانی مرۆڤ،بـەردەوام لــە هەوڵـدابوون، لــەم پێناوەشـدا دەیــان ئــەزموون و تیـۆر و تێڕوانینیان خستووەتـەڕوو٠ هەموویان لـەوەدا کۆکن،کـە ژیـانی مـرۆڤ بـە زمانـەوە گرنگە،ئەگـەر زمـان نەبێت،پەیوەندی دروست نابێت و کـۆمەڵگەش بەرهــەمی پەیوەندییە،واتــە وەڵامـی پرسـیاری(بۆچـی زمـان پەیـدابووە؟)،دراوەتـەوە،وەك دەبینرێـت دروسـتکردنی پەیوەنـدیی و گۆڕینـەوەی مەبەسـت و زانیارییەکانە،لە نێوان تاك تاکی هەر کۆمەڵگەیەك بە تایبەتی و مرۆڤایـەتی بەگشتیدا٠ زانایـان لـەوەدا هاوڕانین،کـە زمـان کـەی پەیدابووە،چـونکە ئەمـە دەمانباتـەوە بـۆ ئــەو پرسـیارەی، کـە مـرۆڤ کـەی پەیدابووە؟ئایا زمان لـەگەڵ مرۆڤدا پەیدابووە،یان مرۆڤ پاش ماوەیـەك لـە بـێ زمـانی،دواتر زمـان لای دەرکەوتووە؟یـان زمـان چۆن پەیدابووە؟ئـایا مرۆڤ لـە سەرەتـادا،وەك منداڵ زمـان فـێربـووە؟یـان بـە شێوەیەکی تر؟مشتومڕی زانایانی بوارە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم بۆچوون و پرسیارانە هەتا ئێستاش بەردەوامە،بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە، ڕای زمانەوانەکانە،چـونکە لـەو کاتەوە زانستی

زمان بووەتە زانستێکی سەربەخۆ[1]،لێکۆڵینەوەی زماناسەکان لەسەر خودی بابەتی زمان چڕبووەتەوە٠ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە دەسکەوتگەلێکی سودبەخشن لەسەر زمان و ئاست و پێکهاتەکانی٠لە سەردەمانی کۆنیشدا،کەم،تا زۆر لەلایەن زانایانی زمانەوە تیشك خراوەتە سەر زمان،واتە زمان زۆر پێناسە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، لێرەدا هەندێك لەوانە دەخەینەڕوو:

١/ ((زمان: ئەو دەنگانەیە،کە نەتەوەکان مەبەستەکانی خۆیانیان پێدەردەبڕن))[2]٠

بەپێی ئەم پێناسەیە،زمان لەدوو بەش پێکدێت،ئەوانەش(دەنگ)و(مەبەست:واتا)ن،واتە زمان ئاوێتەیە لەم دوو ڕەگەزە،چونکە ئەم دوانە تەواوکەری یەکدین و بێ بوونی یەکێکیان، پرۆسەکانی زمان ناگەنە ئەنجام٠ڕەگەزی یەکەمیان هەستپێکراوە و مرۆڤ بە هۆی ئەندامەکانی ئاخاوتنیەوە دەریاندەبڕێت، ئەگەر واتایەك لەگەڵ خۆیاندا نەگوێزنەوە،ناتوانرێت پێیان بگوترێت،دەنگی زمانی و نابنە بەشێك لە زمان،هەرچی ڕەگەزی دووەمە،ئەبستراکتە و ناتوانرێت بخرێتە ژێر ڕکێفی لێکۆڵینەوەوە،تا نەچێتەوە قالبی دەنگەوە٠مرۆڤ جگە لە دەنگ بە زۆر ڕێگای تریش،دەتوانێت بیر و بۆچوون و هەستەکانی خۆی بۆ کەسانی دیکە بنێرێت،بەڵام ئەوەی بە دەنگ دەکرێت،گرنگە و تایبەتێتیی زمانی مرۆڤ لێرەدایە٠

٢/ ((زمان:پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاردێت و بەهۆی ڕشتەی وتن و بیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیاری کراودا کاردەکات٠دەنگەکان ڕەمزن واتا لەخۆوە وەردەگرن))[3]٠ئەگەر لەم پێناسەش وردبینەوە،دەبینین وەکو پێناسەکەی سەرەوە،بەهەمان شێوە هاوسەنگی ڕاگرتووە لەنێوان دەنگ و واتادا،بەڵام لێرەدا پێڕەو باسکراوە،واتە دەنگەکان بە هەڕەمەکی دروست نابن و واتاکان هەڵناگرن تەنها بە پێڕەو نەبێت،بۆ وێنە دەنگەکانی زمان لە دەنگە نازمانییەکان جیاوازن،ژمارەو تایبەتمەندییان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت،چونکە پێناسەکە دەڵێت لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کاردەکات،هەروەها دوای ئەوەی دەنگەکان بەپێی پێڕەوی تایبەتی وشەکانی زمان دروستدەکەن،ئەم وشانە لە خۆوە واتا وەردەگرن،وەکو پێناسەکە ئاماژەی بۆ کردووە٠بەم شێوەیە و بەگوێرەی تێڕوانین و لێکدانەوەی ئەم پێناسەیە بۆ زمان،هیچ پەیوەندییەکی سروشتی و لۆژیکی لە نێوان دەنگ،یان وشە و واتاکەیدا،یان ئەو شتانەی،کە هێمان بۆیان نییە،بەڵکو تەنها ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیی لە خۆوەیە،بۆ نموونە وشەی(دار) بۆ واتای (ڕووەکی دار)،ڕێکەوتنێکە لە نێوان ئاخێوەرانی کورددا،هەر ئەم شتە لە لای نەتەوەکانی تر، هێمای تری بۆ دانراوە،وەك(شجرە)لای عەرەب و (TREE)لای ئینگلیز٠لەگەڵ ئەمەشدا وێنەی وشە لە زماندا هەیە،لە دەنگە سروشتییەکەیەوە وەرگیراوە،وەك(خشەخش،تەقەتەق، گڤەگڤ،گرمەگرم،٠٠٠٠٠٠٠٠هتد)٠

1 – بەکر عومەر عەلی، چاوپێکەوتن،زانکۆی سلێمانی، ١٩/٥/ ٢٠١٣، هەروەها بڕوانە:جۆن لیشتە،و٠دیدار ئەبوزێد،٢٠١٢،ل٣٣٦ ٠

2 – ابی الفتح عثمان بن جنی،٢٠٠٦م،ص٦٧ ٠

3 - محمد معروف فتاح،١٩٩٠،ل٥ ٠

٣/چۆمسکی:((زمان: کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات))[١]،یان((زمان:کۆمەڵێکی بێکۆتایی،یان ژمارەیەکی بێکۆتایی لە ڕستەیە،هەر ڕستەیەك لە درێژییدا کۆتایی هەیە و لە ژمارەیەکی دیاریکراو و ناسراو لە کەرەستە سەرەتاییەکان پێکهاتووە))[٢]٠

ئەم پێناسەیە بە بەراورد،لەگەڵ پێناسەکانی پێشتر، قووڵتر و وردتر چووەتە ناو بابەتی زمانەوە، چونکە لە ئەوانەی پێشوودا، بە شێوەیەکی گشتی باس لە پێکهاتەکانی زمان،لە دەنگ و واتا کرابوو،پەیوەندیی نێوانیان بە ڕێکەوت و لە خۆوە دانرابوو،ڕاستە باسی پێڕەویش،وەکو تایبەتمەندیی دەنگەکانی زمان تیشکی خرابووە سەر،بەڵام ئەوانە تەنها لە دوو ئاستی زماندا خۆیان دەنوێنن(دەنگسازی(فۆنۆلۆژی) و وشەسازی(مۆرفۆلۆژی))٠دیارە زمان جگە لەو دوو ئاستە بەراییە،لە چەند ئاستێکی بەرزتریش پێکدێت،وەك(ڕستەسازی(سینتاکس)،واتاسازی (سیمانتیك)، پراگماتیك(بەکارهێنانی زمان بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی)٠ئەم تێڕوانینەی(چۆمسکی) بۆ زمان گرنگتر و هەمەلایەنترە،بە هۆکاری ئەوەی باسی(ڕستە)و(ڕێزمان)ی کردووە٠لای ئەو زمان کۆمەڵە ڕستەیە،ڕستەش بەپێی یاساکانی ڕێزمان ڕێکدەخرێت و دروستدەکرێت،بۆیە ڕستەکانی زمان لەیەك کاتدا،ئاستەکانی خوارەوە و سەرەوەی زمان دەنوێنن،بەم شێوەیە:

(دەنگ و یاساکانی دەنگسازی ← وشە و یاساکانی وشەسازی ← ڕستە و یاساکانی ڕستەسازی)

(ك،و،ر،د،س،ت،ا،ن،ن،ا،م،ە،د،ە،ن،وو،س،ێ،ت)٠ (نامە،کوردستان،دەنووسێت)٠ (کوردستان نامە دەنووسێت)٠

بەم جۆرە،ڕستە بەپێی کۆمەڵێك یاسا دروست دەبێت،بۆ ئەوەی واتا بگەیەنێت،زانستی زمان شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەنگاو بە هەنگاوی ئەم پرۆسانە،دەکاتە بەرنامەی کاری خۆی،بۆ گەیشتن بە دیاردە و یاسا شاراوەکانی پشت ئەم پێکهاتە و دەرکەوتانە٠

ئەوانەی لە بواری زانستی زماندا کاردەکەن،چەندین تیۆر و تێڕوانینیان هەیە،لەسەر چۆنێتی فێربوونی زمان لەلایەن مرۆڤەوە،بە تایبەتی لێکۆڵینەوەی فێربوونی زمان لە لایەن منداڵەوە،چونکە سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی زمان و ئاست و پێکهاتە بە یەکداچووەکانی٠لەبەرئەمە ئەو بۆچوونانە باس دەکەین،کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە،واتە(زمان و منداڵ)٠یەکێك لەو تیۆرانە چواندنی (فێربوونی زمانە لەلایەن مرۆڤەوە لە سەرەتای پەیدابوونیدا)بە شێوازی وەرگرتن و فێربوونی زمان لای منداڵ،چونکە قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵانی هەموو جیهان،وەکو یەکە و بەپێی ڕیزبەندییەکی ورد، لە سادەییەوە بۆ ئاڵۆزی دەچێت،((زۆر لە زانایان دەڵێن،ئەو پلانەی منداڵ پێیدا تێدەپەڕێت،لە هەر لقێك لە لقەکانی ژیانی نموونەی ئەو پلەیە،کە ئادەمیزاد دەیبڕێت٠بەم تیۆرەش

[1]- محمد معروف فتاح،١٩٩٠،ل٥ ٠

[2]- محەمەدی مەحویی،٢٠٠١،ل١٥ ٠

دەوترێت(تەلخیس)،یان(تیۆری هیگڵ)،زۆر لە زانایانی زمان سەبارەت بە پەیدابوونی زمانی مرۆڤ و پێشکەوتنی،پشتیان بەم تیۆرە بەست))[1]٠

کەموکورتی ئەم تێورە لەوەدایە،چۆن دەکرێت پەیدابوونی زمان لای مرۆڤ،بە زمان وەرگرتن لای منداڵ بچوێنرێت،لەکاتێکدا حاڵەتی یەکەمیان نازانرێت،کەی بووە و چۆن بووە،چونکە مێژووی پەیدابوونی زمان لای مرۆڤ زۆر کۆنە،لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە لێی،هیچ شتێك بە دەستەوە نادات و تەنها دەچێتە قاڵبی مەزەندە کارییەوە،هەرچی منداڵە،لە بەردەستی لێکۆڵەراندایە و بەردەوام لایەنە جیاوازەکانی ژیانی دەخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە٠منداڵ کاتێك دێتە دنیاوە،لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەبینێتەوە و زۆر شتی ژیانی بەتایبەتی( زانیاریی سەرەتایی زمانی)لەو ژینگەوە فێردەبێت،بەڵام هەرچی مرۆڤە،ئایا بە کۆمەڵ پەیدابووە؟ یان بە تاك؟ئەگەر بە کۆمەڵ بووە،چۆن ئەو کۆمەڵە پێکەوە زمان فێربوون؟چ هۆکارێك یارمەتییدان و پاڵی پێوەنان،بۆ داهێنانی دیاردەیەکی ئاڵۆزی،وەکو زمان؟٠ ئەگەر بە تاکیش بووە،دیسان چۆن فێربووە،لاسایی کێی کردووەتەوە،لەکاتێکدا زۆر لە تیۆر و ڕاکانی ئەم سەردەمە،بڕوایان وایە،کە لاساییکردنەوە هۆکارێکی بەهێز و سەرەکییە،لە کردەی وەرگرتنی کەرەستە سەرەتاییەکانی زماندا،تەنانەت لای هەندێکیان زمان لای منداڵ هەمووی لاساییکردنەوەیە٠

منداڵ بەپێی گەشەی ئەندامەکانی لەشی(بیستن و ئاخاوتن)،زمان وەردەگرێت،ئەی مرۆڤ لە تەمەنی گەورەییدا هەموو ئەندامەکانی لەشی پێگەیشتوون،چۆن وەکو منداڵ فێری زمان بووە؟چۆن ئەم دوو دیاردەیە بەراورد دەکرێن،بۆیە ئەم تیۆرە ناتوانێت بنەماکانی خۆی بسەلمێنێت،چونکە دوو پرۆسە بەیەك دەچوێنێت،یەکەمیان قۆناغەکانی،لێڵ و نادیارن،لەبەرئەوەی هەزاران ساڵ بە سەریدا تێپەڕیوە،بەڵام دووەمیان قۆناغەکانی دیار و ڕوونن٠سەرەڕای ئەو لێکۆڵینەوە زۆر و جۆراوجۆرانە،لە ڕووی بایەلۆژیی و دەروونییەوە و بە(ئامێری پێشکەوتوو)ش، لەسەر گەشەی ئەندامەکانی لەش بۆ گەیشتن بەڕاستیی و نهێنییەکانی فێربوون و وەرگرتنی زمان لای منداڵ،هێشتا زانایان لە سەر ئەنجامەکانیان کۆك نین،بۆیە زانینی دیاردەیەکی کۆنی،وەك پەیدابوونی زمان لای مرۆڤ،ئاسان نییە٠

## ٢/١)جۆرەکانی زمان

زاراوەی(زمان)بۆ گشت ئەو هۆکارانەی،کە پەیوەندیی و وتوێژ و لەیەکگەیشتن بەرهەم دەهێنن و دروستدەکەن،بەکاردەهێنرێت،بەڵام هۆکارەکان،یان زمانەکان لە ڕووی بوون و تایبەتمەندییەوە لەیەك ناچن و وەك یەك نین،واتە لە ئاستی پێکهاتن و بەکارهێنان و ڕۆڵ گێڕان و گرنگییدا جیاوازن٠ بەشێکیان ڕەسەن و بنەڕەتین و بەشێکی تریشیان لاساییکەرەوە و دەستکردن،بۆیە بەشێوەیەکی گشتی بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەکرێن:

---

[1] - عەبدولواحد ئەلوافی،٢٠٠٧،ل١٨٧ ٠

## ١/٢-١)زمانە سروشتییەکان(natural languages)

ئـەو پێڕەوانەی ئـاخاوتن و لەیەکگەیشتنن،کە سروشتیین و پـەیدابوون و دروستبوونیان،ناگەڕێنەوە بۆ دەستکردی مرۆڤ،واتە بوونێکی خۆڕسکیی و سروشـتییان هەیـە و مـرۆڤ دروسـتیان ناکـات،وەك((زمانـە جیاوازەکـانی مرۆڤ،زمـانی هێما،زمـانی سـیماو دەسـتو دەموچـاو،زمانی هـەنگ،زمانی باڵنـدە،زمانی مێرووله و ماسی٠٠٠هتد))[1]٠له ناو ئەمانەشدا ئاست و پلەداری هەیە،بۆ نموونە زمانی مرۆڤ لـە لوتکـەی پێڕەوی زمانە سروشتییەکاندایە و هەڵگری زۆر خەسڵەت و تایبەتمەندییە،کە لەوانی تردا نین٠یەکێك لـە سـیما دیارەکـانی زمانـە سروشـتییەکانی مـرۆڤ بەشـداریکردنیانە لـە پرۆسـەکانی بیرکردنـەوەدا،وەك چۆمسکی دەڵێت((زمان ئامێرێکە بـۆ گەیانـدنی بـیر و بیرکردنـەوە))[2]٠زمانـە سروشـتییەکان لەقۆناغـە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا،پەیدابوون و گەشـەیان کـردووە و دابـەش بوونەتـە سـەر زۆر زمـانی جیـاواز و سـەربەخۆ،هەریەکەیان میللـەتێك،یان چـەند میللـەتێك پێیدەدوێن،لـەم ڕووەوە زمانـە سروشتییەکان بە تایبەتی زمانـەکانی مـرۆڤ، لـە زۆر بنـەمادا هاوبـەش و لێکچوون،بۆ وێنـە لـە فـۆرمی لۆژیکییاندا هاوشێوەن((چونکە پێویستە فۆرمی لۆژیکی،هەمەچەشنی لە خۆنەگرێت و لـە نـاو ڕێزمـانی جیـاوازی زمانـە جیاوازەکانـدا هـەمان شـت بێـت))[3]٠کەواتـە زمـانی مـرۆڤ بـەراورد بـە پێـڕەوە سروشـتییەکانی تر،سروشـتیترین پێـڕەوی زمانـە و لـە تایبەتێتییـە سـەرەکییەکانی ڕەگـەزی مرۆڤە،لەبەرئەوەی خاوەنی بنەماگەلێکە،وەك((دەستوور بە دەریی و نەرمیی و لەبارێتیی بۆ گونجانـدن و بەکارهێنان و، گۆڕیین بە مەبەستی گونجاندن و ئازاد لە کۆنترۆڵی کارتێکردن و بۆ لای خـۆ ڕاکێـشان و دروستەیی وابەستەیی))[4]٠ئەمانە و توانای جەستەیی و دەروونیی و ئاوەزیی مرۆڤ،هۆکارە بۆ ئەوەی نەوەکانی(منداڵ)، بە شێوەیەکی ئاسان و پلە بە پلە و بە پێی خشتەیەکی هاوبەش و لێکچوو،لە نێوان منداڵانی سەرجەم مرۆڤایەتیدا،وەریانبگرن و فێریان ببن٠

## ١/٢-٢)زمانە دەستکردەکان(artificial languages)

بـە پێـچەوانەی زمانـە سروشـتییەکانەوە،ئەو زمانانەن،کـە لەلایـەن مرۆڤـەوە دروسـتکراون و بەرهـەم هێنراون و ناویان لێنراوە زمان،واتە لە بنەڕەتدا زمان نین،بەڵکو لەسەر شێواز و لاساییکردنەوەی زمانە سروشـتییەکان دارێـژراون و بنیـاتنراون،بۆ نموونـە وەك(زمـانی ئیـسپرانتۆ)[5] و هێماکـانی بیرکـاری و کۆمپیوتـەر و سـەربازی و زۆر بـواری تر،کـە بـۆ مەبەسـتی لێکگەیـشتن و پەیوەنـدیی و شـیکردنەوە و

---

[1]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ا/ محەمەدی مەحویی،٢٠٠١،ل٧ ، ب/ نایف خرما،و، شهاب شێخ تەیب،٢٠١٣،ل١٧٦ ،ج/-MATTHEW J. TRAXLER 2012-P447، د/ INTERVIEWS with JAMES MCGILVRAY-2012-P103-112.

2- NEIL SMITH-1999-P45.

[3]- کاروان عومەر قادر،٢٠١٢،ل١٦٦ ٠

[4]- محەمەدی مەحویی،٢٠٠١،ل١٨ ٠بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:Jean Aitchison:2011:p21

[5]- زمانێکی دەستکردی جیهانییە،لەلایەن(L. L. Zamenhof)وە،لەنێوان ساڵانی(١٨٧٠–١٨٨٠)دا،دروستکراوە٠ئێستا لە جیهاندا زیاتر لە دوو ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن٠بڕوانە:http://esperanto-afriko.webs.com/kurso%20angle.pdf

لێکدانەوە و چارەسەرکردنی گەلێك کێشە هێنراونەتە ئاراوە،ئەم جۆرە زمانانە جیاواز لە جۆرە سروشتییەکان،لەڕێگەی کەناڵ و هەستی بینینەوە وەردەگیرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت،نەك کەناڵ و هەستی بیستن،واتە پشت بە کەرەستە دەنگییەکان(فۆنیمەکان)نابەستن بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان٠بە واتایەکی تر،پەیوەندیی دوانەیی(دەنگ و واتا)،کە لە خۆوەیە و لە بنەما بنەڕەتییەکانی زمانە،لەم پێڕەوە دەستکردانەدا،بوونیان نییە،بەم شێوەیە زمانە دەستکردەکان نابنە بەشێك لە سروشتی ڕەسەنی مرۆڤ، بۆیە منداڵان لە سەرەتای تەمەنیانەوە بە شێوەیەکی نائاگایی ئەو زمانانە وەرناگرن و فێریان نابن٠

## ٣/١) جیاوازییە بنەڕەتییەکانی زمان لە نێوان مرۆڤ و گیانداراندا

### ٣/١-١)جیاوازیی بایەلۆژی

مرۆڤ لە ڕووی بایەلۆژییەوە،جیاوازییەکی زۆر و بەراورد نەکراوی لەگەڵ گیانلەبەرانی تردا هەیە،بەڵام تەنها گیانلەبەر،کە تاڕادەیەك لێیەوە نزیکە(مەیمون)ە،بۆیە زۆربەی تاقیکردنەوەکان لەسەر ئەم ئاژەڵە کراون،بۆ دۆزینەوەی سیفاتە هاوبەشەکانی،لەگەڵ مرۆڤدا((ئاشکرابووە،کەوا مێشکی هەموو گیاندارەکان لەکاتی لەدایکبوونیاندا بەتەواوی گەییوە،تەنها مێشکی ئادەمیزاد نەبێ کە گەیینی هەندێك لە پارچەکانی تری دەماخی دوادەکەوێت))[1]٠بە سەرنجدان لە تەمەنی منداڵی،ئەم ڕاستییە ڕووندەبێتەوە،چونکە منداڵ بە قۆناغ و بەپێی پێگەیشتنی پلە بە پلەی ئەندامەکانی لەشی،جموجوڵ و کردە هەستی و ژیرییەکانی گەشەدەکات و فێردەبێت٠دیارە،کە تێکڕای ئەندامەکانی لەش،لەژێر چاودێری مێشکدان و لەوەوە فەرمان بۆ جووڵەکانیان وەردەگرن، بۆیە جیاوازیی مێشکی مرۆڤ ،لەگەڵ گیانلەبەرانی تردا،لە داهێنان و بەرهەمهێنانی زماندا،هۆکاری بنەڕەتییە،ئەگینا هەموو،یان زۆربەی گیانداران توانای دەربڕینی دەنگیان هەیە لە ڕێگەی ئەندامەکانی دەنگ دروستکردنیانەوە،بەڵام ناتوانن ئەو دەنگانە بکەنە هێمای زمانی٠

واتە هەر مێشکە فەرمان بۆ ئەندامەکانی ئاخاوتن وەکو(دەم و لێوەکان و زمان و ژێکانی دەنگ و سییەکان٠٠٠هتد)دەنێرێت و دەیانجوڵێنێت و دەنگەکان دروستدەکەن،پاشان هەر لە ڕێگەی مێشکەوە ئەو دەنگانە کۆد دەکرێن و لەبری شتەکانی دەوروبەر،دەبنە پێڕەوێکی هێمایی،کەواتە گەشەکردنی مێشك،مرۆڤی گەیاندووەتە لوتکە لە ناو ئاژەڵاندا((تا توانای بیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی بوونەوەری زیندوو(مرۆڤ و ئاژەڵ)بەرەو سەرەوە هەڵکشێ،ئەوەندە بەشی پێشەوەی مێشك بەرەو گەورەبوون دەچێت و بارستایی ناوەڕاستە مێشکیش بەرەو بچووك بوونەوە دەچێت، زۆربەی کارەکانی هەستکردن و کۆنترۆڵکردنی جووڵەی ماسولکەکان لەلای مرۆڤ،کاری بەشی پێشەوەی مێشکە،بەڵام ئەو

[1]- عبدالستار طاهر شريف،١٩٨٢،ل٣٢ ، هەروەها بڕوانە: صباح حنا هرمز،١٩٨٩،ص٣٠ ٠

ئەركانە لەلای ئاژەڵ،تائێستاش بەشی ناوەڕاستی مێشك پێی هەڵدەستێت))[1]٠شتێكی بەڵگەنەویستە، كە مرۆڤ لە بیركردنەوەی قووڵ و داهێنان و لێكدانەوەی(ڕابردوو و ئێستا و ئاییندەدا)،سەروەری هەموو گیانلەبەرانە،هەر بۆیە مێشكی مرۆڤ بەراورد بە قەبارەی لەشی،لە مێشكی هەموو گیانەوەرانی تر گەورەترە[2]٠هەرچەندە هەندێك گیانەوەری گەورەی وەكو(نەهەنگ و فیل)،خاوەن مێشكێكی گەورەن،بەڵام لە ڕووی پێشكەوتنەوە،نەگەیشتوونەتە ئاستی مێشكی مرۆڤ،بەڵكو گەورەیی مێشكیان لە گەورەیی لەشیاندا قەرەبووكراوەتەوە،هەروەها مێشكی مرۆڤ نزیكەی سێ ئەوەندەی مێشكی مەیمونی(شەمپانزی)دەبێت)[3]،كەواتە ئەم گیانەوەرە زۆر لە دوای مرۆڤەوەیە،هەرچەندە بەراورد بە گیانەوەرانی تر،ئاژەڵێكی پێشكەوتووە،دیارە ئەو هەموو پێشكەوتن و داهێنانەی،كە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا لە سادەییەوە بەرەو ئاڵۆزی كردوویەتی و دەیكات،بەرهەمی ئەم جیاوازیی و توانایەی مێشكیەتی لەگەڵ ئاژەڵانی تردا٠لە بەرامبەردا گیانلەبەرانی تر نەیانتوانیوە و ناتوانن ژیانی خۆیان بەشێوەیەك ڕێكبخەن،كە بە میرات بۆ نەوەكانی داهاتوویان بەجێیبهێڵن،وەك ئەوەی لای مرۆڤایەتی دەبینرێت٠ئەو گۆڕانكارییانەش كە لە ژیانی هەندێك لە ئاژەڵاندا كراوە و دەكرێت،بەرهەم و داهێنانی بیر و ئەندێشەی مرۆڤە،دیسانەوە لە پێناوی تێگەیشتنی زیاتری ئەم ژیانەدایە٠مێشك وەك هەڵسوڕێنەری بەشەكانی تری لەشی مرۆڤ،هێندە گرنگە لە كاتێكدا هەر كێشە و كەموكوڕییەك تێیدا ڕووبدات،ئەوا مرۆڤ توانای بیركردنەوە و داهێنان لە دەستدەدات،یان بەلایەنی كەمەوە لاواز دەبێت،ئەو كاتە لەبری ئەوەی خزمەتی خۆی و خەڵكیشی پێبكات،بەڵكو خۆی پێویستی بە یارمەتییدانی خەڵكانی تر دەبێت و دەبێتە بارگرانی بەسەر خاوەن مێشكە تەندروستەكانی ترەوە٠ بەراوردكردنی ژیانی ئەو مرۆڤانەی،كە خاوەنی مێشكێكی ساغ و تەندروستن لەگەڵ ئەوانەی،كە ناتەواویی و گرفت لە مێشكیاندایە،ئەم ڕاستییانەی سەرەوە بەڕوونی دەردەكەون٠بۆ زمانیش هەمان شتە،چونكە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی پرۆسەكانی زمان دەكەونە ناو مێشكەوە و گرفت لە هەندێك شوێنیدا كێشەی زمان و زمانوەرگرتنی لای مرۆڤ لێدەكەوێتەوە٠ جیاوازییشی لەگەڵ مێشكی ئاژەڵانی تریشدا خاوەندارێتی زمانی بۆ مرۆڤ لێدەكەوێتەوە٠بەم پێیە منداڵ هەر كە لەدایكدەبێت مێشكی لەگەڵ مێشكی(مەیمون)دا جیاوازە،هەم لە ڕووی پێكهاتە و هەم لە ڕووی قەبارەشەوە،هەروەها تا تەمەنی دووساڵیش بەخێراییەكی زۆرتر لە ئاستەكانی تری تەمەن گەشە دەكات و گەورە دەبێت،ئەمەش هۆكارێكی گرنگە لە هۆكارەكانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ٠بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر باشتر وایە وێنەی هەریەك لە مێشكی مرۆڤ و مەیمون پیشانبدرێت٠بڕوانە وێنەی ژمارە(١)(ل١٣):

1– كەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠١١،ل٥٩ ٠

2 - ڕێژەی كێشی مێشكی مرۆڤ (١) لەسەر( ٤٦)ە،بەڵام هی فیل( ١) لەسەر( ٥٦٠) و هی نەهەنگیش(١)لەسەر(٨٠٠٠)ە،بڕوانە:محمد رضا باطنی،١٣٨٨،ص١٣٦ ٠

3- en.wikipedia.org/wiki/Human-brain ٠




وێنەی ژ(١) (a) مێشکی مرۆڤ و(b) مێشکی مەیمونە[(١)].

1- www.google.iq/search.human brain.

بە تەماشاکردن و بەراوردکردنی هەردوو وێنەکە،ئەو جیاوازییانە دەبینرێن،کە لە نێوان مێشکی مرۆڤ و مەیمونی(شەمپانزی)دا هەیە،جیاوازیەکەیان هەم لە کێش و قەبارە و هەم لە پێکهاتە و چۆنێتیشدایە٠قسەکردنی مرۆڤ زیاتر بەهۆی جیاوازیی چۆنێتی مێشکیەتی لەگەڵ مەیمونـدا نەك چەندێتیی[١]، بۆیە تەنها بەراوردی ئەم گیانەوەرە لەڕووی بایەلۆژییەوە لەگەڵ مرۆڤدا کراوە،چونکە وەکو باسکرا،نزیکترین ئاژەڵە لە مرۆڤەوە،هەرچی گیانەوەرەکانی ترن،زۆر جیاوازن لەگەڵ مرۆڤدا، لەبەرئەوە پێویست ناکات باسی جیاوازییەکانیان بکرێت٠دیارە جیاوازیی مرۆڤ لەگەڵ مەیموندا، لە دەزگای دەنگ دروستکردنیشدا هەیە،دەزگای دەربڕینی دەنگی مرۆڤ لە ڕووی قەبارەوە گەورەترە لە هی مەیمون،هەروەها شێوەکەشی جیاوازە،چونکە ئەم دەزگایە لە مرۆڤدا درێژبووەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ دواوەی سەر و مل،کەچی هی مەیمون زیاتر بۆ پێشەوەیە٠جیاوازییەکی گرنگی تری نێوانیان لە قوڕگ و گەروودایە،بۆری هەوا و سورێنچك دەکەونە ناو گەرووەوە،بۆری هەوا بە سییەکان و سورێنچك بە گەدەوە بەستراونەتەوە٠لە کاتی کردەی خواردن و قوتداندا لای مەیمون،بۆری هەوا بەهۆی پەردەی مەلاشووەوە بە تەواوی دادەخرێت٠ئەمەش وا دەکات مەیمون پارێزراو بێت لە خنکان و مردن،بەهۆی نەچوونە ناوەوەی خواردن بۆ ناو بۆری هەوا٠ئەم پرۆسەیە لای مرۆڤ پێچەوانە دەبێتەوە،لە بەرئەوەی زمانە بچکۆڵەی مرۆڤ بە هۆی بچوکی قەبارەیەوە ناتوانێت لە کاتی خواردن و خواردنەوە قوتداندا بۆری هەوا بە تەواوی دابخات،بۆیە لە ئەنجامدا خواردن دەچێتە ناو بۆری هەواوە و هەندێ جار دەبێتە هۆی خنکان و مردن٠هەموو مرۆڤێك تووشی حاڵەتی چوونە ناوەوەی خواردن و خواردنەوە بۆ ناو بۆری هەوا بووە،بە هۆیەوە دەکۆکێت و هەناسەی تەنگ دەبێت،تا فڕێ دەدرێنە دەرەوە٠

ئەم جیاوازیی و تایبەتمەندییەی ئامێری دروستکردنی دەنگ لە مرۆڤدا، بەراورد بە گیانەوەرە هاوشێوەکانی خۆی بە تایبەتیش مەیمون،دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانێت بە هۆیەوە جۆرەها دەنگ دروستبکات و قسە بکات،هەرچەندە هەندێك جاریش ڕووبەڕووی خنکان و مردنی دەکاتەوە٠

منداڵ کاتێك لەدایك دەبێت،دەزگا دەنگییەکەی هاوشێوەی مەیمونی شەمبانزییە،تا تەمەنی دەگاتە سێ مانگ،دواتر هاوشێوەی مرۆڤی گەورەی لێدێت،ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی منداڵ لەو کاتە کەمەی تەمەندا لە خنکان پارێزراو بێت،هەروەها نەشتوانێت هەندێك دەنگ دروست بکات و دەریانبڕێت[٢]٠

کەواتە ئاخاوتن پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تایبەتە و پێویستی بە دەزگایەکی ورد و پێشکەوتوو هەیە،بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بهێنێتە بەرهەم،ئەمەش جگە لە مرۆڤ لە هیچ ئاژەڵێکی تردا بەدی ناکرێت،چونکە

1- Jean Aitchison:2012:p43.

2- ر٠ل٠ تراسك،ت،رانیا ابراهیم یوسف،٢٠٠٢ص٢٥–٢٨ ، هەروەها بڕوانە: .Jean Aitchison:2012:p42

ئەو ئەندامانەی لەشی مرۆڤ،کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی زمان و قسەکردندا لە ڕووی چەندێتیی (قەبارە و کێش) و چۆنێتیشەوە(پێکهاتە و دروستبوون)جیاوازن و تایبەتن تەنها بە ڕەگەزی مرۆڤ٠

### ١/٣-٢)جیاوازیی تایبەتێتیی زمانەوانی

هەرچەندە جیاوازی لە نێوان تایبەتمەندیی زمانەوانیی مرۆڤ و زمانی پەیوەندیی ئاژەڵاندا،لە سەر بنەمای بایەلۆژی سەرچاوەدەگرێت،بەڵام زانایانی بواری زانستی زمان چەند ئەدگارێکی دیاریکراویان بۆ زمانی مرۆڤ دەستنیشان کردووە،کە هەموویان بە هیچ شێوەیەك لە زمانی ئاژەڵاندا پێکەوە نایەن،سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵانەی،کە بۆ فێرکردنی جۆرەها ئاژەڵ دراون لەلایەن مرۆڤەوە،کەواتە ئەمانەی خوارەوە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا جیاکەرەوە سەرەکییەکانی زمانن [1]:

١/ لە ڕووی دەنگەوە:مرۆڤ دەتوانێت لە ژمارەیەکی کەم و دیاریکراو لە دەنگ(فۆنیم)،ژمارەیەکی زۆر و فراوان وشەی جۆراوجۆر دروست بکات،کە هەریەکەیان هەڵگری واتایەکی دیاریکراون،ئەم پێکەوەهاتنە لە زماندا پێیدەوترێت(دوانەیی: دەنگ و واتا)،ئەو وشانەش،کە لەم دوو ڕەگەزە دروست دەبن،دوو جۆرن:(کەتیگۆریی فەرهەنگی و ڕێزمانین)،دواتریش هەر لەم وشانە،کۆمەڵە ڕستەیەکی بێکۆتایی دروست دەبێت،کە هەریەکێکیان بۆ هەڵوێست و بارودۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تایبەتیی نێوان قسەکەر و گوێگر و بەکاردێت،ئەم دوانەییە لە زمانی گیانەوەراندا وەك زمانی مرۆڤ نییە٠

٢/ زمانی مرۆڤ زگماکە،چونکە منداڵ دوای هاتنەدنیاوە و لەتەمەنێکی دیاریکراودا،بە شێوەیەکی سروشتی زمان وەردەگرێت و فێردەبێت، تەنانەت ئەگەر هەوڵی فێربوونی زمانیشی لەگەڵدا نەدرێت٠منداڵ لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا دێتەژیانەوە و توانایەکی شاراوە و پێشوەختی تێدایە،بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دەوروبەر و چوارچێوە کۆمەڵایەتییە،بەڵام بێچووی گیاندارانی تر ئەم توانایەیان نییە،بۆ وەرگرتنی زمانی مرۆڤ، هەرچەندە هەوڵێکی زۆریشیان لەگەڵدا بدرێت٠

٣/ پەیوەندی(هێما:دەنگ و واتا)لەگەڵ ئەو شتەی،کە دەینوێنێت لە زمانی مرۆڤدا،پەیوەندییەکی نا سروشتیی لەخۆوەیە،واتە ئەم پەیوەندییە سەرەتا بەڕێکەوت دروستبووە،دواتر بووەتە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی٠باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە،وشە و هێما جیاوازەکانی زمانی نەتەوەکانە،بۆ نموونە هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان وشەی(مەڕ)و ئەو ئاژەڵەدا نییە،کە ئەم ناوە هێمایە بۆی،تەنها لەسەر ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتییە،لەبەرئەوە هەر ئەم ئاژەڵە لای نەتەوەی ئینگلیز، وشەکانی (sheep:ewe)ی بۆ بڕیاردراوە٠ئەم پەیوەندییە ناسروشتییە لە زمانی گیانەوەراندا،پەیوەندییەکی هەستیی وێنەییە،واتە ئەو هۆکارە،کە دەبێتە زمانی ئاژەڵ لە ئەنجامی هەستکردن،یان بینینی شتەکەوەیە و تەنها تایبەتە بە ئەو،وەکو سەمای هەنگ بۆ ڕاگەیاندنی شوێنی شیلەی گوڵ بە

---

[1] - ا/ E.M. Rickerson and Barry Hiliton.2007.p62 ، ب/ صباح حنا هرمز،١٩٨٩،ص١٣، ج/ ر٠ل٠تراسك،٢٠٠٢،ص١٣-٢٤ ، د/ عبده ئەلراجحی،و٠ عەبدوڵلا گەرمیانی،ل٧٠ ٠

هەنگەکانی تر·واتە سەمای هەنگ جۆرێکە لە زمان بەڵام تەنها تایبەتە بە مەبەستێکی دیاریکراو و ناتوانێت،بەهۆیەوە زانیاریی تر سەبارەت بە شتەکانی تر بدات،کەچی مرۆڤ بە هۆی هێماوە زانیاریی دەربارەی هەموو شتێك ڕادەگەیەنێت·

٤/ زمانی مرۆڤ لە کۆمەڵێك یەکەی ئاخاوتن پێکهاتووە،بەواتایەکی تر چەند ئاستێکی هەیە،کە هەریەکەیان پێکهاتەی خۆی هەیە،ئەگەر زمانی مرۆڤ و گیانداران لە ئاستی بەرهەمهێنانی دەنگدا لێکچوونێکیان هەبێت،ئەوا لە دروستکردنی یەکەی ئاستەکانی تردا،وەکو(وشە(سادە–داڕێژراو–لێکدراو) و دەستەواژە(فرێز) و جۆرەکانی و،ڕستە(سادە–لێکدراو–ئاڵۆز)دا،زۆر بەڕوونی لێك جیاوازن·مرۆڤ دەتوانێت لە پێکهاتەی کۆنی زمانەکەی،دروستەی نوێ سازبکات،بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا،وشەیەکی نوێی وەکو(خوازیار)لە مۆرفیمی ڕەگی(خواز) و پاشگر،یان مۆرفیمی وشە داڕێژی(یار)پێکهاتووە،وشەی یەکەم بەراورد بە دوو وشەکەی دوایی نوێیە و لەوان دروستبووە،هەرگیز ئەم نوێکردنەوەیە لە زمانی ئاژەڵاندا نابینرێت·

٥/ مرۆڤ بە هۆی زمانەوە دەتوانێت چەمکە هەستی و ئەندێشەییەکانیش دەربیڕێت،مرۆڤ شتە هەستییەکانی دەوروبەری خۆی،لە کاتی ئامادەیی و نائامادەییاندا،بە وشەکانی زمان دەردەبڕێت،بە واتایەکی تر هەریەکە لە کەرەستە مادییەکانی ژیان لای مرۆڤ،هێمایەکی زمانی هەیە،ئەم هێمایانە لە یەك کاتدا،وەکو کەرەستەیەك و خوازەش بۆشتی تر بەکاردەهێنرێن،بۆ نموونە وشەی(نان)هێمایەکی زمانییە بۆ کەرەستەی(نان)،ئەم وشەیە لە ڕستەیەکی وەکو(نانی بەسەر ساجەوە سوتاوە)[1]،واتایەکی خوازەیی دروستکردووە،بۆ پەلەکردن لە کاروبارێکی ژیاندا،لەگەڵ ئەمانەشدا مرۆڤ وشەکانی زمانی، بۆ دەربڕینی بەها ڕەوشتی و مرۆییە باڵاکان بەکاردەهێنێت،وەك(ئازادی،دادپەروەری، لێبوردەیی، ڕێزگرتن،دۆستایەتی،ڕاستگۆیی،خۆشەویستی ···هتد) ئەم چەمکانە،ڕەنگدانەوەی لێکدانەوە بیری و هۆشییەکانی مرۆڤن،لەگەڵیشیاندا بارە دەروونییە جۆر بە جۆرەکان بە وشەی تر دەردەبڕێت، وەك هێماکانی خۆشی(سەرکەوتن،پێکەنین،لەدایکبوون، ڕزگاربوون····هتد)،نموونەی هێماکانی ناخۆشیش وەك(مردن،مەرگ،خەم،پەژارە،دۆڕان···هتد)،ئەم حاڵەتانە لە زمانی ئاژەڵاندا،ناتوانرێت بە دەنگ و پێکهاتەی جیا دەرببڕرێن·

٦/ مرۆڤ،زمان بەئەرکی جیاجیا بەکاردەهێنێت،واتە هەر ڕستەیەك،یان دەربڕینێکی زمانی لە شوێنێکدا واتایەك بگەیەنێت،مەرج نییە لە بارێکی تردا هەمان واتای هەبێت،ئەمەش بیرۆکەی یەکێك لە قوتابخانە زمانەوانییەکانە بەناوی(قوتابخانەی ئەرکی)،(هاڵیدای)،کە زانایەکی سەربەم قوتابخانەیە دەڵێت((ئەرکی زمان شتێکی دابڕاو نییە لەخودی پێڕەوی زمان،پێڕەوی ڕێزمانی هەرزمانێك پەیوەستە

---

[1] -پەندێکی کوردییە،لە ناوچەی گەرمیان،یەکێك زۆر پەلەی بێت لە کردنی کارێکدا و بێ بیرکردنەوە ئەنجامی بدات،بەتایبەتی(ژنهێنان)،دوای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەنجامە خراپەکانی وای پێدەوترێت·مەبەست ئەوەیە وشەکە بە واتای فەرهەنگی خۆی بەکارنەهاتووە،بەڵکو چووەتە ناو پەندی پێشینانەوە·

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو ئەرکەی،کە ڕستەکان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەیبینن))[1]٠ئەم حاڵەتەش لە زمانی گیاندارانـدا بوونی نییە،،چونکە دەنگ و هات و هاوار و جموجوڵی،کردەیی پەیوەندییان تایبەتە بەشتگەلێکی دیاریکراو و سنوردار، بە پێچەوانەی دەربڕینەکانی زمانی مرۆڤەوە،کە بێکۆتایین٠ هەروەها مرۆڤ دەتوانێت بە زمان لە زمان بکۆڵێتەوە،واتە بە هێما،هێما شیدەکاتەوە،ئەمەش یەکێکە لە ڕەهەندە قووڵەکانی زمان و بیرکردنەوەی مرۆڤ ٠ ئەمانەی سەرەوە شتە سەرەکییەکانی جیاوازی نێوان زمانی ئاژەڵان و مرۆڤ بوون، بە گشتی،ئەگینا زۆر وردەکاری تر ئەو دوو دنیایە لە یەك جیادەکەنەوە٠

## ٤/١)ئایا گیانداران زمانی مرۆڤ فێردەبن؟

دوای ئەوەی زانرا،کە تایبەتمەندییەکانی زمان،مرۆڤی لە ئاژەڵ جیاکردووەتەوە،بەلام ئەمڕۆ،کە شارستانێتی مرۆڤ گەیشتووەتە پلەیەکی بەرزی پێشکەوتن،ئادەمیزاد تێیدا توانیویەتی زۆر ئامێری سەیر و سەرسوڕهێنەر دروستبکات،کە پێشتر بەخەیاڵیشدا نەدەهات و هەندێك لە نهێنییەکانی ئەم ژیانەی دۆزیوەتەوە و لە هەوڵی بەردەوامیشدایە،ئایا لە بواری فێرکردن و ڕاهێنانی گیاندارانیشدا توانیویەتی شتێك فێری ئاژەڵ بکات،کە بەشێك نییە لە سروشتی خۆیان،دیارە مەبەست لە زمانی مرۆڤە،زانایان زۆر لەم بابەتانەیان کۆڵیوەتەوە،بۆ نموونە:

هەوڵەکەی(داڤید،١٩٧٢)[2]،ئەم زانایە گەلێك پارچە پلاستیکی بەکارهێنا، هەریەکەیان وەکو هێمایەك لە شێوەی وشەیەکدا،لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە توانی مەیمونێك فێری زیاتر لە (١٠٠) لەم هێمایانە بکات و لەگەڵ یەکدا لە شێوەی ڕستەدا دایانبنێت،بەلام گرفتی مەیموونەکە ئەوەبوو،دەیتوانی لەو پارچانە ڕستەگەلێك دروستبکات،کە پێشتر پیشانی درابوو،کەچی توانای ئەوەی نەبوو لە خۆیەوە ڕستەیەکیان لێ دروستبکات٠هەروەها(Alex)ئەو توتییە ڕەنگ خۆڵەمێشییە ئەفریقییە بوو،کە(Dr.Irene )لە زانکۆی (Arizona) کاری لەگەڵ کرد،ژمارەیەکی زۆر وشەی دەزانی،کە دەیتوانی شتەکان لەگەڵ وشە ئینگلیزییەکانیاندا بناسێتەوە،بەهۆی زانیاریەکانیانەوە،وەکو(ڕەنگ و شێوە و ژمارە)،هەروەها داوای خۆراکی دەکرد،بێ ئامادەبوونی خۆراکەکەش،لەکاتی هەڵەشدا پۆزشی دەهێنایەوە،تاڕادەیەك لە زماندا پشت بەخۆبەستووبوو،بە ڕوونی لە واتای زۆرێك لە وشەکان تێدەگەیشت،بەلام هێشتا کردەی قسەکردنی ناڕێکوپێك بوو،بەپێچەوانەی تەنانەت مرۆڤێکی منداڵیشەوە[3]٠(دۆلفینەکان)یش فێری وەلامدانەوەی ئاماژە و جووڵەی دەست کران و توانییان ئاخاوتنی نوێ بەڕاستی لێکبدەنەوە٠بۆ نموونە ئەوە فێربوون،کە زنجیرە ئاماژەکانی(PERSON SURFBOARD FETCH)واتای( bring

---

1 - دارا حمید محمد،٢٠١٣،ل٨٥ ٠

2 - صباح حنا هرمز،١٩٨٩،ص١٦ ٠

2- E.M. Rickerson and Barry Hiliton.2007.p64.

the surfboard to the person)دەگەیەنن،ئەمەیان بە ئاسانی،وەك پێڕەوێك ناسی و بەكاریانهێنا[1]،بۆ تایبەتبوونی زمان بە مرۆڤ ((پێویستە سەرنج بدەینە ئەم واقعییەتە،كە هیچ كەسێك نادۆزینەوە،تەنانەت مرۆڤی گێل و دواكەوتووی عەقڵی،یان شێتیش،نەتوانێت بۆ دەربڕینی بیرۆكەكانی، زاراوەی جۆراو جۆر،لە قاڵبی چەند دەستەواژەیەكدا دابڕێژێت٠لەلایەكی ترەوە هیچ ئاژەڵێك نییە،هەرچەندە كامڵ و شارەزا بێت،بتوانێ ئەو كارە بكات))[2]٠دیارە ئەوەش،كە فێردەكرێن،ناتوانن لە نێوان خۆیاندا بەكاریبهێنن٠

ئێستاش بۆئەوەی بزانرێت،مرۆڤ لەسەرەتای ژیانییەوە چۆن ئەم دیاردە ورد و ئاڵۆزە وەردەگرێت و فێری دەبێت،پێویستە باسی دروستبوونی منداڵ و وەلامدانەوەی بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان بەگشتی،یان ئەو زمانە،یان ئەو زمانانە بكرێت،كە لە ژینگەكەیدا لە كاردان٠

## ٥/١)منداڵ پێش لەدایكبوون

جاران وا دادەنرا و باوەڕ وابوو،كە ژیانی مرۆڤ،یان منداڵ لە دوای لەدایكبوونەوە دەستپێدەكات،بەلام بە تێپەڕبوونی كات و پێشكەوتنی زانست،ئەوە زانرا،قۆناغی ناو منداڵدان گرنگتر و هەستیارترە٠بە هۆكاری ئەوەی،كە سەرەتای ڕاستەقینەی دروستبوون و پەیدابوونی منداڵ لەوێوە و لەو كاتەوە دەستپێدەكات و گەشە دەكات،كە سپێرم و هێلكۆكە لەوێدا یەكدەگرن و دەپیتێن و یەكەم خانەی زیندووی لەش(زایگۆت)دروستدەكەن٠

(بۆماوە–Genetic)[3]لەم سەرەتایەوە،لە ڕێگەی هەریەكە لە سپێرمی باوك و هێلكۆكەی دایكەوە بۆ منداڵ دەگوێزرێتەوە و دەبێتە بەشێك لە كەسایەتی٠ئەم دیاردەیە لە ناو خەڵكی ئاساییشدا باس دەكرێت و دەبینرێت و هەستیشی پێدەكرێت و ڕاستییەكی بەڵگە نەویستە،وەك وتراوە و دەوترێت،ئەو منداڵە دەچێتەوە سەر خاڵوانی،یان باوان و باپیرانی لە سیفەتێك،یان كۆمەڵە سیفەتێكی دیاریكراودا٠ كەواتە بۆماوە یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكان،كە نەخشی خۆی لەسەر كەسایەتیی منداڵ دادەنێت٠ بەو واتایەی منداڵ هەر تایبەتمەندییەكی بایەلۆژی،یان دەروونی،یان ڕەفتاری هەبێت،كاریگەریی نەوەكانی پێش خۆی بەسەرەوەیە،ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت،كە منداڵ وێنەیەكی كتومتی دایك،یان باوك یان ئەوانەی پێش خۆیەتی٠چونكە مرۆڤ بوونەوەرێكی ئاڵۆزە و هەرگیز دوانیان بەتەواوی لە یەك ناچن

1 - سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەڕە٠

2 - نوام چۆمسكی،و٠ مستەفا غەفور،٢٠١٣،ل٢١ ٠

3 - (بۆماوە)ئەو سیفەتانەیە،كە لە باپیرانەوە بۆ باوكان و دایكان و لەوانیشەوە بۆ منداڵەكانیان دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی بۆهێڵەكان(جینەكان)،وە،ئەمانەش توورەكەی ترشەلۆكن و كەوتوونەتە سەر هەریەك لە(٢٣)تاك كرۆمۆسۆمی باوك و (٢٣)تاك كرۆمۆسۆمی دایك،كە لە دروستكردنی یەكەم خانەی لەشی منداڵدا بەشداری دەكەن یان بەشدارن٠واتە یەكەم خانە،كە منداڵی لێوە دروستدەبێت،بریتییە لە(٢٣)جووت كرۆمۆسۆم یان(٤٦)تاك كرۆمۆسۆم،هەر جووت كرۆمۆسۆمێك لەو(٢٣)جووت كرۆمۆسۆمە بە گوێزەرەوەی كۆمەڵێك سیفەت تایبەتە،وەكو درێژی بالا و ڕەنگی چاو و قژ و ڕەگەز و تەنانەت زۆر نەخۆشیش٠بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:ا/ كاوە فەرەج سەعدون،٢٠٠٨،ل١٣٣، ب/ كەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٩،ل٦٠، ج/ كەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠١١،ل٤٢، د/محەمەد عودە ئەلریماوی،٢٠١١،ل١٦، هـ/عەباس مەحمود عەوەز،٢٠١٢،ل٢٥ ٠

کەواتە ئایا زمان،وەك هەندێك زانایان دەڵێن،ڕەگێكی بۆماوەیی هەیە،ئەو جیناتانەی،كە سیفەتە بۆماوەییەكان دەگوێزنەوە،پەیوەندییان بە پرۆسەكانی زمانوەرگرتنەوە هەیە؟بێگومان دەزانرێت درێژی بالاَ و ڕەگەز و شێوەی دەموچاو و ····هتد،بۆماوەیین و مرۆڤ لە دارشتنیاندا دەسەلآتی نییە،بۆ نموونە((جووتێك جینی بۆماوەیی ڕەنگی چاو دیاریدەكەن و سیفەتی بالآبەرزی،یان درێژیش چەند جینێك دەستنیشانی دەكەن))[1]، بە هەمان شێوە سیفەتەكانی تریش· سەبارەت بە زمان،وەكو سیفەتێكی تایبەت بە مرۆڤ،زاناكان جینێكی تایبەتییان نەدۆزیوەتەوە،كە ڕاستەوخۆ بەرپرس بێت لە زمانی مرۆڤ،بەلاَم ئەوەی هەیە و زانست پێیگەیشتووە،گواستنەوەی هەندێك نەخۆشییە لە ڕێگەی بۆهێڵەكانەوە،كە لە ئەنجامدا دەبنە هۆی كەموكورتی لە گەشەكردنی مێشك و پرۆسەكانی بیركردنەوە و ژیریی كۆرپەلەدا·ئاشكرایە،پرۆسەكانی زمانوەرگرتنیش دەكەونە ئەم چوارچێوەیەوە·یان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە كەموكوڕییەكانی مێشك و ئەندامەكانی ئاخاوتن و بیستنەوە هەیە·

## ١/٥–١) پێكهاتەی مێشك و ئەندامەكانی ئاخاوتن

زمان لە ئەنجامی چالاكییەكانی مێشك و ئەندامەكانی ئاخاوتنەوە دروستدەبێت[2]،مێشكی مرۆڤیش لە دوو بەشی سەرەكی پێكدێت(لای ڕاست و لای چەپ)،هەریەكە لەم بەشانەش بۆ چوار پل دابەشدەبن، پلی پێشەوە،پلی لاجانگ،پلی ناوەڕاست،پلی دواوە،هەر پلێك لەمانە بەجۆرێك لە جۆرەكان بە بەرهەمهێنانی زمانەوە پەیوەستن،بەلاَم زیاتر چەند ناوچەیەكی وەك(برۆكا) و (وێرنیك) و (پشتوێنەی كەوانەیی) تایبەت بۆ دروستبوونی زمان و ئاخاوتن دیاریكراون·

سەبارەت بە ئەندامەكانی ئاخاوتنیش هەریەكە لە(سییەكان و ژێكانی دەنگ و قورگ و بۆری هەوا و بۆشایی ناودەم و زمان و مەلآشوو و پووك و ددانەكان و لێو و لووت)دەگرێتەوە،هەرچەندە ئەم ئەندامانە ناوەندی جوولاندن و هەڵسوڕاندنیان دەكەونە مێشكەوە،بەلاَم كۆمەڵە ئەندامێكی گرنگ و بنەڕەتیین لە بەرهەمێنانی زمان و ئاخاوتندا·منداڵ بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ئاسایی زمانوەربگرێت، پێویستە لە كاتی دروستبوونییەوە مێشك و ئەندامەكانی ئاخاوتنی ساغ و تەندروستبن و گەشە بكەن·

## ١/٥–٢) كاریگەریی زمانوەرگرتن پێش لەدایكبوون

دوای دروستبوونی یەكەم خانەی لەشی منداڵ،ئەو خانەیە دەست بە دابەشبوون و گەشەكردن دەكات، تا گشت ئەندامەكانی جەستەی لێوە دروستدەبن· لە سەرەتاكانی پێگەیشتنی ئەو ئەندامانەی،كە پەیوەندییان بە پرۆسەكانی زمانوەرگرتنەوە(بیستن و تێگەیشتن و ئاخاوتن)هەیە،وردە وردە كردەكانی زمانوەرگرتن دەستپێدەكەن·واتە دوای گەشەكردنی مێشك و ئەندامەكانی بیستن و دواتریش ئەندامەكانی ئاخاوتن،ئیتر منداڵ بە شێوەیەكی سەرەتایی بۆ زمانوەرگرتن و فێربوونی زمان

---

[1] - حابس ئەلعەوالمە، ئەمین مەزاهرە،و· ئامانج محەمەد، ؟ ،ل٨٩ ·

[2] - بڕوانە: (١/٣–١)ل١١ ·

ئامادەبێت٠ دیارە لە زنجیرە قۆناغەکانی زمانوەرگرتندا،ڕیزبەندییەکی ورد و ڕێکخراو هەیە،کاتێك مێشکی منداڵ دروستدەبێت و گەشەدەکات،تێیدا یادگە و ئەندامی بیستن دەکەونە کار و وەڵام و کاردانەوەیان بۆ دەنگەکانی ئەو زمانە دەبێت،کە لە دەوربەریدا لە کاردایە،بەتایبەتی هی دایکی لە خێزانەکەیدا،بۆیە لایەنگرانی ژینگە لە فێربوونی زماندا،پرۆسەکە بۆ پێش لەدایکبوون دەبەنەوە و بە تایبەتی ئەو کاتەی،کە منداڵ توانای بیستی دەنگی دایکی هەیە،ئەمەش واتە دەزگای بیستنی منداڵ لەتەمەنی شەش مانگی،یان وەك هەندێکی تر دەڵێن(١٦)هەفتەیی[1] ،لە سکی دایکیدا دەکەوێتە کار و دەتوانێت دەنگی زمانی دایکی وەربگرێت و لە یادگەیدا هەڵیبگرێت و لە کاتی دووبارەبوونەوەیدا بیناسێتەوە و چێژی لێوەربگرێت٠ئەمەش بە تاقیکردنەوە سەلمێنراوە،بۆ نموونە لێدانی دڵی ژمارەیەك منداڵ پێوانەکرا،لە کاتێکدا ڕۆژانە بۆ ماوەی سێ جار لاواندنەوەیەکیان بە زمانی دایکیان بۆ دەکرا،لە ئەنجامدا دەرکەوت، کۆرپەلەکان لە بارێکی هێمن و ئارامدان،دواتر هەر ئەم لاواندنەوەیان بە زمانی ئافرەتانێکی تر بۆ لێدرا،لە ئاکامدا گۆڕانێکی گەورە لە لێدانی دڵیاندا ڕوویدا،ئەمە مانای ئەوەیە کۆرپەلە پێش هاتنەژیانەوە لە ئەنجامی گوێلێبوونی ڕۆژانەی دەنگی دایکی،دەنگی ئەو زمانە دەناسێتەوە،ئەمەش سەرەتای فێربوونی زمانە پێش لەدایکبوون(Prenatal Learning)٠

## ١/٥–٣)یادگە و جۆرەکانی

ئەو جێگەیەیە لە مێشکی منداڵ،کاتێك پێدەگات و ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی هەستەکانەوە،دواتر ئەو زانیارییانە کۆد دەکات و هەڵیاندەگرێت و دەیانپارێزێت و لە کاتی پێویستی و بەکارهێنانیاندا دەیانگەڕێنێتەوە،بۆ ناو شاشەی مێشك و ئاگایی و لەوێشەوە بۆ سەر زمان و دەربڕین و ئاخاوتن٠ دیارە ئەم پرۆسانە بەپێی قۆناغەکانی تەمەن دەگۆڕێن،بۆ نموونە لە کاتی منداڵیدا چالاکیی یادگە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان  بەراورد بە قۆناغی لاوی و پیری خێرایە،بەڵام ناتوانێت زانیارییە گەنجکراوەکان بەکاربهێنێت،بەڵکو لە لای خۆی پێ بە پێ و قۆناغ بە قۆناغ کۆدیان دەکات و لە کاتی پێگەیشتن و گەشەی تەمەندا سوودیان لێوەردەگرێت٠

### ١/٥–٣–١)یادگەی هەستی[2]

ئەو جۆرەیە،زانیاری لەسەر شت و بابەت و ڕووداوەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەردەگرێت٠بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆریان چالاکە

#### ١/٥–٣–١–١)یادگەی هەستیی بیستراوەیی بەشێکە لە یادگەی گشتیی مرۆڤ،یان

---

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ا/ موفق الحمدانی،١٩٨٩،ص١٠٧، ب/ Consultant@Birthpsychology.com، ج/ MATTHEW J. TRAXLERK:2012:p325-328.

[2] - بڕوانە:ا/دەرون عەبولڕەحمان سالح،٢٠١٤،ل٦٧–٧١ ، ب/ کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠١١،ل٢٠٥–٢٢٠ ،ج/ عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠١٤،ل٩٨ ، د/ ئاڤێستا کەمال مەحمود،٢٠١٢،ل٧٧ ، ه/ ناهیدە ڕەحمان خەلیل،٢٠١٣،ل٦٦ ٠

جۆرێكە لە یادگەی هەستیی و پشت بە هەستی بیستن دەبەستێت،واتە هەموو ئەو دەنگانەی،كە بە هۆی دەزگای بیستنەوە وەردەگیرێن،لێرەدا پێشوازییان لێدەكرێت و دواتر دەنێررێن بۆ یادگەی كورت خایەن،یان بیری كورت خایەن،بۆ كۆكردنەوە و كۆدكردن و هێما بۆ دانان٠

### ١/٥-٣-١-٢)یادگەی هەستیی بینراوەیی

جۆرێكی ترە لە یادگەی هەستیی و پشت بە هەستی بینین و تەماشاكردن دەبەستێت،واتە هەموو ئەو وێنە و شێوانەی،كە لە ڕێگەی چاو و هەستیی بینینەوە وەردەگیرێن،بەهۆی ئەم یادگەوە ڕەوانەی یادگەی كورت خایەن دەكرێن،دیسان بۆ هەڵگرتن و كۆدكردن بۆ كاتی پێویست٠

### ١/٥-٣-٢)یادگەی كورت خایەن( Short Term Memory )

جۆری دووەمە لە جۆرەكانی یادگە،دوای ئەوەی زانیارییەكانی دەرەوەی مرۆڤ لەڕێگەی هەستەكانەوە دەگەنە یادگەی هەستی،لەوێشەوە دوای گرنگی پێدانیان،بۆ ئێرە دەگوێزرێنەوە٠لێرەشدا بۆماوەیەكی كورت دەمێننەوە و پاشان بابەتە كاریگەر و بایەخدارەكان ڕەوانەی یادگەی درێژخایەن دەكرێن،بۆ ئەوەی مامەڵەی پێویستیان لەگەڵدا بكرێت٠پێش ئەوەی ئەمە ڕووبدات،زانیارییەكان لە یادگەی كورت ماوەدا بەسێ شێوە كۆد دەكرێن[1]:

١/ كۆد دانانی دەنگی:لێرەدا دەنگەكان لێك جیادەكرێنەوە و هەردەنگێك بەجیا و بە تایبتمەندیی خۆیەوە كۆد دەكرێت،بۆیە پاش بیستنی دەنگەكان و چەند جارێك دووبارەبوونەوەیان،دەتوانرێت لە ناو دەنگە نامۆكانی تردا بناسرێنەوە،بێ ئەوەی وێنەی خاوەن دەنگەكانیش ببینرێن٠

٢/ كۆد دانانی وێنەیی:گشت ئەو وێنە و دیمەنانەی،كە هەستی بینین وەریاندەگرێت،لێرەدا كۆد دەكرێن و دەناسرێن و بەجیا مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت،بۆیە منداڵ پاش هاتنەژیانەوە و چەند جارێك بینینی دایك و باوك و ئەندامانی تری خێزانەكەی،لەم ڕێگەیەوە دەیانناسێتەوە و لەگەڵ كەسانی تردا جیاوازییان دەكات،هەمان شت بۆ وەرگرتنی دەنگ و كەرەستەكانی زمانی دایك،لە ڕێگەی بیستن و بینینی ئاخاوتن،یان نووسینی زمانی[2] دایك و ئەندامانی تری بنەماڵەوە ڕاستە،بەڵام بە قۆناغ٠

٣/ كۆد دانانی واتایی:واتە دروستكردن و بەرهەمهێنانی واتا لە زانیارییە هەستییە وەرگیراوەكان،بەڵام ئەم پرۆسەیە كارێكی هەروا ئاسان نییە،چونكە واتا خۆی ڕەگەزێكی سركی زمانە و بەهۆی دەنگ و هەندێك ئاماژە و جووڵەوە نەبێت بەرجەستە ناكرێت،بەڵام چۆن كۆمەڵە دەنگێك،یان ئاماژە و هێمایەك ئەو واتایە وەردەگرێت،كە هەیەتی؟ئەم كۆدكردنە واتاییە لەسەر بنەمای ڕوودانی خاڵی یەكەم و دووەم

---

1- عزالدین احمد عزیز،٢٠١٢،ل٩٧٠

2- دیارە بینین زیاتر بۆ نووسینی وشە و ڕستەكانی زمانە٠ئەمەش لە سەرەتاكانی قۆناغی منداڵیدا نابینرێت،بەڵكو لە تەمەنی(چوارساڵی)بەرەو سەرەوە دەست پێدەكات و بەردەوامە،بەڵام دەركەوتووە،منداڵ لەسەرەتاكانی زمانوەرگرتنیشدا،زۆر حەزی بە تەماشاكردن و بینینی ئاخاوتنی كەسانی تر و لاساییكردنەوەیانە٠

دێتەئاراوە،کە بەشێکن لە لاساییکردنەوە و کارلێککردن لەگەڵ سروشت و ژینگەی زمانییدا و دواتر ڕێکخستنیان بەپێی یاساکانی توانستی زمانی لە مێشکدا٠

## ١/٥-٣-٣)یادگەی درێژخایەن(Long Term Memory)

شوێنێکە لە مێشك و بیری مرۆڤدا،کە زانیاریی دەربارەی هەموو شت و ڕووداو و دیاردەیەك بە درێژایی ژیان،تێیدا هەڵدەگیرێت و دەپارێزرێت٠مرۆڤ بە هۆی ئەم یادگەوە،دەتوانێت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەردا بەگشتی ڕێکبخات و هەموو شتێك بناسێتەوە و نرخی خۆی بداتێ،ئەم شوێنە تا تەمەنی پیری،یان تا کۆتایی تەمەن لەکاردایە٠دوای ڕوودانی ئەو پرۆسانەی سەرەوە لە یادگەی کورت خایەندا،ئەوانەیان،کە بەلای کەسەکەوە گرنگ و کاریگەر و شوێن دانەرن،دێنە ئەم یادگەوە و گەنج دەکرێن،وەرگرتن و کارپێکردنی زمانی دایك لە چوارچێوەی ئەو زانیارییە گرنگانەدایە،کە منداڵ دوای مامەڵە لەگەڵ کردنی لە یادگەکانی تردا،ڕەوانەی ئێرەیان دەکات٠ جیاوازیی زمانی دایك لەگەڵ زانیارییەکانی تردا ئەوەیە،کە دوای وەرگرتنی بەردەوام لەکاردایە و لە بیر ناچێتەوە،بەراورد بە هەندێك شت و وێنە و ڕووداوی تر لە کاتی پیری و پەککەوتەییدا دەسڕێنەوە و لە بیردا نامێنن٠

کەواتە دوای وەرگرتن و بیستنی دەنگەکانی زمانی دایکی و هەڵگرتنیان لە یادگەیدا،سەرەتای قۆناغەکانی زمانوەرگرتن لای منداڵ دەستپێدەکات و بە ناسینەوەی زانیاریی بەرایی زمانەکەیەوە،کە (دەنگەکانن)دێتەژیانەوە،بەڵام ئایا وەرگرتنی دەنگی دایك لە لایەن کۆرپەلەوە پێش لەدایکبوون، مانای ئەوەیە،کە فۆنیمەکان وەك خۆیان هەست پێدەکات و دواتر لە ئاخاوتندا دەریاندەبڕێت؟ بیگومان نەخێر،چونکە هێشتا ئەندامەکانی دەربڕینی دەنگ گەشەیان نەکردووە و ڕانەهاتوون بە دەرکردنی ئەو فۆنیمانەی زمانەکەی،کە لە دایك دەبیسترێت٠منداڵ دوای لەدایکبوون و گەشەکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتنی،دەتوانێت دەنگەکانی زمانی تریش فێرببێت و ڕابێت لەسەر گۆکردنیان، لەبەرئەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتنی نەرمی و لەبارییان بۆ ئەم کارە تێدایە،بەڵام بۆیە زمانی دایك پێش دەکەوێت لە وەرگرتن و فێربووندا،چونکە پێش لەدایکبوون و دوای لەدایکبوونیش،پرۆسەی بیستن و ڕاهێنان لەسەر وەرگرتن و فێربوونی،بەردەوامە((منداڵ لە زمان پژاندنەکەیدا بەو شێوەیە زمانی دایکی و دەوروبەری وەردەگرێت،کە دەردەبڕێت))[1]٠بۆیە دەکرێت هەموو بیستنێك تێگەیشتن و ناسێنێکی تەواو نەبێت،بەڵام سەرەتایەك بێت بۆی٠

## ١/٥-٤)جیاوازیی بیستن و تێگەیشتن

ئەگەر پرۆسەی بیستنی دەنگ و دواتریش جیاکردنەوە و ناسینەوەی لەلایەن کۆرپەلەوە لە منداڵدانی دایکدا،بە تێگەیشتن دابنرێت،کەواتە دەکرێت بگوترێت،کۆرپەلە لەو کاتەوە لە زمان تێدەگات،چونکە

---

[1]- محەمەد مەحویی،٢٠٠٨،ل٧٧ ٠

دەبێت پێش بیستن ئامادەییەکی هۆشی و هەستی و جەستەیی هەبێت،ئەگینا چۆن دەبیستێت٠ئەمە قۆناغی پەیدابوونی ئاگایی هەستی و جووڵەییە،پێش بیستن لای کۆرپەلە دەردەکەوێت٠دایکان زۆر بە ڕوونی هەست بە جووڵەی کۆرپەلەکانیان لە دەوروبەری چوارمانگیدا دەکەن٠کەواتە منداڵ پێش بیستن لە منداڵدانی دایکیدا،دەجووڵێت و بەرامبەر هەندێك بارودۆخی دەرەوە و لەشی دایکی هەستیاریشە، بەڵام ئایا هەموو بیستنێك یەکسانە بە تێگەیستن؟بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و ڕوونکردنەوەی زیاتر،باشتر وایە چەند دەربڕینێکی(زمانی) لای مرۆڤە پێگەیشتووەکان بەراورد بکرێت٠زۆرجار گوێگر بەئاخێوەر دەڵێت:(پەیامەکەت گەیشت)،یان(مەبەستەکەت گەیشت)،یان(مەبەستەکەت ڕوونە ، ئاشکرایە)،لێرەدا بیستن واتە تێگەیشتن،یان هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ تێگەیشتن،بەڵام هەندێك جاریش پێیدەڵێت:(پەیامەکەتم بیست،بەڵام تێنەگەیشتم)،یان(مەبەستت چییە لەم قسەیە؟)، یان(ڕوونتر قسەبکە)،یان(ببورە،چیت وت؟)لێرەدا بیستن ناکاتە تێگەیشتن،چونکە تێگەیشتن پرۆسەیەکی فراوانترە و دەچێتە ناو لێکدانەوەی هێما زمانییەکانەوە٠لێرەدا لە پرۆسەیەکی ئۆرگانی، وەکو بیستن جیادەبێتەوە((مۆدێلێك سەبارەت بەئەوەی،کەچی ڕوودەدات،کاتێك بیسەرێك لە دەربڕینێك تێدەگات،دەبێت ئەم سێ پێکهاتە بگرێتەخۆ:ناسینەوە(perception )،دیکۆدکردن،یان شرۆڤەکردن (decoding)،هەروەها بەهادانان(valuation) بۆ ئەوەی کە گوتراوە))[1]٠

بەم پێیە بیستن لای منداڵ لەم تەمەنەدا،هۆکارێکە بۆ وەرگرتنی زمانی دایك،یان قۆناغێکە لە کردەی تێگەیشتن،چونکە لە ڕێگەی بیستنی بەردەوامی ئاوازی ئاخاوتنی دایکەوە،دەگاتە ناسینەوەی دەنگە زمانییەکان،کە((یەکەمین ئاستی گۆکەرانەی–functional level پێڕەوی زمان))ە[2] و پێڕەو و ئاستەکانی تری زمانیش لێرەوە دروست دەبن، لە ئەنجامیشدا هەموو پرۆسەکە دەچێتە خزمەتی زمانوەرگرتنەوە،کە بریتییە لە هەردوو کردەی ئاخاوتن و تێگەیشتن٠دیارە،وەکو کارێکی زنجیرەیی،منداڵ پێش بەرهەمهێنانی ئاخاوتن،تێدەگات، ئەویش لە ڕێی هەستەکانەوە،بەڵام لە هەموویان گرنگتر هەستی بیستنە،هەرچی ئەوانی ترە،دوای لەدایکبوون کارادەبن و لە پرۆسەی تێگەیشتن و ئاخاوتن،یان زمانوەرگرتندا بەگشتی بەشداری دەکەن٠کەوابوو لایەنگرانی بۆماوەییەکان و ژینگەییەکان لەوەدا هاوبەش دەبن،کە سەرەتاکانی زمانوەرگرتن بۆ پێش لەدایکبوون دەگەڕێننەوە،بەڵام یەکەمیان بەکاریگەریی بۆماوە و دووەمیان بە ڕۆڵ و کاریگەریی ژینگەی دادەنێن،ڕەنگە لە هەندێك شوێنیشدا ببنەوە بەیەك،چونکە ئەگەر ژینگە بۆماوە دروستبکات،ئەوا ژیانیش خۆی بۆماوەییە٠

---

1- غازی عەلی خورشید،٢٠١٠،ل٩٦ ٠

2 - محەمەدی مەحویی،٢٠٠٩،ل١٨٩ ٠

لەم ڕوانگەیەوە منداڵ لەو کاتەوە،کە دەبێتە بوونەوەرێکی زیندوو لە سکی دایکیدا،ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی جیهانی دەرەوە،بەتایبەتی دەنگ،(ئاواز و دەنگی زمانی دایکی)،کە دواتر ئەم کارتێکردنە ئاسانکاریی بۆ منداڵ لە وەرگرتنی زمانی دایکیدا دەکات،بەشێوەیەك لە هەموو زمانێکی تر زووتر وەریبگرێت٠لایەنگرانی بۆماوە ئەم توانستەی منداڵ بۆ وەرگرتنی زمان بەگشتی،بە هێزێکی سروشتی و زگماکی دەزانن،کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك یاسای زمانی و بەشێوەیەکی خودی و خۆڕسك لە مێشکی قسەکەراندا هەڵگیراون،بۆیە کاتێك دێتەژیانەوە،بە ئاسانی فێری زمان دەبێت،یا وەریدەگرێت٠بۆ لێکدانەوەی پرۆسەی زمانوەرگرتن،چەندین تیۆری زمانی داهێنراون٠ بۆ نموونە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی و گرنگیدانی بەم پرۆسەیە،چونکە((بە باوەڕی چۆمسکی مەسەلە و ئامانجی سەرەکیی تیۆری زمانی لەوەدایە،کە منداڵ چۆن زانیاریی زمانی وەردەگرێت و فێری دەبێت،هەر ئەمەش کرۆکی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە،کاتێك لەم پرسەش ورد دەبینەوە،دوو پرسیاری تر دەوروژێنێت: یەکەمیان:زانیاریی زمان چییە؟دووەمیان:گرامەر چۆنە و دەبێت چی بکات؟))[1]٠

## ١/٥-٥)کۆدکردنی فۆنۆلۆژی

فۆنۆلۆژی زانستێکە لە پێڕەوی فۆنیمەکانی هەر زمانێك دەکۆڵێتەوە،کەواتە دەرکەوتنی ناسینەوەی فۆنیمەکانی هەر زمانێك لای منداڵ پەیوەستە بەم زانستەوە و بە بیستنی ئاخاوتنی زمانەکان دەست پێدەکات و هەنگاو بە هەنگاو توانا و دەستەڵات پەیداکردنی منداڵ بەسەر ئەم پێڕەوەدا لێکدەداتەوە٠ دوای بیستنی(prosody)[2]ئاخاوتنی زمانی دایك لەلایەن کۆرپەلەوە،(perceptive phonetic ) فۆنەتیکی وەرگرتن[3]ڕوودەدات،ئەمەش خۆی لە کۆدکردنی فۆنۆلۆژیدا لای منداڵ دەنوێنێت٠ حاڵەتی کۆدکردنیش لە ڕوانگەی زانستی زمانی دەروونییەوە، کە بایەخ بە چۆنێتی زمانوەرگرتن لای منداڵ دەدات،بە دوو جۆر لێی دەڕوانرێت:یەکەم/ تیۆرەکانی فیچەریتی-Featural Theories، دووەم/تیۆرەکانی سەگمێنتاڵێتی-Segmental Theories[4]،ئەگەر ئەم کردەیە لای منداڵ بە فێربوونی زمانی دووەم لای کەسێکی گەورە بەراوردبکرێت،کاتێك بۆ یەکەم جار گوێی لە زنجیرە دەنگی ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانەکە دەبێت،بێگومان هیچ تێناگات،ئەمەش پەیوەندیی بە ناشارەزایی ئەو کەسە بە پێڕەوی فۆنۆلۆژی و هێمایی زمانەکەوە هەیە،واتە نەزانینی واتای وشەکانی ئەو زمانە٠دیارە لەبەرئەوەیە،نازانێت سنوری وشەکان لە کوێوە دەست پێدەکەن و لە کوێ کۆتاییان دێت،چونکە قەوارە فۆنەتیکییەکان،کە لە یەکە یەکەی فۆنیمەکانی زمانەکە پێکهاتوون، لە مێشکیدا بە

---

1 - ڤیان سلێمان حاجی،٢٠٠٩،ل١٢ ٠

2 - .John C. L. Ingram:2007:p26، هەروەها بڕوانە:غازی عەلی خورشید،٢٠١٠،ل٣٢ ٠

3 - محەمەد مەحویی،٢٠٠٨،ل٧٤ ٠

4 -ئاڤێستا کەمال مەحموود،٢٠١٢،ل٢٨١ ٠

جیا ڕەنگڕێژ نەبوون،بەڵکو تەنها گوێی لە ڕیزە دەنگێکی تێکەڵاوی بەیەکداچووە،هەرچەندە بە هۆی (هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنەوە)ی قسەکەرانیەوە،پەی بە سنوری وەستانەکان و دەستپێکردنەوەکان دەبات،ئەگەر کەسی قسەکەر بە هێواشی دوا، ئەمە ڕوونتر دەردەکەوێت،بەلاّم نابێتە هۆی ئەوەی،کە گوێگر لە زمانەکە تێبگات،چونکە گوێگر هێشتا نەیتوانیوە دەنگەکان و تایبەتمەندییەکانیان،وەك چۆن لە زمانەکەدا،هەیە بناسێت،وەك جیاکردنەوەی لە فۆنیمی زمانەکانی تر،یان فۆنیمەکانی زمانەکە لەیەکتر، گونجان و نەگونجانیان،کاریگەرییان لەسەریەکتر،بۆیە ئەگەر قسەکەر لەکاتی دەربڕینی وشەکاندا،جێگەی فۆنیمەکانیش بگۆڕێت(دوور لە پێڕەو و بەپێی پێڕەوی زمانەکەش)گوێگر هەستی پێناکات،بەلاّم بە گوێگرتنی بەردەوام کەسی گوێگر ڕۆژ بە ڕۆژ فۆنیمەکان و یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانەکە بە جوانی دەرك پێدەکات و فێردەبێت،منداڵیش سەبارەت بە زمانوەرگرتنەکەی هەمان چەشنە،لە ڕێگەی گوێلێبوونی بەردەوامی زمانی دایکی، فۆنیمەکان کۆد دەکات و لە قۆناغەکانی زمانوەرگرتندا ئاسانتر لە زمانەکانی تر،زمانی دایکی وەردەگرێت. دەتوانرێت بگوترێت،کۆدکردنی فۆنۆلۆژی لای منداڵ دەکەوێتە دوای لەدایکبوون،چونکە پێش لەدایکبوون تەنها بە شێوەی ئاواز(میلۆدی)دەنگی دایکی دەناسێتەوە[1].

ئاوازیش بەشێکە لە زمان،کاتێك هەستی پێدەکرێت،بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی عەرەب زمانی کوردی بە باشی فێربووبێت و بەکاریبهێنێت بە شێوەیەك،کە هیچ کێشەیەکی لە واتای وشەکان و یاسا و دەستوری زمانەکەدا نەبێت،بەلاّم کاتێك گوێی لێدەگیرێت یەکسەر بە ئاوازەکەیدا دەزانرێت،کە قسەکەرێکی ڕەسەنی زمانەکە نییە.ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی،کە ئاوازی زمانەکە کاریگەریی و نەخشی خۆی لەسەر مێشکی کۆرپەلە پێش لەدایکبوون و دواتریش لە خێزاندا لە ڕێگەی ئاخاوتنی دایك بە تایبەتی و کەسانی نزیك منداڵەکەوە بە گشتی و، بە بەردەوامی دادەنێت،چونکە(( کۆرپەلە لە هەفتەی سێیەمەوە دەماخ و دڕکە پەتك و بەشەکانی دیکەی دەمارەکۆئەندامی دەست بە دروستبوون دەکەن،دوای هەفتەی شەشەمیش دەماخ دەست بە کاری خۆی دەکات))[2].بە واتایەکی تر،سنوری نێوان زمانی دایك و زمانێکی تر لای منداڵ،تەنها هێما و پێڕەو،یان دەستور نییە،بەڵکو ئاوازی گشتی زمانەکەشە،کە پێش لەدایکبوون کۆرپەلە پێی ئاشنادەبێت،چونکە((نیشانەی دەنگیی زمان دوو ئەرکی هەیە:ا/–دەرك کردن–واتە بەر کاری هەست کەوتن.ب/–واتاگەیاندن–بوونی توانای جیاکردنەوەی واتای ماکەکانی زمان:مۆرفیم،وشە،ڕستە))[3].

---

1- بڕوانە: ا/ David Crysal:2007:p79-89 ، ب/ گۆڤاری خاك،ژ٣٤، ٢٠٠٠،ل٢٦،٢٧ .

2-بڕوانە:ا/کتێبی زیندەوەرزانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی،٢٠١٣،ل١١٧، ب/ کاوە فەرەج سەعدون،٢٠٠٨،ل٦٩١ .

3- ئەورەحمانی حاجی مارف،١٩٨٦،ل٥٥ .

پرۆسەی وەرگرتنی زمان لای منداڵ بریتییە لە(کاریگەریی دەنگ،کۆدکردنی دەنگ،دروستکردنی برگە، وەرگرتن و فێربوونی وشەکانی زمان،ڕستەی یەك وشەیی،دوو وشەیی،ڕێزمان بە تەواوی)٠
واتە ئەو دەنگانە پێش ئەوەی لە دروستکردنی پێکهاتەکانی زماندا بەشداربن،دەبێ لە هەست و یادگەی هەموو گوێگر و قسەپێکەرانی زمانەکەدا بوونیان هەبێت،ئەمەش لە ڕێگەی بیستنی یەکەمجار و چەند بارەبوونەوەی، تا وای لێدێت منداڵ دەکاتە قسەکەرێکی ڕەسەنی زمانەکە٠ پاش لەدایکبوونیش ئەم بیستنە بە هێزتر دەبێت،لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کارکردی هەستی بینین و حەزی لاسایی کردنەوە و زۆر هۆکار و بارودۆخی تر٠دواتریش ژمارەیەکی دیاریکراو لەم دەنگانە،کە پێیان دەوترێت فۆنیمەکانی زمان،دەبنە پێڕەوێکی ئەبستراکت و لە مێشکی منداڵدا هەڵدەگیرێن و بەپێی کۆمەڵێك یاسای زمان،پێکهاتەکانی تری زمانەکە دروستدەکەن٠

## ١/٥-٦) زمانی منداڵ پاش لەدایکبوون

ژیانی مرۆڤ بەگشتی لە کۆمەڵە قۆناغێکی زنجیرەیی و بەشوێن یەکداهاتوو پێکدێت،بەجۆرێك هەر یەکێکیان بە قۆناغی پێش و پاشییەوە پەیوەستە٠بە واتایەکی تر،قۆناغە بەراییەکان دەبنە بنەما بۆ قۆناغەکانی سەرووتر، هەموو قۆناغەکانیش لە دوو قۆناغی سەرەکییدا کورت دەبنەوە،کە بریتین لە(دروست بوون،تا لەدایکبوون)،(لەدایکبوون،تا کۆتایی تەمەن)٠بۆ قسەکردن لە تەمەنی زمانی منداڵیش پێویستە لەبەرچاو بگیرێن،بە تایبەت قۆناغی یەکەم و سەرەتاکانی قۆناغی دووەم،چونکە کردەی زمانوەرگرتن لەو ماوەیەدا چەکەرە و گەشەدەکات و تەواودەبێت٠
هەرچی پێش لەدایکبوونە،لەپێشەوە باسکرا،منداڵ چۆن دروست دەبێت،دواتریش چۆن گەشەدەکات و لە کەیدا کاریگەریی زمانی دایك لەسەری دەردەکەوێت٠واتە قۆناغی بەر لەدایکبوون گرنگ و بە بایەخە،بۆ ئەوەی منداڵ بە شێوەیەکی تەندروست بێتەژیانەوە،تا بتوانێت بەباشی زمانی یەکەم،یان زمانی دایك وەربگرێت٠لەدایکبوونیش ڕووداوێکی گەورە و چارەنوسسازە،چونکە منداڵ ڕووبەڕووی بارودۆخێکی تر دەبێتەوە،کە زۆر جیاوازە لە هی پێشتر٠منداڵ دەبێتە بوونەوەرێکی سەربەخۆ لە ڕووی جەستەیی و مەعنەویی(هۆشی و دەروونی)یەوە،لێرەوە دەبێت ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا بکات،کە تێیکەوتووە٠
زمانی منداڵ لە لەدایکبوونەوە،تا دەرکەوتنی وشە و هێما زمانییەکان،لە چوار شێوازدا خۆی دەنوێنێت واتە چوار قۆناغ دەبڕێت[1]:((١/قیژە و هاوار و کڕوزانەوە٠ ٢/گرۆگاڵ ٠ ٣/لاساییکردنەوەی دەنگەکان ٠ ٤/قسەی ڕوون و واتادار))٠ هەندێك جار بە قۆناغی(١،٢)دەوترێت قۆناغی پێش زمانی(pre language)٠ئایا منداڵ لە هەریەکە لەم شێواز و قۆناغانەدا خاوەنی بیرە،یان نا؟بە

1- سەرووەت محەمەد ئەمین،٢٠٠٠،ل٨٧ ٠

دەربڕینێکی تر بیرکردنەوەی لە چ ئاستێکدایە؟یان ئایا بیری منداڵ هۆکارێکە بۆ گەشەکردن و پێگەیشتنی زمان،یان سەربەخۆن و بەجیا سەرهەڵدەدەن و پەیدادەبن؟بۆیە پێویستە پەیوەندی نێوان بیر و زمان لە سەرەتاکانی تەمەنی منداڵیدا بزانرێت٠

## ٦/١)بیر و زمان

بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا،منداڵ پێویستیی بە هەستەکان و هۆش و بیر و زمان هەیە، منداڵی تەندروست لەگەڵ لەدایکبووندا،هەستەکانی کاردەکەن و بە هۆیانەوە دەژی و گەشە دەکات،دیارە زمانیش نازانێت،بەڵام ئایا هۆشیارە،یان نا؟واتە بیر لای منداڵ کەی دروست دەبێت؟یان ئایا هۆکارێکە بۆ وەرگرتنی زمان،یان بەکارهێنانی؟پێدەچێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەبێت،چونکە ئەگەر بیر نەبێت،زمان ڕۆڵی نامێنێت٠سەبارەت بە لێکدانەوەی بیر و زمان ڕای جیاواز لە نێو زانایاندا هەیە،(گلبرت رایل)پێیوایە،زمان پێش بیرکردنەوەیە،بە بەڵگەی ئەوەی منداڵ پێش ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بیربکاتەوە،زمان فێردەبێت[1]٠بەڵام بە سەرنجدان لە ژیانی منداڵان ئەوە دەبینرێت،بەر لە فێربوونی زمان،هەندێك جموجوڵیان هەیە،کە نیشانەی بوونی هۆش و بیرکردنەوەن،با سەرەتاییش بن،وەکو وەڵامدانەوەی پێکەنینی گەورەکان بە پێکەنین،گرتن و فڕێدان و وازلێهێنانی شت ٠٠٠هتد٠

(جان پیاجێت)یش ڕای وایە،پەیدابوونی هۆش دەکەوێتە پێش زمانوەرگرتنەوە بە ماوەیەك ((هەموو دەروونناسان لە بوونی هۆش بەلای کەمەوە لە قۆناغی کۆتایی قۆناغەکانی هەستی و جووڵەیی نێوان ١٢و١٨مانگی کۆك و هاوڕان))[2]٠واتە زمان،وەکو دیاردەیەك بۆ سیستەماتیککردنی پێویستی بە هۆشە٠ بوونی هۆش لەو تەمەنە کەم و بەراییەی منداڵدا،نیشانەی ئەوەیە،کە بنەمایەکی بۆ ماوەیی هەیە٠(غەزالی)بۆچوونی وایە هۆش چواربەشە، دوو بەشی زگماکییە و دوانەکەی تریشی بەدەستهاتوون[3]٠بەو پێیەی کاتێ منداڵ دێتە دنیاوە، هێزێکی سروشتی بۆ جوڵاندنی هەستەکان و بەکارهێنانیان تێدایە،ئەم هێزە لەگەڵ گەشەکردن و گەورەبوونی منداڵدا لەڕێگەی ئەزموونکردنی هەستەکانەوە،چالاکتردەبێت و توانای بۆ لێکدانەوەی دەوروبەر بەهێزتر و فراوانتردەبێت٠ هێزی هۆش و بیرکردنەوەش بە مێشکەوە پەیوەستە،چالاکییەکانی مێشکی منداڵ بە کاریگەریی جیهانی دەرەوە، لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەبنە هۆی گەشەپێکردن و پەرەپێدانی هۆش و زمان و چەندین تایبەتمەندیی تری کەسێتیی منداڵ٠ هەرچەندە زمان بەلای مرۆڤەوە زۆر گرنگە بۆ دەرخستن و گواستنەوەی چالاکییە هۆشییەکانی بۆ ناو ژیان،بەڵام بە بێ زمانیش دەتوانێت ئەزموونی ژیری ئەنجام بدات٠منداڵ بەر لە وەرگرتن و فێربوونی زمان دەتوانێت زۆر هەڵسوکەوت بکات،یان فێرببێت بە هۆشیارییەوە

---

1 - سەلام ناوخۆش،نەریمان خۆشناو،٢٠١٠،ل٣٤ ٠
2 - ژان پیاژە،باربل اینهلدر،١٣٩١،ص٢١ ٠
3 - محمد المصباحی،١٩٩٠،ص٩١ ٠

((بیرکردنەوە بە بێ سوود وەرگرتن لـە زمـان دەکرێت،بـەڵام ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە زۆر بەراییـە و توانای ئەبستراکت کردنی زۆر لاوازە))[1]٠

زمان و بیر،یان بیر و زمان چـونکە هەردووڵایان ڕەگ و ڕیشەکەیان ئـەبستراکت و نادیارە،ناتوانرێت بـە ئاسانی لێیان بکۆڵرێتەوە و پـەیوەندییان لـەسەر یەکتر دیاریبکرێت، مەگەر لـە ڕێی دەرکردەکانیانەوە تا ڕادەیەك بتوانرێت پەی بە هەندێك نهێنیی نێوانیان ببرێت،بۆیە زۆر لە زانایان بەیەك شـتیان دانـاون، (میرلـو پـۆنتی)دەڵێـت:((زمـان و بـیر یـەکێکن و دوو دیـوی شـتێکن،ئەمەش بـەوەدا دەردەکەوێت،کـە کەسێك بیردەکاتەوە،بیرەکانی نازانرێت،تا دەرینەبرێت، لای(فیتجشتاینیش)زمان بیرە و بیریش زمانـە، بەبێ زمان بیر نییە و بـەبێ بیریـش زمـان نییـە))[2]٠هـەروەها(دۆلا کـرۆ)ش دەڵێـت:((لـە هـەمان ئـەو کاتەی بیر زمـان بەرهەمـدەهێنێت،زمانیش بـیر پێکـدەهێنێت))[3]٠بـەم پێیـە دەتوانرێـت بگوترێـت،بیر و زمـان دوو پرۆسەی جیان و یەك شت نین،بەڵام پەیوەنـدیی نێوانیـان بـە ڕادەیـەك بـەهێزە،کە ناکرێت جیابکرێنەوە، چونکە هەردووکیان لــە مێشکی مـرۆڤەوە سەرچـاوەدەگرن و دەبنـەهۆی بـەهێزکردنی یـەکتریش٠ یــاسا و تواناکــانی فێربــوونی زمـــان لـــە نێــو هۆشــدا هەڵگیراون،لـــەگەڵ گەشــەکردنی هـۆشدا،زمــانیش گەشەدەکــات و یارمــەتی منـداڵ دەدات ڕۆژ بــە ڕۆژ لێکدانــەوە هۆشـییەکانی قـووڵ ببنەوە و بە هۆیانەوە واکەوت(واقـع) ئەبـستراك بکـات٠واتـە دوای ماوەیـەك لـە وەرگـرتن و فێـر بـوونی زمان،منـداڵ دەتوانێـت بـە هێمـای زمانی،باسـی هـەموو ئـەو شـتانە بکات،کـە لـەڕووی هەسـتەوە ئامادەنین،ئەم کردەیەش ناوەستێت، بەڵکو بـەردەوام لـە گەشـە و هەڵکشاندایە٠لـە قۆنـاغی منداڵیـدا گەشـەی هــۆش بۆیــە زۆر گرنگە،چـونکە سەرەتــایەکە بــۆ زمـانــوەرگرتن((بــە ئاگـایی و درککردنــی هــەستی،بنەمـای سەرەکین بـۆ هـەموو پـرۆسە عەقڵییـەکانی تر،چونکە ئەگـەر بـەئاگایی و درککردنــی هەسـتی نەبوایـە،مرۆڤ نەیـدەتوانی،هیچ شـتێکی بیربێتـەوە،یان بـیر لـە هـیچ شـتێك بکاتـەوە))[4]٠ئـەو منداڵانەی بەناتەواوی هۆشییەوە لەدایك دەبن،یان دواتر هۆش لـە دەس دەدەن،لـە ڕێگـەی زمانیانـەوە بــــەڕوونی هەســــتیان پێدەکرێت،کــــە گەشــــەی هۆشــــیان دواکەوتووە،چــــونکە لــــە کــــاتی زمانوەرگرتنەکەیاندا،فۆرم،یان هێمـا زمانییـەکان لـە جێگـە و هەڵوێـستی پێویستدا بەکارناهێنن،بۆیـە زمانوەرگرتنیان گرفتی دەبێت و تێگەیشتن لێیان ئاسان نابێـت، فێرکردنیـشیان ئەسـتەم دەبێت،ئەمـە بە بێ هیچ کەموکوڕییەك لە ئەندامەکانی ئاخاوتنیاندا٠

دیـارە زمان دوو ڕووی هـەیە،خودی زمـان و ئـەرکی زمــان،واتە ئەگـەر منـداڵی هـۆش ناتـەواو ئــەرکی یـەکەمی زمانی ئەنجام دابێت،کە بریتییە لـە ڕاسـت وتنـی ڕسـتەکان و دەربڕینـە زمانییـەکان لـە ڕووی

---

1 - محمد رضا باطنی،١٣٨٨،ص١٣٤ ٠

2- کسپە ئەبوبەکر عەلی،٢٠١١،ل١٩ ٠

3- دەرون عەبولڕەحمان سالّح،٢٠١٤،ل٤٣ ٠

4- عزالدین احمد عزیز،٢٠١٢،ل٥٣ ٠

زمانەوانییەوە،ئەوا نەیتوانیوە ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان،کە خودی زمان لە پێناویدا دروست بووە جێبەجێبکات،بە بەڵگەی ئەوەی،واتای پێویست لە کەرەستە زمانییەکانی وەکو وشە و فریز و ڕستە بار ناکات،کە گونجاوبێت لەگەڵ بارودۆخ و هەڵوێستی قسەکەر و گوێگردا٠بە واتایەکی ڕوونتر،کردەی پەیوەندیی لەیەکگەیشتن ڕوونادات،ئەمەش لای منداڵ نیوەی زمانوەرگرتنە و گرنگیی هۆشیاریی منداڵ لە زمانوەرگرتندا دەردەخات٠ئەمە مانای ئەوەیە،ئەگەر زمان وەك بونیاد و پێکهاتە پەیوەندیی بە هۆشیاری منداڵەوە نەبێت،وەکو ڕێزمانی بەرهەمهێنان وایدەبینێت،بەلاّم لە بەکارهێنانیدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی پێوەی دەبێت،چونکە ئەگەر زمان هۆشیارانە بەکارنەهێنرێت،ئەوا کاریگەریی نابێت٠بۆنموونە تا ئێستا کەسێکی هۆش ناتەواو،یان دەبەنگ و گێل نەیتوانیوە و ناشتوانێت دەقێکی ئەدەبی بەرز دابهێنێت،جگە لەوەش ناتوانرێت ڕۆژانە لەگەڵ منداڵە بیر و هۆش ناتەواوەکاندا،بیر و ڕا و بۆچوون و زانیارییەکان بە دروستی ئاڵوگۆڕ پێبکرێت،ئەگەر ئەمە(نیوەزمان وەرگرتن)[1] نەبێت دەبێت چی بێت؟بۆ نموونە بەلای زانایانی ڕێبازی ئەرکییەوە،ئەرکی سەرەکیی زمان،گەیاندنە،واتە گەیاندنی زانیاری و دروستکردنی پەیوەندیی نێوان ئاخێوەرانە،لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا٠

(چۆمسکی)،پێیوایە لە واکەوتدا دیاردەی زمانوەرگرتن لای منداڵ تەنها گرفتێکی زمانی،یان زمانەوانی ڕووت نییە،بەڵکو هۆکارە هۆشیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەنە سەر دیاردەکە و گەشەکردنی،هەروەها وایدەبینێت زانستی زمان دەتوانێت بەشدارییەکی ڕاستەقینە لە لێکۆڵینەوە و ناسینی سروشتی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا بکات[2]٠ باشترین بەڵگەش بۆ پەیوەندیی نێوان بیر و زمان تیۆرەکەی(بنیامین لی وۆرف)ە،بەپێی ئەم تیۆرە پەیوەندییەکی بەتین بیر و زمان پێکەوە گرێ دەدات،تا ڕادەی بوون بە یەك،بە جۆرێك کۆمەڵگە زمان جیاوازەکان بە هۆی جیاوازیی زمانەکانیانەوە، جیاواز بیردەکەنەوە٠وەکو جیاوازیی کاتەکانی زمان لە زمانی ئینگلیزی و زمانی(Hopi)دا،کە زمانی هیندییە سوورەکانە[3]٠لە لایەکی تریشەوە زۆر مرۆڤ هەن،توانای قسەکردنیان لەدەست داوە،بەلاّم دەتوانن بیر بکەنەوە و بە شێوازی تر،وەك وێنەکردن و ئاماژەکردن و ٠٠٠هتد)بیرەکانیان دەربڕن٠

## ١-٦/١)چەمکی فێربوون(Learning) و فێرکردن(Teaching)

ئەم دوو چەمکە لەژیانی مرۆڤدا بەگشتی و لە ژیانی منداڵدا بەتایبەتی زۆر گرنگن،چونکە لە ڕێگەیانەوە بونیادی کەسێتیی مرۆڤ دروست دەبێت، بە باش،یان بە خراپ،وەرگرتنی زمانیش بەشێکە لەم پێکهاتە کەسێتییە،بۆیە وەکو دوو بنەما و هۆکاری کاریگەر جێگەی بایەخی شارەزایانی بواری

---

[1] -زاراوەیەکە بۆ پرۆسەی زمانوەرگرتن بەکارمانهێناوە لای ئەو منداڵانەی،کە ناتوانن زمان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و هەمەلایەنە بەکاربهێنن،بەهەر هۆکارێك بێت،وەکو منداڵانی ئاسایی٠بۆ نموونە ئەگەر سلاّو لە منداڵێکی هۆش ناتەواو بکرێت،لەوانەیە وەلاّم نەداتەوە یان ئەگەر وەلاّمیش بداتەوە،لەوە دەچێت ئاخاوتنێکی هەڵە بێت،لەبەرئەوەی لە واتای کۆمەڵایەتیی هێما زمانییەکان تێناگات،هەرچەندە لە ڕووی زمانەوانییەوە بێ هەڵە دەریاندەبڕێت و دەیانزانێت٠

[2] - جون لیونز،ت،حلمی خلیل،١٩٨٥،ص٢٢٧،٢٣٣ ٠

[3] - بڕوانە: ا/ Claire Kramsch-1998-p11-14 ، ب/ نایف خرما،و٠ شهاب شێخ تەیب،٢٠١٣،ل٢٧٦-٢٨٠ ٠

پەروەردە بوون،بۆ پەروەردەکردنی نەوەکان بە شێوەیەکی دروست٠ هەرچەندە،هەردوو پرۆسەی فێربوون و فێرکردن،پەیوەندییەکی بەهێز و لەیەکتردانەبڕاویان هەیە،بەو مانایەی هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ و سەراپای ژیانی دەگرنەوە و بەجۆرێك لە دروستکردنی کەسایەتیی منداڵدا ئاوێتە دەبن،دیاریکردنی ڕێژەکانیان ئەستەمە٠بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا دوو دیاردەی جیاوازن و هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە٠بۆ ناسین و جیاکردنەوەیان پێویستە پێناسەی هەر پرۆسەیەکیان بەجیا بکرێت٠ئەم چەمکانەش وەکو زۆربەی دیاردە و چەمکەکانی تری ژیانی مرۆڤ،تەنها پێناسەیەکیان نییە،بە هۆکاری ئەوەی زانایان تێڕوانینی جۆراوجۆریان بۆیان هەیە٠

((فێربوون))[1]:١/بریتییە لە گۆڕانکاریی کردن لە ڕەفتار ئەویش لەڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامییش لە خۆی دەگرێت٠واتە تاك لە هەوڵ و کۆششدا دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەز و ئارەزوو ئامانجەکانی٠

٢/بریتییە لە چاکسازی و باشبوونی بەردەوامیی ڕەفتار،کە دەتوانرێت لەڕێگەی سەرنجدانەوە ئەو چاکسازی و باشبوونە هەستی پێبکرێت،ئەویش بە هەست پێکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەنجامی فێربوونەوە ڕوو دەدەن٠لەم پێناسانەوە دەردەکەوێت،کە فێربوون پرۆسەیەکی کەسی و خودییە،چونکە کەسی فێربوو خۆی چەقی پرۆسەکەیە و لە ڕێگەی جموجووڵ و هەڵسوکەوت و هەستەکانییەوە دەتوانێت،لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی بۆ بە دەستهێنانی زانیاریی ئەزموونکراو و درككراو کارلێك بکات٠هەر لە زووشەوە وتراوە(هەولدە،فێربە)،(ئاکاری باش فێربە)،یان(ژیان قوتابخانەیەکە تێیدا فێردەبین)،کەواتە فێربوون خستنەگەڕی تواناکانی تاکە،بۆ خۆدروستکردن و خۆبنیاتنان،وەکو کەسێکی سوودبەخش و سەرکەوتوو،چونکە فێربوون هێنانەکایەی گۆڕانکاریی پەسەندکراوە لە بونیادی مەعریفی و ژمارەیەك لەو چەمکانەی،کە منداڵ لە دوای گوزەرکردنی بە هەلۆێستە دیاریکراوەکانی فێرکاریی،پێشیاندەخات[2]٠

لەسەر پرۆسەی فێربوون زۆر تیۆر و بۆچوون لەلایەن زانایانەوە خراونەتەڕوو،کە هەریەکەیان بە شێوەیەك دیاردەکە شیدەکاتەوە،بۆ نموونە تیۆری(کۆهلەر)پشت بە بنەمای بیرتیژیی(insight) دەبەستێت٠لەکاتێکدا تیۆری(واتسۆن)پشت بە بنەمای گۆڕانی ڕەوشتی دەبەستێت و دەڵێت لە چارەسەرکردنی هەرکێشەیەکدا،کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات ،هەروەها(ئەرنۆڵد ماگری)یش پێیوایە، ڕەگەزی ویژدان هۆکاری سەرەکیی فێربوونە[3]،ئەمانە و زۆر لێکدانەوی تریش هەن،بۆیە فێربوون شتێك نییە،لە خۆیەوە بێتە بوون،پێویستە کەسی ئامادە بۆ فێربوون،ئامادەیی تێدا بێت و وەلأمی

---

1 - کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٨،ل١٧ ٠

2- عەبدولڕەحمان عەدەس– یوسف ئەلقتامی،و٠ سەلاح سەعدی،٢٠١٣،ل٢٤٦ ٠

3- یوسف عوسمان حەمەد،٢٠٠٥،ل١١٨،١٣٩،١٨٨ ٠

گۆڕانکارییەکە بداتەوە،سەرەڕای تەندروستیی عەقڵی و لاشەیی،کە بۆ فێربوون پێویستیی سەرەکین، دەبێت هەوڵە کەسییەکانی چڕبکاتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکە،کە فێربوونی ڕەوشتێکی بەکەڵکی ژیریی،یان جووڵەییە بۆ ژیان و مرۆڤایەتی. لەم ڕووەوە تاکەکان لە دەستخستنی پرۆسەی فێربووندا،وەك یەك نین و جودان،ئەمەش هەر لە زووەوە سەرنجی لێکۆڵەرانی بواری پەروەردە و فێربوونی ڕاکێشاوەو هەستیان پێکردووە و ناویان ناوە(جیاوازیی(خودی)تاکایەتی–فروق فردی).

هەستەکانی منداڵ بە ڕێژەی جیاواز بەشداری لە پرۆسەی فێربووندا دەکەن،چونکە هەر یەکێك لەو هەستانەی مرۆڤ خاوەنی هێزێکی تایبەتییە،لە گواستنەوەی زانیارییەکانی جیهانی دەرەوەی خودی مرۆڤ بۆ ناوەوەی مرۆڤ و گەیاندنی بە شوێنی لێکدانەوە و مامەڵەپێکردنی،کە مێشکە بۆ دروستکردنی شتی نوێ و زانیاریی زیاتر،کە بە هۆیەوە منداڵ ڕۆژ بە ڕۆژ تاقیکردنەوەکانی بۆ ژیان زیاتر و فروانتردەبن،فێربوونیش بەشێکە لە ژیان،یان ژیان بە واتایەکی گشتی فێربوونە.

دەرەنجامی یەکێك لە توێژینەوەکان،ئاماژە بۆ ڕێژەی هەستەکان لە پرۆسەی فێربووندا بەم شێوەیە دەکات:

١/ هەستی بینین بە ڕێژەی(٧٥٪) لە پرۆسەی فێربووندا بە شداردەبێت.

٢/ هەستی بیستن بە ڕێژەی(١٣٪) لە پرۆسەی فێربوون بە شداردەبێت.

٣/ هەستی بۆنکردن،تامکردن،بەرکەوتن بە ڕێژەی(١٢٪) لە پرۆسەی فێربووندا بەشداردەبن.ئەم ڕێژانە دەکرێت بە شێوە و شێوازی جیاوازتریش لە پرۆسەی فێربووندا بەشداربن و ڕۆڵ بگێڕن[1].

واتە ئەگەر کەسێك هەوڵی فێربوونی بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی بدات،ئەوا دەبێت لەڕێگەی بینین و خوێندنەوەوە زانیارییەکانی ئەو زمانە بەسەربکاتەوە،چونکە ڕێژەیەکی زۆری زانیارییەکان لە ڕێگەی چاوەوە بۆ ناو مێشك و بیر دەگوێزرێنەوە،هەروەها نابێت گوێگرتنیش فەرامۆش بکرێت،لەبەر ئەوە، ئەم هەستەش(بیستن و گوێلێبوون)،بە ڕێژەیەکی دیاریکراو بەشداری پرۆسەی فێربوون دەکات.

هەرچی هەستەکانی وەکو(بۆنکردن و تامکردن و بەرکەوتن)ن،زیاتر بۆ خۆراك و شتە هەستییەکانی ترن،هەرچەندە هەندێکجار دەشکرێت مرۆڤ بەهۆی یەکێك لەم هەستانەوە زانیاریی لەسەر شتێك،یان کەرەستەیەك وەربگرێت،بەلاَم زیاتر بیستن و بینین بۆ زانیارییە هۆشیی و ئەندێشەیی و بیرییەکان بەکەڵکن،بەتایبەتیش لە ڕێگەی زمانەوە(ئاخاوتن و قسەکردن و نووسین خوێندنەوە)،وەکو ئاشکراشە زانیاریی زمانی لە وشە و واتا و دەنگ پێکهاتووە و ئەمانەش ناکەونە بەر ئەو سێ هەستەی سەرەوە.بەلاَم ئەم هەستانەش گرنگیی خۆیان لە ناسینی شتەکاندا هەیە بەتایبەت لای ئەو

---

[1] - http://EzineArticles.com/?expert=Kurt_Mortensen- Engaging the Five Senses،هەروەها بڕوانە: کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٨،ل٢١ .

کەسانەی،کە هەستەکانی بینین و بیستنیان گرفتیان هەیە،وەکو ئەوانەی بە هۆی نابیناییانەوە، ناتوانن وێنەی پیتەکانی زمان ببینن و بیانخوێننەوە،ناچار پیتیان بۆ دروستدەکرێت،تا بەهۆی هەستی بەرکەوتن و دەستلێدانەوە بیانناسنەوە،هەر بەم ڕێگایەش نابینایان فێری خوێندن دەبن. ئەو کەسانەش،کە هەستی بیستنیان لەدەستداوە،لە ڕێگەی هەستی بینینەوە بە هاوکاری هەستەکانی تر،فێری زۆر شت دەبن.

حاڵەتەکە لای منداڵی ئاسایی زیاتر پشت بە هەستی بیستن دەبەستێت بۆ وەرگرتنی زانیارییە سەرەتاییەکانی زمانی یەکەمی،چونکەئەم هەستە پێش هەموو هەستەکانی تر دەردەکەوێت و گەشەدەکات و بە کارەکانی خۆی هەڵدەستێت.ئەگەر بە وردیی و ئاگاییەوە سەرنجی ژیانی منداڵ بدرێت،بە تایبەتی قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنی(پێش لەدایکبوون و دوای لەدایکبوونیش)،ئەم ڕاستییە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت.

لە فێربوونی زماندا،جگە لە بینین و بیستن،دەبێت ڕۆڵی دەربڕین و هەوڵدان بۆ ئاخاوتنیش لە بەرچاو بگیرێت،چونکە یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕاهێنان و ئەوەی فێربووە تاقیدەکاتەوە،تا دەگاتە ڕاستی.لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت زمانوەرگرتن بە کردەیەکی فێربوون دابنرێت،لەبەرئەوەی منداڵ،کە دێتەژیانەوە لەسەرخۆ و بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو و بە پشت بەستن بەهەستەکانی و خۆگونجاندن و تێکەڵاوبوونی دەوروبەر و کارلێککردن،زمانی دایکی وەردەگرێت و فێردەبێت،ئەمەش دوای ئەوە دێت،کە زەمینەیەکی لەبار و ئامادەی بایەلۆژی لای منداڵ لە ئارادایە بۆ زمانوەرگرتن،واتە جیاوازییەکە ئەوەیە فێربوونی زمانی دایك سروشتییە،نەك فێرکردن.

فێرکردن:ئەگەر فێربوون پرۆسەیەکی خودی بێت، ئەوا فێرکردن پرۆسەیەکی بابەتی و بەرنامەییە،واتە ئەگەر تاکێك بیەوێت فێرببێت،پێویستە بەپێی نەخشە و بەرنامەڕێژی،هەنگاوی بۆ بنێت،نابێت هەر لە خۆیەوە و بێ سەروبەر تواناکانی خۆی خەرج بکات،ئەگینا سەرکەوتوو نابێت و ناگاتە ئامانج،چونکە ئەگەر فێربوون ئامانج بێت،ئەوا ڕێگەی گەیشتن بەو ئامانجە،ئەو پلانەیە،کە دەگیرێتەبەر. کەواتە فێرکردن بریتییە لە هەموو ئەو شێواز و ڕێگا و ڕێبازانەی بەکاردەهێنرێن بە پێی کات و شوێنی گونجاو،بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون.بەم پێیە ئەگەر ڕێگاکان دروست بن و بە حەز و ئارەزووشەوە جێبەجێبکرێن،پرۆسەکە سەردەکەوێت،چونکە حەز و خولیای تاك،یان منداڵ لە فێربووندا هۆکاری سەرەکییە،ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو،ئەو کاتە پرۆسەکە کێشەی تێدەکەوێت،واتە لە پرۆسەی فێرکردندا،جگە لە کەسی(هەوڵدەر بۆ فێربوون)،فێرکار و تایبەتمەندییەکانی و پرۆگرام و کات و تەمەن و هەلومەرجەکانی تری فێرکردن،دەبێت ئامادەییان هەبێت و بەردەست بن.لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت،هەردوو پرۆسەی فێربوون و فێرکردن،با جیاش بن بەڵام بە توندی پێکەوەگرێدراون، چونکە منداڵ هیچ شتێك فێرنابێت،یان فێرناکرێت، بە بێ بوونی کۆمەڵێك بنەمای جەستەیی و بایەلۆژی

بۆ فێربوون٠ کاتێکیش هاتەژیانەوە بیەوێت و نەیەوێت،دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو زانیارییانەی،کە لە دەوروبەر و ژینگەکەیدا لە ئارادان،بۆیە هەردوو پرۆسەکە تێهەڵکێشن و یەکتر تەواودەکەن[1]٠

هەردوو پرۆسەکەش پەیوەندی ڕاستەخۆیان بە پرۆسەی زمانوەرگرتنەوە هەیە،چونکە فێربوون و فێرکردن لە سەرەتاکانی ژیانی منداڵەوە دەستپێدەکەن٠

ڕێبازەکانی فێربوون و فێرکردن بەگشتی لەمانەی خوارەوەدا کورت دەبنەوە[2]:

١/ ڕێبازی ڕەفتاری(Behaviorist Theory)٠

٢/ ڕێبازی درکپێکردن(Cognitivist Theory)٠

٣/ ڕێبازی بونیادگەرەکان(Constructivist Theory)٠

ئەو شتانەی،کە منداڵ خۆبەخۆ و بێ هەوڵدانی کەسانی تر،فێریاندەبێت و وەریاندەگرێت،فێربوونن، بەڵام ئەوانەی لە ڕێگەی خەڵکانی ترەوە و بەمەبەست پێیدەدرێت،پرۆسەی فێرکردنن٠

سەرەڕای هەوڵێکی زۆر لە لایەن زانایانەوە،هێشتا بابەتەکە جێگەی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیە و بۆچوونی جیاجیای لەسەرە،هەربۆیە دەبینرێت پرۆسەکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و تەنانەت لە زانکۆیەك،یان ناوەندێکی خوێندن و پێگەیاندن و پەروەردە و فێرکردنەوە بۆ یەکێکی تر،وەك یەك نییە و جیاوازە،کەواتە پرۆسەکە فرە ڕەهەند و جۆراوجۆر و ئاڵۆزە٠

## ١/٦–٢)لێکدانەوەی زاراوەکان

لەزمانی کوردیدا،بەرامبەر زاراوە ئینگلیزییەکانی( Language Acquisition-Learning First Language-Language Development)،چەند زاراوەیەك بەکارهاتوون وەك (زمانپژان، گەشەی زمان،زمانوەرگرتن،فێربوونی زمانی یەکەم)[3]،هەرچەندە ئەم زاراوە و چەمکانە بەگشتی باس لەو هەنگاو و قۆناغانە دەکەن،کە منداڵ بۆ فێربوونی زمان دەیانبڕێت،بەڵام هەریەك لەو زاراوانە لەڕووی واتاوە مەبەستێکی تایبەتتر دەدەن٠چەمکەکانی زمانپژان و گەشەی زمان ڕەهەندێکی تەواو بایەلۆژییان هەیە،بە هۆی پێداگرتن لەسەر بوونی بنەمای بایەلۆژیی زمان و دەستپێکردن لەو سەرەتایەوە،بە واتایەکی تر کاتی پێگەیشتن و چەکەرەکردنی توانای ئەندامەکانی زمان،یان ئاخاوتن(بیستن و تێگەیشتن و قسەکردن)،هەرچەندە دوورییەکی فسیۆلۆجی لە نێوان ئەندامەکانی

---

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جیاوازی و پەیوەندیی نێوان(فێربوون و فێرکردن)بڕوانە: ا/ کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٨،ل٢٩ ، ب/ عەبدولڕەحمان عەدەس – یوسف ئەلقتامی،و٠ سەلاح سەعدی،٢٠١٣،ل٢٤٦ ،ج/ یوسف عوسمان حەمەد،٢٠٠٥،ل١١٨،١٣٩،١٨٨ ، د/ .David Nunan : 2010:p3-69، هـ/ http:□ □www.innovativelearning.com□ teaching□teaching-methods.html .

[2] - هەریەکێك لەم میتۆدانەی سەرەوە،لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە،تەماشای پرۆسەی فێربوون و فێرکردن دەکات،بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك تاقیکردنەوە،کە لەسەر هەندێك لە گیانەوەران کراون و دواتر ئەنجامەکانیان گوێزراونەتەوە بۆ ژیانی مرۆڤیش،وەك ئەوەی(سۆراندایك)،کە لەسەر پشیلەیەکی برسی ئەنجامیدا، هەروەها(پاڤلۆف)لەسەر سەگ و(سکینەر)یش لەسەر مشك و کۆتر،زۆر زانای تریش٠ئەم تاقیکردنەوانە هەریەکەیان لە هەلومەرجێکی تایبەتی،بە کۆمەڵێك هۆکاری دیاریکراو ئەنجامدران،لە ئەنجامدا گەیشتنە دۆزینەوەی زۆر شێواز و ڕێگا بۆ دەستەبەرکردن و سەرخستنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن٠

[3] - ناهیدە ڕەحمان خەلیل،٢٠١٣،ل٢٤ ٠

بیستن و قسەکردندا هەیە،بەلام لە زاراوەی زمانپژاندا،وەك یەك(یەکە) ڕاگەیانراون،بۆ نموونە دەوترێت(گوڵەکە پشکوتووە،دارەکە چرۆی کردوە،درەختەکە شکۆفەی کردووە)،واتە پرۆسەکە هەمووی بەیەك تەوژم دەستپێدەکات٠(چۆمسکی)لەشیکردنەوەی کۆمەڵەی دووەمی نیشانەکانی (پاڤلۆف)دا،دەڵێت:((چەند ڕێسایەکی ڕێزمان لای منداڵ هەیە،لە تەمەنی دووساڵیدا وشەی سەرەکی لە دەوروبەر وەردەگرێت و زنجیرەی وشەی تری پەراوێزی(مۆرفیمی وشەدارێژی فەرهەنگی و مۆرفیمە بەندە سینتاکسییەکان)لەگەڵدا ڕێکدەخات٠بەم پێیە ئەمەش جیاوازییە لە نێوان وشە و زماندا،چونکە زمان کۆمەڵێك یاسای گشتییە لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرن،بەلام وشە هێمای دەنگیی بەرجەستەیە،کە لە نێوان گوتن و بیستندا دەگوێزرێتەوە و لە فۆرموڵەبوونی خۆیدا ملکەچی یاسای دەماغ دەبێت))[1]٠لەم ڕوانگەیەوە زاراوەی(زمانپژان) هەردوو ڕەهەندی ئاوەزیی و دەوروبەر بەشێوەیەکی دیار و دەرکەوتوو لە بەرچاو ناگرێت،لە کاتێکدا زمان(توانست و توانا/چالاکی)،بەبێ یەکێك لەو بنەمایانە تەواو نابێت٠هەرچی زاراوەی(گەشەی زمان)یشە،واتە گەورەبوون و نەشونماکردن لەسەر بنەمایەکی هەبوو،زیاتر زاراوەکە لە بواری دەروونزانیدا بەکاردەهێنرێت و جەخت دەکاتە سەر هۆکاری لاساییکردنەوە و فێربوون لە زماندا٠زانایانی دەروونزانی لە گەشەی زماندا،دەڵێن:((زمان کردارێکی دروستکراوە لە بابەتێکی ڕابردوو،کە پێکهاتەکەی دیاردەبێت،زمان پالاوتەی ئەو زانیارییانەیە،کە دەچێتە مێشك و لە کاتی پێویستدا بەکاردەهێنرێت،واتە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گەشەی زمان و هزردا هەیە))[2]٠هەرچی زاراوەی(فێربوونی زمان)یشە،زمان وەك ڕەوشتێك لە ڕەوشتەکانی تری مرۆڤ دەبینێت،کە منداڵ لە ڕێگەی چاولێکەریی و سەرنجدانی کەسانی گەورە و دەوروبەرییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ فێری دەبێت و هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیەش،لای زانایانی دەروونی بە قۆناغەکانی گەشەی زمان لای منداڵ دادەنرێن،ئیتر مەرج نییە لە هەموو ئاستەکانی گەشەکردنی زمان فێربووندا،بە ئاگاییەوە، هەڵسوکەوت بکات،چونکە((کاتی فێربوونی زمان،منداڵی بچووك ناهۆشمەندانە ئەوە فێردەبێت،کە نیشانەیەك تەنیا لە ئەنجامی جیاوازیی لەگەڵ نیشانەیەکی دیکەدا مانا پەیدا دەکات،ئەوەش فێردەبێت،کە نیشانە پێشتر ونبوونی ئەو شتە فەرز دەکات،کە ئاماژەی بۆ دەکات))[3]٠

---

[1] - یوسف عوسمان حەمەد،٢٠٠٤،ل٩،٢٦ ٠

[2] - سەرچاوەی پێشوو،ل١١ ٠

[3] - تیری ئیگلتۆن،و٠ سەلاح حەسەن پالەوان،٢٠٠٤،ل٥٥ ٠

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زاراوەی(زمانوەرگرتن)بەکارهێنراوە و بەپەسند زانراوە،ئەمەش مانای ئەوە نییە،کە زاراوەکانی سەرەوە،هەڵەبن و بەهیچ شێوەیەك بەکارنەهێنرێن،بەڵکو دەکرێت بەجۆرێك لە جۆرەکان،هەریەکەیان بۆ قۆناغێك لە قۆناغەکان،یان ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی پرۆسەی گشتیی(زمانوەرگرتن)دا بە کەڵك بن و ڕاستبن و بەکاربهێنرێن٠بۆ نموونە دەکرێت زاراوەی(زمانپژان)بۆ قۆناغی سەرەتای زمانوەرگرتن بەکاربهێنرێت،واتە ئەو کاتەی،کە منداڵ وشە تاك و تەراکانی زمانی دایك فێردەبێت لە ڕێگەی خێزانەکەیەوە٠هەرچی(گەشەی زمان)یشە،دەتوانرێت بۆ گەشەکردنی زمان لە گشت قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤدا بەکاربهێنرێت،لەبەرئەوەی زمان وەك دیاردەیەك بەردەوام لە گۆڕان و گەشەکردندایە٠زاراوەی(فێربوون)یش،جگە لە زمان دەتوانرێت بۆ هەموو شت و پرۆسەکانی

## ٣-١/٦)زیرەکیی و زمان

پێش ئەوەی بزانرێت پەیوەندی لە نێوان زمان و زیرەکییدا چییە،پێویستە بزانرێت چەمکی زیرەکی خۆی چییە؟،دوای ئەوەی خودی زمان ڕوونکرایەوە،چونکە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوە دەزانرێت،کە هەموو مرۆڤەکان ئاستی زیرەکییان وەك یەك نییە،ئەمەش سەرنجی زانایانی ڕاکێشاوە،بۆ ئەوەی لێبکۆڵنەوە و چییەتی زیرەکیی و تایبەتمەندییەکانی دەست نیشان بکەن،(Donald Hebb)،وای دادەنێت،کە زیرەکی دوو بەشە (A،B)،بەشە زیرەکیی(A)زگماکە و لە کاتی لە دایکبوونەوە،لەسەر چۆنێتی پێکهاتنی مێشکی ساوا بەندە،بەڵام بەشە زیرەکیی(B)بریتییە لەو فرمانانەی،کە مێشك لە هەر کاتێکدا بێت،هەڵیدەسوڕێنێت[1]٠کەواتە هەمان ژینگە و دەوروبەر و تاقیکردنەوە و ئەزموون،کاریگەریی جیاوازییان لەسەر زیرەکیی مرۆڤەکان هەیە،بە واتایەکی تر هەلومەرجە لێکچووەکانی ژیان و دەرەوەی خودی مرۆڤ، ناتوانن،منداڵەکان تەنانەت دووانە لێکچووەکانیش، بەشێوەیەکی هاوتا و وەك یەك دروست بکەن،چونکە لە ڕووی بۆماوەییەوە،ئاستی زیرەکییان جیاوازە٠پێناسەیەکی تر دەڵێت:((زیرەکی توانایەکی خۆ مەڵاسدەرە و وەك هەر سیفەتێکی فیزیکیی دیکەی تاك،پشت بە بۆماوە و گەشەکردن و پێشکەوتنی دروست دەبەستێت))[2]٠لە لایەکی ترەوە، ئەگەر بنەمای سەرەکیی (زیرەکی) بۆماوە و زگماکیش بێت،ئەوا نابێت ڕۆڵی ژینگە و دەوروبەریش فەرامۆش بکەین،چونکە ئەو بنەمایە پێویستیی بە خستنەگەڕ و گەشە و گۆڕان و فراوانکردن هەیە،بۆ نموونە پەروەردەبوون و پەروەردەکردنی کەسێك لە گوندێکی دوورە دەستدا،بە هیچ شێوەیەك،وەك کەسێکی تر نییە،کە لە شارێکی گەورە و پێشکەوتوودا ژیابێت و گەورە بووبێت،یان لە وڵاتێکی دواکەوتوودا،هەرگیز وەك وڵاتێکی پێشکەوتوو نابێت،لەبەرئەوەی ئەگەر کەسی یەکەم هەرچەندە ئاستی زیرەکیی بەرزتریش بێت،بەڵام ژینگەکەی یارمەتی گەشەکردن و دەرکەوتنی زیرەکییەکەی نادات و نابێتە زیرەکییەکی دیار و داهێنەر،بەڵام کەسی دووەم بەسوود وەرگرتن لەو هەلومەرجە پێشکەوتووە،گەشەکردووەی بەردەستی لە بەکارهێنانی ئامێر و دەزگای زانستیی نوێ و ئەزموونی

---

تریش لە ژیاندا بەکاربهێنرێت٠لە کاتێکدا زمان تەنها فێربوون نییە،بەڵکو خەسڵەت و تایبەتمەندییشە٠بەڵام زاراوەی(زمانوەرگرتن)،لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا،زیاتر ڕۆیشتووتر و پەسەندترە،چونکە زاراوەکە ئەوە دەخاتە ڕوو،کە منداڵ کەرەستە خاوەکانی زمان(وشەکانی فەرهەنگی زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵ)لە دەوروبەرەوە وەردەگرێت و بەپێی یاسا و ڕێسا نادیار و شاراوەکانی مێشك و ئاوەزی،وەك(یاساکانی دروستکردنی فرێز، یاساکانی دروستکردنی ڕستە٠٠٠هتد)،ڕێکیاندەخات و(زمانی دایك)ی لێبەرهەمدەهێنێت،واتە زاراوەکە لە یەکەم سات و قۆناغی کاریگەریی زمانی دایکەوە،تا دەگاتە فێربوون و وەرگرتنی،لای منداڵ،بەشێوەیەك کە ببێتە قسەکەرێکی چالاك و ڕەسەنی ئەو زمانە،لە بەرچاودەگرێت٠زۆرجار لەگەڵ زاراوەی زمانوەرگرتندا،زاراوەی(زمانگرتن)یش[3]بەکاردێت،واتە بۆ تێکڕای ئەو تەمەنانەی،کە منداڵ پێیاندا تێپەڕدەبێت و زمانی دایك وەردەگرێت،تەنانەت زمانی دووەمیش لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا،لە خەڵکی ئاسایی دەبیسترێت،زیاتر زاراوەی زمانگرتن بەکاردێنن،بۆ نموونە دەڵێن(منداڵەکەت زمانی گرتووە؟،بۆ زمانی نەگرتووە؟،کەی زمان دەگرێت؟،خۆ گەورەیە)،واتە لە جیاتی زاراوەی زمانوەرگرتن،بەڵام هەندێك جاریش بۆ نەخۆشییەکانی دەربڕین و ئاخاوتنیش،بەکاردێت٠کەواتە زاراوەی(زمانوەرگرتن)لە هەموو ئەو زاراوانەی باسکران،گشتیتر و فراوانترە و هەموو ئاست و زنجیرەکانی پرۆسەکە دەگرێتەوە٠

1- و٠ب٠ گۆتەریچ،و٠ هیوا عمر احمد،١٩٨٣،ل٤٤ ٠

2- عەبدولڕەحمان عەدەس– یوسف ئەلقتامی،و٠ سەلاح سەعدی،٢٠١٣،ل٩١ ٠

کەسانی تری شارەزا و هتد،دەتوانێت زیرەکییەکەی مشتومالٌ بکات و پەرەی پێبدات،لە ئەنجامدا دەبێتە زیرەکییەکی کاریگەر،بۆیە((ئەوەی زیاتر جێگەی بڕوا و متمانەی زۆر لە زانایانە ئەوەیە،کە زیرەکی لە ئەنجامی کارلێککردنی هەردوو فاکتەری بۆماوە و ژینگەوە گەشەدەکات و هیچ یەکێك لەو دوو هۆکارەی سەرەوە بە تەنها ناتوانێت زیرەکی بەرهەم بهێنێت))[1]٠

ئەگەر زیرەکی،وەك چەمکێکی ڕووت،بەو شێوەیەی لەسەرەوە باسکرا لەگەڵ کردەی زمانوەرگرتن بەراورد بکرێت،دەبینرێت هەردووکیان وەك یەك،پشت بە ژینگە و بۆماوە دەبەستن،کەواتە دەکرێت پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبێت٠چونکە زیرەکی لایەنێکی ئەبستراکتی ژیانی تاکە و ناتوانرێت ڕاستەوخۆ ببینرێت و هەستی پێبکرێت،بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی شوێنەوار و کاریگەرییەکانییەوە، دیاری بکرێت و بپێورێت،یەکێك لەو شوێنەوارانەش دەربڕین و ئاخاوتنی زمانییە٠لەم ڕوانگەیەوە و بۆ لێکۆڵینەوەی زیرەکی،زانایان بۆ چەند جۆرێك دابەشیان کردووە،لەوانە(Hward Gardner)، پێی وایە،زیرەکی بریتییە لە هەشت یەکە،یان هەشت جۆر[2]،کە ئەمانەن:

١/ زیرەکیی زمانی،یان زیرەکیی ئاخاوتن و قسەکردن(Verbal –Linguistic Intelligence Intelligence)٠

٢/زیرەکیی لێکدانەوەی بیرکاری،٣/ زیرەکیی شوێنناسی ٤،/ زیرەکیی ئاواز و مۆسیقایی، ٥/ زیرەکیی جەستەیی و جوولەیی، ٦/ زیرەکیی ناسین و ناسینەوەی کەسێتییەکان، ٧/ زیرەکیی ناوەکی و خودی کەسێتی، ٨/ زیرەکیی سروشتی٠

لێرەدا خاڵی یەکەم مەبەستە و بە بابەتەکەوە پەیوەستە،واتە زیرەکیی زمانی،ئەمەش بریتییە لەو توانایەی،کە لای تاك هەیە،لە زمان پاراوی و خێرایی لە دەربڕین و قسەکردن و پەیوەندیکردن و کاریگەریی جێهێشتن و وروژاندن و ڕازیکردن و چارەسەرکردنی زۆر کێشە بە هۆی زمان بەکارهێنانەوە٠ئەنجامدانی ئەو کارانەی سەرەوە و زۆر نوسین و داڕشتنی داهێنەرانە و یاریکردن بە وشە،نیشانەی زیرەکیی کەسی قسەکەرە لە بەکارهێنانی زماندا٠ئەم دیاردەیەش هەروا سانا و سەرزاریی نییە،بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ پەیوەندییەکی قووڵ و بنەڕەتی لە نێوان زمان و زیرەکییدا٠ئەگەر وەرگرتنی زمان لای منداڵ دیاردەیەکی گشتی و مرۆڤایەتی بێت،ئەوا بە هەمان شێوە پەیدابوون و گەشەکردنی زیرەکییش،زمان ئاسایە٠وێڕای ئەمەش هەندێك منداڵ لە هەندێکی تر،درەنگتر زمانوەردەگرن،لەوانەیە ئەمەیش پەیوەست بێت بە دواکەوتن و پێشکەوتنی زیرەکییەوە،چونکە بەپێی هەندێك بۆچوون زیرەکی و ژیری یەك شتن،یان زیرەکی بەشێکە لە پرۆسەی گەشەکردنی ژیریی٠

---

[1]- کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠١١،ل٢٧٦ ٠
[2]- http://www.multi-intell.com/MI_chart.html

کەواتــە زیرەکــی بەرهــەمی مێشکە و بەشــێکی گرنگیی،بــە زمــان دەردەبڕرێت،زمــانیش هــەر لــەوێوە سەرچاوە دەگرێت و بەگشتی دیاردەیـەکی مرۆڤایەتییـە بـۆ گواسـتنەوەی ئـەو بـیر و خەیاڵانە،کـە لـە مێشکدا هەیە، بە ڕیـزە دەنگێکـی بـەزار دروسـتکراو بـۆ بەرامبەر،ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت هـەموو زمانانی جیهان لە هەمان پلەی پەرەسەندندان و بە ئەندازەی یەك ئاڵۆزن و ئەو زمانانـەی گوایا پێیـان دەوترێت،ســەرەتایی بوونیــان نییــە[1]٠بــەم پێیــە زیــرەکییش،وەك زمــان یەکێکــە لــە ئــەدگارە مرۆڤایەتییەکان و لە ڕێگەی هەموو زمانـە سروشـتییەکانەوە،تەنانەت دەستکردەکانیشەوە بەشێك لـە ئاست و پلـەکانی دیاریدەکرێت،بۆیـە پەیوەنـدیی نێـوان زمـان و زیرەکـی شـتێکی سروشـتییە٠ئەگـەر زیرەکـی بریتیـی بێـت لـە پرۆسـەکانی ئـاوەز و بـیر و بیرکردنەوە،ئـەوا بەرهـەمهێنانی ئـەم پرۆسـانە و دەربڕین و خستنەڕوویان،لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازن،ئەمەش جیاوازیی ئاستی زیرەکییە لـە نێـوان کەسـەکاندا لـە ڕووی زمانەوە،کـە ڕەگ و ڕیـشەکەی بـۆ پەیوەنـدیی نێـوان زمـان و زیرەکـی دەگەڕێتەوە،وەك(هنری سویت)دەڵێت:((زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای دەنگەوە،کە لـە وشـە پێکـدێت))[2]٠کەواتــە بــیر و ئەندێـشە و هەسـت و هۆش،توانـا و زیــرەکین و لــە نێـوان مرۆڤەکانـدا جیاوازن،ئەمــەش هــەر لــە قۆناغــەکانی منداڵییــەوە لای تاکــەکان دەردەکــەوێت،وەك(سۆســێر) دەڵێـت:((زمـان بریتییــە لــە کۆمــەڵێك نیـشانەی کــەم، تـا زۆر ڕێکوپێـك و نوسـراو،کە پەیوەنـدییان بەیەکترەوە هەیە و توانای ئەوە بـە تاکـە کـەس دەبەخـشن،کە بـیروڕای خـۆی دەربـبڕێـت))[3]٠کەواتـە ئاخاوتن کردەیەکی لێکچوو نییە،لـە نێـوان کەسـەکاندا،بەڵکو ئاوێنـەی جیـاوازی و تایبەتمەندییـەکانی ناوەوەی مرۆڤە٠هەر بۆیە لە ڕێگەیەوە کەسێتیی مرۆڤ دیاری دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێت[4]٠

هەر بە هۆی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت،مەبەسـت و نیازەکـانی بـە شـاراوەیی و لـە دوو تـوێی وشـەکانیدا دەربـبڕێت،ئەمەش جۆرێکـە لـە بـەکارهێنانی زمـان بـە زیرەکـی،هـەر کەسـانی زیـرەکیش دەتـوانن لـەم شاراوەییە تێبگەن و واتاکانی ئەو دیو وشەکان بخوێننەوە٠

لەم بەشەدا بەشـێوەیەکی گشتی بـاس لـە زمـانی مـرۆڤ کراوە و تایبەتمەندییـەکانی لەگـەڵ(هۆکـار)ی پەیوەنـدیی و لەیەکگەیـشتنی ئاژەڵانـدا بەتایبـەتیش(مـەیمون)وەك نـزیکترین ئـاژەڵ لـە مرۆڤــەوە خراوەتەڕوو٠لەم ڕوانگەیەوە زمان وەك تایبەتمەندییەکی جیاکـەرەوە سـنوری مرۆڤـی لەگـەڵ ئـاژەڵانی تردا دیاریکردووە،دواتر مرۆڤ لە منداڵییەوە چۆن دەتوانێت ببێتە خاوەنی پێڕەوێکی وا ئاڵۆز،قۆنـاغ بـە قۆنـاغ لەگـەڵ گەشـەکردنی تەمـەنی منداڵـدا شـیکراوەتەوە٠دیـارە زمـان وەك بەشـێك لـە کەسـێتیی و ناسنامەی مرۆڤ دەکرێت بەجۆرێك لە جۆرەکان بە تایبەتمەندییەکانی ترییەوە پەیوەست بێت،یان لانـی

[1]- وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٩،ل١٥٦ ٠

[2]- عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠١١،ل١٥ ٠

[3]- مەنوچێهر موحسنی،و٠ موسلّح ئیروانی،٢٠٠٥،ل٦٣ ٠

[4]- بەکر عومەر عەلی– شێرکۆ حەمە ئەمین قادر،٢٠٠٦،ل٣٩ ٠

کەم پەیوەندیی ناڕاستەوخۆیان هەبێت،بۆیە پەیوەندیی زمان بە بیر و زیرەکییەوە،وەك دوو بابەتی گرنگی ئەم بەشە دانراون،پاشان جیاوازیی و پەیوەندیی نێوان فێربوون و فێرکردن و هەماهەنگییان لەگەڵ زمانوەرگرتنی منداڵدا پێش لەدایکبوون و پاش لەدایکبوون،تا ئەو کاتەی منداڵ زمانی دایك وەردەگرێت،کە دەکاتە نزیکەی تەمەنی(٥ساڵ)ی، گرنگییان پێدراوە و لێیانکۆڵراوەتەوە،دواتریش بەراوردێك لە نێوان زاراوەکانی تایبەت بە زمانوەرگرتنی منداڵدا کراوە و زاراوەی(زمانوەرگرتن) بە زاراوەیەکی پەسەند بۆ ئەو تەمەنەی،کە منداڵ دەبێتە خاوەنی پێڕەوی زمانێکی سروشتی،یان زمانی دایك،دەست نیشانکراوە٠

# بەشی دووەم

## تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ

## ٢) تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ

وەرگرتنی زمان لای منداڵ بابەتێکی گرنگ و بەسودە،هەم بۆ گەیشتن بە چۆنێتیی پەیدابوون و ناسینی چییەتی زمان،هەم بۆ شارەزابوون لە لایەنی گەشەی هۆشیاریی و ژیریی منداڵ،دوای ئەوەی نەتوانرا پەی بە نهێنییە قووڵ و ئاڵۆزەکانی زمان لە ژیانی کەسێتی و کۆمەڵایەتی مرۆڤدا ببرێت، چونکە زمان وەکو ئامرازێك ئاوێتەی سەرلەبەری لایەنی هەستی و ئەندێشەیی ژیانی مرۆڤ بووە،بە واتایەکی تر جیهان و گەردوون بە هەموو چەمکە مادی و گیانییەکانییەوە چوونەتەوە ناو زمان و بوونە بە پەیڕەوێك لە ئامـاژە.بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بگوترێت،کە سەرەتای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی،لە زمانوەرگرتنی منداڵەوە دەستپێدەکات.

لەم ڕوانگەیەوە زانایانی زمان هەوڵیاندا لە ڕێگەی چۆنێتی زمان فێربوونەوە لای منداڵ بگەنە دۆزینەوەی یاسا و تایبەتمەندییەکانی زمان،بەڵام دیسان لێکۆڵەران لەسەر چۆنێتی زمانوەرگرتنەکەش ڕای جیاوازیان لا دروستبوو،ئەمەش پەیوەستە بە ئاڵۆزیی و تێکچڕژانی لایەنەکانی ژیانی منداڵ لە لایەك، هەمەجۆری ژینگە و دەوروبەر لە لایەکی ترەوە،لە ئەنجامیشدا ئەم بۆچوونانە گەشەیان سەندوو بۆ لێکدانەوەی پرۆسەکە بوون بە چەند تیۆرییەك،تەنانەت لە ناو تیۆرێك،یان قوتابخانەیەکیشدا جیاوازیی بیروڕا لە زانایەکەوە بۆ یەکێکی تر زۆر بە دیدەکرێت.پرۆسەی زمانوەرگرتنیش بەلای زمانەوانەکانەوە بابەتێکی گرنگی زانستی زمانە و لە توێژینەوە نوێ و زانستییەکانی زماندا بە هەند وەرگیراوە و وەردەگیرێت،بە تایبەت لە سەرەتای سەدەی بیست بە دواوە،بەتایبەتتریش پەنجاکانی ئەو سەدەیە کە ململانێی بۆچوونەکانی(چۆمسکی و سکینەر)و نوسەرانی تری بواری کارەکەی بە خۆوە بینی ئەمەش لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان،کە تا ئێستاش لە بواری زمانوەرگرتنی منداڵاندا جێگەی گرنگی پێدانێکی زۆرن،دیارە هەر تیۆرییەکیش ڕوانگە و بنەما و بەڵگە و ئەزموونی خۆی بۆ شیکردنەوەی دیاردەکە هەیە،بێگومان هەموو تیۆرەکان بەتەواوی پێچەوانەی یەکترنین،لە هەندێ شتی بەڵگەنەویست و سەلمێنراودا یەك دەگرنەوە،وەك هێڵە گشتییەکان،بەڵام لە کێشە ئاڵۆز و ورد و قووڵەکاندا جیادەبنەوە و هەریەکەیان سنورێك بۆ خۆیان دیاریدەکەن،بەگشتی بیروڕا ناکۆك و جیاوازەکان لەسەر وەرگرتنی زمان لای منداڵ لە چوار تیۆردا دەخرێنەڕوو[1]:

١/ تیۆری ڕەفتاریی(Behaviorism Theory).

٢/ تیۆری درککردن و زانیاری( Cognitive Theory).

٣/ تیۆری کارلێککردنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری( Social Interaction Theory).

٤/ تیۆری بایەلۆژی و زمانەوانی(Biological Theory).

---

[1] -بڕوانە:ا/اکتساب اللغه. من ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة،Language Acquisition_From Wikipedia, the free encyclopedia، ب/ Rosamond Mitchell-Florence Myles and Emma Marsden-2013-p50.

## ١/٢) تیۆری ڕەفتاریی(Behaviorism Theory)

لایەنگرانی ئەم تیۆرە، وەکو بە ناوەکەیاندا دیارە، زمانوەرگرتن لای منداڵ وەکو ڕەوشتێکی دەرەکی تەماشا دەکەن و لێیدەکۆڵنەوە،بە ئاکامی کارتێکردنی نێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوەکانی مرۆڤی دادەنێن،چونکە لای ئەمان زمان ڕەوشتێکی بینراوە،چەشنی ڕەوشتەکانی تری مرۆڤ، بێ ئەوەی گوێ بە پرۆسە ئاوەزییەکانی مێشکی مرۆڤ بدەن، سەبارەت بە وەرگرتنی زانیارییەکان، دواتریش ڕێکخستن و کۆدکردنیان،چونکە ئەم پرۆسانە ناچنە ژێر لێکۆڵینەوەوە،بۆیە دەبێت تەنها لە چوارچێوەی ڕەفتاردا شرۆڤە بکرێن٠ئەمەش بە پشت بەستن بەو ئەزموونانەی کە لەسەر هەندێك لە ئاژەڵان بە دەستهاتوون،بۆ نموونە(Thorndike)[1]،لە ئەنجامی چەند تاقیکردنەوەیەك لەسەر پشیلە و مەیمون،توانی تیۆرێك بۆ فێربوون بە ناوی(هەوڵدان و هەڵەکردن)دابهێنێت،واتە بەپێی ئەم بۆچوونە منداڵ لە ڕێگەی هەوڵدانەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی ڕاست،کە پەسەندی دەوروبەرەکەی بێت، دەبێت چەند جارێك هەڵە بکات،بۆ ئەوەی ڕەوشتێکی وەکو زمان فێرببێت،ئەمەش پلە پلە بە ئەنجام دەگات٠بۆ وێنە کاتێ منداڵ زمان نازانێت،هەوڵدەدات فێرببێت،خۆ یەکسەر فێرنابێت دەبێت هەڵەبکات،تا هەوڵدان زیاتر و زۆرتربێت هەڵەکردنیش کەم دەبێتەوە، بەم شێوەیە قۆناغ بە قۆناغ زمان وەك ڕەفتاری بینراوی خەڵکانی تر، بە تایبەتی نزیکەکانی فێردەبێت و بەکاریدەهێنێت٠دیارە هەردوو چەمکی(هەوڵدان)و(هەڵەکردن) ڕۆڵێکی گرنگیان لە ژیانی مرۆڤ و بوونەوەراندا هەیە،بەڵام بۆ فێربوونی دەیان ڕەفتاری جیاوازی مرۆڤ هەموو شتێك نین،بۆیە دەبێت لەگەڵ هەوڵدان و هەڵەکردندا زۆر هۆ و هۆکار و بارودۆخی خودی و بابەتی هەبن،بۆئەوەی پرۆسەیەکی گرانی،وەکو زمانوەرگرتن بە ئەنجام بگات،لەبەرئەمە زانایان لەسەر بابەتەکە لێکۆڵینەوەی تریان پێشکەشکردووە،هەریەك لەوان لە ڕوانگەی تایبەت بەخۆیەوە،دیاردەی ڕەفتاربوونی زمانی شیکردووەتەوە،پاشان هەموویان پێکەوە تیۆری ڕەفتاریی دروستدەکەن،کەواتە ئەم تیۆرە بریتییە لە هەوڵی کۆمەڵێك زانای دەروونی و بایەلۆژی و زمان بۆ پیشاندانی زمانوەرگرتن،وەك فێربوونی ڕەفتارگەلێکی چەشنی نانخواردن و وەرزشکردن،مەلەوانی،٠٠٠٠٠هتد٠

---

[1] -(Edward L. Thorndike)دەروونناسێکی بەناوبانگی ئەمەریکییە،لە ساڵی ١٨٤٧لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٤٩کۆچی دوایی کردووە،ئەم زانایە خاوەنی تیۆرێکە بەناوی(هەوڵدان و هەڵەکردن)لە بواری فێربووندا بەگشتی،تیۆرەکەی پشت دەبەستێت بە ئەزموونی هەوڵدان و هەڵەکردن بۆ فێربوونی ڕەفتارەکان لە ڕێگەی هەستەوەرەکان و کەرەستەکانی ژینگەوە،تاقیکردنەوەکەی بەم جۆرەبوو(پشیلەیەکی برسی خستە ناو قەفەسێکی گەورەوە،لە دەرەوەی قەفەسەکە خواردنێکی بۆ دانا،پشیلەکە نەیدەتوانی بچێتە دەرەوەی قەفەسەکە،بۆ ئەوەی بە خواردنەکە بگات،دەبوو دەرگای قەفەسەکە بکاتەوە کە بە شێوەیەك دروستکرابوو،کە گونجاوبێت بۆ ئەو مەبەستە،ئەویش بە ئاسانی بە لێدانی شوێنێکی لەشی لەو پارچە ئاسنەی دەرگاکەی پێداخرابوو،دەکرایەوە،کاتێك پشیلەکە دەکەوێتە هەوڵدانێکی بەردەوام بۆئەوەی بگاتە خواردنەکە،چونکە برسییەتی،پاش هاتوچوونێکی زۆر بەڕێکەوت شوێنێکی بەر دەرگاکە کەوت و کرایەوە٠زانای ناوبراو ئەم تاقیکردنەوەیەی چەند جارێك دووبارە کردەوە لە ئەنجامدا هەر جارێك لە جاری پێشووتر، زووتر دەرگاکەی دەکردەوە ،تاکو وای لێهات لە جاری کۆتاییدا بێ هەوڵدان یەکسەر دەرگاکەی کردەوە و گەیشت بە خواردنەکە،دیارە لێرەدا پشیلەکە سەرەتا هیچ شتێکی دەربارەی کردنەوەی دەرگای قەفەسەکە نەدەزانی،بەڵام بەڕێکەوت و لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی گرنگ، کە پێویستییەکی بنەڕەتیی ژیانیەتی(خواردن)،توانی کردنەوەی دەرگا فێربێت٠ بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:،یوسف عوسمان حەمەد،٢٠٠٥،ل٧٧ ٠

ئـەم تیۆرە لـە سەرەتادا لە لایەن (جۆن واتسۆن–١٨٧٨–١٩٥٨)ەوە داهێنرا،کە پێیوابوو لە ئەنجامی وروژێنەر و وەڵامدانەوەوە مرۆڤ فێـری ڕەوشـتی نـوێ دەبێت،ئـەم ڕەوشـتە نوێیانـەش بـۆ گەیـشتن بـە پاڵنەدەروونییەکان گرنگن،چونکە بـێ لێکدانـەوەی ڕەوشـتە دەرەکییـەکان،ناتوانرێت پـەی بـە پرۆسـە ناوەکییەکان ببرێت،لەبەرئەوەی بەرهەست ناکەون و لە لێکۆڵینەوەی زانستییدا جێگەیان نابێتەوە٠ئەم بیروڕایە لە لایەن (بلۆمفیلد)ەوە بۆ لێکدانەوەی زمان گوسترایەوە و هەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەش واتـای بە شتێکی لاوەکی لە زماندا لە قەڵەم دەدا،چونکە شتێکی هزریـی و ئەندێشەییە و نابێتـە بابـەتێك بـۆ شـیکردنەوە[1]، بـەم پێیـە زمـانوەرگرتن کردەیـەکی دەرەکیـی و ژینگەییە،نـەك خـودی و نـاوەکی،بۆ دیـاریکردنی سـەرەتای فێربـوون لای منـداڵ(Marques)دوو کۆمەڵـە منـداڵی تـازە لـەدایکبووی هێنا،یەکەمیانی بەپێی خشتەی هەرسـێ کاتـژمێر جارێـك شـیرپێدان و دووەمیـشیان بـۆ مـاوەی چـوار کاتـژمێر جارێـك لەسـەر شـیرپێدان ڕاهێنا،پاشـان سیـستەمەکەیانی گۆڕی،کۆمەڵـەی یەکـەمی خـستە جێگەی کۆمەڵەی دووەم و کۆمەڵەی دووەمیش بـۆ جێگـەی یەکەم،لەئەنجامـدا بـۆی دەرکەوت،هـەردوو کۆمەڵەکە لە کاتی شیرپێدانیاندا،چالاکییەکی جووڵەیی زیاتریـان دەبێت،ئـەم زانایـە دیاردەکـەی بـەوە لێکدایەوە،کـە منداڵـەکان بـە خێرایـی لەسـەر ئـەو خـشتە دیـاریکراوەی شـیرپێدان،فێری وەڵامدانـەوە بوون،لێرەدا خشتەکە،یان کاتەکانی شیرپێدانەکە لە جێگەی کارتێکـەر(وروژێنـەر)ی مـەرجی چـالاکییە جووڵەییـە پێش،یـان پاشـکەوتووەکانی پرۆسـەی شـیرداندایە[2]٠کەواتـە منـداڵان لەسـەر بنـەمای (وروژێنەر+وەڵامدانـەوە)فێـردەبن و گەشـەدەکەن،ئەگەر دەوروبـەری منـداڵ نزیك،تـا دوور کارتێکـەری کەسـایەتیی منـداڵ بن،ئـەوا وەڵامدانـەوەکانیش بـۆ بونیادنـانی کۆزانیارییـەکی گـشتگیر فرەچەشـن و هەمەڕەنگن،لەم نێوەندەشدا زمان،وەکو ڕەفتارێك لەلایەن گەورەکانەوە دەبێتە وروژێنەرێك بۆ منـداڵ، وەڵامدانەوەکەشی زمانوەرگرتنە لای منداڵ،ئەمـەش کردەیـەکی سـانا نییە،بـەڵکو بریتییـە لـە کۆمەڵـە گۆڕانێکی چۆنێتی و چەندێتیی هەمەلایەنە لە پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی منداڵدا٠کاریگـەریی نێـوان وروژێنەر و وەڵامدانەوە لە نێوان دەروونناساندا،بە یەك جۆر لێك نادرێتەوە،ئەمەش بە لەبەرچـاوگرتنی هەنـدێك ڕێوشـوێنی،وەك جـۆر و کاریگـەریی وروژێنەرەکـە،،جۆری وەڵامدانەوەکە،سـزا و پاداشـت، لاساییکردنەوە،پێویستیی و ئامانج،لەوانەیە تـەنها وروژێنـەرێك چـەندین وەڵامدانـەوەی هـەبێت،یان بـە پێچەوانەوە وەڵامێك بەرهەمی چەندین وروژێنەربێت٠ دواتر فێربوونی ڕەفتار ڕاهـاتنێکی کۆمەڵایەتییـە، یان بابەتێکی پەیوەست بە کردارەکانی مێشکە،کە دەبنەهۆی پێکـەوە گرێـدانی وروژێنـەری مـەرجی و بابەتی ویستراو٠(واتسۆن) پێیوایە،منداڵ لە ڕێگـەی ڕاهێنانـەوە چـۆنت بوێـت دەتـوانی وا پـەروەردەی بکەیت،بێ گوێدانە توانا و لێهاتووییەکانی٠

---

[1] –بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:ا/محممەد یونس عەلی،٢٠١٠،ل٢٦ ٠ ب/ یوسف عوسمان حەمەد،٢٠٠٥،ل١٣٩ ٠ ج/کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٨،ل٦٥ ٠

[2] –محەممەد عودە ئەلریماوی،٢٠١١،ل١٦٥،١٦٦ ٠

بەشێوەیەکی گشتی،دوو جۆر کارتێکردنی نێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوە خراوەتەڕوو:

### ١/٢-١)تیۆری کلاسیکی مەرجیی(پاڤلۆف)

ئەم تیۆرە(پاڤلۆف-١٨٤٣-١٩٣٤)خستیەڕوو،پێیوابوو پەیوەستبوونی هەریەکە لە وروژێنەری سروشتی و مەرجی،لە ئەنجامی پێکەوەهاتنیان،هەمان وەڵامدانەوە لای مرۆڤ دروستدەکەن،ئەمەشی لە تاقیکردنەوەیەك دەستکەوت،کە لەسەر سەگێکی برسی ئەنجامیدا،پێش ئەوەی خواردنی بۆ ببات، زەنگێکی لێدەدا،دواتر خواردنەکەی دەدایە،پاش دووبارەکردنەوەی ئەمە بۆ چەند جارێك،کاتێك دەنگی زەنگەکە دەهات،سەگەکە(لیکی دەڕژاند)،وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ تامکردن و خواردنی خۆراکەکە·لەمەوە بەو ئەنجامە گەیشت،کە دەتوانرێت لەڕێگەی پەیوەستکردن بە وروژێنەری سروشتییەوە زۆر ڕەوشت فێری مرۆڤ بکرێت،کە زمان یەکێکیانە،واتە کاتێك منداڵ دێتە دنیاوە،هیچ شتێك دەربارەی ئەو زمانە نازانێت،کە لە دەوربەریدا لە کاردایە،بەڵام پاش ماوەیەك لە ئەنجامی پێویستیی پەیوەندیکردن(برسییەتی سەگەکە)،دەتوانێت هێما و ئەو شتەی،کە دەینوێنێت،پێکەوە پەیوەست بکات،لە ئەنجامی پێکەوەهاتن و بەکار هێنانیان لە لایەن دەوروبەرییەوە·ئەم حاڵەتی پەیوەستبوونەش لە ئەنجامی دووبارەبوونەوە لە مێشکی منداڵدا، جێگەیەك پڕدەکاتەوە و دەبێتە نەریتێکی زمانیی هاوبەش·

بنەمای ئەم بیرە بۆ نوێنەرانی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی دەگەڕێتەوە،کە باوەڕیان وایە،هەموو زانیارییەکانی مرۆڤ بە زمانیشەوە لەڕێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە بەدەستدێن،دواتریش دەبنە بەشێك لە کەسایەتیی مرۆڤ ·بە واتایەکی تر منداڵ لاپەڕەیەکی سپییە و لەگەڵ دەستپێکردنی ژیاندا، وردە وردە ئەو لاپەڕەیە بە زانیاری و ئەزموونی جۆراوجۆری ژیان پڕدەبێتەوە،لە بەرامبەریشیاندا نوێنەرانی فەلسەفەی هۆشمەندیی یان ژیرێتیی هەن،کە باوەڕیان وایە زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ،لە کەسێتیدا هەڵگیراون و هۆش بە هۆکارێکی گرنگ دەزانن،بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر و بەکارهێنانی هەستەکان· (سکینەر)[1] ڕەخنەی لە(پاڤلۆف)گرت،لەوەی کە ڕەوشتە ئاڵۆزەکانی مرۆڤی بەسادەیی لێکداوەتەوە،چونکە بەڕای ناوبراو ئەو وروژێنەرانەی،کە وەڵامدانەوەیەکی دیاریکراویان هەیە، شیکردنەوەیەکی زۆر سادەن بۆ شرۆڤەکردنی پرۆسەی فێربوون،وەك دەنگی زەنگ و دەنگی پاڤلۆف خۆی،هەریەك وەڵامدانەوە(لیك ڕژاندن) دروستدەکەن، ئەمانەش وەڵامدانەوەی بایەلۆژین و لەڕێگەی بۆماوەوە بۆ مرۆڤ دەمێننەوە،نەك فێربوونی شتی نوێ·

---

[1] - زانای بەناوبانگی ئەمەریکی(Burrhus Frederic Skinner)لە ساڵی ١٩٠٤ لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە،خاوەنی تیۆرییەکە بەناوی (Operant Learning)لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی زۆر لەسەر ئاژەڵان بەدەستیهێناوە،هەروەها خاوەنی کتێبێکی بەناوبانگە لە بواری زمانناسی و دەروونناسیدا بەناونیشانی (ڕەفتاری زمانی– *Verbal Behavior*) لەم کتێبەدا زمانوەرگرتن، وەکو ڕەفتارێکی وەرگیراو لێکدەداتەوە،چونکە پێیوایە بۆماوە و هۆشمەندیی مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکیان لە فێربوونی زماندا لای منداڵ نییە·بڕوانە:Rosamond Mitchell-Florence Myles and Emma Marsden-2013-p51-52
هەروەها بڕوانە: جون لیونز،ت،حلمی خلیل،١٩٨٥،ص٣٦،٣٧ ·

### ٢-١/٢) تیۆری مەرجیی بەجێهێنان(Operant Learning)ی سکینەر

بریتییە لە دوو بەش[1]:

١/وەڵامدانەوەیی(Respondent): ئەو وەڵامانە دەگرێتەوە،کە بەرهەمی کارتێکردنی(کارکردی) وروژێنەرێکی تایبەت و دیاریکراون،وەکو تاقیکردنەوەکەی (پاڤلۆف)،ئەمەیان بەلای (سکینەر)ەوە گرنگ نییە،چونکە بەشداری قووڵ و فراوان لە پرۆسەی فێربووندا ناکەن،بەڵکو ئەوەی لە ژیانی مرۆڤدا گرنگ و بە بایەخە،بە بەرهەمی جۆری دووەمە٠

٢/بەجێهێنان(Operant):

ئەم جۆرەیان ئەو وەڵامانەن،کە لە ئەنجامی کاریگەریی وروژێنەرێکی دیاریکراوەوە ڕوونادەن،بەڵکو لە خۆوە ڕوو دەدەن٠لەوانەیە بەرهەمی کارتێکردنی زنجیرەیەك وروژێنەری تێکهەڵچووی پێشووترین لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ،بۆیە لە ناکاودا،لە شێوەی ڕەوشتێکی بینراودا دەردەکەون،وەکو دەرکەوتنی ئاخاوتن لای منداڵ،هەربۆیە ئەم جۆرە وەڵامدانەوەیە بەلای (سکینەر)ەوە،لە پرۆسەی فێربوونی ژیانی مرۆڤدا،گرنگییەکی زۆری هەیە ٠

لەم ڕوانگەیەوە بوو،کە(سکینەر)کەسایەتیی منداڵی لە کاتی لەدایکبووندا بە لاپەڕەیەکی سپی(tabula rasa)یان قاڵبێکی بەتاڵ(blank slate)[2] دادەنا،پێیوابوو لە کاتی تێکەڵبوون بە ژینگە و دەوروبەرەکەی،ئەو لاپەڕە سپییە،یان ئەو قاڵبە بۆشە هێواش هێواش بەپێی تێپەڕبوونی کات و تەمەن پڕدەبن لە زانیاری و ڕەوشتی وەرگیراو،ئەمەش لە ئەنجامی چەند پرۆسەیەکی،وەکو هەڵەکردن و دووبارە کردنەوە و هاندان و پاڵپشتکردن و سزا و پاداشت و لاساییکردنەوەی دەوروبەرەکەیانەوە،دەبنە بەشێك لە کەسێتیی منداڵ و لەگەڵیدا گەشەدەکەن٠ زمانەوانی ئەمریکیی بەناوبانگ(چۆمسکی)،لە وتارێکدا بە توندی بەرپەرچی بیروبۆچوونەکەی (سکینەر)ی دایەوە و بە ئەفسانەیەکی گەورە ناوی برد و ڕەتی کردەوە،کە منداڵ زمان لە ڕێگەی تیۆری مەرجی بەجێهێنان(operant conditioning)وە فێرببێت،ئەم زانایە پێیوابوو(سکینەر) ڕۆڵی سەرەکی زانیاریی سینتاکسی،وەکو توانایەکی زمانیی لە پرۆسەی زمانوەرگرتندا فەرامۆشکردووە،چونکە زمان ڕەهەندێکی قووڵتری هەیە و هەروا بە ئاسانی لە ئەنجامی چەند پرۆسەیەکی دەرەکییەوە وەرناگیرێت، ئەگەر وابوایە دەبوو هەموو منداڵانی جیهان بە شێوازی جیاجیا فێری زمان ببوونایە،لە کاتێکدا ئەمە پێچەوانەیە و هەموویان بە کۆمەڵێك قۆناغی هاوبەشی زمانوەرگرتندا تێدەپەڕن[3]٠

لەگەڵ ئەو ڕەخنانەشدا،کە سەبارەت بە لاساییکردنەوە لە ڕەوشتییەکان گیراوە،لە ڕاستیدا ئەم

---

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:ا/ کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٨،ل٧٦ ٠ ب/ناهیدە ڕەحمان خەلیل،٢٠١٣،ل٣٣ ٠ ج/ یوسف عوسمان حەمەد،٢٠٠٥،ل٨٤ ٠ د/B.F.Skinner. From Wikipedia, the free encyclopedia.، ه/ . Danny D. Steinberg-1991-p85-100

2- .MATTHEW J.TRAXLER.2012.P325.

[3] - نایف خرما،و،شهاب شێخ طیب، ٢٠١٣،ل٢١٤ ٠

دیاردەیە لە ژیانی منداڵدا بۆ فێربوونی زۆر شت،ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت،چونکە منداڵ لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە،وشەکانی زمانی دایك،یان زمانی نەتەوەکەی فێردەبێت٠ئەمەش ڕاستییەکی ئاشکرایە،کە منداڵ لە هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەکدا بێتەژیانەوە،زمانی ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیە فێردەبێت،لە ڕێگەی چاولێکەریی گەورەکانەوە،ئەگەر بە وردی سەرنجی منداڵان بدرێت،دەبینرێت حەز و خولیایەکی زۆریان بۆ لاساییکردنەوەی کەسانی لە خۆیان گەورەتر تێدایە،بەشێوەیەك دەتوانرێت بگوترێت،دیاردەی لاساییکردنەوە،ئارەزوویەکی سروشتییە و لە لەدایکبوونەوە لەگەڵ منداڵدایە،بەڵام کاتی دەرکەوتنی،لای شارەزایانی ژیانی منداڵ بۆچوونی جیاوازی لەسەرە٠(پرایەر)چارەکی کۆتایی ساڵی یەکەمی بۆ دەرکەوتنی لاساییکردنەوە لای منداڵ داناوە،واتە لە سەرەتای نۆ مانگییەوە دەستپێدەکات٠(مەکارس)یش پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات،بەڵام(لۆریمەر)کۆتاییەکانی ساڵی یەکەم بۆ سەرهەڵدانی لاساییکردنەوە دیاریدەکات،هەرچی(لویس)و(پۆنتی)یشن،لاساییکردنەوە دەگەڕێننەوە بۆ قۆناغی گڕوگاڵ و مانگەکانی سەرەتای ژیانی منداڵێتی[1]٠دیارە هەریەکە لەم زانایانە بەڵگە و ئەزموونی خۆیان لەسەر دیاردەکە هەیە٠پێویستە ئەو ڕاستییە بزانرێت،لاساییکردنەوە سەرەتا لە هەڵسوکەوت و کردارەکانی منداڵاندا ڕوودەدات،نەك ئاخاوتن و زمان،لەبەرئەوەی لای ساوا گەشەی جوڵەی کرداری لە پێش گەشەی زمانەوەیە٠بۆ نموونە بە سەرنجدان دەرکەوتووە،لە تەمەنی نۆ مانگاندا منداڵ لاسایی چەپڵەلێدان دەکاتەوە،ئەگەر هەمان کار لە پێش چاوی ئەنجامبدرێت٠،دیارە ئەمە بە هۆی ئەوەوە نەبووە،تێگەیشتبێت لەو زمانەی،کە داوای لێدەکرێت بۆ کردنی ئەو کارە،بەڵکو بە هۆی سەرنجی لە ئەنجامدانی خودی کارەکە و پاڵپشتکردن بۆ کردنی بووە٠ئەگەر لاساییکردنەوە لە دووبارەکردنەوەی کارەکاندا گرنگ بێت،ئەوا بێگومان لە زماندا گرنگترە،چونکە زمان پانتاییەکی گەورە لە ژیانی منداڵ داگیردەکات و هەندێك کار،کە بە کردەوە ناتوانێت بیکات،بە هۆی زمانەوە دەتوانێت فشار بخاتە سەر کەسانی چواردەوری بۆ کردنی،وەکو ئەوەی زۆر جار منداڵ بەهۆی گریان و دەربڕینی ئەو فۆرمانەی،کە خۆی دایڕشتوون، بۆ داواکردنی زۆر شت بیانوو دەگرێت٠ لاساییکردنەوە بۆ فێربوونی وشەکانی زمان بەرامبەر ئەو شتانەی،کە هێمان بۆیان هۆیەکی گرنگە((لەم ڕووەوە(Piaget) لەو تاقیکردنەوانەی،کە لەسەر سێ منداڵەکەی خۆی کردوونی،ئەم ڕاستییانەی بۆ ئاشکرابووە،کەوا منداڵ ساڵی یەکەم توانای لاساییکردنەوەی هەیە و گەورەش لە وشەکانیان تێ ئەگا))[2]٠ کات و کاری لاساییکردنەوە لە منداڵێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، تێبینیکراوە لەم تەمەنەدا هەندێك منداڵ بە ئەستەم لاسایی گەورەکانی بۆ دەکرێتەوە لە وتنەوە و دەربڕینی وشەکانی زمانەکەیدا٠ بۆ سەرخستنی کردەی لاساییکردنەوە لە فێربووندا بەگشتی و لە زمانوەرگرتندا بە

---

1 -ئارام رەشید،٢٠٠٩،ل١٢١،١٢٢،١٢٣ ٠

2 - عبدالستار تاهیر شەریف ،١٩٨٦،ل١٠١ ٠

تـــایبەتی ،بــــەلای ڕەوشـــتییەکانەوە بەتایبـــەت(ســـکینەر)، پێویـــستە ســـزا و پاداشـــت و هانـــدان و پاڵپشتکردن هەبن،واتە ئەگەر منداڵ لە لاسـاییکردنەوەی فۆرمـە دروسـتەکانی زمـانی دایکـی(شـیری)دا سـەرکەوتوو نەبوو،ئـەوا پێویـستە سـزا بـدرێت،دیارە مەبەسـت لـە سـزای منـداڵ مـاچ نـەکردن و بەدەمەوەپێنەکەنین و نەگرتنەباوەش و چەپڵە بۆ لێنەدان و چەند کردەوەیەکی لـەم شـێوەیەیە،منداڵ لـەم بـارەدا هەسـتدەکات کـە لـە لاسـاییکردنەوەکەیدا سـەرکەوتوو نەبووە،بـەڵام بـە بـڕوای(سـکینەر) پاداشـت و هانـدان و پاڵپـشتکردن کاریگـەریی زیـاتر و زۆرتـرە لـە سـزادان، بۆیـە گرنگیـی بـە جـۆری دووەمیان لە پرۆسەی زمانوەرگرتندا دەدات،واتە کاتێك منداڵ لاسایی دایکوباوك و خوشك و براکـانی و کەسە نزیکەکانی دەکاتەوە بە شێوەیەکی تەواو و ڕێکوپێك،لە فێربـوون و وتنـەوەی وشـەکانی زمـان و تێگەیشتنی واتاکانیاندا،لە بەرامبەر سەرکەوتنەکانی لەم کارەدا،ئـەو کردەوانـەی سـەرەوە بـە ئـەرێنی بەرەو ڕووی دەنوێنرێت،ئیتر ئەویش ئەو وشە و هێما زمانییانە لـە بـیر و هزریـدا دەنەخـشێنرێن،پاشان وردە وردە کەرەسـتە و سـەرمایەیەکی زمانـەوانیی گـەورەی لا دروسـدەبێت و ڕۆژانـە،وەکو تـاکێکی نەتەوەکەی بەکاریدێنێت و دوای تەمەنێکی دیاریکراو(٤ بۆ ٥)سـاڵی،دەبێتە خـاوەنی زمـانێکی پـاراو و بەکارهێنراو.

ئاشکرایە پرۆسەی لاساییکردنەوەش ڕاستەوخۆ بە ئەنجام ناگات،بەڵکو بە تاقیکردنەوەی(هەڵەکردن و ڕاستکردنەوە)دا دەڕوات.لەوانەیە منداڵێك چەندین جـار هەڵـەبکات،تا فێـری وشـەیەك،یان دەربڕینێکـی زمانیی دەبێت(بۆ نموونە من خۆم (کاڵەك)م پیشان منداڵی تەمەن دووساڵ و چوارمانگ داوە بۆئەوەی ناوەکەیم پێ بڵێت،نەیزانیوە و وتوویەتی ئەوە پرتەقاڵە)،یان زۆر جار منداڵ لە قەوارە فۆنەتیکییەکەی وشەدا هەڵەدەکات،بۆ نموونە لەجیاتی بڵێت(قەڵـەم)دەڵێت(قەمـەل).لەمـەوە دەردەکـەوێت منـداڵ بـۆ گەیشتن بە فێربوونی وشەکانی(زمانی دایك) لە ڕووی دەنـگ و واتـاوە(پەیوەنـدیی لـەبری دانـانی وشـە لەگـەڵ شـتەکانی دەوروبـەردا)،زۆرجـار هەڵـەدەکات،تا شـێوە ڕاسـتەکەی دەدۆزێتـەوە.بـەم پێیـە ڕەفتارییەکان جیاوازی لە نێوان زمانوەرگرتن و زمان فێربووندا ناکەن و بەیەك پرۆسەی دادەنێن.




هێلکاریی ژ(١)[1].

---

[1] -بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕەوشتییەکان بڕوانە/ Rosamond Mitchell¸Florence Myles and Emma Marsden-2013.P:28، ب/ Danny D. Steinberg-1991-p86 .

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە،چۆن منداڵ لەو وشانە ڕستەگەلێك دروستدەكات،كە پێشتر نەبیستراون٠

## ٢/٢) تیۆری درككردن( Cognitive Theory)

ئەم تیۆرە لە داهێنانی دەروونناسی گەورەی سویسری(Jean Piaget،١٨٩٦–١٩٨٠)ە،بۆ داڕشتنی تیۆرەكەی بە بیروباوەڕەكانی فەیلەسوفی ئەڵمانی(Immanuel Kant) كاریگەربوو٠بە پێچەوانەی ڕەفتارییەكانەوە،كە بە بیروباوەڕەكانی(John Locke)و(David Hume) كارتێكراو بوون و هەموو زانیاری و گەشەكردنی ژیریی مرۆڤیان بۆ كاركردی هەستەكانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر دەگەڕاندەوە٠(Piaget) بەم شێوەیە بیرناكاتەوە،هەرچەندە نكوڵی لە كاریگەریی هەستەوەرەكانی مرۆڤ لە بنیاتنانی كۆزانینی منداڵدا ناكات،بەلاَم ڕۆڵی سەرەكی و گرنگتر بۆ سیستەمی هۆش و پەیپێبردنی مرۆڤەكان دەباتەوە٠واتە كاتێك ورووژێنەر و كارتێكەرەكانی جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی هەستەكانەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤ ،یان منداڵ دەگوێزرێنەوە، ئەوا هۆش و بیری منداڵ،كە(ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەكردندایە)،بەرپرسە لە ڕێكخستن و ئامادەكردن و گونجاندنیان بە شێوەیەكی تایبەت و جارێكی تر دەركردنەوەیان بۆ دەرەوەی خودی مرۆڤ٠بەم پێیە زانیاری و ژیریی منداڵ لەسەر بنەمای كارلێككردنی هەستەكان و جیهانی دەرەوە و كردە ناوەكییەكانی ئاوەزی مرۆڤ،گەشەدەكات و فراوان دەبێت٠لەم ڕوانگەیەوە(Piaget)پرۆسەی گەشەكردنی كۆزانیاریی لای منداڵ،بۆ چوار قۆناغ دابەشكرد،كە بۆ تیۆرەكەی بوونە بنەما[1]:

١/ قۆناغی هەستیی–جووڵەیی(Sensorimotor stage): ئەم قۆناغە دوو ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵ دەگرێتەوە،لەم كاتەدا منداڵ بە هەستەكان و هەندێك جووڵەی تایبەت،لەگەڵ دەوروبەرەكەیدا خۆی دەسازێنێت٠بۆ وێنە لەكاتی لەدایكبوونەوە ساوا دەتوانێت ئەندامەكانی لەشی بجوڵێنێت و چێژ لە جولاَندنیان وەربگرێت،وردە وردە ئەم جووڵە خۆنەویستانە بۆ جووڵەی خۆویست دەگۆڕێن،وەكو گرتنی بوتڵە شیرەكەی خۆی و خواردنەوەی و چەپڵەلێدان و شت دان بەزەویدا و خۆشی وەرگرتن لە دەنگەكەی٠منداڵ لە نیوەی ساڵی یەكەمی بەدواوە، دەتوانێت لاسایی كەسانی گەورە بكاتەوە لە هەڵگرتنی مۆبایل و بردنی بۆلای گوێی٠ئەمانە و زۆر هەڵسوكەوتی تری منداڵانە،بەرهەمی ئەم كاتەی تەمەنن٠بۆ زیاتر وردبوونەوە زانای ناوبراو،ئەم قۆناغەی بۆ(٦)قۆناغی بچووكتر پۆلكردووە،كە ئەمانەن:

١/ قۆناغی كاردانەوە سادەكان(Simple reflexes): لە كاتی لەدایكبوونەوە بۆ كۆتایی مانگی یەكەم بەردەوام دەبێت،ساوا لە م تەمەنەدا خاوەنی كۆمەڵێك كاردانەوەی سانا و ساكاری سروشتییە، وەكو(توانای مژین،تەماشاكردن،جموجووڵی لە خۆوە،گریان،هتد٠٠٠٠)،بۆ وەلاَمدانەوەی پێویستییەكانی دەوروبەری و مانەوەی لە ژیاندا٠

---

[1] -بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:ا/.http://en.wikipedia.org/wiki/Jean Piaget ب/ ژان پیاژە–باربل اینهلدر، ١٣٩١،ص١٩ ، ج/ كەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٩،ل٩٥، د/ حابس ئەلعەوالمە– ئەمین مەزاهرە،؟،ل٤٦ ٠

منداڵ لەم تەمەنەدا،توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا هەیە،بەڵام لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، لەبەرئەوەیە ناتوانرێت ئاست و گەشەی زیرەکیی منداڵ دیاریبکرێت،کە بەلای(پیاجێتەوە) مەبەستە٠لە ئەنجامدا هەنگاو بە هەنگاو تواناکانی منداڵ،لەگەڵ گەشەی جەستەیی و هەڵسوکەوتیدا پێکەوە پێکهاتەی هۆش و ژیریی لای ساوا دروستدەکەن و لێرەشەوە درکپێکردن دێتەئاراوە٠لەم نێوەندەشدا،لەوانەیە منداڵێك لە یەکێکی تر زیرەکتربێت،یان لەگەڵ دەوربەردا خۆگونجێنەرتربێت٠

کەواتە گەشەکردنی ژیریی،هاوشانی گەشەی جەستەیی و بایەلۆژی دەڕوات،زمانوەرگرتنیش بەشێك لەم پرۆسەیە دەبێت٠ئەمەش مانای ئەوە نییە،زمانوەرگرتن توانستێکی بۆماوەییە،یان بەرهەمی لاساییکردنەوەیەکی سادەیە،بەڵکو مەبەست لە توانا لەم تیۆرەدا توانایەکی مرۆڤییە بۆ سازان و هەڵکردن،لەگەڵ سروشت و ژینگەدا و دەستکاریکردن و گۆڕینیان٠بەم پێیە فێربوونی زمان لای (پیاجێت)،کردەیەکی داهێنەرانە و مرۆڤکردە٠لاساییکردنەوەش لە کردەی وەرگرتنی زماندا لای منداڵ بایەخی خۆی هەیە،چونکە زانای ناوبراو بڕوای وابوو،هاوسەنگییەك لە نێوان گەشەسەندنی لاساییکردنەوە و زیرەکیدا هەیە،یان بە واتایەکی تر،لاساییکردنەوە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی زیرەکی[1]٠ منداڵ ڕۆژ بە ڕۆژ،لەگەڵ شتی نوێ و دیاردە و ڕوداوی تازەدا بەرەو ڕوو دەبێتەوە و کارلێکیان لەگەڵدا دەکات و دەبنەهۆی فراوانبوونی ئاسۆی بیر و هۆشی،دووبارە لە پرۆسەی فێربوونی زماندا،دەبنەوە هێمای زمانی و پلە بە پلە لای منداڵ پەرەدەسێنن٠لە قۆناغی کاردانەوە سادەکاندا،گریان و هاوارکردن لای منداڵ،خاڵی دەستپێکردنی فێربوونی زمانە،وەکو چۆن ئاستی دەنگ سەرەتای پێکهاتەی زمانە و دەنگەکان (فۆنیمەکان)یش یەکەی بچووکی ئاخاوتن و زمانن٠

٢/ قۆناغی کاردانەوە بەراییە بازنەییەکان(primary circular reactions): لە کۆتایی مانگی یەکەمەوە دەستپێدەکات،تاکو مانگی چوارەم٠لەم قۆناغەدا منداڵ دەچێتە پلەیەکی سەرووتر لە پلەی پێشوو،بەو پێیەی هەندێ گۆڕانکاریی نوێ و خۆویست دەردەکەون٠بۆ نموونە منداڵ لە ئەنجامی گریان و هاوارکردن و تەماشاکردن و دەست ڕاوەشاندن و زۆر جموجووڵی تریش و دووبارەکردنەوەیان،پاشانیش بەردەوامبوون لەسەریان،فێری دەرکردنی دەنگی نوێ دەبێت،یان بابڵێین ئەندامەکانی ئاخاوتنی،لەسەر دروستکردنی جۆرەها دەنگ ڕادێن ،هەروەها منداڵ لەم تەمەنەدا دەتوانێت دایکی بناسێتەوە(بەشێوە) و فێری گرتنی شتیش ببێت٠کردارەکانی ئەم قۆناغە،یارمەتی منداڵ دەدەن و زەمینەسازی بۆ دەکەن،کە خشتەکانی بیر و هزری،زانیاریی جۆراوجۆر لە خۆبگرن،چونکە بەلای(پیاجێتەوە) شت و ڕووداو و دیاردەکانی دەوروپشت،دوای ئەوەی منداڵ

---

[1] - ئارام ڕەشید، ٢٠٠٩،ل١٢٠٠

وەریاندەگرێت،لە هۆش و یادەوەریدا بەپێی کۆمەڵێك خشتە،یان هێڵکاری ڕیزدەکرێن و ڕێکدەخرێن و لە داهاتوودا دەبنە سەرچاوەی زانیاریی زمانی بۆ فێربوون و وەرگرتنی زمانی دایك٠

٣/ قۆناغی جموجووڵە ناوەندییە بازنەییەکان( secondary circular reactions)[1]:

ئەم ماوەیە لە تەمەنی منداڵ،لە مانگی چوارەمەوە دەستپێدەکات و لە مانگی هەشتەم کۆتایی دێت٠ئەگەر لە قۆناغی پێشوودا،هەڵسوکەوتەکانی منداڵ سادە و ساکار و خۆکردی بێ ئامانج بووبن،ئەوا لەم قۆناغەدا چڕتر و مەبەستداردەبن،واتە ئەگەر گریان لە هەنگاوی پێشوودا لای منداڵ کاردانەوەی برسێتی و ئازار و٠٠٠٠هتد بێت،لەم کاتەدا زمانێکی بێ وشەیە،بۆ داواکردن و دەستکەوتنی ئەو شتانەی،کە دەیانبینێت،یان دەستیان لێدەدات،ئەگەر پێشتر بە سادەیی و لەخۆوە شتەکانی بەردەستی گرتبن،دیارە لەم قۆناغەدا مەبەستی تاقیکردنەوە و چێژلێبینینیانە،وەك گرتنی یارییەکانی و جوڵاندنیان و دەستکاریکردنیان،تا لێیان تێردەبێت،دواتر چەندبارەکردنەوەی ئەم کارانە،ڕێگە بۆ منداڵ خۆشدەکەن،کە جیهانی دەرەوەی خۆی تاقیبکاتەوە و هەوڵبدات تێیان بگات و بیانناسێت٠لە ئەنجامی ئەمەشدا پرۆسەی گەشەکردنی هۆش و ژیریی ڕوودەدات،زمانیش لە ئەنجامی ڕاهێنانی ئەندامەکانی ئاخاوتن و دەرکردنی دەنگ و لاساییکردنەوە و تێبینیکردنی ئەو وتانەی،کە ئەم ناتوانێت بیانڵێت،کەچی خەڵکانی دەوروبەری دەیڵێن و لەگەڵ یەکتردا بەکاریدەهێنن،منداڵ بە سەرنجدان و گوێگرتن لەوە تێدەگات،کە دەنگ و ئاخاوتنەکانی خەڵکانی دەوروپشتی بە شتەکانی دەوروبەرییەوە پەیوەندیدارن،بۆ نموونە هەموو زنجیرە دەنگێك (ئاو)نییە،وەکو چۆن هەموو زنجیرە دەنگێك (نان)نییە،بۆیە ئەمیش پێویستییەکی زۆر وای لێدەکات پەیبیانپێبەبات و فێریانببێت٠ ڕەنگە فێربوونی وشەی( دایك،دایە) زووتر لای منداڵ،بەڵگەی ئەم بۆچوونەبێت٠

ئەو توانا خۆڕسکەی لای منداڵ بۆ فێربوونی زمان هەیە،بەڕای(Piaget)،ئەگەر ژینگەی لەبارنەبێت بۆ گەشەکردنی،ئەوا پرۆسەی فێربوونی زمان دوادەکەوێت،بە وێنە ئەو منداڵانەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و زمانییان دەوڵەمەند و گەشەکردووە،زووتر و پاراوتر زمان فێردەبن،تائەو منداڵانەی،کە لە ژینگەیەکی دواکەوتوودا دەژین٠

٤/ قۆناغی هاریکاریی نێوان کاردانەوە ناوەندییە بازنەییە دووبارەبووەکان( Coordination of secondary circular reactions):لە مانگی هەشتەمەوە دەستپێدەکات بۆ مانگی دوازدەیەم، لە ماوەی ئەم قۆناغەدا،لە هاوکاریی و پەیوەندیی نێوان کار و کاردانەوەکانی قۆناغەکانی ڕابردوو تێدەگات،واتە لەم کاتەدا سەرەتایەکی سادە لە پەیوەستەگی نێوان هۆ و ئامانج درك دەکات و بەکاریان دەهێنێت٠بۆ نموونە منداڵ دەزانێت و تێدەگات،هەریەکە لە کەسەکانی دەوربەری

---

[1] - ا/ ژان پیاژە–باربل اینهلدر، ١٣٩١،ص٣٥ ، ب/ کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٩،ل١٠٤ ٠

ناوێکی تایبەت و دیاریکراویان هەیە،پەی بەوەش دەبات ئەو ناوانەش بۆ بانگکردن و ناسین و پەیوەندیکردنە،بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو دەنگانەی،کە لەم کاتەدا دەریاندەبڕێت، کۆمەڵە فۆرمێکی دروستکراوی منداڵانەن،لە جیاتی وشەکانی زمانەکەی،کە ئەم ناتوانێت دەریانببڕێت،بۆ بانگ کردن و سەرنج ڕاکێشانی کەسەکانی نزیکی بەکاریاندەهێنێت ٠

٥/ سێیەمین کردە دووبارەبووەکان(Tertiary circular reactions):

ئەم قۆناغە لە دوانزە مانگییەوە دەستپێدەکات،تا هەژدە مانگی٠لەم کاتەدا توانای منداڵ بۆ تێگەیشتن لە ژینگە و شت و دیاردەکانی دەوروبەری زیاتردەبێت،لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و جوڵەی زۆرترەوە٠واتە پەنا بۆ هەمەجۆری کردەوەکان دەبات،لە گەڕان و پشکنیندا،بە دوای ئەو شتانەی کە خۆی دەیەوێت تاقیان بکاتەوە،بە هۆکاری ئەوەی ئەم قۆناغە سەرەتای دیاردەکانی(پێگرتن)و(زمان فێربوون)ە٠لەوانەیە لە داواکردن و گەڕان بە دوای شتێکی ویستراو،یان ونبوودا،هەم جوڵەی ئەندامەکانی لەش و هەم دەنگ و زمانیش بەکاربهێنێت،هەر بۆیە لێرە بە دواوە مەبەستەکانی منداڵ ڕوونتر و ئاشکراتر دەبن،زمانیش وەکو هۆکارێك،گرنگیی خۆی دەردەکەوێت٠هەرچەندە منداڵ ناتوانێت قسەبکات،بەڵام خشتەکانی(خشتەی زانیاریی ئاوەزی) مێشکی،زانیاری و ڕووداو و شتی نوێیان تێدەچێت،کە لە وەرگرتنی زمان لە قۆناغەکانی دواتردا،یارمەتیدەر دەبن٠

٦/ قۆناغی بیرکردنەوە و داهێنان(Internalization schemata): لە هەژدە مانگییەوە،تا دوو ساڵی دەخایەنێت٠منداڵ لەم کاتەوە هەندێك دیاردەی گەشەکردنی ژیریی لەلا دەردەکەوێت،وەك (بیرکردنەوە،هەڵسەنگاندن،بەراوردکردن)بەڵام بە شێوەیەکی سەرەتایی و ساکار،کە بە هۆیانەوە، دەتوانێت کردەوەی هوشیارانە ئەنجام بدات و لە نهێنییەکانی هەندێك شتی ژیانی تێبگات٠بۆ نموونە ئەگەر تینووی بێت و دوو پەرداخی بۆ دابنرێت،یەکێکیان ئاوی تێدابێت و ئەوی تریان خاڵی بێت،پێیبگوترێت ئاو بخۆرەوە،منداڵ پاش وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن،پەرداخەکە هەڵدەگرێت کە ئاوی تێدایە،لێرەوە وێنەی هۆشەکی شتەکان لە بیریدا دروستدەبن و ڕیزدەبن،لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەرکێشەیەکی دەرەکیدا،دەگەڕێتەوە بۆیان و بەکاریاندێنێت،چونکە وێنە هۆشەکییەکان کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە هەیە٠

٢/قۆناغی پێش کردە ژیرییەکان(Pre-operational stage):ئەم قۆناغە لە تەمەنی دوو ساڵییەوە دەستپێدەکات،تا حەوت ساڵی٠کاتێکی زۆر گرنگە لە ژیانی منداڵدا،چونکە تێیدا قسەکردن فێر دەبێت،یان بە واتایەکی تر بەرایی ئاخاوتن لێرەوە دەردەکەوێت٠(پیاجێت)ئەم قۆناغەش بۆ دوو قۆناغی بچووکتر دابەشدەکات،بەپێی هەندی دەرکەوتە و تایبەتمەندیی،کە ئەمانەن:

١/ قۆناغی ئەرکی هێمایی(Symbolic function substage):لەساڵی دووەمی تەمەنی منداڵەوە

دەستپێدەکات و لە تەمەنی چوارساڵیدا کۆتـایی دێت٠لـەم کاتـەدا منـداڵ دەزانێـت لـە جیـاتی هـەموو شـتەکان هێمـا و وشـە بەکاردێت،بۆیـە لـە کـاتی ئامادەنـەبوونی شتەکانیـشدا لەدەوروبەریـدا،دەتوانێت بـەهۆی هێماکانیانەوە،بیناسـێتەوە و مامەڵـەیان لەگەڵـدا بکـات٠هەنـدێك جـار ئـەم هێمایانـە خـۆی دروستیان دەکات،مەرج نییە بە پێوەری فێربوون و لاساییکردنەوەی زمانی کۆمەڵگەکەی ڕاست بن٠

فێربوونی زمان لەم تەمەنەدا لەلایەن منداڵەوە کتوپڕ نییە،بـەڵکو بەرهـەمی گەشـەکردووی قۆناغـەکانی پێشووترە،لە سەرنجدان و بیستن و تێگەیشتن و لاساییکردنەوە،چونکە زمـان بریتییـە لـە وشـەکان و بـەکارهێنانیان و خـستنەتەکیەکیان بـەپێی یاسـاکانی زمـان،بۆ گەیانـدنی مەبەسـت و بـیر و کـردەی پەیوەنـدیی و لەیەکگەیـشتن٠(پیاجێـت) پێیوایـە،فێربوونی وشـەکانی زمـان و ڕسـتە و ڕێزمانیش،لـە ئـەنجامی تێکـەڵبوون و گەشـەکردنی توانـای ژیریـی منداڵ،لەگـەڵ ژینگەکەیـدا دەسـتەبەردەبێت،نەك توانستی سروشتی،بۆ وەرگرتنی زمان و دەرکردنی ڕستەی بێکۆتایی،بەپێی ئەو توانستە٠

٢/ قۆناغی بیرکرنەوەی ڕووداو(Intuitive thought substage):ئەم قۆناغەش لە چوارسـاڵییەوە دەستپێدەکات،تا تەمەنی حەوت ساڵی٠لەم ماوەیەدا منـداڵ بـە تـەواوی زمـان فێردەبێـت، هەرچـەندە لەسەرەتای قۆناغەکەوە(٤ساڵی)،زمانێکی سادە و تا ڕادەیەك نەگەیشتووی هەیە، بەڵام دەتوانێـت بـیر و لێکدانەوە سادەکانی خۆی پێدەربڕێت،ئەوەی جێگـەی سـەرنجە،منداڵ لـەم قۆناغـەدا دەیـەوێت لـە ڕێگەی پرسـیارێکی زۆرەوە،کـە ئاراسـتەی کەسـانی نزیکـی خـۆی دەکات،بگاتـە دۆزینـەوەی هۆکـاری هەموو شت و بوون و ڕووداوەکانی دەوروپشتی،ئەمەش یەکێکە لە ڕاهێنانە گرنگەکانی فێربوونی زمان، کە لەگەڵ گەشەی بیر و ژیریی منداڵدا گەشـەدەکات٠ئەگـەر پرسـیار لـە خـودی منـداڵیش بکرێـت لـەم قۆناغــەدا،دەربارەی دیــاردە و شــتەکانی جیهــانی دەرەوەی،زۆر جــار هــەم زمانەکــەی و هــەم لێکدانەوەکانیشی کاڵ و کرچ دەبن((زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا لە جۆری(مۆنۆلۆژ)ە،واتە یـەك لایەنەیـە و منداڵ ئاراستەی خودی خـۆی دەکاتـەوە و بـۆ مەبەسـتی کـارلێککردنی کۆمەڵایـەتی و ڕاگۆڕینـەوە و دیالۆگ بەکارناهێنێت،بۆ نموونە کاتێك چەند منداڵێکی(٤–٥)ساڵان بەیەکەوە قسەدەکەن،هەریەکەیان بۆ خۆی قسەدەکات و کەس گوێ لە قسەی بەرامبەرەکەی ناگرێت و جـاری واش هەیە،هـەر هـەموویان پێکەوە قسەدەکەن))[1]٠ڕاستە منداڵ لەم تەمەنەدا زۆرجار بۆ خـۆی و لەبەرخۆیـەوە قـسەدەکات،بەڵام کاتێـك زمانوەردەگرێـت و فێردەبێـت،وەکو ئـامێرێکی تـازە دەسـتکەوتوو،دەیەوێت تاقیبکاتەوە،لـە هەرکوێدا کێشە و هەڵـەی هەبوو،چارەسـەری بکـات و ڕاسـتی بکاتەوە،ئەمـەش لـە فێربـوونی زمانـدا، داهێنان و نوێکارییە و بە هۆیـەوە پەیوەندییـەکانی خۆی،لەگـەڵ کەسـانی تـردا دەبەسـتێت،نەك زمـان

[1] - کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٩،ل١٠٣٠

تـەنیا تایبـەت بێـت بـە خـۆی و بەس،بـەڵکو تـۆڕێکی کۆمەڵایـەتیی هاوبەشـە و منـداڵیش لـە هـەموو قۆناغەکانی فێربوونی زماندا بەشداری تێدادەکات.

خاڵی سێیەم و چوارەمی تیۆرەکەی،پەیوەندی بـەم لێکۆڵینەوەیەوە نییە،بۆیە تەنها دەیانخەینەڕوو:

٣/ قۆناغی بیرکرنەوەی بەرجەستەیی(Concrete operational stage):ئەم قۆناغ و ماوەیەش لە حەوت بۆ یانزەساڵی بەردەوام دەبێت.

٤/ قـۆنـاغـی بـیرکردنـەوەی تـەواو و واتـادار(Formal operational stage) دوا قـۆنـاغــە و لـە یـانزە بۆ پانزە ساڵی بەردەوام دەبێت.

فێربوونـی زمان بـەپێی قـۆناغەکانی گـەشەکردنی ژیری و درککردن لای منـداڵ بـەپێی ئـەم تیۆرە،لـە ڕێگـەی دوو پرۆسـەی گرنگـەوە دەبێت،کـە بـریتین لـە:ئاوێتـەبوون(Assimilation)و خۆسـازاندن (Accommodation)[1].هەرچی یەکەمیانە کاتێك ڕوودەدات،کە منـداڵ دێتەژیانـەوە و ڕووبـەڕووی ژینگەکەی دەبێتەوە و هەموو شتەکانی دەوربـەری کـاری تێدەکـەن و سـەرنجی ڕادەکێشن.هەرشـتێك لەوانـــەی منـــداڵ وەریاندەگرێت،لـــە مێـــشکیدا وێنەیـــەك،یان خـــشتەیەك،یان خانەیـــەکیان بـــۆ دروستدەکات،بەم شێوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی وێنە و خشتەکانی هۆشی زیاد دەبن.بۆ نموونە منداڵێکی کورد سەرەتا،کە(دار)دەبینێت، کارتێکی(ئەبستراکت)ی لە هۆشیدا بۆ دروستدەکات و لەڕێگەیەوە، ئەو درەختە دەناسێتەوە،بەپێی کۆمەڵێك ئەدگار،کە لەودا هەیە و جیای دەکاتەوە لە هەر شـتێکی تر،واتـە دار بە وێنەیەکی تایبەتەوە لە مێشکدا هەڵدەگرێت .ئـەم کـردەی ئاوێتەبوونـە بریتییـە لـە وەرگرتنـی وروژێنـــەر و شـــت و دیاردەکـــانی دەرەوەی منـــداڵ بـــۆ نـــاوەوە(بـــیر و هـــۆش)،دواتـــر گـــۆڕین و هێمـــا بۆدانانیان،یان بە وێنەکردنیان،هەرچی پرۆسەی(خۆسـازاندن)ە،ئاراسـتەکەی پێچەوانەیە،کاتێك منـداڵ شتێك دەبینێت، کە پێشتر نەیبینیوە،نازانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات،بۆ ئەوەی خۆی لەگـەڵ ئـەو کارتێکەرە نوێیەدا بگونجێنێت،بـە خـشتە و وێنـە پێـشتر درسـتکردووەکانی،بەراوردی دەکـات ،ئەگـەر نـەگونجا ئـەوا لەڕێگـەی پرسـیارکردنەوە خـشتەیەکی تـازەی بـۆ دروسـتدەکات و دەیخاتـە نـاو تـۆڕی زانیارییەکانییـەوە.بـۆ وێنـە کاتێـك منـداڵی کـورد(دار)ی ناسـی،دواتر ڕووبـەڕووی چـەندەها جـۆری دار دەبێتەوە،پاشـــان لـــە ئـــەنجامی هاوتـــاکردن و بـــەراوردکردنیان بـــۆی دەردەکـــەوێت هەریەکـــەیان تایبەتمەندییـەك،یان چـەند تایبەتمەندییـەك لەیـەکجیایان دەکاتەوە،بۆیـە ئـەو کاتـە ناچـاردەبێت بـۆ هەریەکێکیان خشتەیەك دروستبکات،یان ئەگەر منـداڵێك پێـشتر(سـێو)ی ناسـیبێت و بینیبێتـی، بـەڵام (هەنار)ی نەبینیبێت،کاتێك(هەنار)دەبینێت، بەلایەوە شتێکی تازەیە و نازانێت چـی پێبڵێـت، لەوانەیـە یەکسەر بڵێت(سێو)ە،چونکە لەو وێنانەی،کە پێشتر پەیدایکردوون و دروستیکردوون، هیچ شـتێك نییـە

[1] - عەبدولڕەحمان عدەس– یوسف ئەلقتامی،و. سەلاح سەعدی،٢٠١٣،ل١٣٨–١٤٢ .هەروەها بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=Xj0CUeyucJw

له(هەنار) بچێت،تەنها(سێو) نەبێت،بۆیە دەڵێت(سێو)ە،بەڵام دواتر سەرنجی دەدات و مامەڵەی لەگەڵدا دەكات و لەوانەیە پرسیاریش لە بارەیەوە بكات و لەلایەن كەسانی تریشەوە بۆی ڕوونبكرێتەوە،كە ئەمە شتێكی ترە و(سێو)نییە،بۆیە منداڵیش دەستبەجێ دوای بەراوردكردن خشتەیەكی تایبەتی بۆ دروستدەكات بە ناوی (هەنار)ەوە،بەم جۆرە ئەم دوو پرۆسەیە بەردەوام دەبن،تا زمانی دایكی بە تەواوی وەردەگرێت و فێردەبێت٠ئەم فێربوونە سەرەتا لە شتە هەستییەكانەوە دەستپێدەكات،پاشان بۆشتە واتاییەكان دەچێت،بۆ نموونە منداڵ سەرەتا واتای وشەكانی وەك(ئاو،نان٠٠٠هتد)، زووتر تێدەگات وەك لە(مردن،دۆستایەتی٠٠٠هتد)٠

## ٢/٣) تیۆری كارلێككردنی كۆمەڵایەتی( Social Interaction Theory)

ڕابەری ئەم تیۆرە،زانای دەروونیی ڕوسی(Lev Vygotsky)[1] یە،ئەم زانایە ڕێبازی شیكردنەوەی مێژوویی لە لێكۆڵینەوەكانیدا پەیڕەو كردووە،باوەڕی وایە جیاوازیی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەكانی تردا لە ڕووی بایەلۆژی و كۆمەڵایەتییەوەیە،ئەمەش ئەنجامی دوو پرۆسەی دووردوودرێژی مێژووییە٠هەرچی منداڵانی جیهانە لە ڕووی گەشەكردنی مێشك و بایەلۆژییەوە،جیاوازییان نییە و وەكو یەكن،بەڵام ئەوە جۆری ژیانی كۆمەڵایەتی و پێكهاتەی كۆمەڵگەكانە،كە بە كەلەپوور ماونەتەوە و منداڵان بەهرەی لێوەردەگرن و پێی پەروەردە دەبن٠منداڵ كاتێك لەدایك دەبێت دەستبەجێ بمانەوێت و نەمانەوێت،دەكەوێتە ژێر كارتێكردنی زانیارییە هەستی و گیانییەكانی ئەو كۆمەڵگەیەی،كە تێدا لەدایك دەبێت٠ئەمڕۆ لێكۆڵینەوە زانستییە نوێیەكان ئەم كاریگەریی و كارتێكردنە بۆ پێش لەدایكبوون دەبەنەوە و بە بەڵگەش سەلماندوویانە٠كەواتە ڕۆڵی دەوروبەر و ژینگەی سروشتی و كۆمەڵایەتی لە زمانوەرگرتن و گەشەی زانیاریی منداڵدا،ڕاستییەكی ئاشكرایە و بە هیچ شێوەیەك فەرامۆش ناكرێت و نكوڵی لێ ناكرێت٠(ڤیگۆتسكی)مەڵبەندی كۆمەڵایەتی كردووە بە دوو بەشەوە،كە لە ڕووی كاریگەرییەوە پێكەوە گرێدراون و تەواوكەری یەكترن و ئەمانەن[2]:

١/مەڵبەندی گەورە،ئەو كۆمەڵگایەیە،كە منداڵی تێدا گەورە دەبێت٠

٢/مەڵبەندی بچووك،خێزان و توێژ و چینی كۆمەڵایەتییە،واتە ئەو خێزان و توێژ و چین و ناوەندە كۆمەڵایەتییەی كۆمەڵگەكەیە،كە منداڵی تێدا دێتەژیانەوە و گەشەدەكات و گەورە دەبێت٠

---

[1] -(Lev Semyonovich Vygotsky) زانایەكی بەناوبانگی ڕووسییە،لەساڵی ١٨٩٦ لە بیلاڕوسیا لەدایكبووە و لە ساڵی ١٩٣٤ لە مۆسكۆ كۆچی دوایی كردووە،لە بواری زمان و بیركردنەوە و گەشەكردنی زانیاری،لە ڕووی دەروونزانییەوە جێ دەستی دیارە،ئەو تیۆرەی،كە پێی بەناوبانگە،كاریگەریی كەلتور و كارلێكی كۆمەڵایەتییە لە فێربوونی زمان و گەشەكردنی زانیارییدا٠بڕوانە:.Lev Vygotsky-From Wikipedia¸ the free encyclopedia

[2] -عبدالستار طاهر شریف،١٩٨٢،ل٤٦ ٠لە لاپەڕە(٢٠)ی ئەم كتێبەدا عبالستار تاهر شریف وشە،یان زاراوەی (مەڵبەند)و(دەوروپشت)ی بەرامبەر بە زاراوەی (البیئە) عەرەبی و(Envioanment)ی ئینگلیزی بەكارهێناوە،بەڵام ئێستا لە زمانی شێوازبەندی كوردیدا زاراوەی(ژینگە)ڕۆیشتووە و زیاتر بەكاردێت٠

دیاره هەر کۆمـەڵگەیـەك بەپێی ئەو پێکهاتـانەی،کە هەیەتی لە نەتەوە و گەل و توێژ و چین و ئـایین و ناوەندی کۆمەڵایەتی و پیشەیی و زانستی.....هتد،زمانی تێدایە،چونکە زمـان لـە تایبەتمەندییـدا وەك (ئاو)وایە، شەقڵ و شێوەی ئەوشوێنە وەردەگرێت،کە تێیدایە[١].

منداڵیش،وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کاریگەریی ئەو جیاوازییانەی بەسەرەوە لە زمانوەرگرتندا.

بیروڕای(ڤیگۆتسکی)لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژ(٢)[٢]

ئـەم تیۆرە کۆمەڵایەتیبوون و ئەرکی پەیوەندیی کـۆمەڵایەتی لـە فێربوونی زمـاندا لای منـداڵ بـەهــەند وەردەگرێت،وەکو پێشتریش وای دەبینێت،دیـاردەی کۆمەڵایـەتیبوون لـە بەرجەسـتەکردنی زمانـدا لـە لایەن مرۆڤەوە لە مێژوودا،هۆکاری گرنگ و سـەرەکی بـووە.ئـەم بیروبـاوەڕەی(ڤیگۆتـسکی)ش لـە ژێـر کاریگەریی بۆچوونەکانی(ئەنگلس)دایە،کـە لـە کتێبـی(بنـەڕەتی خێـزان)[٣]دا،خراوەتـەڕوو.واتـە منـداڵ هەرچەندە لەڕووی بایەلۆژی و لاشەییەوە بۆ فێربوونی زمان ئامادەیی هەبێت و سـەرجەم ئەندامـەکانی زمان فێربوونی،وەکو بیستن و تێگەیشتن و ئاخاوتنی،بێ کێشە و تەواوبن، بەڵام ئەگەر دوورەپەرێز لـە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا پەروەردەببێت،ئەوا ئەستەمە زمان فێرببێت،وەکو منداڵێکی هاوتەمەنی خۆی،کە لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا،وەك ئەندامێکی بەشداربووی ژیانی کۆمەڵایەتی پەروەردە بووبێت .

زمـانوەرگرتن هـەڵقوڵاوی نـاو کۆمەڵگـە و بـەکارهێنانی کەرەسـتەکانی کـەلتوری کۆمەڵگەیـە لەلایـەن گەورەکانەوە و کاردانەوەیەتی لەسەر منداڵ.ئەم پرۆسەش لە سەرەتای ژیانی منداڵەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت،هاوشانی وەرگرتنی وشەکانی زمان لەڕێگەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییەوە پرۆسەی بیرکردنەوەش بە هێواشی گەشەدەکات.بەم پێیە(ڤیگۆتسکی) چالاکیی دەنگی(Vocal activity) و بیرکردنەوە(Thinking)،بە دوو کردەی سەربەخۆ دەزانێت،بەڵام پێیوابوو پەیوەندییـەکی بـەهێز لـە نێوانیاندا هەیە،ئەمەشی لە کتێبی(بیرکردنەوە و زمان – Thought and Language)خستووەتە

[1] - فەرەیدون عەبدول بەرزنجی،چاوپێکەوتن،زانکۆی سلێمانی،٢٠١٣/١١/٣ .

1- www.youtube.com/watch?v=zvx90swmv-g
2- Frederick Engels:1884:p13

ڕوو[1]،لەبەرئەوەی هەم زمان و هەم بیرکردنەوە بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتین·(ڤیگۆتسکی)لەڕێگەی پرۆسەی زانیارییە نێوخودییەکانەوە(Internalisation)،زمانی منداڵ لێك دەداتەوە،ئەمەش ئەو پرۆسەیە،کە منداڵ لەڕێگەی منداڵ و کەسانی لەخۆی گەورەترەوە،هێماکانی زمان فێردەبێت و گۆیان دەکات،پاشان ئەم ئاخاوتنە دەرەکییە بۆ ناوەوەی مرۆڤ دەگوێزرێتەوە و دەبێتە ئاخاوتنێکی ناوەکی و بێدەنگ·لێرەدا پەیوەندیی قووڵی زمان و بیرکردنەوە دەردەکەوێت،کاتێك وشەکانی زمان لە بیرکردنەوەدا بەشداری دەکەن بە بێ دەربڕین·ئەم زمانە سەرەتایەی منداڵ لای (پیاجێت)،بە زمانی خۆویستی(Egocentric speech)ناودەبرێت و بۆچوونی وایە،کە منداڵ تەنها بۆ پێویستیی و ئارەزووە خودییەکانی بەکاریدەهێنێت·ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە پێویستیی و خۆپەرستیی منداڵ،لە فێربوونی زماندا دوو هۆکاری سەرەکین،بە پێچەوانەوە(ڤیگۆتسکی)باوەڕی وایە،هۆکاری سەرەکی و یەکەم پاڵنەری فێربوونی زمان،پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتیبوونە·گومان لەوەدا نییە،کە کۆمەڵایەتیبوونی منداڵ،وەك ئەوەی مرۆڤ بازنەیەکی فراوانە و خۆپەرستی و خۆویستی منداڵیش لەو کاتەی تەمەندا دەگرێتەوە،چونکە ئەگەر زمان هۆکارێك بێت بۆ داواکردنی پێویستییەکانی مانەوە و بەردەوامی منداڵ،ئەوا دەبێت لە سنوری خێزاندا بێت،کە کۆمەڵگەیەکی بچووکە[2]·

(رید سینگ)هەوڵی ئەوەی لەگەڵ(کەماڵە)دا دەدا، تا بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتی بیگەڕێنێتەوە،بۆ ئەوەی،وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بژی،بەڵام پێی لەوە ناوە،کە نەیتوانی بەتەواوی ژیانی مرۆڤانەی بۆ بگەڕێنێتەوە،چونکە پاش دوو ساڵ فێربوو بەپێوە بووەستێت،دوای شەش ساڵیش فێری ڕۆیشتن بوو وەك مرۆڤ،لە ماوەی چوارساڵدا تەنها شەش وشە فێربوو،لە حەوت ساڵدا چلوپێنج وشە[3]بەم پێیە ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ بە تایبەتی منداڵان زۆر گرنگە،چونکە لەڕێگەی چاولێکەریی کەسانی لە خۆیان گەورەترەوە،کارلێك لەگەڵ بەها و دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی کۆمەڵگەکەیاندا دەکەن و فێریان دەبن· تێبینی ئەوە کراوە منداڵ زیاتر کارلێك لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات،کە هاوتەمەنن،یان تەمەنێکی کەم لە خۆیان گەورەترن، نەك کەسانی تەمەن گەورە و بەساڵاچوو،جگە لە کاتی پێویست و ناچاری·ئەم حاڵەتەشمان لە(ئاسۆس)و(دیاری)و(دیدار) ڕەچاوکردووە،یەکەمیان تەمەنی

---

1 – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ا/ SANDARA SMIDT:2009:P58.، ب/ Danny D. Steinberg:1991: p101-120.

2 – کەواتە توانا سروشتی و زگماکییەکانی منداڵ،بە بێ ڕۆڵی ژیانی کۆمەڵایەتی،کارناکەن و لەوانەشە بپوکێنەوە و لەناوبچن،بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە،بارودۆخی ئەو منداڵانەن، کە بە هەر هۆکارێك بێت،دوورەپەرێزن،یان لە کۆمەڵگا دوورخراونەتەوە·واتە نەیانتوانیوە بەشداری ژیانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەدا بکەن،بۆ نموونە ئەو دوو کچەی،کە لە لانەی گورگدا و لەگەڵ بێچووە گورگدا لە لایەن(رید سینگ)ی دەروونناسی هیندییەوە دۆزرابوونەوە،چونکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دابڕابوون،زۆر شتی مرۆڤایەتییان لە دەستدابوو،یەکێکیان دوو ساڵان بوو زوو مرد،بەڵام گەورەکەیان تەمەنی حەوت هەشت ساڵان دەبوو،دواتر بە(کەماڵە)ناسرا،لەسەر چوارپەل دەڕۆیشت،گۆشتی لەسەر زەوی هەڵدەگرت و دەیخوارد،ئەگەر بە دەست بتدایەتێ،وەرینەدەگرت·لە ئاو خواردنەوەشدا زمانی بەکاردەهێنا،ئەمانە و زۆرشتی تریش لە ئاژەڵ فێربوو بوو،بێگومان زمانیشی نەدەزانی،یان زمان فێرنەبووبوو·

3 - ا/ ئەوڕەحمانی حاجی مارف،١٩٨٦،ل٢٦ ، ب/محەمەد ڕەزا باتنی،و· ئاکۆ عەبدوڵلا کەریم،٢٠١٥،ل١٧٣–١٧٤ ·

تۆسالآنە،دووەمیشیان تەمەنی پێنج ساڵ و نیو و سێیەمیشیان سێ ساڵ و نیوە،ئەم سێ منداڵە کارلێکێکی زۆر فراوان لە نێوانیاندا هەیە لە یاریکردن، وتوێژکردن،پێکەوەشت خواردن،شت لەیەکتروەرگرتن و فێربوون،تەنانەت شەڕکردن و چاودێری یەکترکردن،ئەم کارلێکە کۆمەڵایەتییە لە نێوان ئەم منداڵانەدا،گۆشەیەکی بچووکە لە کارلێکی فراوانی ئەندامانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتردا، چونکە((تیۆری کارلێك پێیوایە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو پرۆسە و دیاردە و ڕووداوانەی کە هەیە، هیچ نییە جگە لە تۆڕێکی ئاڵۆز لە پێکهاتەی کارلێککردن و پەیوەندییەکانی نێوان ئەو تاك و گروپانەی،کە کۆمەڵگای لێدروستدەبێت))[1]٠کەواتە بەپێی ئەم تیۆرە،منداڵ زمان لە کۆمەڵ فێردەبێت و لە کۆمەڵیشدا بەکاریدەهێنێت،کۆمەڵیش لە سەرەتادا هەر بەم شێوەیە دروستبووە٠

هەرچەندە تیۆری پەیپێبردن و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەوەدا لەیەکەوە نزیکن،کە ڕۆڵی ژینگە و دەوروبەر لە گەشەکردنی زانیاری و زمانی منداڵدا بە گرنگ دەزانن،بەڵام لەوەدا جیاوازن،کە منداڵان چۆن ڕووبەڕووی دەوروبەرەکەیان دەبنەوە٠گرنگترین جیاوازییەکانی تێڕوانینی(ڤیگۆتسکی)و (پیاجێت)،ئەم خاڵانەی خوارەوەیە[2]:

١/(ڤیگۆتسکی) زۆر جەخت دەکاتە سەر کاریگەریی کولتوور لە شێوەگرتن و گەشەکردنی پەیپێبردندا،ئەمە لای(پیاجێت)پێچەوانەیە،بەڵکو بڕوای بە کۆمەڵێك قۆناغی زنجیرەیی سروشتی و جیهانی(Universal)هەیە،لەمەڕ گەشەکردنی زمان و زانیاری لای منداڵانی جیهان٠

(ڤیگۆتسکی) ڕۆڵ و هاوبەشیی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەکردنی پەیپێبردندا بە چارەنووسساز دەزانێت،بەڵام (پیاجێت)ڕەتی دەکاتەوە و بە کەم بایەخ تەماشایان دەکات٠هەربۆیە (ڤیگۆتسکی)پێیوایە ڕەگی گەشەکردنی پەیپێبردن لەکارلێکی کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی فێربوون لە (ناوچەی نزیکی گەشەکردن–Zone of Proximal Development)وە سەرچاوە دەگرێت،کە منداڵ لە زانیاری پێشتر بنیاتنراو و دروستکراو هاوبەش دەبێت٠بڕواشی وایە ئەو ژینگەیەی،کە منداڵ تێیدا گەورە دەبێت،وای لێدەکات چۆن بیربکاتەوە و بیریش لە چی بکاتەوە،بە پێچەوانەوە(پیاجێت) ڕەگی گەشەکردنی پەیپێبردن دەباتەوە بۆ(سەربەخۆیی گەڕان و دۆزینەوە)،کە بەهۆیەوە منداڵ خشتەی زانیارییەکانی خۆی پێدروستدەکات٠

٢/(ڤیگۆتسکی) ڕۆڵی زمان لە گەشەکردنی پەیپێبردندا بە گرنگ تەماشادەکات،وای دەبینێت، کە پەیپێبردن لەئەنجامی پرۆسەی(نێوخودیی زمان–Internalisation of Language )ەوە گەشە دەکات و دروستدەبێت٠بەڵام(پیاجێت)جەخت ناکاتە سەر ڕۆڵی زمان٠

---

[1] - ئیحسان محەمەد حسەن،٢٠١٢و٠ دیدار ئەبو زێد،ل٧٨ ٠

[2] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ا/ www.simply psychology.org/vygotsky-html ، ب/ Lev Vygotsky-newly and edited by Alex ، ج/ Kozlin-p12-57 . Mark Robson and Peter Stockwell:2005:p7-10

٣/ بەبڕوای(پیاجێت)،زمان لە گەشەکردنیدا پشت بە بیر دەبەستێت ،چونکە ڕای وایە،لە لای منداڵ بیر پێش زمان دەردەکەوێت،کەچی(ڤیگۆتسکی) پێیوایە بیر و زمان لە سەرەتای ژیانی منداڵدا،دوو پەیڕەون،کە بە جیا و سەربەخۆ گەشەدەکەن،بەڵام لەدەوروبەری تەمەنی(سێ ساڵان)دا یەك دەگرنەوە،وەك بیرکردنەوە بە ئاخاوتن بەرامبەر قسەکردنی ناوەکی دەوەستێتەوە٠

لەم ڕوانگەیەوە (ڤیگۆتسکی)،بڕوای تەواوی بەوە هەیە،کە کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی و ناوەندی لە(دروستکردنی واتا)دا دەگێڕێت،واتاش کرۆکی زمانە و کەرەسەکانی تری زمان بۆ گەیاندنی واتا لە کاردان،بۆ ئەم مەبەستەش چەمکێکی کۆمەڵایەتی،یان بنەمایەك لە بنەماکانی تیۆرەکەی دیاریکرد بەناوی (ناوچەی گەشەکردنی نزیك- Zone of Proximal Development)،کە لە ڕێگەی ئەم ناوەندەوە منداڵ ئاوێتەی کۆمەڵگەکەی دەبێت و زمان و واتای هێماکانی فێردەبێت٠

ئەو تیۆرەی،کە لە تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە نزیکە،تیۆری ژینگەیی(Ecology Model)ی (Urie Bronfenbrunner)ە،ئەم تیۆرەش چەند بازنەیەکی دەست نیشانکردووە،کە تاك لە ڕێگەیانەوە بە کۆمەڵگەکەیەوە پەیوەست دەبێت و لە ئەنجامدا پرۆسەی فێربوون بەرهەمدێت٠ئەم تیۆرە چەند ناوێکی تریشی بۆ دانراوە،وەك: تیۆری گەشەکردن لە دەوروبەردا( Development in context)،یان تیۆری ژینگەیی مرۆڤ(Human Ecology Theory)،یان تیۆری بایۆژینگەیی (Bio Ecological Systeme Theory)٠شیکردنەوەی شێوازی ژینگەیی بۆ گەشەکردنی زانیاریی و فێربوونی زمان، پشت بە کۆمەڵێك بنەما دەبەستێتت،کە هەریەکەیانی وەکو خولگەیەك دیاریکردووە،بە پێی دوور و نزیکییان لە ناوەندەوە،کە خودی( تاك)،یان کەسێتی و بوونی منداڵەکەیە٠ لەمڕۆدا کاریگەریی ئەم خولگە و بازنانە دەکرێت هەموویان لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ سەر منداڵ بگوێزرێنەوە،چونکە منداڵان کاتێکی زۆر بەو ئامێرانەوە خۆیان خەریکدەکەن،کە زانیاریی و یاری جۆربەجۆریان پیشاندەدەن٠

خولگەو بازنەکانی تیۆرەکە لە خودی منداڵەوە دەستپێدەکەن و سنور بە سنور و ناوەند بە ناوەند تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن،بەم شێوەیە: کەسێتیی منداڵ و هەندێك تایبەتمەندیی،وەك (ڕەگەز،تەمەن،ساغی و تەندروستی٠٠٠هتد)،دەبنە ناوەندی سەرەکی و چەقی بازنەکانی تری تیۆرەکە و پێکەوە ڕەهەندەکانی بنیاتنانی مۆدێلەکە تەواودەکەن[1]٠

---

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر تیۆری ژینگەیی(EcologyTheory)،تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:ا/.SANDARA SMIDT-2009-P44 ،
ب/From Wikipedia, the free encyclopedia ،Ecological_systems_theory.htm
ج/ Lindsey.greatnow.com/child.html

بازنەی یەکەم،یان بازنەی بچووك(Micro System): ئەو دەزگاو دەستە و گروپانە دەگرێتەوە،کە کاریگەریی زۆر و ڕاستەوخۆیان لەسەر گەشەکردنی کەسێتیی منداڵ هەیە وەك:(خێزان،قوتابخانە، پێرەو،یان دەستووری ئایینی،هاوسێ و هاوتەمەن و هاوڕێ)٠

بازنەی دووەم(Meso System): بە بازنەی یەکەمەوە پەیوەستە و تێیدا کارلێك لە نێوان خێزان و مامۆستا و منداڵ و هاوتەمەن و خێزانیدا دروستدەبێت٠

بازنەی سێیەم(Eso System):ئەو پەیوەندییانە،کە لە نێوان دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوودەدەن،بەڵام کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر کەسێتیی منداڵ نابێت،بەڵکو لە ڕێگەی کارلێکی نێوان خێزانەکان و دایك و باوکانەوە بۆ منداڵان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگوێزرێنەوە٠

بازنەی چوارەم(Macro System): کولتووری کۆمەڵگا بەگشتی دەگرێتەوە،کە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و شوێنی کار و بیروباوەڕ و ٠٠٠٠هتد پێکیدەهێنن،پاشان وەکو میراتێکی کەلەپوری دەمێنێتەوە و منداڵی لەسەر پەروەردە دەبێت و بەردەوام لە گۆڕاندایە،کولتووری گشتیش لە گروپگەلێکی کولتووری ناوچەیی و لۆکاڵی دروستدەبێت٠

بازنەی پێنجەم(Chrono System): ئەو بارودۆخ و هەلومەرج و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ژینگەییانە لەخۆدەگرێت،کە دەبنەهۆی تێکچوون و کارلێکی نێوان خێزانەکان،دواتریش کاریگەرییان لەسەر پەروەردە و کەسێتیی منداڵ دەبێت٠

ئەم مۆدیلە بە هۆکاری ئەوەی لەسەر بنەمای زنجیرەیەك بازنە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی ئاڵۆز و تێکچڕژاو و بەیەکداچوو بنیاتنراوە،لێکدانەوە و شیکردنەوەی کاریگەریی بازنەکان لەسەر یەکتر، ناتوانرێت بە شێوەیەکی ورد و تەواو دیاریبکرێت٠بەڵام گومان لەوەدا نییە،کە ناوەندە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی،منداڵ هەمەچەشن پەروەردە دەکەن،وەکو لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەبینرێت٠ئەم تێکەڵبوونەی نێوان بازنە و خولگەکانی تیۆرەکە،بووەتە هۆی ئەوەی،وێنەی جۆراو جۆریش بۆ مۆدیلەکە پیشانبدرێت،لەبەرئەوە بە دەیان شێوە و شێواز تیۆرەکە نوێنراوە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکدانەوە و ڕاڤەکردنانەی،کە بۆ پەیوەستبوونی خولگەکانی تیۆرەکە لەگەڵ یەکتردا،کراون[1] ٠

[1]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: https://www.google.iq/search?q=BRONFENBRUNNER MODEL.

٤/٢) تیۆری بایەلۆژی و زمانەوانی(Biological Theory)

ئەم تیۆرە جیاواز لە تیۆرەکانی پێشوو،پشت بە بنەمای بۆماوەیی و سروشتی لە وەرگرتنی زماندا دەبەستێت.بە(تیۆری هۆشگەرایی)ش،ناو دەبرێت.واتە ڕۆڵی ژینگە و کۆمەڵ بە هۆکاری سەرەکی لە وەرگرتنی زماندا لای منداڵ دانانێت،بەڵکو پێیوایە منداڵ بە توانایەکی سروشتییەوە لەدایك دەبێت،کە هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانی تێدایە و یارمەتی دەدات،زمانێك لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دێتەژیانەوە فێرببێت.

سەرەتاکانی ئەم تیۆرە لە پەنجاکانەوە دەستیپێکرد،کاتێك لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکانی زمان و گەشەکردنی زمان لای منداڵ پەرەی سەند.ئەمەش لە لایەن چەند زانایەکەوە گرنگی پێدرا و وەکو بنەمایەك کاریان لەسەرکرد،لەوانە( Noam Chomsky)وەك خۆی دەڵێت:((سەرەتای پەنجاکان ئەم کارە دەستیپێکرد لە لایەن چەند خوێندکارێکەوە وەك(Eric Lenneberg،من، Morris Halle)، بیرۆکەکە نائاسایی و سەیر بوو،پێشتر کەسی تر قسەی لەسەر نەکردبوو.بەشێك لە هۆکارەکەی،لێکۆڵینەوە بوو لەسەر ڕەوشتی مرۆڤ و ئاژەڵ))[1].ئەم تیۆرە پشت بە بۆچوونە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفە هۆشەکییەکانی،وەك(دیکارت)و(لایبینز) دەبەستێت،چونکە ئەم فەیلەسوفانە ئاوەزی مرۆڤ بە سەرچاوەی زۆر لە زانیارییەکانی ژیان دەزانن،(دیکارت)لەو باوەڕەدایە،کە هەندێك چەمك هەن،بە شێوەیەکی خۆڕسکی و سروشتی لە مێشکی مرۆڤدا بوونیان هەیە،واتە زانیاریی ئەزموونکراو و وەرگیراو نین[2]،دواتریش دەبنە ڕێکخەر و تەواوکەری ئەو زانیارییانەی،کە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە وەریاندەگرێت.دەتوانرێت بگوترێت مێشکی منداڵ لە لەدایکبوونەوە بەرنامەکراوە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان و زانیارییەکانی تر.ئەمەش زیاتر لەو ڕۆڵانەدا دەردەکەوێت،کە منداڵ وەکو داهێنەرێك دەبینێت،چونکە منداڵان کاردانەوەیان بۆ فێربوونی شتەکان وەك یەك نییە و جیاوازە.ئەگەر مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی ئەزموونەوە شتەکانی وەربگرتایە،ئەوا لە ناوەندێکی لەیەکچووی تاقیکارییدا زانیارییە بەرهەمهاتووەکان،لەبەرگرتنەوەی یەکتر دەبوون.بۆ نموونە ئەگەر چیرۆکێکی کورت بۆ چەند منداڵێکی هاوتەمەن بەزمانێکی سادە بگێڕیتەوە و پاشان داوایان لێبکرێت هەریەکەیان چیرۆکەکە بگێڕنەوە،واتە دووبارەی بکەنەوە،لە ئەنجامدا دەردەکەوێت،بە ژمارەی منداڵەکان گێڕانەوە و دەربڕین و داڕشتنی جیاواز دەستدەکەوێت.ئەم جیاوازییانە لە کوێوە هاتن؟لە کاتێکدا یەك چیرۆکە و بە یەك زمان دەربڕراوە، هەڵبژاردنی هەریەکێك لەو شێوازانەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە،داهێنەریی هۆشی منداڵ ئاشکرادەکات.بە ڕای(چۆمسکی)ئەم حاڵەتە لە زمانوەرگرتنی منداڵدا جێبەجێ دەبێت،لەبەرئەوەی کاتێك منداڵ زانیارییە سەرەتاییە زمانییەکان

1- INTERVIEWS WITH.JAMES MCGILVRAY-2012-P21.

2 - محەمەد ڕەزا باتنی،٢٠١١،ل٤٢ .

وەردەگرێت،گۆڕانکارییان تێدا دەکات و جۆرەها فۆرم و پێکهاتەی نوێیان لێدروستدەکات بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە مێشکیدایە ٠

(چۆمسکی)لەسەر بنەمای ئەم بیروڕایە،(تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە Transformational Generative)ی داڕشت، بۆ لێکدانەوەی زانیارییە زمانییەکان و پێکهاتەکانیان٠لەم تیۆرەدا بۆ تێگەیشتن لە زمان و ناسینی تایبەتمەندییەکانی،دوو چەمکی خستەڕوو:

١/ توانست(competence)[1]:کۆمەڵێك یاسا و زانیاریی ڕێزمانییە لەمێشکی مرۆڤدا و لە لەدایکبوونەوە لەگەڵیدایە٠واتە بۆماوەییە و مرۆڤ بە فێربوون بە دەستی ناهێنێت،لەکاتی کارکردنیشدا مرۆڤ لێی بێ ئاگایە و دەسەڵاتی بەسەریدا ناشکێت، بۆ زمانوەرگرتن یارمەتی منداڵ دەدات، هەروەها یارمەتی هەموو قسەکەری زمانێك دەدات،بۆ تێگەیشتن لە زمان و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دروست٠لەم بنەمایەدا هەموو زمانەکان هاوبەشن و لەیەك دەچن،ئەم لێکچوونەش داهێنانی چەمکی ڕێزمانی گشتی (Universal Grammar)بەدوای خۆیدا هێنا٠زمانەکانی جیهان لە سیما و ڕواڵەتدا زۆر لەیەکتر جیاوازن،تەنانەت جیاوازییەکانیان دەگاتە ڕادەی زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەر٠بەڵام لەلایەکی ترەوە زمانەکان لە پێکهاتە بنەڕەتییەکاندا وەك یەکن،بۆ نموونە لە هەموو زمانەکاندا بەشەکانی ئاخاوتن،یان کەتیگۆرییەکانی(ناو،جێناو،ئاوەڵناو،ئاوەڵکردار،کردار،جۆرەکانی ئامراز)بوونیان هەیە، ئەگەرچی لە شێوە و فۆرمدا جیاوازن٠لە هەموو زمانەکانی جیهاندا،دەنگ(فۆنیم)،جۆرەکانی(گیر و ڕەوان)،بڕگە و جۆرەکانی،مۆرفێم و جۆرەکانی،هەن و بەکاردێن،ئەم بنەما هاوبەشانە،ڕێزمانی گشتی دروستدەکەن و بە زگماکی لە مێشکی منداڵدان و هاوکاری دەکەن،لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێتەژیانەوە،زمانی ئەو کۆمەڵگەیە وەربگرێت٠ئەم زانیاریانەی لە توانستدا هەن،ئەبستراکتن و ناچنەژێر ڕکیفی لێکۆڵینەوەوە،مەگەر لە ڕێگەی پشکنینی مێشك،بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی،کە توانای زمانیان لە دەستداوە،یان لە ڕێگەی بەرهەمی توانست،کە توانا و ئاخاوتنە، پەییانپێببرێت٠ بەلای(چۆمسکی)یەوە توانست کرۆکی زمانە،چونکە منداڵ بە هۆیەوە دەتوانێت لە ئاڵۆزترین ڕستەی زمانەکەی تێبگات و دروستی بکات بە ئاسانی و بێ خۆماندووکردن٠

٢/توانا،یان بەجێهێنان(Performance): دیاردەیەکی وەرگیراو و بەدەستهێنراوە،واتە منداڵ دوای ئەوەی بە توانستی زمانییەوە هاتەژیانەوە،دەتوانێت ئەو زمانەی،کە لە خێزانەکەیدا قسەی پێدەکرێت،لەماوەیەکی دیاریکراودا زۆر بەباشی فێربێ و بەکاریبهێنێت٠ئەم بەکارهێنانەی زمان لەلایەن قسەپێکەرانی هەر زمانێکەوە پێیدەگوترێت توانا،بۆیە دەکەوێتە بەر باروودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی قسەکەر و گوێگر و زۆرجار کەموکورتی تێدەکەوێت،بەڵام بە پێوەری یاساکانی

---

[1] - بڕوانە: ا/ grammar.about.com/od/il/g/Linguistic-Competence-htm ، ب/ دارا حمید محەمەد،٢٠١٣،ل١٠٩، ج/ناهیدە ڕەحمان خەلیل، ٢٠١٣،ل٣٥، د/ .NEIL SMITH-1999-P28، ه/ محەمەدی مەحوی،٢٠٠٩،ل٧٢،ل٣٤٤ ، و/.V.J. Cook and Mark Newson-p75-88

توانست، ڕاستدەکرێنەوە و ڕێکدەخرێنەوە بۆ ئەوەی هەڵە لە تێگەیشتن و قسەکردندا ڕوونەدات٠دیارە ئەم دوو چەمکە لای منداڵ بە پێی کۆمەڵێك قۆناغ گەشەدەکەن و یەك دەگرن و دەبن بە زمان٠

(Eric Lenneberg)یش،بەشداری لە بنیاتنانی تیۆری بایەلۆژیدا کرد،بە دۆزینەوەی(قۆناغی هەستیاریی–The Critical Period) بۆ وەرگرتنی زمان لای منداڵ،بەپێی ئەم ڕاستییە بایەلۆژییە،کە ئەم زانایە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانییەوە پێیگەیشت،مێشکی منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵییەوە بۆ وەرگرتنی زمان ئامادە دەبێت،تا تەمەنی گەیین(بالغبوون)،ئەمەش بە گوێرەی گەشەی ئەندامەکانی لەش،واتە منداڵ پێش تەمەنی دوو ساڵان ناتوانێت زمان(قسەکردن) فێرببێت،هەروەها دوای تەمەنی گەیینیش بە ئەستەم زمان فێردەبێت،چونکە مێشك ئەو نەرمییەی نامێنێت،کە لە قۆناغی هەستیارییدا بۆ وەرگرتنی زمان هەیەتی[1]٠ئەمە مانای ئەوە نییە،سەرەتاکانی زمان وەرگرتنیش هەر لەم تەمەنەدا دەربکەون، بەڵکو ڕاهێنانی ئەندامەکانی بیستن و ئاخاوتنی منداڵ، لەسەر وەرگرتن و دروستکردنی دەنگ و تێڕامان و سەرنجدان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان وشە و شت،دەکەونە پێش ئەم قۆناغەوە و زەمینەسازی بۆ دەکەن٠بە واتایەکی تر منداڵ بەرلەوەی وشە و هێما زمانییەکانی زمانی دایکی وەربگرێت،خاوەنی زمانێکی جیهانییە و هەموو منداڵانی جیهان تێیدا هاوبەشن،هەر ئەمەش زاراوەی(زمانی جیهانی) هێنایە ئاراوە،چونکە منداڵان لە دروستبوونیانەوە،تا تەمەنی فێربوون و تێگەیشتنی وشەکانی زمانێك لە زمانەکانی جیهان،هەمان تایبەتمەندیی زمانییان هەیە٠ لایەنگرانی تیۆری بایەلۆژی و گەشەی جەستەیی،لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکانیاندا،توانییان چەند ڕاستییەك وەك بنەما سەبارەت بە وەرگرتنی زمان،لای منداڵ بخەنەڕوو:

١/ هەموو منداڵانی جیهان لە ماوەیەکی دیاریکراودا،زمانی دایك فێردەبن،وێڕای ئەوەی کۆمەڵگە و ژینگەکانیان جیاوازە٠

٢/ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گەشەی ئەندامەکانی ئاخاوتن و قۆناغەکانی زمانوەرگرتنی منداڵدا هەیە،هیچ منداڵێك نییە لە جیهاندا بەسەر یەکێك لەو قۆناغانەدا بازبدات ،بەڵکو دەبێت هەنگاو بە هەنگاو پرۆسەکە ڕووبدات،وەکو قۆناغەکانی هەڵسوکەوت لای منداڵ(جمووجووڵی لە خۆوە،بە مەبەست،دانیشتن،گاگۆڵکێ،هەوڵدان بۆ هەستان و بەشتومەکداهەڵزنان،پێگرتن و ڕۆیشتن)٠

٤/ توانستی زمان بۆماوەییە و لای هەموو منداڵانی جیهان بوونی هەیە،بە بەڵگەی ئەوەی قۆناغەکانی پێش فێربوونی زمانی دایك،لە گریان و گڕوگاڵ و دروستکردنی هەندێ بڕگە،تا فێربوونی یەکەم وشەی زمانی دایك،لە نێو منداڵاندا گشتی و جیهانیین ٠

٥/ ئەو زانیارییە زمانییانەی،یان کەرەستە سەرەتاییەکانی زمان،کە منداڵ لە کۆمەڵ و دەوروبەرەوە

---

[1] - بڕوانە: ا/ http://en.wikipedia.org/wiki/Eric_Lenneberg، ب/ Critical_period_hypothesis.htm-From Wikipedia, the free encyclopedia، ج/ سەلام ناوخۆش–نەریمان خۆشناو،٢٠١٠،ل٣٩٠ ، د/ . Eric Lenneberg-1969-p-639¸640

وەریاندەگرێت،ڕستە و دەربڕینی وەهایان لێدروستدەکات،بەهیچ شێوەیەك پێشتر نەیبیستووە،ئەمە واتای ئەوەیە،دەزگایەگی زمانیی پێشوەخت ئامادەکراو بۆ ڕێکخستنیان هەیە،نەك فێربوون بە لاساییکردنەوە٠

٦/ وەرگرتن و فێربوونی زمان تایبەتە بە مرۆڤ،ناتوانرێت هیچ ئاژەڵێکی تر فێربکرێت،ئەگەر زمان تەنها ڕەفتارێکی دەرەکی بووایە،بەم شێوە نەدەبوو،وەکو ڕەوشتییەکان بڕوایان وابوو٠

٧/ فێربوونی زمان بە هۆش و ئاستی زیرەکی منداڵەوە نەبەستراوەتەوە،چونکە زۆر منداڵ هەن،کە لەم بەهرانەش بێبەشن،کەچی بەجوانی زمانی دایکییان وەردەگرن و فێردەبن، پێویستیشیان بەوە نییە فێری زمان بکرێن،لە لایەن دایکان و باوکانیانەوە،لەبەرئەوەی دایکان و باوکان شارەزایی تەواویان لەسەر یاسا و وردەکارییەکانی زمانەکەی خۆیان نییە[1]،بەڵام ئەم بۆچوونە زمان بەکارهێنان ناگرێتەوە چونکە منداڵە هۆش تەواو و هۆش ناتەواوەکان وەك یەك زمان بەکارناهێنن لە ژیانی ڕۆژانەدا٠

بەم پێیە(چۆمسکی)لە زمان وەرگرتنی منداڵدا،جەخت دەکاتە سەر(زانیاریی زمانی)و(گرامەر)٠ مەبەست لە یەکەمیان ئەو زانیارییە شاراوە و نادیارەیە،کە دەمانکاتە قسەکەری زمانێکی تایبەت، هەرچی گرامەریشە،دەبێت وەسفێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ هەموو ڕستە ڕێزمانییەکانی زمان دابین بکات٠ئەم بیرو ڕایانەی لە کتێبی(دروستە ڕێزمانییەکان–١٩٥٧)دا خستەڕوو،کە بە شۆڕشێکی گەورە لە مێژووی زمانەوانیدا ناو زەد دەکرێت[2]٠

بەپێی ئەم تیۆرە،بە شێوەیەکی گشتی،بەرهەمهێنانی زمان،یان زمانوەرگرتن لای منداڵ بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت[3]:

١/ کردەی چەمکسازی(Conceptualization): لێرەدا چەمکەکان و پێکهاتەکانیان لە بارێکی ئەبستراکت و نادیاردا دێنەبوون،قسەکەر بۆ ئەوەی ئاخاوتن بەرهەم بهێنێت،دوو جۆر پرۆسەی ئاوەزی دەستپێدەکات،کە بریتین لە:١/بیرکردنەوەی سینتاکسی(Syntactic Thinking)،٢/ بیرکردنەوەی وێنەیی و ئەندێشەیی(Imagistic Thinking)،لە قۆناغی بەچەمککردندا پرۆسەکان ناکەونە ژێر ئەزموونی کۆنکریتییەوە،بەڵکو تەنها لە ڕێگەی گریمانەکارییەوە لێیاندەکۆڵرێتەوە،چونکە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ لە ڕێزمان،لەوەی قسەکەرێك لە ناخی ئاوەزیدایە،وردببینەوە، زۆرجار بە سندوقێکی ڕەش دانراوە٠ بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٣)٠

تێکردە(Input) ⟵ سندوقە ڕەشەکە ⟵ دەرکردە(Output)

هێڵکاریی ژ(٣)[4]:

1 - محەمەد ڕەزا باتنی،٢٠١٢،ل٥٩ ٠

2 - ڤیان سلێمان حاجی،٢٠٠٩،ل١٢–١٥ ٠

3 - بڕوانە: ا/ ئاڤیستا کەمال مەحمود،٢٠١٢،ل٢٦٥–٢٦٦، ب/. Thomas Scovel-1998-p27-50

4 - بڕوانە ئەم سەرچاوانە: ا/ محەمەدی مەحویی،٢٠٠٩،ل٢٤٨–٢٥٢، ب/ . V.J . Cook and Mark Newson-1996-p79-85

بەم شێوەیە سەرەتای قسەکردن بە وەرگرتنی زانیارییەکان و گەلاڵەکردنیان بە پێی پرۆسە ئاوەزی و ناوەکییەکان و خستنەتەکیەکیان،لەگەڵ دروستەی ئاستە جیاوازەکانی زماندا دێتەبەرهەم،کە قۆناغە بەراییەکەی چەمکسازییە،واتە گەشەی(توانستی زمانی)ی منداڵ لە دەوروبەری زمانی دایکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی چەمکەکان لەو زمانەدا چوارچێوە وەربگرن٠

٢/کردەی فۆرمداڕشتن(Formulation): لە قۆناغی پێشوودا چەمکەکان گەلاڵە بوون،بەلام بوونیکی بەرجەستە و شێوە و چوارچێوەیەکی دیاریان نەبوو،بۆیە پێویستییان بە قالبێکە بۆ ئەوەی تێیدا بنوێنرێن٠لەم قۆناغەدا چەمکەکان لە فەرهەنگ و سینتاکسدا،دەخزێنرێنە ناو پێکهاتە زمانییەکانەوە بە واتایەکی تر،یەکە و دروستەی هەموو ئاستەکانی زمان بۆ گەیاندنی چەمك ئامادە دەبن٠هەر لێرەشەوە پەیوەندیی نێوان واتا و وشە،یان فۆرم و ناوەڕۆك دەستپێدەکات،کە سەرەتای دیاری زمان وەرگرتنە لای منداڵ،چونکە وەکو پێشتر گوترا،تەمەنی پێش فێربوونی وشە،هاوبەش و جیهانییە، پەیوەستبوونی واتا و وشە و وەرگرتنیان لە دەوروبەرەوە،سەرەتای وەرگرتنی زمانی دایکە٠واتاش هەرچەندە بەشێوەیەکی چڕوپڕ بە چەمکەوە بەستراوەتەوە،بەلام نابێت بەیەکتر یەکسان بکرێن،چونکە یەکەمیان کەتیگۆرییەکی زمانییە و دووەمیان هۆشییە[1]،لەگەڵ ئەمەشدا هەردووکیان بە وشە وێنەدەکرێن٠هەردوو پرۆسەی چەمکسازی و شێوە وەرگرتن لە ئاوەزی مرۆڤدا ڕوودەدەن،لای منداڵ لە گەشەکردندا بەشێوەیەکی سادە و کارن،بەلام لەڕووی جووتبوونیان لەگەڵ یەکتردا ئاڵۆز و تەمومژاوین،لێرەدا منداڵ لەژێر کارتێکردنی دەوروبەریدایە،بۆ وەرگرتنی دەنگ و وشە و گەنج کردنیان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان بەپێی یاساکانی زمان،چونکە منداڵ لە ژێر کاریگەرێتیی هاوڕێ و کەسانی کامڵەوە،زمانی تایبەت بە خۆی و هەڵسوکەوتی زمانی تایبەتیی خۆی بنیاتدەنێت،بۆیە زمانی منداڵ لە زۆر ڕووەوە،زمانێکی گۆڕدراوی دووبارە بەرهەمهێنراوەی زمانی دەوروبەرەکەیەتی[2]٠

٣/ کردەی بەدەنگکردن(Articulation):لەم قۆناغەدا پرۆسە ئاوەزییە ناوەکییەکان لە ڕێگەی دەنگەوە دەردەکرێنە دەرەوە٠لێرەدا منداڵ و کەسانی پێگەیشتوو جیاواز دەبن،چونکە بۆ منداڵ هەندێك هۆکاری،وەك لاساییکردنەوە و چاولێکەریی ئەندامانی خێزانەکەی و خەڵکانی تر ڕۆڵ دەبینن٠وێڕای ئەو بنەما بایەلۆژییەی،کە بۆ پێگەیشتن و کەوتنەکاری ئەندامەکانی دەنگ و ئاخاوتن یارمەتیدەرە٠ئەم ئاستە یاساکانی ناوەوەی زمان دەنوێنێت،واتە یاساکانی فۆرمداڕشتن،کە دروستەی فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی دەگرێتەوە[3]،بەم پێیە هەموو یەکەکانی زمان لە هەماهەنگیدان و بۆ یەك مەبەست کاردەکەن،بۆیە لە کاتی زمانوەرگرتنی منداڵدا،بەشوێن یەکدا دێن و یەکتر تەواو

---

1 - فاروق عومەر سدیق،٢٠١١،ل٢٨ ٠

2 - محەمەدی مەحوی،٢٠٠٩،ل٩٠-٩١ ٠

3 - عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف،٢٠١٣،ل٦٥ ٠

دەکەن٠سەرەتا درککردن بە کەتیگۆری دەنگەکان( Perception and Categorization of Phonemes)دواتر دروستکردنی بڕگە و مۆرفیم،پاشانیش پێکهێنان و دروستکردنی فرێز،لە فرێزیش ڕستەکانی زمان،ڕستەکانیش بۆ گەیاندنی واتا و پەیوەندیی لەیەکگەیشتنن٠ئەگەر تێبینی وەرگرتنی زمان لای منداڵ بکرێت، هەموو ئەم هەنگاوانە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ڕوودەدەن٠

٤/ خودە چاودێری،یان ڕەچاوی خودی(Self-monitoring): لە بەرهەمهێنانی زماندا دوا قۆناغە٠ لێرەدا هەموو دروستە زمانییەکان بە پێی فۆرم و واتایان،دەخرێنە ژێر پشکنین و وردبینییەوە،بۆ ئەوەی هەڵەکانیان دیاریبکرێت و ڕاستیشبکرێنەوە،تا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بگەنە گوێگر، پێکهاتەکانی زمان،کە لێرەدا بەرهەمدێن، لەسەر بنەمای یاسا گشتییەکانی زمانی ئاخێوەر دروستدەکرێن،بەڵام لە کاتی گواستنەوەیاندا لە ڕێگەی دەنگەوە،دەکرێت هەڵە ڕووبدات و تێگەیشتن بە ئاکام نەگات،لە کاتی ڕوودانی هەڵەدا،قسەکەردەستبەجێ بە یاساکانی زمان هاوتای دەکاتەوە و ڕاستیان دەکاتەوە٠ئەم قۆناغە لای منداڵ زۆرتر هەڵەی تێدا دەکرێت،چونکە ڕەچاوی خودییان بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان لاوازە،تا بە تەواوی توانستیان دەچەسپێت٠ کەرەستەکان(دەنگ و وشە)،لای منداڵ بۆ گەیاندنی واتا ئامادە دەبن، بەپێی بنەما و ڕێبازی سەلماندن ( The Principle of Verification)یش،هیچ دەربڕینێك،وەك دانەیەکی پڕ واتا سەیر ناکرێت، تا ئەو کاتەی بە هۆی سەرنج و تێبینی،یان ڕێبازێکی زانستی ستانداردەوە سەلماندنی لەسەر نەکرێت[1]،یان بە هۆیەوە پەیوەندیی و لەیەکگەیشتن دروستببێت و هاوشێوەی زمانی کۆمەڵ بێت٠

هەڵەکردن لە هەردوو ئاستی دەنگ(فۆنۆلۆژی) و واتا(سیمانتیك)دا،بە ئاشکرا لای منداڵ دەردەکەوێت، هەرچی یەکەمیانە،لەدەربڕینی بڕگە و مۆرفیم و وشەکانی زمان و دووەمیشیان لەئاستی سینتاکسدایە٠ واتە منداڵ کاتێك زمانی دایك وەردەگرێت، زۆرجار دەنگێك لە جێگەی دەنگێکی تر دەردەبڕێت،یان هەندێك دەنگ لەهەندێك وشەدا هەر دەرنابڕێت[2]،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی،وشەکە بەهەڵە بگەیەنێتە گوێگر،یان لە دروستکردنی ڕستەدا،وشەکان پاش و پێش بکات و لە جێگەی خۆیاندا بەکاریان نەهێنێت،بۆیە هەڵە لە واتاشدا ڕوودەدات،بەڵام ئەم حاڵەتانە بە تێپەربوونی کات و تەمەن، لە ڕێگەی ڕەچاوی خودییەوە چارەسەریان دەکات٠ تەماشای هەریەکێك لەم تیۆرانە بکرێت،دەبینرێت لە نێوانیاندا بۆچوونی هاوبەش و جیاواز و دژ بەیەکیش،سەبارەت بە لێکدانەوەی زمانوەرگرتن لای منداڵ هەن،بەڵام نابێت نکوڵی لەوە بکرێت،لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەکردنی زانستدا،ژیان و هەموو دیاردەکانی،زیاتر و ڕوونتر ڕاڤەدەکرێن،بۆیە بۆچوون و تیۆرە نوێیەکان سەرکەوتووترن،لەبەرئەوەی لە

---

1 - بەکر عومەر عەلی،٢٠١٤،ل٥٤ ٠

2 - ئەم حاڵەتەم لە(ئاسۆس) بینیوە،لە نێوان تەمەنی دوو بۆ سێ ساڵاندا لە جیاتی ئەوەی بڵێت(دووسەدوپەنجا) دەیگووت(دووپەنجا)واتە چوار پیتی(س،ە،د،و) پێکەوە دەرنەئەبڕی کە دەکاتە وشەی(سەد) و مۆرفیمی بەندی(و)٠

ئـەنجامی ڕەخنـە و کەموکوڕییـەکانی ئەوانـەی پـێش خۆیان،هاتوونەتـە ئـاراوە،بـۆیـە دەتوانرێـت بگـوترێت،تیـۆری هـۆشگـەرایی،یـان تیـۆری بـایـەلـۆژی و زمـانـەوانـی،کە لـەم لێکۆڵینـەوەدا جـەختی کراوەتەسـەر و بەکارهێنراوە،ڕوونـتریـن لێکدانـەوەی بـۆ زمـانوەرگرتن لای منـداڵ کردووە،چونکە ڕەهەنـدی بۆمـاوەیی و ژینگەیـشی فـەرامۆش نەکردووە،بـەڵام یەکـەمیان(توانـست) بـە کرۆکی زمان و ڕێکخەری(توانا)دووەمیان دادەنێت.

## ٥/٢)قۆناغە کردەییەکانی زمانوەرگرتن لای منداڵ

کاتێك منـداڵ لـەدایك دەبێت،مـرۆڤێکی تـەواوە بـە قەبارەیـەکی بـچووك،بۆیە جیـاوازیی لـەگەڵ گـەورەکاندا ئەوەیە،کە ئەندامەکانی لەشی،وەك هی مرۆڤێکی پێگەیشتوو ئامـادەنین،بۆ هەڵـسوڕاندنی کاروبارەکـانی ژیان،بـە تایبـەت ئـەو ئەندامانەی،کـە بەشـدارن لـە پرۆسـەکانی زمانـدا،بۆ وێنـە منـداڵ دەسـتبەجێ دوای لـە دایکبـوون ناتوانێـت قـسەبکات،بەڵام لـە یەکـەم سـاتی هاتنەژیانەوە،دەکەوێتـە جموجوڵ و هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان و خۆسازاندن لە گەڵ دەوروبەر و ژینگەی تازە.

بێگومـان لـەم کـاتەدا هـەوڵـەکانی زۆر سادە و سەرەتـایین،چـونکە وەکـو تێبینـی کـراوە و دەکرێـت منداڵ لـەم سەرەتای تەمەنەدا زۆربەی کاتەکانی ژیانی بە خەو بەسەردەبات،جگە لەو کاتانـەی کـە بـە ڕەمەکی خواردن و گریان لە تاو ئـازار و برسـێتی سـەرما و گـەرما و،تـا ڕادەیـەك بێـدەنگی و گروگـاڵ، سەرقاڵە.ئـەم قۆناغـەی تەمـەنی منـداڵ لای نەتـەوەی کورد،چـەند وشـە و زاراوەیـەکی جۆراجـۆری بـۆ دانراوە،کـە گونجـاون لەگـەڵ تایبەتمەندییـە جەسـتەیی و دەروونیـەکانی منداڵـدا،وەك(مەلۆتکـە، قومات،شیرەخۆرە،بەرمەمکە،کۆرپە،سـاوا)،جگـە لـە وشـەی منـداڵ کـە بـۆ تێکـڕای تەمـەنی منـداڵی بـەکاردەهێنرێت.دیـارە لـەش سـاغی و تەندروسـتیی تـەواو و پاراسـتنی شـیرەخۆرە،لە نەخۆشـی و خواردنی پێویست و بەردەوام،لە هۆکـارە سـەرەتاییە گرنگەکانن،کـە یارمـەتی دەدەن،بـۆ ئـەوەی لـەو بـارەدا نەمێنێتـەوە و ڕۆژ بـە ڕۆژ گەشـە بکـات،خێراتر لـەو کۆرپانەی،کـە ئـەم پێداویـستییانەیان بـە شێوەی کەم و ناڕێك بۆ دابین دەکرێت.دەرکەوتووە،ئاگالێبوونی شـیرەخۆرە لـەم تەمەنەدا،کاریگـەریی بەسەر قۆناغەکانی تری تەمەنی منداڵییەوە،لە گەشـەکردنی لایـەنی جەسـتەیی و مـەعرییفیش دەبێت، وەك جووڵـە و هەڵـسوکەوت و پێگرتن،هـەروەها بـەهێزبوونی بـیر و هـۆش و لێکدانـەوە،فێربوونی زانیارییـەکان،وەرگرتن و فێربـوونی زمـانیش.کۆرپـە دوای لـەدایکبوون،ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ گەشـەکات و ئەندامەکانی لەشی دەکەونە جووڵە و ڕاهێنان،لەگەڵ ڕاوەشاندن و جووڵەپێکردنی دەست و قاچـەکانی، ئـەو ئەندامانەش،کـە بەشـدارن لـە بەرهـەمهێنانی زماندا،دەکەونـە کـار و ئامـادە دەبـن بـۆ ئـەوەی لـە داهاتوودا زمان وەربگرێت.

واتە ئـەندامـەکانی بیستن،کـە لە گوێیەکـان و ناوەند و دەمـارەکانی بیستن لـە مێشکدا پێکدێن،گـەشە دەکـەن و دەچـنە قۆنـاغێکی نوێوە،بـۆ بیـستنی دەنگـەکانی زمـان.بـە هـەمان شـێوە ئەندامـەکانی دروسـتکردنی دەنگـیش،وەك سـییەکان و ژێیـەکانی دەنـگ و قـورگ و زمـان و لێـو ...هتد،شـوێنی بەرپرسیان لە مێشکیشدا،وردە وردە پێدەگەن بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ بەگشتی و دەنگەکانی زمان بـە تایبەتی،کە سەرەتاکەی بە گریان دەستپێدەکات،سوود وەرگرتن لـە هەسـتی بینینیش،زیـاتر یارمـەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی لە دەوروبەرەکەی ڕابمێنێت و لە ڕێگەی کۆکردنەوە و گـەنجکردنی وێنەکانـەوە ئـەزموونی زانیـاریی و زمـانیی خـۆی پەرەپێبـدات.بـەم شـێوەیە پرۆسـەکە هەمەلایـەن و گشتگیر و تێکهەڵکێشە.

هەرچەندە منداڵ بـە توانـستێکی خۆڕسـك و سروشـتییەوە لـەدایك دەبێـت،بۆ فێربـوونی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی بـە گـشتی و وەرگرتنـی زمـان بـە تایبەتی،بـەڵام دەرکـەوتن و پێشکەوتنی ئـەم توانایە،بـە گەشەکردنی لایەنی بایەلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەسـتە،ئەم گەشـەکردنەش لای منـداڵان پرۆسەیەکی ئاسانە،چونکە کاتێك دێنەژیانەوە،هەموو زەمینەسازییەك بۆیان ئامادەیە لە بوونی بنەمای بایەلۆژی و ژینگەی خێزان و کۆمەڵگا،بۆیە ئەوەی لێرەدا گرنگە،قۆناغ بە قۆناغی ڕوودانی پرۆسەکەیە:

### ٢/٥-١)قۆناغی گریان-هاوارکردن(Crying)

کۆرپە لە یەکەم چرکەی لەدایکبوونیدا دەگری،یان بە واتایەکی تر،بەگریانەوە لەدایکدەبێت و پێشوازی لـە ژیـان دەکات،ئەمـەش بـە هـۆی کەوتنـەکاری کۆئەنـدامی هەناسـەوە،کە پێـشتر ئامـادە بـووە بـۆ پرۆسـەیەکی بایـەلۆژی،وەك (هەناسـەوەرگرتن و هەناسـەدانەوە)،دواتـریش لـەم پرۆسـەیە کـەڵك وەردەگرێـت،بۆ دەربڕینـی دەنـگ و ئاخـاوتن.هـەر بۆیـە یەکـەم حاڵـەتی گریـان لای منـداڵ شـتێکی خۆنەویستە و دیاردەیەکی بایەلۆژیی پەتییە،ئەمـەش لـە ئـەنجامی چوونی هـەوا بـۆ نـاو سـییەکان بـۆ یەکـەم جـار و گەڕانـەوەی،یان دانـەوەی،ئازارێك دروسـتدەکات و گریـان ڕوودەدات،نیـشانەیە بـۆ تەندروستیی تەواوی منداڵەکەش،کەواتە منداڵ لەم کاتەدا بەکردەوە نە زمـان دەزانێت،نـە دەشـتوانێت لە ڕێگەی هیچ دەزگایـەکی پەیوەندییەوە،پەیوەنـدیی خـۆی لەگـەڵ دەوروبـەردا دروسـتبکات[1]. پـاش ماوەیەکی کورت گریانەکە دەبێتە هاوار و هۆکارێکی خۆویست بە دەستی منداڵەوە،بۆ پەیوەنـدییکردن و داواکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی،لە ئەنجامی ئەمەشدا گریانی منداڵ گەشە دەکات و جیـاواز و تایبـەت دەبێـت بـە پێویـستیی و بـارە جیـا جیاکـانی ژیـانی،لێرەوە جۆرەکـانی گریـان و ماناکـانی دەردەکەون و دەناسرێنەوە،بە تایبـەتی لای دایـك، هـەروەها ئـەو کەسانەش،کە(دایـە)ن و ئـەرکیان

[1] - محمد رضا باطنی،١٣٨٨،ص١٤٤ .

بەخێوکردنی منداڵە و نزیکن لێیەوە٠ئەمەش لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و بە دەمەوەچوونی منداڵەوە،لە کاتی گریانیدا،بە دەستهاتووە٠

لەم قۆناغەدا گریانی شیرەخۆر بۆ سێ مەبەستە[1]:

١/ هاواری ئاماژەکردن بە برسێتی،ئەمەش لە پاش ژەمی یەکەم بە(٢-٤)کاتژمێر دەبیستین٠

٢/ هاواری ئاماژەکردن بە ئازار،هاوڕێ لەگەڵ تێکچوونی دەماری ڕوومەت و گرژبوونەوەگەلێك لە ماسولکەی جەستەدا٠

٣/ هاواری ئاماژەکردن بە تووڕەیی،ئەمەش لە هی برسێتی دەچێت،بە پاڵنانی بڕێکی زیاد لە هەوا لە ڕێگەی دەنگەژێکانەوە ڕوودەدات٠دەبینرێت گریان لەسەرەتادا،وەکو زمانێك دەردەکەوێت،چونکە دەبێتە هۆی لێتێگەیشتن و پەیوەندیکردن،وە لە نێو منداڵانی جیهانیشدا زمانێکی گشتی و هاوبەشە٠ ئاشکرایە،کە منداڵی ساوا بار و حاڵەتی جۆراوجۆری زۆرە،بۆ ئەوەی بە زمانی گریان دەریانبڕێت و دەوروبەری لێ ئاگاداربکاتەوە،وەك(برسێتی،سەرما،گەرما،خەو،خۆپیسکردن و جۆرەها نەخۆشی هەریەکەیان بە جۆرێکی تایبەت لە ئازار)،واتە لە ناو ئاوازی گریانی منداڵدا،زۆر خەم و خواست هەن،کە لە هی مرۆڤە بەتەمەن و پێگەیشتووەکان کەمتر نین،بۆیە هەرچەندە لێکۆڵەران و نزیکان و بە خێوکەرانی منداڵ جۆرەکانی دیارییکەن و هەوڵبدەن بیانناسنەوە،بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە پەی بە هەموو نهێنییەکانی گریانی منداڵ ببەن و شیبکەنەوە،چونکە گریان لە بری سەدان وشە و هەزاران ڕستەیە،بۆیە وەکو زمانی گەورە لێوانلێوە لە تەمومژیی و شتی نادیار و شاراوە،ئەگەر گەورە بتوانێت لێڵی و تەمومژییەکانی وشە و ڕستەکانی زمانی قسەکردنەکەی برەوێنێتەوە،لە ڕێگەی دەوروبەری ئاخاوتن و وشە و ڕستە و دەربڕینی ترەوە،ئەوا منداڵان ئەو توانایەشیان نییە،لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت،گریانی منداڵ زمانێکی ئاڵۆزترە و تێگەیشتن لێی ئەستەمترە وەك لە زمانی ئاسایی،ئەگەر بەراورد بکرێت بە گریانی کەسە گەورەکانیش،ئەوا زۆر هەست و خواست هەن،کە هێماکانی زمان ناتوانن دەریانبڕن و دەریانبکەنە دەرەوە،بۆیە مرۆڤ بە گریان بەرجەستەیان دەکات، هەر ئەم گریان و هاوارەشە گەشەدەکات و لە قۆناغەکانی دواتردا،یەکسان دەبێتەوە بە زمانی ئاخاوتن و پەیوەندی،بەم مانایە گریان بە لای کەمەوە لە مانگەکانی یەکەمدا،جۆرێکە لە زمان بەبێ قسەکردن،لەبەرئەوەی منداڵ شێوازی جیاوازی پەیوەندیی پێدروستدەکات،بۆ دەربڕینی ناڕەحەتییەکانی،بەبێ بەکارهێنانی دەنگە ئاساییەکانی زمان٠کاتێکیش پێدەگات،ئەم گریانە یارمەتیی دەدات،کە چۆن دەنگە زمانییەکان (فۆنیمەکان)بەرهەمبهێنێت[2]،کەواتە گریانی سەرەتای ژیانی منداڵی،ڕاهێنانێکی هەم سروشتی و هەم خۆکردە،بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان،کە بە ناسینەوە و گۆکردنی دەنگەکانی زمان دەستپێدەکات٠

---

1 - محەمەد عودە ئەلریماوی،٢٠١١،ل١٣٠٠

2- Thomas Scovel-1998-p8 .

مـەبـەست لـە ڕاهێنانی سروشتی،دەربڕینی ئـەو دەنگانەیە،کە سروشتیین و پـەیوەندییان بـە خواسـت و ویستی منداڵەوە نییە((ئەم جۆرە دەنگانە لای منداڵ بەبێ ئیرادە و خۆبۆمانـدووکردن و خـۆفێرکردن و لاساییکردنەوە،دەردەبڕێن،چـونکە بـەهۆی حاڵەتـەکانی تـەنی و دەروونـی بەرپادەبن،ئـەم ئیسارەکردنە بەپێی پەیوەندیی سروشتی دەبێت،کـە ئەندامـەکانی گـوتن بـە بارەکـانی تـەن و دەروون دەبەستێتەوە،بە جۆرێك کە ئـەندامەکانی گوتن ئامێریی دەنگەکە بڵێت،هـەرکات یەکێك لە حاڵەتـەکانی وەك ترس و ئێش و برسێتی و دڵخۆشی و تووڕەیی ٠٠٠٠هتد ڕوودەن))[1]٠

هـەرچی ڕاهێنانی خـۆکردیشە،بەپێی ویست و تـوانای کۆرپە دەبێت،بۆ ئەوەی ئـەم دەنگانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی بەکارهێنانی خۆیەوە،تا وەك زمانێکی سەرەتایی لە پێناوی ژیان و مانەوەی خۆیدا سوودی لێوەربگرێت،هەر ئەمەش لە ژیانی مرۆڤدا ئەرکی سەرەکی و گرنگی زمانە

ئـەمەش بەڵگەیەکە بـۆ ئـەو ڕاوبۆچوونەی،کە پێیوایـە زمـان مـاکێکی بـایەلۆژی و سروشـتیی هــەیە، چونکە ئەگەر زمانوەرگرتن کۆمەڵە قۆناغێکی بە شوێن یەکداهاتووبێت،ئەوا بیستن و ناسینەوەی دەنگ و دواتریش دروستکردن و دەربڕینی،هەنگاوی یەکەمی پرۆسەکەیە،وەك لە بەشـی یەکەمـدا خرایـەڕوو[2] منداڵ لە قۆناغی پێش لەدایکبووندا،دەکەوێتە ژێر کاریگـەریی دەنگـەکانی زمـانی دایکـی،دوای ئـەوەی هەستی بیستنی پێگەیشتووە بۆ ئەم کارە،لە ئەنجامی بیستن و گوێلێبوونی بەردەوامی ئاوازی دەنگـی دایکی،پێش و پاش لەدایکبوون،کۆرپـەکـە دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی،کە هێـز و ئـاوازی دەنگـەکانی زمـانی دایکـی لـە هـی زمـانێکی تـر جیابکاتــەوە٠ئـەم قۆناغـە لـە دەربڕینـی دەنگ،لـە لەدایکبوونـەوە،تا دەستپێکردنی قۆناغی گڕوگاڵ،لای زانایان ڕای جیاوازی لەسەرە،((Stein)وایدەبینێت کـە بـۆ مـاوەی دوو مانگ بەردەوام دەبێت (Buhler)یش پێیوایە چوار مانگ دەخایەنێت))[3]،ئەم جیاوازییـە لەسـەر مـاوەی بـەردەوامبوون و کۆتـایی هـاتنی هـاوار و گریـانی منـداڵ شـتێکی ئاساییە،چونکە لەوانەیـە لـە منداڵێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕێت و جیاوازبێت،ئەمەش بەپێی ڕادەی گەشە و پێگەیـشتن و پێکهاتـەی جەستەیە٠منـداڵ لـەم کاتـە بـە دواوە واز لـە گریـان ناهێنێت،بـەڵام بـەم تایبەتمەندییـە نا،چـونکە لـەم تەمەنەدا،منداڵ هـیچ هۆیـەکی دەربڕینـی دیکـەی نییە،جگـە لـە گریان،بـەڵام لـە قۆناغـەکانی دواتـردا، هاوکات لەگەڵ گریان و هاواردا،یەکـە و پێکهاتـە زمانییـەکان چـەکەرە دەکـەن و منـداڵ بـۆ دەربـڕین و پەیوەندیکردن،سوودی زۆریان لێوەردەگرێت٠

وا تێبینـی کراوە،کـە قـۆناغی گریـان لای منـداڵ سـێ مـانگی تـەواو دەخـایەنێت،واتـە لـە سـەرەتای مـانگی چوارەمەوە گڕوگاڵ دەستپێدەکات،ئەمەش دیسان لەوانەیە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بێت و گشتی

---

1 - عەبدولواحید ئەلوافی،٢٠٠٧،ل١٤٤ ٠

2 - بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:(١/٥–٢)ل١٨ ،هەروەها(١/٥–٥)ل٢٣ ٠

3 - محەمەد عودە ئەلریماوی،٢٠١١،ل١٩٣ ٠

نەبێت،چونکە ئەم زانیارییە بە کردەوە، تەنها لە ژیانی یەك منداڵ وەرگیراوە،ناشکرێت هەموو منداڵان پێکەوە بخرێنە ژێر ئەزموون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکان،بەڵکو دەبێت ڕێژەیەکیان لێوەربگیرێت، پاشان ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەگشتێنرێت.لەم قۆناغەی دەنگدا،کە گریانە مەبەست و واتا و پەیوەندیی هەیە،واتا منداڵ دەنگی گریان بۆ ئەوانە بەکاردەهێنێت،بەڵام یەکە زمانییەکان،کە سەرەتاکانیان بە ناسینەوە و جیاکردنەوە و دەربڕینی دەنگە(گیر)و(ڕەوان)[1]ەکانی زمان و دروستکردنی بڕگە لێیان دەستپێدەکات ناکەونە ناو ئەم قۆناغەوە.گەشەی منداڵ لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە،زۆر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە و ناتوانرێت بە وردیی و بەپێی یەکە بچووکەکانی کات،وەك ڕۆژ و سەعات و خولەك دیارییبکرێت،بۆیە زانایان تەمەنی منداڵیان بەگشتی و وەرگرتن و فێربوونی زمانیشیان بە شێوەیەکی تایبەتی،کە دیاردەیەکە لەو تەمەنەدا، بۆ چەند قۆناغێك دابەشکردووە، دیسان قۆناغەکانیش بەهۆی لێکنزیکی و تێکهەڵکێشییان، لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز هەڵدەگرن.

زمان وەك دیاردەیەك،تەنها ڕوویەکی بایەلۆژی نییە،کە هەوڵبدرێت و بتوانرێت،پێکهاتەکانی بەشێوەیەکی ماددی و ئامێریی شیبکرێنەوە،چونکە زمان ئاوێتەیە بە لایەنە گیانی و واتاییەکانی ژیان و کەسێتیی مرۆڤ.دەنگەکان(فۆنیمەکان)،کە لایەنی کۆنکریتی زمانن،تەنها کاتێك دەبنە زمان،کە واتایەك بگوێزنەوە و ئەرکێکی پەیوەندیکردن ڕاپەڕێنن.پەیوەستبوونی دەنگ و واتا پێکەوە لە قۆناغە هەر گرنگەکانی زمانوەرگرتنە لای منداڵ،کە لە ئەنجامی ڕوودانی سێ پرۆسەی گرنگی زمانییەوە بەرهەمدێت،ئەوانیش بریتیین لە(بیستن–تێگەیشتن–قسەکردن).بیستن ڕێگەیەکە بۆ ناسینەوە و لێك جیاکردنەوەی دەنگەکان(فۆنیمەکان)ی زمان،ئەم قۆناغەی بیستن،دەبێتە هۆی تێگەیشتنی منداڵ لە پەیوەندیی نێوان ئەو چەپکە فۆنیمە و واتاکەی،کە لە کەسانی دەوروپشتییەوە گوێی لێدەبێت،لێرەدا ڕۆڵی لاساییکردنەوە دەردەکەوێت بۆ وەرگرتنی وشەکانی زمان و لێتێگەیشتنیان لەلایەن منداڵەوە.

دوای بیستن و تێگەیشتن،منداڵ هەوڵدەدات ئەوەی بیستوویەتی و تێگەیشتووە،خۆی بەرهەمی بهێنێت و بە دەنگ دووبارەی بکاتەوە،بەڵام یەکسەر ناتوانێت،بۆیە قسەکردن دەکەوێتە دوای بیستن و تێگەیشتن،بۆ نموونە کاتێك منداڵێك لە خێزانێکدا دێتەژیانەوە،سەرەتا چەندەها جار گوێی لە دەربڕین و وتنی وشەی(دایە)دەبێت لەلایەن خوشك و برا گەورەکانییەوە،دواتر تێدەگات پەیوەندییەك هەیە لە نێوان وشە،یان کۆمەڵە دەنگی(دایك)و ئەو ژنەی،کە وا بانگ دەکرێت،سەرەنجام هەر کاتێك وشەی(دایە) ببیستێت،ئەو ژنەی بیر دەکەوێتەوە،با لەو کاتەشدا ئامادە نەبێت.دوای ئەم ڕووداوانە منداڵەکە هەوڵدەدات خۆی وشەی(دایە)بڵێتەوە،بەڵام ناتوانێت چونکە ئەندامەکان بۆ دەرکردنی ئەو دەنگانەی،کە وشەی(دایە)ی لێدروستبووە پێنەگەیشتوون،یان منداڵ ئەو دەنگانە پێکەوە و لە یەك

---

[1] - زاراوەی(ڕەوان)بەرامبەر دەنگی(بزوێن)و زاراوەی(گیراو)یش بەرامبەر دەنگی(نەبزوێن) بەکارهێنراوە،چونکە ئەم دوو زاراوەیەمان لە هەموو زاراوە کوردییەکان و زاراوەکانی(vowel)و(consonant)ی ئینگلیزیش بە پەسەندتر و زانستی تر زانیوە.

کاتدا فێرنابێت،بۆیە فێربوونی دەربڕینی دەنگ لای منداڵ پێویستیی بە کات و قۆناغە،هەروەك چۆن بیستن و تێگەیشتنیش هەنگاو بە هەنگاو ڕوودەدەن،کەواتە زمانوەرگرتن بریتییە لە کۆمەڵە پرۆسەیەکی زمانیی وردتر،کە لەپڕێکدا و لە خۆوە ڕوو نادەن،بەڵکو بەپێی کۆمەڵێك هەلومەرجی خودی و بابەتی و گەشەیی و ژینگەیی دێتەبەرهەم ٠

تێبینی ئەوە کراوە((هەرکاتێك منداڵ لەبارێکی تەندروستیی تەواودا بوو،ئەوا چالاکتر و بە تواناتر دەبێت بۆ دەستهێنانی زمان،ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرزتردا دەژین،گەشەی زمانەوانییان لەوانە باشتردەبێت،کە لەژینگەیەکی هەژارتردا دەژین))[1]٠هەرچەندە گریانی منداڵ سەرەتایەکە بۆ دەربڕین و فێربوونی ئاخاوتن،بەڵام سەرەتای کردەیی بۆ وەرگرتنی زمانی دایك لەو کاتانەوە دەستپێدەکات،کە ئەندامەکانی ئاخاوتنی منداڵ بە دەرکردن و گۆکردنی فۆنیمەکانی زمانی دایك ڕادێن، لێرەوە زمانەکان لەیەکتر جیادەبنەوە و وەرگرتنی زمانێکی تایبەت لای منداڵ دەستپێدەکات٠

## ٢/٥-٢)قۆناغی گڕوگاڵ(Babbling stage)

دوای ئەوەی منداڵ لە قۆناغی یەکەمدا،بەهاوارکردن و گریان ئەندامەکانی ئاخاوتنی خۆی تاقیکردەوە، لەم قۆناغەشدا جۆرێکی جیاوازتر لە دەنگ دەردەکات،چونکە لە ڕووی دەروونییەوە،ئەگەر بە گریان ناڕەزاییەکانی دەربڕێت،ئەوا بە گڕوگاڵ باری ئارامی و ئاسودەیی خۆی پیشاندەدات٠ ئەم جۆرە دەنگە بریتییە لە کۆمەڵێك ئاوازی نەرم و ڕێکوپێك و یەك ڕیتم،لەو کاتانەدا لە دەمی منداڵ دێنەدەرەوە،کە هیچ گرفتێکی،وەك ئازار و برسێتی نەبێت،دەنگێکی هێندە لەسەرخۆ و ئارامە، گوێگرتن لێی بۆ کەسانی دەوروبەری منداڵیش جێگەی خۆشحاڵی و کامەرانییە،بێگومان ئەمەش لەم کاتەدا هەر بە هۆی بێ کێشەیی منداڵەوەیە٠

وشەی(گڕوگاڵ)ی منداڵ،لای کورد لەوە دەچێت لە وشەی(قاڵەقاڵ،یان قڕوقاڵ)ی کەسانی گەورەوە هاتبێت و وەرگێرابێت،لە ناوچەی هەولێریشدا،گارەگاری بۆ بەکاردێت،چونکە ئەم ئاوازە لە کۆمەڵە دەنگێکی تێکەڵ بە یەك،وەك غەڵبەغەڵب پێکدێت،وەك دەنگی کەسە گەورەکان،کە تێکەڵ بە یەك دەبن و هیچ شتێکی لێتێناگەین،بەڵام جۆری یەکەم،دەنگی یەك کەسە و ئاوازەکەی هێمنتر و جێگیرترە و لە چەند دەنگێکی دیاریکراو دروستدەبێت،بە بەراورد بە جۆری دووەم،کە دەنگی کۆمەڵە کەسێکە و پڕیەتی لە ئاوازی بەرز و نزمی دەنگی جۆراوجۆر٠ئەم قۆناغە بە پێی تاقیکردنەوە دەرکەوتووە،لە سەرەتای مانگی چوارەمەوە دەستپێدەکات،واتە ڕاستەوخۆ دوای بڕینی قۆناغی(سێ مانگ گریان و بێدەنگیی و خەو)لە لایەن منداڵەوە٠هەندێك لە زانایان ئەم قۆناغە دەبەنەوە بۆ پێشتر و

---

[1] - ،عەباس مەحمود عەوەز،٢٠١٢،ل٧٦ ٠

پێیانوایە،منـــداڵ لـــە تەمـــەنی دوو مانگیـــدا دەســـتدەکات بـــە دەرکردنـــی هەنـــدێك دەنگ،وەکـــو (گمەگمی)کۆتر،لە دەنگە دەنگ،یان ژاوەژاوێکی ڕوون و ناسراو دەچێت،کە وەسفکردنی گرانە. ئـەم دەنگانە بۆ دەنگی تر لە شەش مانگیدا دەگۆڕێن،کە جۆرێکن لە یارییە دەنگییەکان،تێیاندا زنجیرەیەك بڕگەی بێ واتا و پێکەوە نەبەستراو دەردەکەون،لەم قۆناغەدا منداڵ هەندێك دەنـگ دەردەکات،کـە لـە دەوروبەرەکەیدا نییە[1].

لەم قۆناغەدا دەنگەکانی زمانی دایك وردە وردە لای منداڵ دروستدەبن،بە پێی ئەو توێژینەوانەی،کە لە سەر گەشەی زمان لای منداڵان کراون،دەنگ(فۆنیم)ە ڕەوانەکان پـێش دەنگـە گیرەکـان دەکـەون لـە دەربڕین و دروستبووندا و دەبنە سەرەتای گەشەی زمان،بە هۆکاری ئـەوەی ئـەم دەنگانـە ئاسـانن لـە وتندا،چونکە لەگەڵ ئەندامە نەرم و ناسکەکانی ئاخاوتنی منداڵدا،لـەم قۆناغـەدا هاوئاسـت و گونجـاون. بـەڵام دەشـتوانرێت بگوترێت،دەنگـە ڕەوانـەکان بەشـێوەیەکی ڕوون و دیـار لـە گرۆگـاڵی منداڵـدا ناناسرێنەوە،بەڵام بێگومان یەکەمین دەنگی زمانی،کە زۆر بـە سـوکی لـە سـەرەتای ئـەم قۆناغـەدا لای منداڵ دەردەکەوێت دەنگی گیراوی(غ)ە،هەربۆیە زۆرجار بەگرۆگاڵیش دەوترێت(ئغەکردن)[2]،ئەگـەر بـە وردی گوێ بۆ دەنگی منداڵ بگرین لەم کاتەدا،ئەم ڕاستییەمان بە جوانی بۆ ئاشکرا دەبێت.

هەندێك جاریش دەوترێت منداڵەکە(ئغەئغ)دەکات،ڕاستە دەنگە ڕەوانەکان لە سازگەکانیاندا بە ئاسـانی دروستدەبن و هیچ ڕێگرییەك لە بەردەم هاتنەدەرەوەیاندا نییە،بـەڵام بـۆ دروسـتکردنیان هـەوای زۆر و هەناسەی قووڵیان دەوێت،ئەمەش لەسەرەتاوە لە توانای منداڵدا نییە.بۆ دەرکردنی دەنگە ڕەوانـەکان، پێویستە بۆشایی ناودەم بە بەردەوامی کراوە بێت و شەپۆلی هەواش بەردەوام بێت،واتە منـداڵ دەبێـت بـەخێرایی هەناسـە بدات،بۆیـە دەبێتـە بـارگرانی بـۆی لـە دەربـڕین و گـۆکردنی دەنگـە ڕەوانەکانیـدا. دەشتوانین بڵێین منـداڵ لەسـەر دەربڕینـی دەنگـە ڕەوانـەکان لـە قۆنـاغی گریـان و قیـژەدا ڕاهـاتووە، چونکە بۆ ماوەیەك هەمیشە دەگری،بەڵام ئەمەیان بە ناچارییە و پێویـستە،نەك وەکـو گرۆگاڵ،کـە لـە بارێکی ئاساییدا ئەنجامدەدرێت.بۆیە لە دەنگـی گریـانی منداڵـدا،ناتوانرێت دەنگـە ڕەوانـەکان بـە جیـا بناسرێن و دەستنیشان بکرێن،چونکە دەنگی منداڵ لە کـاتی گریاندا،لـە کۆمەڵـە دەنگێکـی درێـژ و بـە یەکداچوو دروستدەبێت،کە سنوری نێوانیان ئاشکرا نییە.

دەرکەوتنی یەکەمین دەنگی زمانی لـە قۆنـاغی گرۆگاڵـدا بـە ڕوونـی،هیچ یـەکێك لـە دەنگـە ڕەوانـەکان نییە،هەروەها لە ناو دەنگە گیراوەکانیشدا،تەنها دەنگی(غ)ە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسـانییەکەی لـە دروستبوون و دەرچووندا،چـونکە دەنگێکـی((خـشۆکی،گڕی،مەلاشوویـیە–نـەرم))[3].ئـەم دەنگـە وەهـا

---

1 – بڕوانە: ر.ل.تراسك،٢٠٠٢،ص١٥٥ .

2 -محەمەد عودە ئەلریماوی،٢٠١١،ل١٩٤ .

3 – غازی فاتح وەیس،١٩٨٤،ل٦٠ .

دەبینرێت،ساناترین دەنگی زمانییە،کە منداڵ لەم قۆناغەدا دەریدەبڕێت،چونکە نە جوڵانەوەی لێو و ددان و گشت زمانی دەوێت،نە کرانەوەی دەم بە بەردەوامی و نە هەوای زۆریشی دەوێت،بەڵکو لە کاتی گەڕانەوەی هەوای ناو سییەکان و تێپەڕبوونی بە سەر ژێکانی دەنگدا،پشتی زمان زۆر بە سووکی و لە سەرخۆیی بەر مەڵاشووی نەرم دەکەوێت و ئەم دەنگە لە سەرەتای بۆشایی ناو دەمدا دروستدەبێت٠بەڵگەیەکی تر بۆ دەرکەوتنی دەنگی(غ) بۆ یەکەم جار لە زمانوەرگرتنی منداڵدا ئەوەیە، گڕوگاڵ خوّی بریتییە لە دووبارەکردنەوە و یاریکردن بەم دەنگە٠بۆیە ڕاستتر وایە بگوترێت قۆناغی(غغەکردن)نەك(ئغەکردن)، هەرچەندە(ئـ)ش دەنگێکی زمانی نییە و تەنها دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکییە[1]٠دیارە وەکو پێشتر گوترا ئەم دەنگە گیراوە و بە تەنها نایەتەدەرەوە،یان گۆناکرێت، لەبەرئەوە پێویستی بە یەکێك لە دەنگە ڕەوانەکان هەیە بۆ دەربڕینی،بۆیە شتێکی ئاساییە دەنگی ڕەوانیشی لەگەڵدا دروستدەبێت،بەڵام بەپێی وردبوونەوە لە(غغەکردن)ی منداڵ،دیارنییە ئەو دەنگە ڕەوانەی،کە لەگەڵیدا دروستدەبێت کام لە دەنگە ڕەوانەکانە،لەبەرئەوە ئەوەی منداڵ دەریدەبڕێت، بڕگەیەکی تەواو ئاشکرا و ناسراو نییە،وەك بڕگەکانی(غا،غە،غو،غۆ،غی،غێ)،تاکو دەنگە ڕەوانەکەمان بۆ ڕوونبێتەوە٠بێگومان ئەمە بە پێوەری گوێگرتن و بیستنی ئاسایی،بۆیە کاتێك دەنگە ڕەوانەکە هیچ یەکێك لەوانەی سەرەوە نەبێت،ئەوە لەوە دەچێت بزرۆکە بێت،چونکە بزرۆکە خۆی لە بڕگەدا،وەك دەنگە ڕەوانەکانی تر ڕوون دەرناکەوێت٠

کەواتە هاتنی دەنگی ڕەوانی(بزرۆکە)لەگەڵ دەنگی(گیراو)ی(غ)دا،دەبێتە یەکەمین بڕگەی دەرکەوتوو لای منداڵ لە قۆناغی گڕوگاڵدا٠ئەمە لە سەرەتادا، بەڵام دواتر(غغەکردن)،لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ڕاهاتنی زیاتری ئەندامەکانی ئاخاوتنی منداڵ گەشەدەکات و دەربڕینی دەنگەزمانییەکانی تر و بڕگەی تریشی بە دوادادێت٠بەڵگەیەکی تر بۆ زووتر دەرکەوتنی دەنگی(غ)،بەروارردکردنیەتی بە دەنگێکی نزیك لە خۆی،کە دەنگی(خ)ە،ئەم دەنگە هاوشێوەیەتی،بەڵام تەنها لەوەدا جیادەبنەوە،کە ئەم دەنگێکی کپە،کەچی(غ)گڕبوو،بۆیە دەنگی(خ)منداڵ ناتوانێت لەم کاتەدا دروستیبکات،چونکە لە کاتی دەربڕینیدا،دواوەی زمان بەهێز بە مەڵاشووی نەرمەوە دەنووسێت،ئەمەش هێز و وزەیەکی زیاتری دەوێت،وەك لە دەرکردنی دەنگی(غ)لەبەرئەوە منداڵ ئەم توانایەی نییە لەم کاتەدا گوێ بکات،بۆیە دروستبوونەکەی،یان دەربڕینەکەی دەکەوێتە قۆناغەکانی پاشتر لای منداڵ[2]٠

---

[1] – بەکر عومەر عەلی،چاوپێکەوتن،زانکۆی سلێمانی،٥/٥/٢٠١٣ ٠

[2] – ئەم دوو دەنگە(غ،خ)لە زۆر حاڵەتدا دەبنە ئەلۆفۆنی یەکتر لە زمانی کوردیدا((تا ماوەیەکی زۆر ئەم دوو دەنگە جێگەی خۆیان دەگۆڕییەوە،بێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕن،تا ئێستاش ئەم دیاردەیە بەردەوامە بڕوانە:باخ–باغ،وەجاخ–وەجاغ،باخچە–باغچە٠٠٠هتد،بەڵام بوونەتە دوو فۆنیمی جیاوازیش بڕوانە:غار–خار(دڕك))٠ سەرەڕای ناوەڕاست و کۆتایی،لە سەرەتای وشەشەوە دێن(بڕوانە:خەم–غەم، خونچە –غونچە)،هەرچی وشەکانی(غار و خار)یشە،دوو وشەی سەربەخۆ و واتا جودان،بەڵام لە دوو شێوەزاری جیاوازدا٠هەرچەندە ئەم دوو دەنگە زیاتر لەوە دەچن،کە ئەلۆفۆنی یەکتربن،کەچی لە زۆر وشەی زمانی کوردیدا(غ)لە جێگەی(خ)بەکارنایەت،وەك وشەکانی(خوا،خوێن، خۆم، خەوتن، خۆر، شۆخ٠٠٠هتد)،ئەگەر بەکاریش بهێنرێت،لە ڕووی دەنگەوە لەنگی دروستدەکات،نەك لە ڕووی واتاوە٠بەروارردی هەردوو وشەی (خوێن،غوێن)بکە،لەگەڵ(خوێن،شوێن)دا٠بڕوانە: محمد معروف فتاح،١٩٩٠،ل١٣٠ ٠

تەماشای وشەکانی زمانی کوردی بە گشتی بکرێت،ئەو وشانەی کە ئەم دەنگەی تێدایە ڕووبەرێکی زۆر کەم لە زمانەکە داگیردەکەن،بە تایبەت ئەو وشانەی،کە لە دەوروبەر و ژینگەی منداڵدان و مەبەستی لێکۆڵینەوەکەیە،واتە ئەو وشە سەرەتاییانەی،کە منداڵ لە خێزانەوە وەریاندەگرێت،وەك (دایە،بابە،مەمە،دادە،ئاو،نان،٠٠٠٠هتد)،ئەم دەنگە نابێتە بەشێك لە پێکهاتەکەیان، پێشتریش ڕوونکرایەوە،جگە لە بڕگەی(غٛ)،هیچ بڕگەیەکی تر لەم دەنگە دروستنابێت،تا ببێتە بنەما بۆ دروستبوونی وشەی تازە لای منداڵ٠ڕەنگە نەبوونی وشەی پێکهاتوو لەم دەنگە،هۆکاریك بێت بۆ دروستنەبوونی بڕگەی تر لەم دەنگە،یان بە پێچەوانەوە،بۆیە ئەم دەنگە پاش ماوەیەك لە دروستبوونی لای منداڵ لە ناودەچێت و نامێنێت،تا ئەو کاتانەی،کە منداڵ زمانی دایکی وەردەگرێت٠

پاش ئەم ماوەیە،منداڵ دەستدەکات بە دەربڕینی دەنگە گیراوە لێوی و ددانی و لووتییەکان و پاشان دروستکردنی بڕگە لێیان،کە دواتر دەبنە زەمینە بۆ فێربوون و دروستبوونی هەندێك وشەی باوی دەوروپشت و ژینگەی زمانی منداڵ،وەك دەنگەکانی(د،ت،ب،ن،م)،ئەو بڕگانەی،کە دروستدەبن بە زۆری ئەمانەن(دا،دە،با،بە،تا،نا،نە،ما،مە)،لە کاتی دووبارەکردنەوەیاندا،دەبنە وشەکانی (دادا، دایە، دادە،بابا،بابە،بەبە،تاتا،تاتە،ماما،مامە،مەمە)،ئەگەر ئەمە بە ڕێکەوت دابنرێت لە زمانی کوردیدا،ئەوا ئەم وشانە تەنها لای منداڵانی کورد نابینرێن،بەڵکو لە نێو منداڵانی جیهاندا گشتی و جیهانین٠بەپێی ئەو بەراوردکارییەی،کە(لویس)لە زمانە جیاجیاکانی جیهاندا کردوویەتی،بۆی دەرکەوتووە،هەندێك وشە لای منداڵانی جیهان سەرەکی و بنچینەیین،وەك ئەمانە(بابا،نانا،ماما،تاتا،دادا)[1]،بەلاّم ئێمە نازانین ئایا هەریەك لەم وشانە لە زمانانی جیهانیشدا، هەڵگری واتای کەسێك،یان شتێکی نزیك لە منداڵن،وەك لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە،هەرچەندە ئەمە ئەوەندەی پەیوەستە بە ئاسانی دەنگەکان و توانای منداڵ بۆ دروستکردنیان،لە ڕێگەی جووڵەی بەردەوامی زمان و لێوەکان و دەمەوە،ئەوەندە پەیوەندیدار نییە بە بوونی ئەو وشانەی،کە دەبنە بەشێك لە دروستکردنیان٠

دروستکردنی بڕگە سەرەتایەکە بۆ پێکهێنانی وشە،هەرچەندە هەندێك وشە هەیە،خۆی تاکە بڕگەیەکە بەلاّم منداڵ،وەکو وشەیەك نایڵێت،چونکە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی پەی بەو پەیوەندییە ببات،کە لە نێوان وشە و شتەکەدا هەیە٠بۆ نموونە منداڵ کاتێك بڕگەی(با)دروستدەکات،قۆناغێکە پێیگەیشتووە، کە توانیویەتی لە دوو دەنگی پێشتر فێربووی(ب،ا)شتێکی،نوێی وەك(با)دروستبکات٠لێرەدا منداڵ

---

وەك یەك نەبوونیان لە دەربڕیندا،دەبێتە هۆی ئەوەی بە فراوانی لە جێگەی یەکتر بەکارنەهێنرێن، ئەگەر دوو فۆنیمی جیاش بن،ئەوا بێگومان(خ)ڕەسەنتر و چالاکترە لە زمانی کوردیدا،بەلاّم(غ)وەرگیراو و لاوازە٠ئەم زانیارییانەی سەرەوە بۆ ئەوە خرانەڕوو،لەوانەیە بگوترێت مادام دەنگی(غ)یەکەمین دەنگی زمانییە،کە لای منداڵ دروستدەبێت،بۆچی بڕگە و وشە سەرەتاکانی منداڵ لەم دەنگە پێکنایەن؟(جگە لە بڕگەی(غٛ)سەرەتای گڕوگاڵی منداڵ)،وەکو گوترا ئەم دەنگە بە بڕشت نییە لە زمانی کوردیدا ٠بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف،١٩٧٦،ل٤٩ ٠

[1] – عەبدولستار تاهیر شەریف،١٩٨٦،ل١٠٧ ٠

فێری ڕێکخستن و خستنەتەکیەکی دەنگەکان دەبێت،بەلاّم برگەی(با)هیچ کاتێك لای منداڵ وشەی(با) ناگەیەنێت،کە هێمایە بۆ ئەو هەوایەی ئێمە دەیزانین،هەرچەندە لە ڕووی کەرەستە و دەنگەوە هەمان شتن،بەلاّم دووەمیان چووەتە ناو پێڕەوێکی ئاڵۆزتری زمانەوە،کە هێما زمانییەکانن٠
بەم شێوەیە برگە،وەك پێکهاتەیەکی زمانیی بیّ واتا،لە دەوروبەری تەمەنی شەش مانگ و کۆتایی قۆناغی گڕوگاڵدا لای منداڵ دەردەکەوێت،لەم کاتەدا هەندێك برگە و دەنگی زمانیی لای ساوا دەبیسترێن،لەو زمانەدا نین،کە لە خێزانەکەیدا پێیدەدوێن٠ئەمەش ڕەتکردنەوە و پێچەوانەی بۆچوونی هەندێك لە زانایانی زمانە،کە پێیانوایە،لەم تەمەنەدا منداڵان دەنگەکانی تایبەت بە زمانەکەیان دەردەبڕن و دەڵێنەوە[1]٠هەوڵەکانی منداڵ بۆ دروستکردنی برگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن،لە ئەنجامی پێگەیشتنی زیاتری ئەندامەکانی ئاخاوتن و گوێگرتن و سەرنجی زیاتر لە وتوێژی کەسانی دەوروپشتی،تاوەکو دەگاتە ئاستێك،دەسەلاّتی دەشکێت بەسەر جیاکردنەوە و ناسینەوەی فۆنیمەکانی زمانەکەیدا،ئەمەش بە یارمەتیدان و زۆرترین قسەکردن لەگەڵیدا و هەوڵدان بۆ دواندنی،ئاسانتر دەبێت٠منداڵ بە هۆی برگەوە دەنگ و تواناکانی خۆی ڕێکدەخات و بۆ کاری گەورەتر ئامادەیان دەکات،کە دروستکردنی وشەیە،وەك یەکەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی زمان چونکە((برگە ڕۆحی زمانە٠٠٠ڕێکخەری زمانە٠٠٠٠پرۆسەیەکی گەورەی ئیکۆنۆمیە لە ژیانی مرۆڤدا))[2]٠
برگە،سازاندن و هەماهەنگیی دەنگەکانی زمانە لەگەڵ یەکتردا بەپێی کۆمەڵێك بنەما و یاسای ئاستی دەنگسازی هەر زمانێك،واتە دەنگە ڕەوان و گیرەکانی هیچ زمانێك،هەروا لە خۆوە ناچنەپاڵ یەك،بەڵکو بەپێی تایبەتمەندییەکانیان دۆستایەتی و لێکنزیکی،جیایی و دووری لە نێوانیاندا هەیە،هەر ئەمەشە وا دەکات هەر زمانێك پێڕەوێکی تایبەت لە فۆنیمەکانی خۆی هەبێت،کە جیای دەکاتەوە لە زمانەکانی تر،یاساکانی دەنگسازی بە تایبەتی و زمان بەگشتی،ڕەنگدانەوە و ڕوونکەرەوەی باری دەروونی و ناوەکی قسەپێکەران و بەکارهێنەرانیەتی٠ مەرجیش نییە هەموو دەنگەکانی(ب،ت،ن،م،د)پێکەوە لای منداڵ دەربکەون،بەواتایەکی تر منداڵ ئەو دەنگانە پێکەوە دروستناکات،لەو کاتەدا کە فێری دەنگەکان دەبێت،بەڵکو هەیانە زووتر،هەشیانە زۆر درەنگتر دەردەکەوێت[3]٠

---

[1] -بڕوانە: ا/ عەبدولواحید ئەلوافی،٢٠٠٧،ل١٤٨، ب/ Thomas Scovel-1998-p10٠

[2] – فاروق عومەر صدیق،چاوپێکەوتن،زانکۆی سلێمانی،٢٠/٥/٢٠١٣ ٠

[3] – ٠بۆ نموونە:(من) لە منداڵەکەی خۆم بە سەرنجدان ئەوەم بۆ دەرکەوتووە،کە دەنگی(د)لە پێشەوەی ئەو دەنگانەوەیە بە ماوەیەکی زۆر،لە شەش مانگی بەسەرەوە فێری دەربڕینی ئەم دەنگە بووە،ئێستاش کە تەمەنی بیست مانگ بەسەرەوەیە،لە جیاتی ئەوەی بڵێت(باوە،بیّ،بۆ)دەڵێت (داوە،دیّ،دۆ) واتە هێشتا فێری دەرکردنی دەنگەکانی تر نەبووە،تەنانەت ئەو وشانەش کە فێربووە هەتا ئێستا،ئەو دەنگانەی تێدانییە،وەك ئەم وشانە(دایە،دیدار،داوە)، هەروەها دەنگی(ن،ت)یش،پێش دەنگەکانی(پ،ب،م)فێربوو،بۆ نموونە:لە جیاتی وتنی وشەکانی(پەتاتە،مامە،میمە،مۆز،مۆتە)دەڵێت(تەتاتە،نانە،نینە،نۆز،نۆتە)ئەمە لای هەموو منداڵێك بەم شێوەیە نییە،ئیتر هۆکارەکەی هەرچییەك بێت٠ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە زمانوەرگرتن هەرچەندە پرۆسەیەکی گشتییە،بەلاّم هەندێك وردەکاریی و تایبەتمەندیی هەیە،لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر،تەنانەت لە منداڵێکیشەوە بۆ یەکێکی تر،دەکرێت جیاوازبێت٠

## ٢/٥-٣)قۆناغی فێربوونی وشە

دوای فێربوون و دروستکردنی بڕگە لە کۆتاییەکانی قـۆناغی گڕوگاڵدا،فێربوون و دروستکردنی وشـە لای منداڵ دەستپێدەکات،بۆیە لەم قۆناغەدا زیاتر لە هەموو کاتێك پێویستیی بە لاساییکردنەوەی زمانییـە، هـەر لەبەرئەمەشـە،منداڵ زۆر شـتی کەسـانی گـەورە لاسـایی دەکاتەوە،هەرچـی لاسـاییکردنەوەی ڕەفتارییـە پـێش لاسـاییکردنەوەی زمـانیی دەکـەوێت و ئـەو هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە،کـە لـە کەسـە نزیکەکانی دەوروبەرییەوە وەریاندەگرێت،وەك(چەپڵەلێدان،یاریکردن،٠٠٠٠هتـد)بـەلام لاسـاییکردنەوەی زمانی بریتییە لە گـوێ هەڵخسـتن بـۆ ئـەو وشـانەی،کە دەگوترێن،پاشـان وەرگـرتن و وتنـەوەیان٠ئـەم هـەنگاوەی زمـانوەرگرتن زۆر گرنگە،چـونکە سـەرەتای بـە کردەییکردنـی زمانە،بـەو پێیـەی لێـرەوە لەبریدانان و ناسینی هێما دەستپێدەکات٠ناسین بـەو مانایەی،منـداڵ دەزانێـت و تێدەگات،کـە کۆمەڵـە دەنگێکی بیستراو و دیاریکراو و ناسراو لەگەڵ شتێك،یان کەسێکدا پەیوەندیی هەیە٠بێگومان فێربوونی وشەش لای منداڵ بە چەند ئاستێکدا دەڕوات،بۆیە زانایان زمانی منداڵیان لە ڕووی فێربوونی وشەوە بۆ سێ ئاست دابەشکردووە،کە ئەمانەن:

١/ یەك وشەیی٠

٢/ دوو وشەیی٠

٣/ کۆمەڵە وشە(ڕستە و ڕێزمان)٠

***ئـاستی یـەك وشـەیی:***لـەم کاتـەدا مـنداڵ هـەندێك وشە فێردەبێت و هەریەکێك لـە وشە فێربووەکانیش لـە جێگەی ڕستەیەك بە کاردەهێنێت٠خێزانی منداڵ سەرچاوەی فێربوونی وشەکانە،چونکە منداڵ سات لە دوای سات لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا لەکارلێکی بەردەوامدایە٠ئەم بەردەوامییەش پشت بە پێویستی و هەستی بەهێزی لاساییکردنەوەی منداڵ دەبەستێت،کە پێکەوە یارمەتی دەدەن بۆ وەرگرتنـی زانیـاری زیاتر،بە تایبەتی فێربوونی وشەکانی زمان٠ئەو وشـانەش،کە منـداڵ سـەرەتا فێریـان دەبێت،نـاوی ئـەو شـتانەن،کە زۆر نـزیکن لێیـەوە و زۆریـش پێویـستی پێیانـە،بۆ وێنـە وشـەی(دایە،مەمـە،ئاو،٠٠٠هتـد)٠ لەبەرئەوە ئەو شتانەی،کە ئەم وشانە هێما و ناون بۆیان،بە بەردەوامی لە چواردەوری منـداڵ ئامـادەن و بوونیان هەیە،یان دەبێت بوونیان هەبێت،بۆیە منداڵ ناچارە بە وەرگرتن و فێربوونیان،بۆ ئـەوەی لـە کاتی پێویستییدا بەکاریانبهێنێت٠دیارە ڕاسـتەوخۆ و یەکسەر ناگاتـە بـەکارهێنانی ڕاسـتی و دروسـتی ئـەم وشـانە،وەکو خۆیان،بـەڵکو پـێش دەربڕینیان،منـداڵ قەوارەیـەکی فۆنـەتیکی جیاواز،یـان چـەند وشەیەکی تایبـەت بـە خـۆی دروسـتدەکات،بۆ گـشت ئـەو شـتانەی،کە ڕۆژانـە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات،ئەم وشەیەش لای منداڵ دەبێتە دەستەواژەیەکی گشتی(holophrastic)[1]٠

---

1- http://www.education.com/reference/article/stage-language-development-first-words

واتە کاتێك ئەم وشانە لە زمانی منداڵەوە دەبیسترێن،مەبەستی هەموو ئەو شتانەیە،کە لە دەوروبەریدا هەن،ئەم کردەیەش لە تەمەنی دە مانگی بەسەرەوە لای منداڵ دەردەکەوێت،بۆ نموونە(ڕەیان)ی کچم پێش ئەوەی بتوانێت بە تەواوی وشەی(دایە)،یان هەر وشەیەکی تر فێرببێت، هەندێك وشەی وەك(ئادە،ددە،ئادەدە...هتد)ی بە هێز و ئاوازی جیاواز لە دوای تەمەنی دە مانگییەوە دروستدەکرد و دەردەبڕی،ڕەنگە ئەم فۆرمانە لای منداڵێکی تر،بە جۆر و شێوەی تر دەربکەون و دروستبکرێن، دەشکرێت لە نێوان هەندێك لە منداڵانیشدا هاوبەش بن.

ئەم فۆرمە فۆنەتیکیانە،هەرچەندە ناچنە ناو پێڕەوی(زمانی دایك)ی منداڵەوە و دەربڕینێکی سادە و ساکار و منداڵکردن،بەڵام هەڵگری واتان،بەو واتایەی دایك و کەسانی تری نزیکی منداڵ بە ئاسانی تێدەگەن،کە مەبەست لە وتنی ئەو وشە خۆکردانە چیین،چونکە بەردەوام لە گشت هەنگاو و هەڵوێست و بارودۆخەکاندا لەگەڵیدان،بۆیە کات و شوێن و چۆنێتی بە کارهێنانی ئەو وشانە،لایان ئاشکرایە و لەم ڕێگەیەشەوە لە واتا و مەبەستی گۆکردنیان تێدەگەن.پاش ماوەیەك بەردەوامبوونی منداڵ لەسەر وتنی ئەم وشانە،وازیان لێدێنێت،لەبەرئەوە لەگەڵ گەورەبوونیدا تواناکانی گەشەدەکەن و وشە ڕاستەکان فێردەبێت،ئیتر پێویستی بەو وشانە نامێنێت،چونکە دەبینێت کەس بە کاریان ناهێنێت و بەشێك نین لەو گفتوگۆیەی،کە بە هەمیشەیی لە خێزانەکەیدا دەیبیستێت.وەك پێشتریش گوترا،ئەو وشانەی کە منداڵ سەرەتا وەریاندەگرێت و فێریاندەبێت،ناوی شتە نزیکە هەستپێکراوەکانی ژینگەکەیەتی، مەبەست لە بە کارهێنانی هەریەکێك لەو وشانەش،تەنها خودی ناوەکە،یان شتەکە نییە،بەڵکو لەو وشەیەدا ڕستەیەك هەڵگیراوە،واتە کاتێك منداڵ وشەیەك فێردەبێت و دەیڵێتەوە،ئەوا کۆمەڵێك وشە و ئامرازی تری لەگەڵدایە،بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانێت ڕستەیەکی تەواو بە هەموو پێویستییەکانییەوە دەرببڕێت،ئەوا تەنها بە وشەیەك،کە لەم کاتەدا بە زۆری ناوە،بیری ڕستەکە دەردەخات.ئەمەش ئاستی قووڵ(Deep structure)و ئاستی ڕووکەش(Surface structure)ی چۆمسکی نیشاندەدات، تەنها وشەکەی منداڵ ئاستی ڕووکەشە،ئاستە قووڵەکەشی هەموو ئەو وشە و ئامرازانەی ترن، کە مەبەستیەتی بەڵام هێشتا ناتوانێت دەریانبڕێت،ئەم حاڵەتە لە لای کەسانی گەورە لەوەدا جیاوازە، دەرنەبڕینی وشە و ئامرازەکانی ئاستی قووڵ،لەبەر فێرنەبوون و نەتوانین نییە،بەڵکو بە مەبەستە و بۆ دەربڕینی کەمترین کەرەستەیە بە کەمترین وزە،بە مەرجێك گوێگر تێبگات و تەمومژی دروست نەبێت. بۆیە تاکە وشەی منداڵ لەم کاتەدا،دەتوانرێت بە چەند ڕستەیەك لێکبدرێتەوە،یان بخوێنرێتەوە.

کاتێك منداڵ وشەی(دایە)فێردەبێت،لەبەرئەوەیە،کە(دایك)نزیکترین کەسە لێیەوە،بەردەوامیش گوێی لێدەبێت بە هۆی ئەندامانی خێزانەوە،یان لە ڕێگەی(دایك)خۆیەوە،کە زۆر جار بۆ ناساندن و فێرکردنی ناوی(دایە) بە منداڵەکەی،هەمیشە بۆی دەڵێتەوە و دووبارەی دەکاتەوە،تاوەکو فێردەبێت،کاتێکیش منداڵ فێربوو بڵێت(دایە)ئەوا ڕستەیەکی دەربڕیوە،چونکە وشەی(دایە)خۆی دۆخی بانگکردنی هەیە و

ڕێژەی کرداری لە گەڵدایە و ڕستەیە،وێڕای ئەمەش دەکرێت ناوەڕۆکی زۆر ڕستەی تریش لە خۆبگرێت، بەپێی بارودۆخ و پێویستی منداڵەکە٠

بۆ نموونە وەك ئەم ڕستانە: ١/ئەوە دایەیە،٢/دایە وەرە بۆ لام،٣/دایە برسیمە،٠٠٠٠هتد،منداڵ وشە تازە فێربووەکان بە ئاواز و دەنگی جیاواز دەردەبڕێت،ئەمەش پەیوەستە بە باری دەروونی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە،پاش فێربوونی وشە پێویستەکان بە(دەنگ)و(واتا)یانەوە،ئیتر منداڵ وەك ئەندامێکی چالاك لە ڕێگەی(کارلێکی کۆمەڵایەتی–Social Intarction)[1]وە،بە شێوەیەکی فراوانتر هێما زمانییەکان و پەیوەندییەکانیان بە یەکترەوە فێردەبێت،هەروەها توانا مرۆیی و سروشتییەکەی گەشەدەکات،بۆ ئاخاوتنی زیاتر و تێگەیشتن و لێکدانەوەی زۆر وشەی تری زمان،چونکە تێڕوانینی نادیار و ئەبستراکتی زانستی زمان بەو جۆرەی،کە لە ڕێی جیاکردنەوەی کەرەستە و فۆرمەوە–substance and form مسۆگەربووە،یارمەتیداوین،باشتر لە گەشەکردنی مێژووی زمان بگەین٠ پاشانیش،بووەتە هۆی ئەوەی تیۆری گشتگر دەربارەی دروستە و وەرگرتن(زمانپژاندن و زمان–فێربوون)و بەکارهێنانی زمانی مرۆڤ دابنرێن[2]٠هەروەکو گوترا گۆکردنی وشەیەك لە لایەن منداڵەوە ڕستەیەکی کورتکراوەیە،بۆیە((دەتوانرێت تاکە وشە بە(سەرتۆپ–TOPIC)ناوببرێت،چونکە ئەو قۆناغەیە منداڵ تێیدا ساکارانە لەو کەرەستەیە دەدوێت،کە سەرنجی ڕادەکێشێت،یان جێی گرنگی پێدانییەتی))[3]٠کەواتە کاتێك منداڵ وشەی سەرەتا فێردەبێت،هەوڵدەدات هەر لە وشەیە پێکهاتەی نوێ دروست بکات، لە ڕووی واتا و کەرەستەشەوە٠

## ٢/٥–٣–١)پۆلەڕەگەزی یەکەم وشەی منداڵ

ئەو وشەیەی،کە منداڵ یەکەم جار فێری دەبێت،یەکێکە لە بەشە واتادارەکانی ئاخاوتن،واتە یەکێکە لەمانە(ناو،ئاوەڵناو،ئاوەڵکردار،کردار)،چونکە ئەم بەشانەی ئاخاوتن کۆمەڵە وشەیەکی تەواو و خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆی فۆنەتیکی و واتایین،دەکرێت بە جیا دەربب‌ڕدرێن و بەکاربهێنرێن، وەك(فەرهاد، پاك،ئەوان،دوێنێ،خەوتن)،جیاواز لە مۆرفیمە ناسەربەخۆ فەرهەنگی و گراماتیکییەکان،کە ناتوانرێت بە جیا هێما بن بۆ شتێك،یان بیرێك،واتە واتادارنین بەڵکو هەڵگری واتان و لەگەڵ ئەو بەشانەی سەرەوەدا جۆرەها دروستە و پێکهاتەی ڕێزمانی و فەرهەنگی دروستدەکەن،چەشنی (بۆ،گە،یلە،چە،ەوا،لە،بە،بەڵام،تا،٠٠٠هتد)٠بەم پێیە یەکەم وشەی منداڵ لە کۆمەڵەی یەکەم دەبێت،لە ناویشیاندا(ناو) بەهۆکاری ئەوەی،کە کۆنترین بەشی ئاخاوتن و هێمای زمانییە،بۆیە منداڵیش بە(ناو)زمانوەردەگرێت و دەستپێدەکات،لەبەرئەوەی زمان خۆی لە بنەڕەتدا

---

1 - مەنوچێهر موحسنی،٢٠٠٧،ل١١٠ ٠

2 - محەمەدی مەحویی،٢٠٠٨،ل٤١ ٠

3 - کاروان عومەر قادر،٢٠٠٨،ل١١ ٠

وشەیە،وشەش بۆ ناونانە،هەتا ئێستەش (ناونان)،وەکو پرۆسـەیەکی زمـانی و (نـاو)یـش وەك بەشـێکی سـەرەکیی ئاخـاوتن،زۆرترین ڕووبـەریان لـە زمانـدا داگیرکـردووە[1]،ئەگـەر تەماشـای بەشـەکانی تـری ئاخاوتن بکرێت،دەبینرێت هەموویان دەچنە خزمـەتی ناوەوە،یـان بـێ بەشـداری(نـاو)، ڕاسـتەوخۆ،یان ناڕاسـتەوخۆ ڕسـتە دروسـتناکرێت.بـۆ نموونـە(ئاوەڵنـاو–تایبـەتێتیی)نـاو دەردەخات،ئەگـەر نـاو(خـۆی)بـوونی نەبێت،تایبـەتێتیی چـی دەردەخـات!،کەواتـە نـاو لـە پێشترە،هەروەها ئەگـەر نـاو نەبێت،چـۆن وشـەیەکی،وەك(جێنـاو)بـۆ جێگـرەوەی لـە زمانـدا پەیـدادەبێت؟!بـە هـەمان شـێوە ئاوەڵکردارەکانیش خۆیان بە شێکیان ناوی شوێن و کاتن و دەشتوانن لە هەمانکاتدا لە ڕستەدا فرێزی نـاوی بن،یـان جۆرێـك لـە فرێـزی ئـەدڤێربڵی دروسـت بکـەن،وەك(ماڵەکـە ،قوتابخانەکـە ،سـەربانەکە، ئەمرۆ،بـەهار،شەو...هتـد).بەشـێکی تریـشیان هەرچـەندە لـە ڕووی ڕێزمانـەوە بـە کـردارەوە بەسـتراونەتەوە،بەڵام لـە واتـادا بـۆ(نـاو) دەگەڕێنـەوە،بۆ وێنـە(ئـاراس بـەهێمنی هـات و بەپەلـە گەڕایەوە)،لەم ڕستە لێکدراوەدا فرێزە ئەدڤێربڵیەکانی (بەهێمنی) و (بەپەلە)ئاوەڵکردارن،بـەو واتایـەی کە چۆنێتی کردارەکان دەردەخەن،دیارە کردارەکانیش لە ناوێکەوە(ناوی ڕووداو)وەرگیراون،یان ناوێك وەك(بکەرێك)هەڵسوڕێنەر و جێبەجێکەریانە.نموونەیەکی تر(نەسرین بەفرۆکە گەشتیکرد)،لەم ڕستەشدا (بـە فرۆکـە)فرێـزی ئـەدڤێربڵی وەسـیلە[2](ئامێرییـە) و گەشـتەکەی،یان کردارەکـەی،پـێ ئەنجامـدراوە، ئەوەش بەکاریهێناوە(ناوێکە–نەسرین)،کەواتە ڕاستە ئاوەڵکردارەکان تایبەتمەندییەکانی کردارەکانیـان پیشان دەدەن،کردارەکانیش هەم خۆشیان و هەم جێبەجێکردنیشیان پێویستییان بـە ناوە،بـەم پێیـە گـشت بەشـەکانی ئاخـاوتن بـە نـاوەوە پەیوەسـتن و بـێ نـاو نـاتوانن مەبەسـتە زمانەوانییـەکانیان بگەیەنن.بۆیە دەتوانین بڵێین،زمان بەبێ ناو بوونی نییە،ڕەنگە ئەم گرنگی و پێویستبـوونـەشی،یـەکێك بێت لـەو هـۆکارانـەی دەرکەوتنی،وەکو یـەکەمین(وشە)لای منداڵ، هـەروەها ئاسانیـشە لـە فێربـوون و وتندا بە تایبەتی ناوە هەستپێکراو و نزیك و دیارەکان لە ژینگـەی منداڵـەوە[3].بێگومـان نـاویش چـەند جۆرێکـە(تایبەتی،گـشتی،کۆمەڵ،هەستی،واتایی....هتـد)،ئـەو ناوانـەی، کـە منـداڵ لـە سـەرەتای زمانوەرگرتنیـدا فێریـان دەبێـت،(گـشتیی و تایبەتییـە)هەسـتییەکانی نـاو خێـزانن، وەك(دایـە،باوە، دادە،کاکـە....هتـد)،نـاوی تایبـەتی ئەنـدامانی خێزان،بـۆ نموونـە بـرا(دارا)، خوشـك(سـازان)....هتـد) فێربـوونی نـاوی گـشتی لای منـداڵ،پێش نـاوی تایبــەتی،بۆ پێویـستیی و گرنگـی و زۆر وتنــەوە و بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە،لە سـنوری خێـزان و بنەماڵـەدا،وەك نـاوە گـشتییەکانی (دایـە،باوە، دادە، کاکە،مامە،نەنە......هتد)،لەوانەیە زۆر جاریش پێکەوە لای منداڵ دەربکەون و ببیسترێن.

---

[1] - فاروق عومەر صدیق،٢٠١١،ل١٧ .

[2] - ئازاد احمد حسین،٢٠٠١،ل٤٦ .

[3] - عبدالستار طاهر شریف،١٩٨٤،ص١٠،لەم کتێبەدا نوسەری ناوبراو،هەرچەندە تەرخانی کردووە بۆ پەیدابوون و کۆکردنەوەی زەخیرەی(گەنجی) زمانەوانی لای منداڵ تا شەش ساڵ و تەمەنی چوون بۆ قوتابخانە،بەڵام ئەوەی ئاشکرا کردووە،پێشتر ناو دەردەکەوێت لای منداڵ،پاشان کردار و ئامراز.

بۆچوونی زانایانی زمان سەبارەت بە دەرکەوتنی یەکەم وشەی زمان،وەکو(ناو)لە زمانوەرگرتنی منداڵدا جیاوازە،بەلای هەندێك زانای زمانەوە،بە مەرج دانانرێت،لای هەموو منداڵێك،بەم شێوەیە بێت،چونکە پێیانوایە لای هەندێك لە منداڵان (ئاوەڵناو)پێش(ناو)دەردەکەوێت،واتە لە سەرەتادا بە ئاوەڵناو زماندەگرن·لەوانە(Pryer)دەڵێت:((ئەوە ڕاست نییە،کە زۆربەی باسکەران دەڵێن:ناو پێش ئاوەڵناو لای گشت منداڵان دەردەکەوێت،هەروەها دەڵێت:یەکەم وشە،کە کوڕەکەم دەریبڕی(ئەو کات تەمەنی دەبووە بیست و سێ مانگ)ئاوەڵناو بوو،وتی chand hess یانی(گەرم)بۆ دەربڕینی ئەوەی،کە شیرەکەی گەرمە ناتوانێت بیخواتەوە،لە پاش ئەمە ناو لای دەرکەوتن،زانا(Tanie)و هەندێکی تریش ڕواڵەتی وایان بینیوە))[1]·

ئەو کاتەی زانای ناوبراو دیاریکردووە،بۆ دەربڕین و دەرکەوتنی یەکەم وشە لای منداڵ(بیست و سێ مانگ)،زۆر دواترە لەو کاتەی،کە منداڵ بە زمان یەکەم وشە دەردەبڕێت،چونکە ئەگەر منداڵ ئاسایی و تەندروست بێت،لە کۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنی بە دواوە،یەکەم (وشە)دەڵێت و لێیشی تێدەگات، بۆیە ئەو کاتەی (پرایەر)دەستنیشانیکردووە،لەوانەیە بۆ فێربوونی ئاوەڵناو ڕاست بێت،نەك ناو·من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە یەکەم وشە(ناو)ە،کە لای منداڵ دەردەکەوێت·

***ئاستی دووەم:*** فێربوونی دوو وشە و بەکارهێنانی لە جێگەی ڕستەیەك،دوای ئەوەی منداڵ فێری هەندێك وشەی پێویست بوو،پاشان هەوڵدەدات،ئەم وشانە پێکەوە گرێبدات و بیانخاتە تەنیشت یەکتر بۆ دروستکردنی ڕستە،وەکو مرۆڤە گەورەکانی دەوروبەری،بەلام لەم تەمەنەدا،کە کۆتاییەکانی ساڵی دووەمە[2]،منداڵ ئەم وشانە بە شێوەیەکی ڕێزمانی(بە پێوەری زمانی دایك)،ناخاتە پاڵ یەك،چونکە چونکە هێشتا دەسەڵاتی بە سەر بەکارهێنانی یاساکانی ڕێزمانی زمانەکەیدا نەشکاوە و ئامرازەکانی پەیوەندی و پێکەوەبەستن ناناسێتەوە و نازانێت بەکاریانهێنێت،بە هەمان شێوە کردار و جێناوەکانیش،بۆیە زۆرجار دوو وشەکە،بەبێ ئامراز و جێناو ریزدەکات،تەنها وەکو(ڕستەیەکی منداڵانە)،نەك وەك ڕستەیەکی دروست لە ڕووی ڕێزمانی و واتاییەوە·ئەو دوو وشەیەی،کە لەم تەمەنەدا منداڵ،وەکو ڕستە بەکاریاندەهێنێت،سەرەتا دوو ناون،پاش ڕاهاتنی لەسەر ئەمە،دەتوانێت کردار و جێناو ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداریش بەکاربهێنێت·لە دوو وشەکەشدا یەکێکیان سەرەکییە و ئەوی تریشیان وشەیەکی گۆڕاوە[3]،نەك بە هەمیشەیی،بەڵکو بەزۆری·بۆ نموونە:

١/ دایە ماڵ(دایە لە ماڵەوەیە)،دایە بازاڵ(دایە لە بازاڕە)،دایە ئەوە(دایە ئەو شتەم دەوێت)·

٢/ دیدە مامە(سەیارەکەی مامە هاتەوە)،دیدە پاکە(سەیارەکە پاکە)·

---

1- عەبدولواحد ئەلوافی،٢٠٠٧،ل٨٩ ·

2 – بڕوانە:ا/ یوسف رؤوف،١٩٨٠،ل٢٢ · ب/. Danny D. Steinberg-1991-p149-157

3 – بڕوانە: ا/ناهیدە ڕەحمان خەلیل،٢٠١٣،ل٥٧ · ب/عەبدولستار تاهیر شەریف،١٩٨٦،ل١١١ ·

٣/ بەبە خۆمانە( مندالّی خۆمانە)،بەبە جوانە(مندالّەکە جوانە)
٤/ باوکم ها مال(باوکم لە مالّدایە)٠باوە نەما(باوکم ڕۆیشت یان باوکم دیارنییە)٠
کاتێك تەماشای ئەم ڕستانە و چەندینی تر لە شێوەی ئەمانە دەکەین،بۆمان دەردەکەوێت پرۆسەی گەشەکردنی یاساکانی ڕێزمان لە زمانی مندالّدا زۆر ورد و ئالّۆزن،بە شێوەیەك،کە ناتوانرێت بە تەواوی هەنگاوەکانی ڕێکخستن و خستنەتەکیەکی کەرەستەکانی زمان دیارییبکرێت،بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە،هەست بەو پێشکەوتنە زمانییە لە زمانی مندالّدا نەکرێت،کە لە سادەییەوە بەرەو ئالّۆزی دەڕوات،ئەویش بە زۆربوونی کەرەستە سەرەتاییەکانی زمان و کارکردنەسەر فراوانبوون و واتاداربوونی ڕستەکانی مندالّ،واتە لەم قۆناغەدا مندالّ لە پالّ دەربڕینی ڕستەی ناتەواویشدا(لە ڕووی ڕێزمانییەوە)دەتوانێت هەندێك ڕستەی سادەش،لە ناو و هەندێك کرداری سادە و ئاوەلّناو و وشەی پرس بەرهەمبهێنێت٠بۆ نموونە وەك:( بەبە خەوت، مامە پیس نییە،دایە کوا؟)،زۆری تریش٠
بە شێوەیەکی گشتی ئاستی دوو وشەیی بە قۆناغی ڕستەی ناتەواو دادەنرێت،کە لە تەمەنی دوو سالّییەوە،تا چوارسالّی بەردەوام دەبێت٠مەبەستی مندالّ لە ڕستەی ناتەواو وشەیە(دوو یان زیاتر)،کە لە تەنیشت یەکترەوە دادەنرێن،بێ ئەوەی ڕستەی تەواوی لێدروستبکرێت[1]،ئەمە واتای ئەوە نییە لە ماوەی ئەم دوو سالّەدا هەموو ڕستەکانی مندالّ تەنها دوو وشەیی بن،بەلّکو لە سەرەتادا بە شێوەی دوو وشەیی دەردەکەون،پاشان بە تێپەڕبوونی کات پێداویستییەکانی تری ڕستە لە(کردار و جێناو و وشەکانی پرس ٠٠٠هتد)،دێنە ناوەوە بۆ تەواوکردنی ڕستەکانی،بەلاّم نەك بە پێکهاتەی ئالّۆز٠
لەلایەکی تریشەوە گومان دەکرێت،پێش ئەوەی مندالّ وشەکانی زمان بە تەواوی فێرببێت،بتوانێت لەو هێندە وشەیەی،کە فێربووە لەگەلّ هەندێك فۆرم و قەوارەی فۆنەتیکی،کە خۆی وەك پێویستییەکی ئەم ئاست و قۆناغە دروستیکردوون،یان دروستیاندەکات،ڕستە دروست بکات،لەبەرئەوە کاتێك ڕستەی پرسیار،ئاراستەی مندالّ دەکرێت،تێدەگات و بێ وەلاّم نامێنێتەوە،مەرجیش نییە تێگەیشتنێکی تەواوی بۆ پرسیارەکە هەبێت،بەلاّم هەر وەلاّم دەداتەوە٠لە وەلاّمەکەشدا ڕیزکردنی کۆمەلّێك فۆرمی دەنگی لای مندالّ واتای خۆیان هەیە،گەرچی بەو واتایەی زمانی ئێمەش نەبێت٠ئەو کاتە نازانرێت کامانەیان وشەی تەواون و کامانەیان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیین،بەلاّم دەستپێکردن و بەشوێن یەکداهاتن و کۆتایی هاتنیان،ئاماژە گەلێکن بۆ زنجیرەیەك ڕستەی مندالاّنە٠
بۆ وێنە پرسیارم لە کچەکەی خۆم کردووە(ئەوە چییە؟)وەلاّمەکە بەم شێوە بووە(دی دادا دوو دوو)،هەریەکە لەم قەوارە دەنگیانە لای مندالّ،دەکرێت هێمای شتێك لە شتەکانی دەوروبەر و مۆرفیمێکی ڕێزمانی بن٠ مەرجیش نییە مندالّ ئەم فۆرمە دەنگیانە تەنها لە کاتی پرسیارلێکردندا

---

[1] -عبدالكريم محمد شطناوی،٢٠١١،ل٣٧،٣٨ ٠

دەربېرێت،بەڵکو بارودۆخ و هەڵوێست زۆرن،کە منداڵ بۆ دەربڕینی ڕستەی خۆکردی لەم شێوەیە بجوڵێنن٠مەبەستە بگوترێت یاساکانی ڕێزمان،یان جێکەوتەکانی ڕستە پێش فێربوونی وشەکانی زمان لای منداڵ ئامادەن،بۆیە کاتێك وشەکانی زمان فێردەبێت،تەنها پێیانی پڕ دەکاتەوە٠ڕیزکردن و هۆنینەوەی کەرەستەکانی ڕستەش بەپێی دەوروبەر و هەڵوێستەکان دەگۆڕێن،ئەمەش وا دەکات منداڵ جۆرەها ڕستەی نوێ و نەبیستراو بەرهەمبهێنێت و دروستبکات٠

***ئاستی سێیەم:*** لەم ئاستەدا منداڵ دەستدەکات بە دانان و ریزکردنی وشەکانی فەرهەنگە ئاوەزییەکەی ناو مێشکی،بە شێوەیەك ڕێزماندروست و واتادروست بێت،بە پێی یاسا و پێوەرەکانی ڕێزمانی زمانەکەی،کە بە شێوەیەکی نادیار(ئەبستراکت)،لە مێشکی هەموو منداڵێکی قسەپێکەری زمانەکەدا هەیە و هەڵگیراون٠بۆیە ڕستەکانی ئەم قۆناغەی منداڵ،بەراورد بەقۆناغی دوو وشەیی،کەمترین هەڵەیان تێدایە،لە ڕووی دروستەشەوە درێژتر و ئاڵۆزتریشن،بەڵام هێشتا ڕستەکانی هەر بە سادەیی دەمێننەوە و دوورن لە هەموو لێڵی و تەمومژیی و وشەیەکی پێکهاتە ئاڵۆزی داڕێژراو و لێکدراو،وەك(داکردن، ڕاهاتن،هەورەبروسکە،مانگەشەو،سەرکەوتن،پێداکێشان،سەرلێدان٠٠٠٠هتد)٠هەورەها توانای دروستکردنی ڕستەی لێکدراو و ئاوێتەشی نییە،چونکە هیچ لە واتا و مەبەستی بەکارهێنانی ئامرازە لێکدەرەکانی،(ی،ی-کە،بەلأم،چونکە،ئەنجا ٠٠٠٠هتد)تێناگات،تا قۆناغەکانی دواتر٠

منداڵ لە نێوان(٢-٣)ساڵیدا،توانای بەکارهێنانی(کردار)ی بە شێوەیەکی خێرا زیاد دەکات٠هەر لەم ماوەیەشدا،دەتوانێت جیاوازی لە نێوان جێناوەکانی(من،ئێمە،تۆ ٠٠٠٠٠٠هتد)بکات و لە ڕستەکانیشیدا بەکاریانبهێنێت[1]٠وەکو دەزانرێت،لەم قۆناغەدا منداڵ زۆر پێویستی بە زمانە،بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا،ئەم پێویستییە وایلێدەکات،ڕۆژ بە ڕۆژ پێکهاتەی ڕستەکانی،بەرەو ئاڵۆزی و گرانی بچن٠واتە لەگەڵ هەر سەرنەکەوتنێك لە پەیوەندییەکانیدا،بە ڕستەکانیدا دەچێتەوە و لە هەڵە و کەموکووڕی پاکیان دەکاتەوە،بۆیە دەبینرێت لەسەرەتای ساڵی سێیەمەوە،منداڵ لە جێگەی ڕستەی سادە،ڕستەی ئاڵۆز بەکاردەهێنێت[2]٠ئەمە ڕاستییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ لای منداڵ هەستی پێدەکرێت،وەك ئەم نموونانە و سەدانی تری لەم شێوەیە:

| منداڵێکی(٢-٣)ساڵ | منداڵێکی(٣-٤)ساڵ | منداڵێکی(٤-٥)ساڵ |
| --- | --- | --- |
| ١/ئەچم بۆ نەبتەب(مەکتەب) | باوکی من ها لە کوێ؟ | منیش قژی خۆم وەکو تۆ لێ ئەکەم٠ |
| ٢/ئەدەم لە پشیلەکە٠ | ئەچم بۆ لای دایکم٠ | ئەزانم بۆچی وا یەژیت٠ |
| ٣/من ئەوەمۆ(ئەڕۆمەوە)٠ | ئەوە ئاسۆزە٠ | پاسکیلەکەم برد بۆ ئەوێ٠ |

[1] - شێرزاد فەقێ عەلی،٢٠١٣،ل٧٢ ٠

[2] - بڕوانە: ا/ عبدالكريم محمد شطناوى،٢٠١١،ل٣٨ ٠ ب/. Danny D. Steinberg-1991-p150

وەکو لە پێشەوەش گوترا،لەوانەیە لە پێش تەمەنی دوو ساڵیدا منداڵ ئەم ڕستانە بە فۆرم و دەربڕینی خۆکردی سادە دەربېڕێت،بەڵام ئێمە ناتوانین تێبگەین لەو ڕستانەی،کە منداڵ لەو قۆناغەدا دروستیان دەکات،چونکە هاوشێوەی زمانی کۆمەڵ نیین و ڕستەگەلێکی تایبەت بە منداڵن٠بۆ نموونە چەندها دەربڕینی دەنگی وەك(١/نودی نودا دی،٢/یەدادا دی دی،٣/نانە یە دادە،٤/دوو دی دی،٥/یەدا دێ٠٠٠٠٠هتد)،لە پێش تەمەنی دوو ساڵیدا لە منداڵەکەی خۆم بیستووە،کە دەکرێت بە کۆمەڵە ڕستەیەکی لە(ف٠ن) و (ف٠ك) پێکهاتوو تەماشا بکرێن٠ئەمە جگە لە دروستکردنی ئەو ڕستە ساکارانەی بەهۆی دەربڕینی هەندێك وشەی دیاریکراوەوە،کە لەو کاتەدا فێری بووە٠

بەڵگەیەکی تر بۆ بە ڕستە دانانی ئەو دەربڕینە دەنگیانە ئەوەیە،کە بە ئاوازی جیاواز و لە دەوروبەر و هەلۆیستی جۆربەجۆردا بەکاریاندەهێنێت٠چونکە هەیانە لە شێوەی هەواڵدا و هەشیانە لە شێوەی پرسیاردا٠وردبوونەوە لە منداڵ لە کاتی گۆکردنیاندا دەتوانرێت درك بەم ڕاستییە بکرێت٠

هەروەها منداڵ پێش تەمەنی دوو ساڵ دەتوانێت کرداری سادەی،وەك(بێ–وەرە)،لەگەڵ جوڵاندنی دەستی بە شێوەی ئاماژەی ڕۆیشتن بەرەو لای ئەو دەربېڕێت،لەم حاڵەتەدا بێگومان(ئاماژەی بانگکردن بە دەست)،هۆیەکە لە هۆیەکانی فێربوونی کرداری داخوازیی(بێ)٠

جگە لەو کردارەی سەرەوە،منداڵ دەتوانێت زۆر کرداری تریش لە ڕێگەی کات و شوێنی جێبەجێ کردنیانەوە فێرببێت٠وەك:ئەخۆی(نان ئەخۆی)٠٠٠٠٠٠ئەکۆی(ئەخۆی)فێربوون و دووبارەکردنەوەی(کات و شوێنی نان خواردن)٠ داوەزین(لە سەیارەکە)٠٠٠٠٠٠(داوەزین) فێربوون و دووبارەکردنەوەی(کاتی دابەزین لە سەیارە)٠(ڕەیان)،ئامرازەکانی نەرێ (نا،نی،نە) و وشەکانی(پرس)پێش ئامرازەکانی(کۆ–ان)،(ناسراو–ەکە)،(نەناسراو–ێك)،(پەیوەندی و پێشناویی –لە،بۆ،بە)لە کاتی دروستکردنی ڕستەدا لای دەرکەوتن،بەبەڵگەی ئەوەی ئێستا تەمەنی(دوو ساڵ و پازدە ڕۆژە)،ڕستەی وەك(نایە)، (نییە)، (نە–لە کاتی نەکردنی شتێکدا)،(ناخۆم)م لێ بیستووە،بەڵام هێشتا ئەوانەی ترم لێ نەبیستووە، هەروەها هێشتا ناتوانێت جێناوی هەیی(هی) و ئامرازی دانەپاڵی(ی)لە ڕستەکانیدا بەکاربهێنێت،بۆیە لەجێگەی ئەوەی بڵێت(بەبەکە هی ڕەیانە،بەبەی ڕەیانە)دەڵێت(بەبە ڕەیانە)٠لە کاتی دروستکردنی کرداریشدا سەرەتا کرداری ئاسایی ئەرێ و پاشان نەرێ،لە شێوەی کرداریشدا زۆرترین شێوەی فەرماندان لای دەرکەوتوون،وەك ئەم نموونانە(خخۆ(بخۆ)لاتۆ(لاچۆ)،نەتە(مەکە)،دێسە(بوێسە–بوەستە)،هەتە(هەستە)٠٠٠٠٠هتد ٠

## ٦/٢)وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم[1]

زمانێك،یان چەند زمانێك دەگرێتەوە،كە(منداڵ)،یان(مرۆڤ) بە گشتی دوای وەرگرتنی زمانی(دایك-شیری)[٢]ی،فێری،یان فێریان ببێت و بەكاریان بهێنێت،هەر لەبەرئەوەشە پێیدەگوترێت زمانی دووەم،چونكە وەرگرتن و فێربوونەكەی دەكەوێتە دوای زمانی(یەكەم-دایك)وە٠بارودۆخی فێربوون و وەرگرتنی زمانی دووەم جۆراوجۆر و جیاوازە،بەڵام بە شێوەیەكی گشتی دوو جۆری سەرەكییە[٣]:

**یەكەم:** دوانەی زمانەوانی هاوبەش(Compound Bilingualism):ئەمەیان ئەو جۆرەیە،كە لە ژینگەی خێزانیی منداڵدا،دوو زمانی جیاواز لە كاردابێت،واتە ئەندامانی خێزانەكەی بە دوو زمان قسە بكەن،بە تایبەتی دایك و باوك،كە هەندێك جار ڕێكدەكەوێت هەریەكەیان سەربە نەتەوە و زمانێكی تر دەبن،ئەمە لە ئەمڕۆدا بە هۆی تێكەڵاوی نەتەوە و شارستانێتەكان لە ئەنجامی جیهانگیریدا، دیاردەیەكی زۆر و بڵاوە٠بەڵام بۆ دوانەی زمانەوانیی هاوبەش بێت؟چونكە باوەڕناكرێت دوو زمان لە خێزانێكدا بە شێوەیەكی وەك یەك و تەواو هاوسەنگ،بەكاربهێنرێن و قسەیان پێبكرێت،بۆیە منداڵیش دەكەوێتە ژێر كاریگەریی ئەم بارودۆخە و یەكێكیان پێش ئەوی تریان وەردەگرێت و فێردەبێت٠

لەم حاڵەتەدا زمانێكیان دەبێتە زمانی(دایك) و ئەوی دیكەشیان(زمانی دووەم)،هەرچەندە منداڵ بە هۆكاری ئەوەی،هەردوو زمانەكە لە خێزانەكەیدا لە كاردان،پاش ماوەیەك دەتوانێت بەباشی فێریان ببێت و قسەیان پێبكات٠دیارە منداڵ لە خێزاندا زیاتر هۆگرە بە دایكی،بۆیە هەر زمانی ئەویش كاردەكاتەسەری و فێردەبێت،چونكە دایك یەكەمین كەسە،كە لە منداڵەوە نزیكە و پەیوەندییەكی بەهێزی پێویستی و خۆشەویستی كۆیان دەكاتەوە و بەردەوام چێژ لە پێكەوەبوونی یەكتر وەردەگرن٠ منداڵ،تا تەمەنێكی دیاریكراو زۆرترین كاتی لەگەڵ دایكیدا بەسەردەبات،دایكیش لەگەڵی دەدوێت و لەسەر قسەكردن و زمان ڕایدەهێنێت،وەڵامی ئەویش بۆ دایكی زیاترە لە هەموو كەس،بۆیە ئەگەر (باوك)ی خاوەن زمانێكی تریش بێت،ناتوانێت جێگەی زمانی دایكی بگرێتەوە،یان یەكسان لەگەڵیدا بڕوات٠لە كۆتاییدا هەردەبێتەوە زمانی دووەم،هەر لەبەرئەمەشە زمانی سەرەتا لای منداڵان بە زمانی (دایك) ناونراوە،بەڵام ئەم دیاردەیە ڕەها نییە،هەندێك جار دایك بە هەر هۆكارێك بێت زمانی باوك،یان زمانی خێزانی باوك بەگشتی،بە پلەی یەكەم و زمانەكەی خۆی بە پلەی دووەم بەكاردەهێنێت٠لەم كاتەدا حاڵەتەكە پێچەوانە دەبێتەوە و منداڵ،زمانی باوكی یەكەم جار وەردەگرێت و فێردەبێت، لەبەرئەوەی زۆرترین ئاخاوتن لەگەڵیدا بەو زمانەیە،دواتر زمانی دایكی ٠

---

[1] - مەبەست لەو كەسەیە،كە بە دوو زمان،یان چەند زمانێك بدوێت٠بۆ یەكەمیان زاراوەی(Bilingual) و بۆ دووەمیشیان(Multi lingual)ی بۆ بەكاردێت٠

[2] - زمانی(دایك)،زۆر زاراوەی تریشی بۆ بەكارهاتووە وەك:(زمانی زگماك،زمانی شیریی،زمانی یەكەم،زمانی نەتەوە،زمانی ڕەسەن،زمانی خانەوادە)بەكارهێنانی هەریەكێك لەمانە مەبەست لە ئەو زمانەیە،كە منداڵ سەرەتا لە خێزانەكەیەوە وەریدەگرێت و فێری دەبێت،دواتریش دەبێتە قسەكەرێكی ڕەسەنی ئەو زمانە٠

[3] - سەلام ناوخۆش-نەریمان خۆشناو،٢٠١٠،ل٣٩٢ ٠

بەڵام دیارە لێرەدا مەبەست لە(جووتزمانی هاوبەش)،زمانی دایك و ئەو زمانەی ترە،کە منداڵ لەگەڵ زمانی(دایك)یدا،یان دواتر و لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا وەریدەگرێت و فێری دەبێت.لەوە دەچێت،واتای ئەوە بێت،کە منداڵ دەتوانێت هەردوو زمانەکە بەباشی بەکاربهێنێت،باشتر لە هەر زمانێکی تر،کە لە تەمەنێکی درەنگتردا فێرببێت.

ئەم جۆرەی سەرەوە لای ئەو خێزانانەی،کە خۆیان منداڵەکانیان بەخێودەکەن،ڕوودەدات.بەڵام لای ئەوانەی منداڵەکانیان دەبەنە دایەنگە،سەرەتا زمانی ئەو(دایەن)انە،وەردەگرن و فێردەبن،کە ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆ دەگرن و کاتێکی زۆر لەگەڵیاندان.

**دووەم:** دوانەی زمانەوانیی هاوکار(Soordinat Bilingualism):ئەو جۆرەیە،کە منداڵ دوای وەرگرتنی زمانی(یەکەم) بەتەواوی،زمانێك،یان چەند زمانێکی تر فێرببێت،ئەم دیاردەیەش دەکەوێتە دوای نزیکەی تەمەنی(پێنج بۆ شەش ساڵی)،چونکە هەموو منداڵێکی ئاسایی لەم کاتەدا زمانی دایکی بەباشی وەرگرتووە و فێربووە.فێربوونی زمانی دووەم لەم تەمەنە بە دواوە،لە دوو جۆر بارودۆخدا ڕوودەدات.بارودۆخی فێربوونی پۆل(Classroom Learning)،بریتییە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێك هۆکاری ڕێکخراو و ئامادەکراو و بۆ فێربوون وەك(مامۆستا،پۆل،پرۆگرام،کات،...هتد)[1].

هەروەها بارودۆخی سروشتی(Natural Condition)،یان هەلومەرجی دەرەوەی پۆل،کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

١/کۆچکردنی خێزانی منداڵ لە ناوچە و وڵاتی(زمان)ی خۆیەوە بۆ ناوچە و وڵاتێکی تر،کە زمانی تری تێدا بەکاردەهێنرێت،لە ئەنجامی تێکەڵبوونی منداڵ بەم بارودۆخە،زمانی دووەم،یان چەند زمانێك فێردەبێت.وەکو منداڵانی ئەو خێزانە کوردانەی،کە ڕەوانەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کرابوون،یان ئەوانەی چوونەتە وڵاتانی دەرەوە.

٢/هەندێك جار خاڵی یەکەم پێچەوانە ڕوودەدات،خەڵکانی زمان جیاواز لە ناوچە و وڵاتانی ترەوە دێنە ناوچە و وڵاتی(زمانی دایك)ی منداڵ،بەڵام لەم حاڵەتەدا،منداڵ کەمتر دەکەوێتە بەر کاریگەریی فێربوونی زمانی دووەم،چونکە زمانی یەکەم لە زمانی دووەم زیاتر و زۆرتر بەکاردەهێنرێت،وەکو حاڵەتی پێشوو نییە،کە منداڵ ناچارە بە فێربوونی زمانی دووەم،ئەمەش وەك هاتنی ئەو کەس و خێزانانەی،کە قسەکەری زمانەکانی ترن،بۆ کوردستان و فێربوونی زمان لێیانەوە.

٣/زۆر کۆمەڵگە و وڵات هەن،کە زیاتر لە نەتەوەیەکیان تێدایە،ئەمەش ڕێگایەکی ترە،بۆ فێربوونی زمانی دووەم،بۆ وێنە لە هەندێك شوێنی کوردستان،وەك شارەکانی(کەرکوك،خورماتوو،خانەقین...) هەرسێ نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان پێکەوە دەژین،لە ئەنجامی ئەم پێکەوەژیانەشدا،منداڵانی

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:ا/ عەبدولڕەحمان عەدەس– یوسف ئەلقتامی،و. سەلاح سەعدی،٢٠١٣،ل٢٤٧،٢٣٢، ب/David Nunan –2001-p83.172، ج/Danny D. Steinberg-1991-p166، د/ Rosamond Mitchell-Florence Myles and Emma Marsden-2013-p50.

هەرسێ لا،زمانی یەکتر فێردەبن،کە بۆ هەریەکەیان دەبێتە زمانی دووەم،یان فرە زمانی.

٤/ هاندانی(دایك و باوك) بۆ فێربوونی زمانی دووەم،بە تایبەتی ئەو زمانانەی،کە هەژموونی زانستی و ڕۆشنبیرییان بە سەر جیهان و گەل و نەتەوەکانی ترەوە هەیە.هەرچەندە ئەمە هۆکارە بۆ فێربوونی زمانی دووەم،بەڵام کاریگەریی لەسەر منداڵ دەبێت،بۆ ئەوەی باشتر خۆی لەگەڵ بارودۆخی سروشتیدا بگونجێنێت،تا فێری یەکێك لەو زمانانە ببێت،ئەگەر بۆی نەڕەخسا لە ڕێگەی خوێندنی بەرنامەڕێژەوە زمانی دووەم فێرببێت.هەندێك جار ئەم هاندان و پشتگیری کردنە،لە لایەن دەوڵەتانەوە دەبێت،بۆ فێر بوونی زمانی هەر گەل و نەتەوە و وڵاتێك پێویست و داواکراو بێت، بۆ مەبەستی ناسین و سیاسی و سیخوڕیی.. .هتد .

٥/ فێربوونی زمانی دووەم لە ڕێگەی ئامێرەوە،منداڵ هۆگرە بە بەکارهێنانی هەندێك ئامێری،وەك (تەلەفزیۆن و سەتەلایت،کۆمپیوتەر و ئێنتەرنێت،مۆبایل....هتد)،ئەمانە سەرچاوەن بۆ پێدانی زانیاری بەمنداڵ،بەتایبەتی زانیاریی زمان لەڕێگەی ئەو بەرنامە و بابەتانەی،کە خۆی شەیدای تەماشاکردنیانە، چونکە بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستی بە زمانە،واکەوت(واقع)ئەمەی سەلماندووە،زۆر منداڵ لەم ڕێگەیەوە فێری زمانی دووەم بوون.لە پشت هەر فێربوونێکەوە مەبەستێك هەیە،بە تایبەتی زمان.

ئەگەر ئەو شێواز و بارودۆخانەی سەرەوە بەراورد بکرێن،بۆ ئەوەی بزانرێت کامیان بۆ فێربوونی زمانی دووەم،گرنگتر و لە پێشترە،بێگومان تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیان دەریخستووە،کە ڕێگەی یەکەم بەرهەمدارترە لەوانی تر،لەبەرئەوەی منداڵ تێیدا،هیچ ڕێگەیەکی لە بەردەمدا نامێنێتەوە،ناچارە زمانی دووەم بەکاربهێنێت،چونکە تەنها لە ناو خێزانەکەیدا بواری ئەوەی هەیە،زمانی یەکەمی بەکاربهێنێت،لە دەرەوەی سنوری خێزانەکەی،زمان و کولتوورێکی جیاواز لە کاردایە،بۆیە منداڵ زۆر بە ئاسانی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا،تێکەڵاو دەبێت و ڕاستەوخۆ زمانی دووەم فێردەبێت.

## ٢/٦-١)مۆدێلی(Spolsky)

لێکۆڵەران بۆ فێربوونی زمانی دووەم زۆر تیۆر و مۆدێلیان داهێناوە،دیارە ئەمەش بەهۆی هەمەچەشنی لێکدانەوە و شیکردنەوەکانیانە،سەبارەت بەم دیاردە گرنگە،چونکە فێربوونی زمانی دووەم،دەکەوێتە دوای زمانی یەکەم و تا ڕادەیەك ئاگایی و دەوروبەری جیاوازتر کاری تێدەکەن.مۆدێلی( spolsky ) بۆ فێربوونی زمانی دووەم بریتییە لە خستنەڕووی کاریگەریی کۆمەڵێك ڕەوش و تایبەتمەندیی کەسێتیی فێربوو[1]،بەم شێوەیە:ڕەوش و دەوروبەری کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکە بۆ دروستبوونی هەڵوێستە جیاوازەکان،لێرەشەوە ورووژاندن و هاندان پەیدادەبن،ئەمەش کاردەکاتە سەر چوار ڕەهەندی تر،کە بریتین لە(تەمەن،کەسایەتی،توانا،زانیاری پێشوو)ئەمانەش(هەلەکانی فێربوون)دەڕەخسێنن،بەشێوەی

[1] - بڕوانە: ا/ Rosamond Mitchell-Florence Myles and Emma Marsden:2013:p4 ، ب/ J. Michael O´malley and Anna Uhll Chamot:1995:p11-12 .

شێوازبەند،یان ناشێوازبەند،بەم شێوەیە ڕەوش و دەوروبەری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دابینکردنی هەلەکانی فێربوونەوە،ئاکامی فێربوونی زمانی و نازمانی لای فێربوو دەنوێنێت و دەستەبەری دەکات٠ بەم جۆرە کاریگەریی ئەو هەلومەرج و تایبەتێتییانە،بە ڕۆڵ و ڕێژەی جیاواز بەشداردەبن و دواتر هەموویان پێکەوە دەچنە خزمەتی فێربوونی زمانی دووەمەوە٠

## ٢-٦/٢)جووتزمانی و جێگەیان لە مێشکدا

ئاڵۆزیی و هەستیاریی مێشکی مرۆڤ ڕێگەی نەداوە،بەوردیی و تەواوی لە لایەن لێکۆڵەرانەوە بپشکنرێت و شوێن و پێگەی زمان و زمانەکان دەست نیشان بکرێت[1]،ئەو زانیارییانەی،کە لەسەر مێشک دەستکەوتوون بە هۆی پشکنینی ئەو نەخۆشانەوە بووە،کە مێشکیان بەرکەوتبوو(ناوچەی برۆکا و ڤێرنیکا)[2]،لە ئەنجامدا توانای بیستن و تێگەیشتن و قسەکردنیان نەمابوو،هەروەها لە ڕێگەی وێنەگرتنی مێشکەوە بە ئامێر بۆ دیاریکردنی شەپۆلەکانی،لە کاتی چالاکییە زمانییەکاندا،بە تایبەتی(چالاکی جووتزمانە)،واتە پێکەوە کارکردنیان٠مرۆڤ بە مێشک بیردەکاتەوە و بیرکردنەوەش پرۆسەیەکی کیمیایی و دەماری و دەروونییە بەزنجیرەیەك چالاکی ئەقڵییەوە پەیوەستە،کە مێشك پێی هەڵدەستێت کاتێك،کە بە وورووژێنەرێك وریا دەکرێتەوە لە ڕێگەی هەستەکانەوە[3]٠بۆیە کاتێك دوو پێڕەوی زمان،یان دوو زمانی جیاواز لە مێشکی قسەکەرێکدان،یان پێکەوەن و لە یەك جێگەدان،یان جودان و لە دوو شوێنی سەربەخۆی مێشکدان،بەڵام گومان لەوەدا نییە،کە لە کاتی کارکردندا پەیوەستن پێکەوە٠

لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکانی زماندا(بیستن و تێگەیشتن و ئاخاوتن)،پێویستە لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا بەراورد بکرێت،بۆ ئەوەی بزانرێت،لە هەردوو پرۆسەکەدا،هەمان شوێن لە مێشکدا چالاکە،یان نا،چونکە ناوچەی برۆکا و ڤێرنیکا بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەکانی زمانی یەکەمدا هاوبەشن،دەرکەوتووە هەمان ئەو ناوچانە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکانی زمانی دووەمیشدا چالاکن، بەم پێیە هەردوو پێڕەوە زمانییەکە لەیەك ناوچەی مێشکدا کاردەکەن٠تەنانەت جووتزمانیی تەمەنەکانی دواتر(نەك منداڵی)یش ئەوە دەردەخات،کە لەگەڵ زمانی ڕەسەندا لە کۆمەڵێك شوێنی مێشکدا کەوتوونەتەسەریەك و چالاکن لە کاتی تێگەیشتنی ئەرکە زمانییەکاندا[4]٠بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە،هەموو ئەو شوێنانەی،کە پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە،بە تەواوی دیاریکراون،لەبەرئەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی زمان لەلایەن مێشکەوە زۆر لایەنی شاراوە و نهێنی هەیە و بەگەلێك لایەنی تری

---

1 -مەبەستمان لە دۆزینەوە و دیاریکردنی شوێنی پێڕەوی دوو زمان،یان چەند زمانێکە لە مێشکی ئەو کەسانەدا،کە دەیانزانن، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چ ڕادەیەك پەیوەست و هەماهەنگن،یان نەگونجاو و لە پێشبڕکێدان٠

2 - بڕوانە:ا/سەلام ناوخۆش،٢٠١٤،ل٨٩–٩١ ، ب/ . John C. L. Ingram-2007-p10¸48

3 - عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠١٣،ل١٥ ٠

4- MATTHEW J- TRAXLER-2012-P438 .

کەسێتیی مرۆڤیشەوە پەیوەندیدارە.بەڵگەیەکی زمانەوانی بۆ کارکردنی دوو پێڕەو،یان چەند پێڕەوێکی زمان لە مێشکدا پێکەوە ئەوەیە،کە لە کاتی قسەکردندا،قسەکەری جووزمانە،یان چەند زمانە،وشەی زمانە جیاوازەکان لە جیاتی یەکتر بەکاردەهێنێت،بە تایبەتی ئەو وشانەی هەمان واتایان هەیە و فۆرمی دەنگییان لە یەکترەوە نزیکە.بۆ وێنە بەکارهێنانی(but)ی ئینگلیزی لە جێگەی(بەس،بەڵام)ی کوردی،یان بەکارهێنانی(لا)ی عەرەبی لە شوێنی(نا)ی کوردی.ئەمە و تێکەڵبوونی پێڕەوی زمانەکان لە زۆر شوێن و ئاستەکانی تریشدا،لەمێشکدا ئاماژەی پێکەوە بوونیانە .

## ٣-٦/٢)ئاستی تەمەن و زمانی دووەم

دیارە ئاستی تەمەن بۆ فێربوونی هەموو جۆرە زانیاری و پیشەیەك،کاریگەریی خۆی هەیە،بە تایبەتی بۆ دیاردەیەکی ئاڵۆزی وەك زمان.سەبارەت بەو تەمەنەی،کە منداڵ تێیدا دەتوانێت دوو پێڕەوی زمان لێك جیابکاتەوە،لەو خێزانانەی،کە دوو زمان کاردەکات و قسەی پێدەکرێت،زانایان ئەم هۆشیارییە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی پاش لەدایك بوون دەبەنەوە،هەروەك کاتەکانی فێربوونی زمانی یەکەم و تێگەیشتن لە هەندێك وشە و دەربڕینی یەکەم وشەی ئەو زمانە.لێرە بەدواوە،کە دەگاتە کۆتایی ساڵی یەکەم و سەرەتاکانی ساڵی دووەم،منداڵ هەست بە جیاوازیی دوو سیستمی زمانیی جیاواز دەکات، کاتێك لە ژینگەی خێزانەکەیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

هەندێك لە زانایان سەرووتر لەو تەمەنەی سەرەوە دیاریدەکەن(Robbins Burling-1959) ڕایدەگەیەنێت((کوڕەکەی زمانی(Garo)،کە زمانی هۆزێکە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی هندستان، لە بەخێوکارەکەیەوە فێربوو لە هەمان ئەو تەمەنەی،کە زمانی ئینگلیزی فێربوو،لە باوك و دایکییەوە،ئەو کاتە تەمەنی نزیکەی دوو ساڵ و سێ مانگ بوو،بەرلەوەی ئەو ڕاستییە بزانێت،کە خەڵکی جیاواز بە زمانی جیاواز قسەدەکەن))[1].هەرچەندە منداڵ لەم کاتەدا ناتوانێت بە تەواوی زمانی یەکەمیش بەکاربهێنێت،بەڵام بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی،کە دەیانزانێت لە هەردوو زمانەکەدا،لەوە تێدەگات دوو زمانی جیاوازن،هەم لە ڕووی دەنگ و ڕیزبوونی کەرەستەکانیانەوە،هەم لە ڕووی هێماکانیانەوە، چونکە بۆ هەر شتێك لە شتەکانی دەروبەر،منداڵ پێویستە دوو هێمای جیاواز بزانێت و بەکاریانبهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر زمانی ئینگلیزی لە ژینگەی خێزانێکی کورددا هەبێت،ئەو کاتە منداڵە کوردەکە تێدەگات و فێردەبێت،هەریەکە لە وشەکانی(ئاو)و(water)هێمان بۆ یەك شت.بەم شێوەیە هەردوو وشەکە لەسەر پێڕەوی سەربەخۆ گەشەدەکەن و دوو سیستمەکە بەڕوونی دەردەکەون،واتە ئەمە سەرەتای فێربوونە.دیارە فێربوونی زمانی دووەم تەنها تایبەت نییە بە تەمەنی منداڵی.ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر گەشەی بایەلۆژی و دەروونی و زمانەوانیی منداڵ کراون،بەگشتی ئەو ڕاستییە

---

1- R.A. Hudson-1996-p16.17 .

ئاشكرادەكەن،كە باشترین و گونجاوترین تەمەن بۆ فێربوونی زمانەكانی تر قۆناغەكانی تەمەنی منداڵییە٠كوردیش لە دێرزمانەوە گوتوویەتی(دار بە تەڕی نەچەمێت،ناچەمێت)[1]٠ئایا لە قۆناغەكانی منداڵییشدا كامیان لەبارترە بۆ فێربوونی زمانی دووەم؟بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە گەشەی ئەندامەكانی لەشی منداڵ لەبەرچاوبگرین،چونكە ئاشكرایە لەسەرەتادا،توانای ئەنجامدانی هیچ كارێك و فێربوونی هیچ زانیارییەكی نییە،پاش لەدایكبوون وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو،وەك چۆن زمانی یەكەم وەردەگرێت،بەو شێوەیەش وەڵامدانەوەی بۆ زمانی دووەم دەبێت،ئەم گەشەكردنە لەسەرەتاوە خێرا و بەردەوامە، تا تەمەنی گەیین(باڵغبوون)،لێرە بە دواوە مێشكی منداڵ ئەو نەرمی و گونجاویەی بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان نامێنێت،بۆیە گرنگترین كات بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم،بۆئەوەی كەسی فێربوو بە باشی هەموو ئاستەكانی زمانەكە لە مێشكیدا جێگیربێت،تەمەنی دووساڵی بەرەو سەرەوەیە،تا تەمەنی گەیین٠ئەمە بۆچوونی زانای زمانەوانی بایەلۆژی(لێنیبێرگ)ە[2]، كە لە ئەنجامی چەند لێكۆڵینەوەیەك لەسەر مێشك پێیگەیشت٠بەرامبەر بەمەش بۆچوونێكی تر هەیە، كە پێی وایە تەمەن ئاستەنگ نییە لەبەردەم فێربوونی زمانی دووەمدا،بە مەرجێك هۆكار و پاڵنەرەكانی،بەهێز و كاریگەربن٠بەڵگەكانی ئەم بۆچوونە لەلایەن(Diller)و(Burt & Dulay)ەوە ئەوەیە(فێربوونی زمان لە هەر تەمەنێكدا،لەسەر ئەو هۆكارە كوتوپڕ و كاریگەرانەی دەرەوە دەوەستێت،نەك توانای زگماكی،فێرنەبوونی زمان لەلایەن قوتابیانەوە بۆ ساڵانێكی دوور و درێژ لە قوتابخانەكاندا و فێربوونی زمانیش لە لایەن هەموو ئەو خەڵكە جۆراوجۆرەوە لە گشت ئاستەكانی تەمەن،لە كاتی تێكەڵاوبوونیان بە خەڵكانی زمان جیاواز،لە ئەنجامی زۆر بارودۆخی تایبەت،ڕاستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن)[3]٠ئەگەر ئەو دوو ڕایەی سەرەوە بەراورد بكرێت،هەرچەندە ناتوانرێت یەكەمیان پشت گوێ بخرێت،بە تایبەت بۆ ڕاهاتن لەسەر ئاواز و سیستمی دەنگی زمانی دووەم،بەڵام دووەمیان پەسەندترە،چونكە زۆر كەس لە سەرووی ئەو تەمەنەوە تەنانەت زۆر گەورەتریش بوون،لە كاتی چوونیان لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ هەندەران،زۆر بەباشی زمانی ئەو وڵاتانە فێربوون،كە لێیان دەژیان،ئەمە لە كاتێكدا هەندێكیان نەخوێندەوار،یان لەقوتابخانەدا،بەتایبەتی لە وانەی زمانەكانی تردا قوتابی سست و كەمتەرخەم بوون٠

تایبەتمەندییەكی فێربوونی زمانی دووەم لە تەمەنی گەورەییدا ئەوەیە،كە زمانی دایك پارێزراو دەبێت، بەڵام تا تەمەن كەمتربێت،مەترسی هەیە،كە زمانی دایك لە بیربچێتەوە،لە كاتێكدا ئەگەر بۆ ماوەیەكی زۆر ڕۆژانە بەكارنەهێنرێت٠

---

[1] -پەندێكی پێشینانی كوردییە،مەبەست لێی فێربوون و فێركردن و ڕاهێنانی منداڵانە لە سەر زۆر شتی بەسود،چونكە زۆر ئەستەمە لە گەورەییدا، وەك تەمەنی منداڵی بە جوانی و بێ گرفت فێریان بن٠

2- David Nunan-2001-p41 .

[3] -بڕوانە:ا/ موسى رشيد حتاملة،Plotnink-1999، ب/سەلام ناوخۆش–نەریمان خۆشناو،٢٠١٠،ل٣٩٦ ٠

## ٤-٦/٢)زمانی دووەم و ڕێزمانی جیهانی(UG)

یەکێکە لە بنەماکانی(ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە- Transformational Generative Grammar)،کە چۆمسکی پێشنیاری کرد٠بریتییە لە سەرجەم ئەو تایبەتییە گشتییانەی،کە لە نێوان هەموو زمانەکانی جیهاندا هاوبەشن٠بە ڕای ناوبراو منداڵ ئەم تایبەتمەندییانەی لە ڕێگەی بۆماوەوە بۆ دەمێنێتەوە،هەربۆیە منداڵ لە هەر کۆمەڵێکدا بێتەژیانەوە،لەم توانستە بایەلۆژییە سوود وەردەگرێت،بۆ ئەوەی زمانەکەیان وەربگرێت،با ئەو زمانە هی دایك و باوك و نەتەوەکەشی نەبێت٠

منداڵ کاتێك دێتەژیانەوە،زانیارییە سەرەتاییەکانی زمان لە دەوروبەرەوە وەردەگرێت و ڕێزمانی لێ بەرهەمدەهێنێت،واتە لەو کەرەستانە ڕستە و فرێز دروستدەکات٠ئاشکراشە هەموو زمانێك لە پەیڕەو پێکهاتووە٠منداڵ لەسەر بنەمای توانستی زمانی و یاساکانی ناو مێشکی زمانێك وەردەگرێت، ئەمەش سەبارەت بە زمانی یەکەم،بەڵام ئایا هەمان پرۆسە سەبارەت بە زمانی دووەم ڕاستە یان نا؟ واتە زمانی یەکەم و دووەم هاوسەنگن لە وەرگرتن و فێربووندا،بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٤)[1]:




هێڵکاریی ژ(٤)

زمانەکان لە ریزبوونی کەرەستەکانیاندا جیاوازن،بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی لە دارشتنی فرێزدا سەر سەرەتایە،کەچی زمانی یابانی و تورکی سەرکۆتان[2]،زمانی کوردی ریزبوونی کەرەستەکانی (SOV)یە،بەڵام زمانی ئینگلیزی(SVO)یە،ئەمە و زۆر وردەکاریی تری زمانەکان،دەبنە هۆکاری ئەوەی زمانی یەکەم و دووەم لە وەرگرتندا هاوسەنگ نەبن٠ئەمە وێڕای ئەوەی زمانی یەکەم لە لایەن منداڵەوە،لەسەر توانستێکی پاك و بەکارنەهاتوو دادەمەزرێت و گەشەدەکات٠واتە پێش وەرگرتنی زمانی دووەم یاسا و ڕێساکانی ڕێزمانی گشتی لەلایەن منداڵەوە بۆ وەرگرتن و ڕێکخستنی کەرەستە بەراییەکانی زمانی یەکەم بە کارهێنراون،بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە،ئیتر منداڵ توانای وەرگرتنی زمانی دووەمی نابێت و یاساکانی فەرهەنگی ئاوەزیی،توانای ڕێکخستنەوەی کەرەستە وەرگیراوەکانیان بە جۆرێکی تر و شێوازێکی تر نابێت٠لەم ڕوانگەیەوە بارودۆخی وەرگرتنی زمانی دووەم بەگشتی بە هۆی سێ هۆکارەوە ئاڵۆز دەبێت[3]:

١/ وەرگری زمانی دووەم لە ڕووی درککردنەوە بە شێوەیەکی گشتی پێگەیشتووە٠

---

1- V.J . Cook and Mark Newson-1996-p124-126 .

2 - بڕوانە: ا/ سەرچاوەی پێشوو،ل٩٠ ، ب/. Rosamond Mitchell-Florence Myles and Emma Marsden-p80

3- Rosamond Mitchell-Florence Myles and Emma Marsden-p83 .

٢/ وەرگری زمانی دووەم پێشتر زمانێکی تری وەرگرتووە٠

٣/ وەرگری زمانی دووەم پاڵنەر و ورووژێنەرەکانی جیاوازن،بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم،واتە فێربوونی زمانی دووەم بۆ پێویستییە بنەڕەتییەکەی مرۆڤ نییە،کە پەیوەندیکردنە٠

بەم پێیە نیشانە تایبەتییە دروستەییەکانی زمانی یەکەم،کە خۆیان لە دروستەکانی فۆنۆلۆژی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازیدا دەبیننەوە،پێش زمانی دووەم لای منداڵ هەن و بەهۆیانەوە زمانی(دایك)ی وەرگرتووە،بۆیە زمانی دایك،یان یەکەم بە بەراورد بە زمانی دووەم جێگیرتر و چەسپاوترە٠ئەم دیاردەیەش لە کاتی بەکارهێناندا زۆر بەباشی دەردەکەوێت،چونکە هیچ وەرگرێك،یان فێربوویەکی زمانی دووەم ناتوانێت بە قووڵی هەست و بیر و ئەندێشەکانی بە زمانی دووەم دەربڕێت٠ بەتایبەتی لە کاتی تووڕەبوون و ئاخاوتنی خێرادا،یان پەشۆکان و نائارامیدا،لەبەرئەوە نیشانە تایبەتییە دروستەییەکان،تایبەتمەندیی توانستی زمانیین و تایبەتن بە مرۆڤ،بنەمای وەرگرتنی زمانی یەکەم پێکدەهێنن٠(چۆمسکی) باوەڕی وایە،ئەو دروستانەی سەرەوە هێندە ئاڵۆز و نادیارن و بە شێوەیەکی وەها زۆر تایبەت و تەواو لەگەڵ مەبەستەکانیاندا و بۆ مەبەستەکانیان گونجێنراون و دانراون،کە هەر لە سەرەتاوە منداڵان ناتوانن وەریانبگرن٠کاتێك منداڵ زمانی دایکی وەردەگرێت،بەو نیشانە تایبەتییە دروستەییانەوە دەتلێتەوە و بە دەستیانەوە دەناڵێنێت،بۆیە دەبێت ئەمانە پێش ئەوەی منداڵ زمانی یەکەم وەربگرێت،لە لای هەبن و لەکاتی زمانوەرگرتنەکەدا یارمەتی بدەن[1]٠

ئەگەر زمانی یەکەم بەم بارودۆخە سەرەتا و سەختەدا تێپەڕببێت،ئەوا بێگومان وەرگرتن و فێربوونی لەگەڵ زمانی دووەمدا زۆر جیاوازە،بەڵام ئەمەش دیسان ئەوە ناگەیەنێت هەردوو پرۆسەکە هاوبەشی و لێکچوونیان نەبێت٠

## ٢/٦–٥)مۆدیلە هاوبەشەکانی ز١ و ز٢ لە ئاستی وشەدا

زمانی یەکەم و دووەم لە مێشکی مرۆڤدا و لەکاتی بەکارهێناندا،لە پرۆسەگەلێکی پێشبڕکێ و هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی بەردەوامدان،ئاستی وشە و واتا،یان وشە و چەمك،یاخود وشە و ناوەڕۆك لەو ئاستانەیە،کە زۆرتر زانیاریی زمانیی هەردوو زمانەکە پشتی پێدەبەستن٠ئەم پێکەوە کارکردنە بە چەند مۆدێلێك نوێنراون:

### ٢/٦–٥–١)مۆدێلی هاوبەشیی وشە(Word Association Model)[2]

بەپێی ئەم مۆدێلە،وێنە و چەمکەکان لە زمانی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرن،دواتر لە ئاستی وشەدا هەردوو زمانەکە هاوبەش دەبن٠لە ئەنجامی وەرگێڕانی وشەکانی زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم و بە پێچەوانەشەوە،واتە منداڵ وێنەیەکی هۆشەکی بە چەمکێکەوە پەیوەست دەکات لە زمانی یەکەمیدا و

---

1 - محەمەدی مەحویی،٢٠٠١،ل١٦٦٠

2- MATTHEW J. TRAXLER-2012-P417.

پاشان بە هێمای زمانی بەرجەستەی دەکات،کاتێك زمانی دووەم فێردەبێت،دیسان بۆ چەمکە بنەڕەتییەکە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ وشەی زمانی دووەمدا پەیوەستی بکاتەوە،بەڵکو بە بەراوردکردنی وشە و فۆرمە جیاوازەکانی هەردوو زمانەکە و پاشان وەرگێڕان و هاوسەنگ کردنیان، دەتوانێت لە جێگەی یەکتر بەکاریانبهێنێت.بۆ نموونە وێنەی هۆشەکی(گوڵ)لە مێشکی قسەپێکەری زمانی کوردیدا،بەرامبەر چەمکی گشتی(گوڵ)ە،ئەم وێنە و چەمکە بە فۆرمێکی دەنگیی هەستپێکراو نوێنراوە،ئەگەر ئەم کەسە کوردە،زمانی دووەم بۆ وێنە(ئینگلیزی)فێربوو،ئەوا لە کاتی بەکارهێنان و قسەکردندا(وشەی گوڵ)بۆ(وشەی flower )وەردەگێڕێت و بە پێچەوانەشەوە،بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ چەمکی گشتی وشەی گوڵ لە زمانی دووەمدا.

بەگوێرەی ئەم مۆدێلە،پرۆسەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە ئاستی وەرگێرانی وشەی زمانی یەکەم و دووەمدا ڕوودەدات،کە بە هێڵکاریی ژمارە(٥) پیشاندراوە:




هێڵکاریی ژ(٥)

## ٢-٥-٦/٢)مۆدێلی چەمکی نێوانگر(Concept Mediation Model)[1]

ئەم مۆدێلە،لە ئەنجامی کەموکورتی مۆدیلی پێشوو هاتە ئاراوە،کە نا هاوسەنگیی وەرگێڕان بوو لە نێوان وشەکانی هەردوو زمانەکەدا بەیەك خێرایی و لە هەمانکاتدا،چونکە ئەم مۆدێلە پێیوایە، فۆرمە جیاوازەکانی زمانی یەکەم و دووەمیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای چەمکەکان

1 - سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەڕە.

وەردەگیرریێن٠واتـە هەریـەکێك لـەو هێمایانـە بـە شـێوەی ڕێککـەوتن بـەو شـتانەوە بەسـتراونەتەوە،کە بەرجەستەی دەکەن لە هـەردوو زمانەکـەدا،دواتر لـە ئاسـتی بەکارهێنانـدا بەرامبـەر دەبنـەوە و واتـای یەکتر دەبەخشن٠دیارە ئەمەش کاتێك دەبێت،کە فێربـوونی هـەردوو زمانەکـە لـە ڕێگـەی کـارلێککردنی مندالْ لەگەلْ ژینگە و دەوروبەردا ڕوودات،نەك بە شێوەی وانە و خوێندن و ڕاهێنان٠

چەمك و واتا هەندێك جـار بەرامبـەر یـەك دەوەستنەوە و هـەندێك جاریش نابەرامبەرن،ئەم دوو ڕەگەزە لە کولتور و ڕۆشنبیری و تێڕوانینی گەلانەوە بـۆ ژیان،ئاوێتـەی زمـان دەبـن و بـە نیـشانە دەنگییـەکان دەخرێنەڕوو،یان بە ئەلف و بێیەك دەنوسرێن٠بۆیە بە گوێرەی ئەم مۆدیلە چەمکەکان بناغەی وەرگرتن و فێربـوونی جووتزمانیین،پاشـتر وشەکان،چـونکە لەوانەیـە هـەمان وشـە لـە زمـانی یەکەمـدا واتـا و چەمکێکی،تا ڕادەیەك جیاوازتر،یان فراوانتر،یان تەسکتر لە زمانی دووەمدا بگرێتەخۆ٠

هێلْکاریی ژمارە(٦)،(مۆدیلی چەمکی نێوانگر)دەخاتەڕوو:




هێلْکاریی ژ(٦)

لە کاتی وەرگێڕانی وشەکانی هەردوو زماندا بەرامبـەر یەکتر،پۆلـە ڕەگـەزەکانیان بـە هـەمان خێرایـی و ڕوونی ناگۆڕرێنەوە،ئەگەر هەموو وشەکانی فەرهەنگی زمان بـە شـێوەیەکی گـشتی،ببنە بەشـی(نـاو) و بەشی(کردار)،ئـەوا(نـاو)لـە(کـردار)ئاسـانتر و خێراتـر لـە لای کەسـی جووتزمانـە وەردەگێڕرێت،چـونکە وەرگێڕانی کردار لە نێوان دوو زماندا،لێلْی دروست دەکات[1]٠هەر ئەمەشـە وا دەکـات وەرگێڕانـی ڕسـتە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر،قورس و گران بێت،بە تایبـەتی ئەگـەر ئـەو دوو زمانـە لـە ڕووی ڕیزبـوونی کەرەستەکانیانەوە جیاوازبن و لە یەکەوە دووربن ٠

1- Anat Prior¸Judith F. Kroll and Brain Mac Whinney:2012:p469.

## ٢/٦-٥-٣)مۆدیلی هەمواركراوی هەرەمی(Revised Hierarchical Model)[1]

ئەم مۆدێلەش،بەم جۆرە هێڵكاری كراوە:




هێڵكاریی ژ(٧)

بەپێی لێكدانەوەی مۆدێلەكە،زمانی یەكەم و دووەم،هەم لەڕێگەی وشە،هەم لەڕێگەی چەمكەوە پێكەوە پەیوەست دەبن،مۆدێلەكانی پێشوو هەریەكەیان جەختیان لەسەر بنەمایەكیان دەكردەوە، بەلأم لەبەرئەوەی ئەم مۆدیلە لە ئەنجامی تێكەڵ كردن و هەمواركردنی هەردوو مۆدێلەكەی تر دروستكراوە و داهێنراوە،بۆیە وەرگێڕان و پەیوەندیی وشە و فەرهەنگ و چەمك لە نێوان هەردوو زماندا بە پێویست و گرنگ دەزانێت،بەلأم وای دەبینێت وەرگێڕانی وشە لە زمانی دووەمەوە بۆ زمانی یەكەم خێراترە،هەروەها پەیوەندیی وشە و هێما بە چەمكەوە لە زمانی دووەمدا لاوازترە،وەك لە زمانی یەكەم٠ئەم پرۆسەیە لە كاتی فێربوونی زمانی دووەمدا،بە ڕوونی هەستی پێدەكرێت٠

هەرچەندە ئاستەكانی فۆنۆلۆژی و وشەسازی لە هەموو زمانەكاندا لەسەر بنەمای پێڕەوێكی ورد و ئاڵۆز دەڕۆن بەڕێوە،بەلأم هیچ كاتێك لە ئاڵۆزیی و گرانییدا ناگەنە ئاستی پێڕەوی ڕستەسازی،هەر لەبەرئەمەشە كرۆكی هەموو زمانێك لە سینتاكسەكەیدایە،چونكە سەرەڕای وشە واتادارەكانی زمان، كۆمەڵێك وشەی لاوەكی،یان مۆرفیمی ڕێزمانی دێنە ناوەوە،خۆیان واتادارنین،بەلأم واتای جۆراو جۆر بە ڕستە دەدەن،كە وەرگێڕانیان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر زۆر سەختترە لە گۆكردن و وەرگێڕانی وشە واتادارەكان لە نێوان زمانەكاندا٠ئەمەش وا دەكات وەرگرتنی زمان شاراوە و تەمومژاویی بێت٠

بۆ نموونە تەماشای ئەم ڕستانەی خوارەوە بكە:

١- بارودۆخی خۆتم پێ بڵێ٠ ٢- تحدث لی عن حالك٠ ٣- حال خودت بە من بگو٠ 4-Tell me your situation □

واتای هەریەك لەم ڕستانە لەو زمانانەدا بە كەرەستە و دەربڕینی تریش دەگەیەنرێن،كەواتە زمان بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕستەی واتادروست و ڕێزماندروست و تێگەیشتن لێیان٠

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە،٤١٨ ٠ هەروەها بڕوانە:Judith F. Kroll: 2002:p139

لەم بەشەدا ئەو تیۆرانەی،کە لە بواری زمانوەرگرتنی منداڵدا داهێنراون،گفتوگۆیان لەسەر کراوە و ڕاوبۆچوونە جیاواز و هاوبەشەکانیان بەراوردکراون،چونکە هەریەکێك لەمانە لە گۆشەنیگایەکەوە و بەپێی کۆمەڵێك بنەما و بەڵگە پرۆسەکەیان لێکداوەتەوە٠لەم ڕوانگەیەوە کردەی زمانوەرگرتن دەخوازێت شیکردنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت،لەبەرئەوەی دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆز و پڕ لە نهێنییە،بەڵام تیۆری زمانەوانی و بایەلۆژی توانیویەتی بە پشت بەستن بە(تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە)لە زانستی زماندا و زانستی بایەلۆژی بۆ دیاریکردنی گەشەی قۆناغ بە قۆناغی مێشکی منداڵ و ئەندامەکانی بیستن و ئاخاوتنی،زۆرێك لەو ئاڵۆزییانە بڕەوێنێتەوە٠هەر لەم بەشەدا کردەکانی وەرگرتنی زمان بەو شێوەیەی،کە لای منداڵ دەبینرێت بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەشکراون، وەك(گریان،گڕوگاڵ،دروستکردن و لاساییکردنەوەی دەنگەکانی زمانی دایك،وەرگرتن و فێربوونی وشەکانی زمانەکە)،دواتریش باسی وەرگرتنی زمانی دووەم کراوە و لەگەڵ پرۆسە و قۆناغەکانی وەرگرتنی زمانی یەکەمدا بەراوردکراوە،پاشان پێکەوە کارکردن و هەماهەنگی و کێبەرکێیان لەگەڵ یەکتردا و شوێن و جێگەیان لە مێشکی ئاخێوەرانیاندا ڕوونکراوەتەوە٠

بەم پێیە منداڵ کاتێك دێتەژیانەوە چۆن دەتوانێت زمانی دایکی وەربگرێت،ئاوەهاش دەتوانێت دوای وەرگرتنی،یان شانبەشانی زمانی یەکەم،زمانی دووەمیش وەربگرێت،بەڵام(پلە یەك)ی هەر بۆ زمانی دایکە،چونکە لەسەر یادەوەریی و توانستێکی پاك و بەکارنەهاتوو وەردەگیرێت و دەچەسپێت٠

# بەشی سێیەم

## هۆکار و نەخۆشییەکانی دواکەوتنی وەرگرتنی زمان لای منداڵ

## ٣) هۆكار و نەخۆشییەكانی دواكەوتنی وەرگرتنی زمان لای منداڵ

ئاشكرایە وەرگرتنی زمانیش لای منداڵ،وەك دواكەوتنی گەشە و پێگەیشتنی ئەندامەكانی جەستە و لایەنی ژیریی و هۆشیاری،هەندێك جار بوونی هەیە،ئەمەش پەیوەستە بە كۆمەڵێك هۆكار و نەخۆشی جۆراوجۆرەوە،بە واتایەكی تر،هەندێك لە منداڵان لە كات و ساتی ئاسایی و سروشتیی خۆیاندا و بەپێی قۆناغەكانی زمانوەرگرتن،كە لای منداڵانی ئاسایی هەن،زمانوەرناگرن و لەم پرۆسەیە دوا دەكەون.

وەك لە بەشەكانی تری لێكۆڵینەوەكەدا ڕوونكرایەوە،كردەی زمانوەرگرتنیش دوو بەشە بەشێكیان ئەو توانستە زمانییەیە،كە ئەبستراكتە و لە كۆمەڵێك یاسا و ڕێسای زمانی پێكدێت و لە لەدایكبوونەوە لە مێشكی منداڵدایە،واتە توانایەكی سروشتی و بۆماوەیی مرۆڤەكانە،بەڵام ئەم توانایە پێویستیی بە گەشەكردن و پێگەیشتن هەیە،ئەوەش لە ئەنجامی كارلێككردن و تێكەڵبوون،لەگەڵ ئەو ژینگە زمانییەی،كە لە كۆمەڵگە و دەوروبەری منداڵدا لەكاردایە،دێتە ئاراوە و بەرهەمدار دەبێت.بۆیە ئەم بەشەی زمانوەرگرتن،نەخۆشیی تایبەت بە خۆی هەیە و لە نا تەندروستی مێشكدا خۆی دەبینێتەوە،بە تایبەت ئەو شوێنانەی،كە لە كردەكانی زمانوەرگرتن بەرپرسن،وەك بیستن و شیكردنەوە و تێگەیشتن لە واتای هێما زمانییەكان و دروستكردنی واتا و ....هتد.

هەرچی بەشی دووەمی زمانوەرگرتنیشە،بریتییە لە(ئاخاوتن)،هەرچەندە زۆرێك لە زانایانی زمان، ئاخاوتن و قسەكردن بە بەشێك لە زمان دانانێن،بە هۆكاری ئەوەی تەنها بەرجەستەكردنی یاساكانیەتی بە دەنگ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا،ئەگەر ئاخاوتن نەبێت،ناتوانرێت لە یاسا و تایبەتمەندییەكانی زمانەكان بگەین،بۆیە دەكرێت ئەم دوو لایەنەی زمان،وەك دوو دیوی یەك شت تەماشابكرێن،لەم ڕوانگەیەوە ئاخاوتنیش هەرچەندە لە مێشكەوە سەرچاوە دەگرێت،بەڵام بە كۆمەڵێك ئەندامی وەك سییەكان و ژێكانی دەنگ و دەم و زمان و...هتد،دروستدەكرێن و دەردەبڕرێن،بۆیە كەموكورتی لەمانەدا گرفت لە ئاخاوتن و قسەكردندا دروستدەكات و بەو ناتەواویانەش دەوترێت نەخۆشییەكانی ئاخاوتن.

بەشێوەكی گشتی نەخۆشییەكانی زمانوەرگرتن پەیوەندییان بە هۆكار و كاریگەرییەكانی بۆماوە و ژینگە و دەوروبەرەوە هەیە،بەڵام بە بڕ و ئەندازە و شێوە و شێوازی جیاواز.

### ١/٣)هۆكار و كاریگەریی بۆماوە

كاریگەریی و نەخۆشییە بۆماوەییەكان لە ڕێگەی كرۆمۆسۆمۆكانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ منداڵ، كە ژمارەیان بۆ هەر خانەیەكی لەش(٤٦)تاك و(٢٣)جووتە،دەبنە دوو بەشەوە: كرۆمۆسۆمە لەشییەكان(٤٤) و كرۆمۆسۆمە ڕەگەزییەكان(٢)ن[1].واتە هەر زیاد و كەمییەك لەو ژمارەی سەرەوەدا ڕوویدات،دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك نەخۆشی زگماكی لە منداڵدا.

---

[1]- ئەكرەم قەرەداخی،٢٠٠١،ل١٤٧،١٤٨ .

ئەو نەخۆشییانەش،کە بەو هۆیەوە دروستدەبن،بەپێی زیاد و کەمیی جۆر و ژمارەی زنجیرەیی کرۆمۆسۆمۆکان جیاوازن و دەگۆڕێن.

### ٣/١-١)دیاردەی داون،یان مەنگۆلیزم(Down Syndrome or Mongolism)

ئەم نەخۆشییە لە لایەن(جۆن لانگدن داون)ەوە دۆزراوەتەوە،لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی ئەو (٤٤)تاك كرۆمۆسۆمەی،كە پێیان دەوترێت كرۆمۆسۆمە لەشییەكان و تایبەتمەندییەكانی لەش و جەستەی مرۆڤ لەخۆدەگرن،دروستدەبێت.هەروەها لە گواستنەوەی سیفاتی زاڵی باوان بۆ نەوەكانیشیان بەرپرسن،زیادبوونەكەش لە ڕیزبەندیی ژمارە(٢١)ی ئەو(٢٢)تاك كرۆمۆسۆمەیە،كە لەگەڵ(٢٢)تاكەكەی بەرامبەریاندا لە ڕەگەزەكەی تر،(٤٤)كرۆمۆسۆمەكە پێكدەهێنن،واتە لە جیاتی ئەوەی كرۆمۆسۆمی ژمارە(٢١)یەك دانەبێت،لە ئەنجامی تێكچوون و دابەشبووندا،دەبێتە دوو دانە،بەو هۆیەشەوە ژمارەی كرۆمۆسۆمەكانی خانەی تووشبووەكە دەبنە(٤٧) كرۆمۆسۆم لە جیاتی ژمارەی ئاسایی،كە(٤٦)دانەیە. لە ئەنجامی ئەمەشدا نەخۆشەكە هەندێك حاڵەتی تایبەتیی دەبێت،كە بە زمانوەرگرتنەوە پەیوەندیدارە،وەك: ناتەواوی مێشك و توانای بیركردنەوە و لاوازی لە فێربووندا و ئاستی زیرەكیشی لە نێوان(٢٥-٥٠)دایە[1].بۆیە زۆر جار تووشبوو بە هۆی ناتەواوی مێشكییەوە،كە سەرچاوەی زمانە و ناوچەكانی زمان و ئاخاوتن دەكەونە ناوییەوە،دەزگای بیستن(بە تایبەت گوێی ناوەڕاست) لە دەست دەدات و ئەمەش دەبێتە هۆی نەبیستن و تێنەگەیشتن لە ئاخاوتن و دواكەوتنی زمانوەرگرتن لای منداڵی تووشبوو بەم نەخۆشییە[2].هۆكاری ئەم نەخۆشییە تەنها بۆماوەییە و هیچ پەیوەندییەكی بە كاریگەریی ژینگەییەوە نییە.زۆر جار كەسی تووشبوو توانای فێربوون و دەربڕینی وشەكانی زمانی هەیە،بەڵام ناتوانێت پێكەوە گرێیان بدات و ڕستەی واتاداریان لێدروست بكات، هەندێك جاریش توانای بیستنی نییە و ناتوانێت وشەكانی زمان فێرببێت و دەریانبڕێت[3].ئەم نەخۆشییەش،پلەی سووكی و گرانیی هەیە و كەسی نەخۆش لە هەموو بارەكاندا،وەك یەك دیاردەكانی دواكەوتنی وەرگرتنی زمان لای دەرناكەوێت،بەڵام بە شێوەیەكی گشتی،تووشبووی ئەم نەخۆشییە گرفتی دواكەوتنی زمان و ئاخاوتنی دەبێت،ئەمەش بە ڕوونی هەستی پێدەكرێت.

### ٣/١-٢)ئۆتیزم(Autism)

ئەم نەخۆشییە بۆ یەكەمجار لە لایەن پزیشكی دەروونی(Leo Kanner)دۆزرایەوە،لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی(ئۆتیزم)یۆنانییە و بە واتای(دوورەپەرێزی و گۆشەگیری)دێت،زانایان لە سەر هۆكارەكانی دروستبوون و تووشبوون بەم نەخۆشییە ڕای جیاوازیان هەیە،بەڵام بەگشتی بڕوایان وایە،

---

1- سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٨ .

2- http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%88%D8%AD%D8%AF

3- /http://www.down-syndrome.org/reviews/5

که هەردوو هۆکاری سەرەکی(بۆماوە و ژینگە)،لە سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە بەرپرسن،کە کاردەکەنە سەر تێکچوونی فرمانەکانی مێشك و دەمار٠دەربارەی ڕۆڵی بۆماوە،ئەگەر خێزانێك منداڵێکی هەڵگری ئەم نەخۆشییەیان هەبێت،ئەگەری حاڵەتی دووەم لەنێوانیاندا(٥٠)ئەوەندەی خێزانەکانی ترە،سەبارەت بە هۆکاری ژینگەش،هەوکردنە ڤایرۆسییەکان و زۆر کارتێکەری تریش،دەستیان لە دروستکردنی نەخۆشییەکەدا هەیە،لە ئەنجامدا نەخۆشەکە لە سێ بواردا کێشەی دەبێت،وەك:گفتوگۆ(ئاخاوتن)و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوت و ڕەفتار[1]٠واتە نەخۆشەکە گرفتی ناتەواوی مێشکی دەبێت،بە تایبەتی نیوە گۆی لای چەپی مێشکی،وەك هەندێك توێژینەوە ئاماژەی بۆ دەکەن٠بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەش و ناوچانەی،کە تایبەتن بە زمان و قسەکردن و شارەزایی و داتا و دیاردەکان،کەمتر خوێنیان بۆ دەچێت،بەراورد بە کەسێکی ئاسایی،بۆیە منداڵی ئۆتیزم لە لایەنی زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شیتەڵکردنەوەی داتا و زانیارییەکانەوە دواکەوتوون،لەبەرئەمە وەك منداڵی ئاسایی زمانوەرناگرێت و دوادەکەوێت،ئەو وشانەش،کە فێریان بووە،بە شێوەیەکی ڕێزماندروست و واتا دروست بەکاریان ناهێنێت و کەسانی دەوروبەری بە ئاسانی لێی تێناگەن[2]٠هۆکار و کاریگەرییەکانی بۆماوە لە ڕێگەی ترشۆڵکەی(DNA)و زیادکردن و تێکچوونی ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانەوە لەسەر باری تەندروستیی کۆرپەلە و دواتریش شوێنەواری لەسەر زمان و ئاخاوتن زۆر و فرە چەشنن،بەردەوامیش ئەم بابەتە لە لایەن زانایانەوە لێیدەکۆڵرێتەوە،بۆ گەیشتن بەو نهێنیانەی،تا ئێستا نەزانراون٠

## ٢/٣)کاریگەریی ژینگە و هۆکارەکانی دەوروبەر

زانایان دەڵێن کاریگەریی هۆکاری ژینگە(١٠٪)یە و کاریگەریی بۆماوەش هەر(١٠٪)یە،ئەو(٨٠٪)یەش، کە دەمێنێتەوە،ئاوێتەبوونی هۆکار و کاریگەرییەکانی هەردوو بواری بۆماوە و ژینگەیە لە سەرهەڵدان و دروستبوونی نەخۆشی و تێکچوونە جەستەییەکانی کۆرپەلە،یان تەندروستی و سەلامەتیی[3]، بۆیە دیاریکردنی بڕ و ئاستی هۆکارەکان و دانەپاڵی ژینگە،یان بۆماوە و جینەکان،لە هەموو نەخۆشییە زگماکییەکانی کۆرپەلەدا کارێکی ئاسان نییە،ئەوەی دەوترێت و بەدەستهاتووە،بەرهەمی ماندووبوون و توێژینەوەی زانایانە،دەکرێت لە بوار و بابەتی خۆیاندا ڕاستبن و دوا زانیاریی و ڕاستیی بن،دەشکرێت لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستدا،هەڵە دەربچن و زانیاریی و بۆچوونی زانستیی نوێ جێگەیان بگرێتەوە،وەك دەیان و سەدان گریمانە و تیۆری ڕەتکراوە و وەلاوەنراو٠ ئەمەش بۆ ئاڵۆزی ژیان دەگەڕێتەوە،چونکە بوونەوەر بە ورد و درشتییەوە لە کارلێککردنێکی تەواوکاریدان،بە شێوەیەك هەموو شتێك لە ناو بوونەوەردا دووربن،یان نزیك پێکەوە پەیوەندیدارن،بەڵام ئەمەش بەو واتایە نایەت

---

[1]- ئەفرام محمد حسن،٢٠١٢،ل٢٤٠ ٠

[2]- کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠١١،ل١٦٥–١٧١ ٠هەروەها بڕوانە: معمر نواف الهوارنة،٢٠١٢،ص٨٥–٨٨ ٠

[3]- ئەکرەم قەرەداخی،٢٠٠١،ل١٩٠ ٠

نەتوانرێت سنوور بۆ دیاردە و بابەت و ڕووداوەکانی ژیان دابنرێت.لەم ڕوانگەیەوە هەندێك لەو نەخۆشییانەی،کە دووچاری کۆرپەلە دەبن پێش،یان پاش لەدایکبوون،کارکردی دەوروبەر و ژینگەیان بەسەرەوەیە،دیارە مەبەست لەو گرفتە جەستەیی و هۆشی و دەروونییانەیە،کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بە دواکەوتنی زمان و گوتنەوە پەیوەستن.

### ١-٢/٣)سورێژەی ئەڵمانی(German Measles)

(Gregg)ی زانا،یەکەم کەس بوو،کە سەلماندی ئەم نەخۆشییە دەبێتە هۆی تێکچوونی زگماکیی کۆرپەلە،ئەمەش بەپێی ڕادەی تووشبوون و تەمەنی کۆرپەلە جیاوازە و دەگۆڕێت.بۆ نموونە لە هەفتەی حەوتەمدا دەبێتە هۆی کەڕی(Deafness)کۆرپەلە[1].بێگومان(کەڕی)یش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە زمانوەرگرتنەوە هەیە،چونکە ئەو منداڵانەی کەڕن لە ئاخاوتن تێناگەن،لە ئەنجامدا لاسایی وشە و دەنگەکانی زمانیان بۆ ناکرێتەوە،بۆیە زمان فێر نابن،مەگەر بە ڕێگەی تر،وەك پێڕەوی ئاماژە و ئیشارە،یان بەکارهێنانی هۆکارەکانی فێرکردنی زمان،کە لەئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتنی بواری زانست و پەروەردە و فێرکردنەوە بەردەستن،بەڵام لەم حاڵەتەشدا منداڵ،زمانوەرگرتنەکەی هەر ئاسایی نابێت و دوادەکەوێت.

هەر لە ڕوانگەی کاریگەریی و شوێنەواری ژینگە و دەوروبەرەوە،سەبارەت بە هەندێك نەخۆشی،کە یەکلا نەبووەتەوە،هۆکارەکەی بۆماوەبێت،بەڵکو زیاتر ڕوو لەوەیە،هۆکارە جۆراوجۆرەکانی ژینگەی ژیانی کۆرپەلە و دایك دەستیان لە دروستکردنیاندا هەبێت،چونکە منداڵ کاتێك لە قۆناغی کۆرپەلەییدایە،بەهۆی کەمی خۆراك و نەخۆشییەکانی دایك و جۆرەکانی دەرمان بەکارهێنان و تیشك گرتنەوە،تووشی زۆر نەخۆشی دەبێت،هەندێك لەم نەخۆشییانە دەبنەهۆی دواکەوتنی گەشەی مێشك، یان تێکچوونی ئەرکەکانی،ئەمەش دواتر کاریگەریی لەسەر پرۆسەکانی زمانوەرگرتن دەبێت،دیارە جگە لە مێشك هەندێك کۆئەندامی تریش بەشداری لە کردەی زمانوەرگرتندا دەکەن،وەك کۆئەندامی هەناسە و بیستن و بینین،بەڵام کۆئەندامی دەماری ناوەندی بە تایبەتی توێکڵی مێشك،بەرپرسی یەکەمە لە زمان[2].واتە هەر کەموکوڕییەك لەم کۆ ئەندامانەی منداڵدا هەبێت، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کردەکانی بەرهەمهێنانی زمان و ئاخاوتن دەبێت.

### ٢-٢/٣)ئیفلیجی مێشك(Cerebral Palsy)

نەخۆشییەکە توشی مێشك دەبێت،بەتایبەت لە تەمەنی کۆرپەلەییەوە،هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارتێکەرە ژینگەییانەی،کە لە سکی دایکدا کاردەکەنە سەر کۆرپەلەکە و هەندێکیان لەسەرەوە باسکران،لەگەڵ چەند هۆکارێکی تر لەکاتی لەدایکبووندا،وەك سەختیی و گرانیی لەدایکبوون،بەتایبەتی

---

1- سەرچاوەی پێشوو،ل١٩١ .

2- عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠١٤،ل٥٧ .

ئەو منداڵانەی بەشێوەی ئاسایی و تەندروست لەدایك نابن،هەروەها لەدایکبوونی پێشوەخت و بوونی دوانە و سیانە و نەگونجانی خوێنی هاوسەران و زۆری تریش٠ئەم نەخۆشییە جۆری زۆرە،هەریەکەیان نیشانەی تایبەت بە خۆیان هەیە،بەڵام بە شێوەیەکی گشتی،کۆمەڵە نیشانەیەکی هاوبەش پێکەوە دەیانبەستێتەوە،ئەوانەی،کە پەیوەندییان بە زمانوەرگرتن و ئاخاوتنەوە هەیە،ئەمانەن[1]:

١/ کێشەی بینین،نزیکەی لە(٥٠٪)ی ئەوانەی ئیفلیجی مێشکیان هەیە،گرفتی بینینیان هەیە٠

٢/ کێشەی بیستن،نزیکەی لە(١٥٪) بۆ لە(٢٥٪)یان گرفتی بیستنیان هەیە٠ئەم گرفتانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر پرۆسەکانی وەرگرتنی زمان و ئاخاوتن و دواکەوتنیان٠

٣/ کێشەی ئاخاوتن و گرانیی قسەکردن،ئاخاوتن پێویستیی بە جووڵەیەکی هاوسەنگی ماسولکەکانی زمان و لێو و ڕوومەت هەیە،بۆیە دەبینرێت ئەوانەی ئیفلیجی مێشکیان هەیە،گرفتێك،یان زیاتری ئاخاوتنیان هەیە،وەك دواکەوتنی ئاخاوتن و قسەکردن،یان دەربڕین و گوتن بە گرانی،گرفتی نە توانینی بەردەوام بوون لە ئاخاوتن،هەروەها تێکشکاندنی وشە و ڕستەکان،بەبێ تێکدانی واتاکانیان٠ جگە لەمانە لە هەندێك کەسی تووشبوو بەم نەخۆشییە بینراوە،بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی لە هەستەکانی بینین و بیستن،هەروەها تێگەیشتندا هەبێت،ناتوانێت قسەبکات،واتە بەباشی دەبینێت و دەبیستێت و تێشدەگات،بەڵام بە هیچ شێوەیەك توانای ئاخاوتن و قسەکردنی نییە،دەنگ دەردەکات، بەڵام بۆی ناکرێتە دەنگە زمانییەکان و وشە و ڕستە،بەڵکو دەنگەکەی تەنها بریتییە لە دەنگێکی تێکەڵ و پێکەڵی بەرز و نزمی بێواتای نازمانی،بەڵام کەسانی نزیکی،بەپێی بارودۆخ و پێویستیی ڕۆژانە لێی تێدەگەن،کەواتە منداڵی تووشبوو بەم جۆرەی ئیفلیجی مێشك،نەك زمانوەرگرتنی دوادەکەوێت،بەڵکو هەر فێرنابێت٠

## ٣/٢-٣)بەرکەوتنی مێشك(زیانکەوتن لە مێشك)

هەندێك جار بەرێکەوت منداڵ بە هۆی ڕووداوی ئۆتۆمبیل و کەوتنەخوارەوە و برینداربوون و ٠٠٠هتد، مێشکی زیانی بەردەکەوێت،بەتایبەتی ئەو ناوچانەی،کە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی زمان و قسەکردنیان تێدا ڕوودەدات،ئەمەش هۆکارە بۆ تووشبوون بە جۆرەکانی نەتوانایی بۆ تێگەیشتن و دەربڕین و قسە کردن،چ پێش وەرگرتنی زمان،کە دواکەوتنی زمانوەرگرتنی لێدەکەوێتەوە،یان دوای وەرگرتنی زمان، کە دەبێتەوە هۆی دەرکەوتنی جۆرەکانی لەبیرچوونەوەی زمانی لای کەسی بەرکەوتوو٠

بەم پێیە چەند جۆرێك لە(Aphasia) زمان بەستران،یان زمانگیریی،یان نەتوانایی بەکارهێنانی زمان،لە لایەن زانایانی زمانەوە دیاریکراون،بەپێی تێکچوون و بەرکەوتنی ئەو ناوچەیەی مێشك،کە بەرپرسە لێیان وەك[2]:

---

1- ئەفرام محمد حسن،٢٠١٢،ل٤٩٩-٥٠٣٠

2- عبدالکریم محمد شطناوي،و: ئازاد ئەمین باخەوان- ناصح محەمەد،٢٠١١،ل١٦٥-١٦٧٠

١/ زمانگیریی وشەیی و جوولەیی،لەم حاڵەتەدا نەخۆش توانای ئەوەی نییە وشەکان ئامادە بکات بۆ دەربڕین و گوتن و نووسین٠

٢/ زمانگیریی هەستی،یان تێگەیشتن،لەم جۆرەدا نەخۆش توانای ئەوەی نییە لە واتای وشەکان تێبگات،چونکە ناتوانێت مانای دەنگەکە وەربگرێت،بۆیە لە کاتی قسەکردندا دەنگێك بە دەنگێکی تر دەگۆڕێتەوە،وەك گۆکردنی دەنگی(د) لە جیاتی دەنگی(ت)،چونکە لەوانەیە تووشی تێکچوونی درککردنی بیستن بووبێت٠

٣/ زمانگیریی ڕێزمانی،ئەو جۆرەیە،کە نەخۆشەکە ناتوانێت ڕستەی ڕێزماندروست دروستبکات و دەریببڕێت،واتە توانای بەسەر یاساکانی ڕێزمانی زمانەکەیدا نەماوە٠

٤/ زمانگیریی واتایی،لەم شێوەشیاندا،نەخۆشەکە ناتوانێت لە واتای دەستەواژەکان،کە لە ڕستەیەکدا دێن،تێبگات٠بۆ نموونە ئەگەر نەخۆشەکە گوێی لە قسەکردنی کەسێك بێت،ناتوانێت لە مەبەستی گشتیی قسەکەی بگات،ئەگەر توانای تێگەیشتنی وشەکانی هەبێت،دەبێت وشە بە وشە لە ماناکەیان بگات،واتە لە کاتی پێکەوەبەستنی وشەکاندا بۆ دروستکردن و داڕشتنی ڕستە،کەسی تووشبوو واتای گشتی ئاخاوتنەکە،یان ڕستەکە لە دەست دەدات٠

ئەم خاڵانەی سەرەوە،جۆرێکن لە دابەشکردنەکانی زمانگیریی،لێکۆڵەران بە شێوەی تریش دابەشیان کردوون و دیارییان کردوون٠بۆ نموونە(فۆن مۆناکۆف)،بەم جۆرە پۆلێنی کردوون[1]:

١/ زمانگیریی گوزارشتکردن(Express aphasia):

ئەم جۆرەی زمانگیری، بریتییە لەوەی،نەخۆش ناتوانێت بیر و بۆچوونەکانی بۆ کەسانی تر لە ڕێگەی زمانەوە بنێرێت،واتە توانای زمانیی هەیە،بەڵام توانای ئاخاوتن و قسەکردنی نییە٠

٢/ زمانگیریی وەرگرتن(Reception aphasia):

لەم حاڵەتەدا کەسی تووشبوو،ناتوانێت لە ئاخاوتن و دەربڕینی بینراو و بیستراو تێبگات،بێ ئەوەی گرفت لە ئامێری بیستن و بینینیدا هەبێت،واتە گرفتەکە لە ناوەندی مێشکدایە،نەك لە چاو و گوێی نەخۆشدا٠

٣/ زمانگیریی لە بیرکردن(Amnestic aphasia):

لەم جۆرەیاندا نەخۆشەکە گرفتی لەبیرکردنی هەیە،چونکە هەموو شتەکانی لە بیردەچێتەوە،بێ ئەوەی توانای بیستن و بینین و گوزارشتکردنی زمانیی لە ناوچووبێت و نەمابێت٠ بەم پێیە هەر گرفتێك،ورد بێت،یان درشت لە ناوەندەکانی زمان و ئاخاوتن لە مێشکی منداڵدا و ناتەواوی لە هەستەکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن،دواتر کاریگەریی لەسەر قۆناغەکانی زمانوەرگرتن دەبێت،بەگوێرەی ڕێژەو

---

[1]– عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠١٤،ل١١٦–١١٧٠

ئاستی کەموکوورپییەکە٠

مۆدێلی(Wernicke-Lichtheim-Geschwind:WLG)ڕێگەیەکە،بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە پرۆسەکانی زمان و ئاخاوتن و کەموکورتیەکانیان،بەهۆی دیاریکردنی چالاکییەکانی مێشکەوە،ئەم مۆدێلە سێ جۆر نەخۆشیی زمانگیریی دیاری دەکات،بە پێی ئەو ناوچانەی مێشك،کە زمان و ئاخاوتنیان تێدا دروستدەبێت[1]:

١/ زمانگیریی وێرنیك(Wernicke's aphasia)[2]:

ئەم نەخۆشییە زمانییە،بە(ئەفاژیای زمان ڕەوانی)یش ناسراوە،چونکە کەسی تووشبوو بەم نەخۆشییە دەتوانێت بە شێوەیەکی پاراو لە ڕووی ڕێزمانییەوە قسە بکات،واتە ڕیزکردنی کەرەستەکانی بەپێی یاساکانی ڕێزمان ڕاست و دروستن، بەڵام گوتە و دەربڕینەکانی واتادارنین،لە بەرئەوەی مێشکی توانای ئەوەی نەماوە،فۆرمەکانی وشە لەگەڵ چەمك و واتا و بابەتەکاندا،کە ئاماژە و ناون بۆیان،پێکەوە ببەستێتەوە،هەر بەم هۆیەشەوە بە ئەستەم لە ئاخاوتن و نووسینیش تێدەگات٠

٢/ زمانگیریی برۆکا(Broca's aphasia):

ئەم جۆرە لە زمانگیریی،تاڕادەیەك پێچەوانەی شێوەکەی سەرەوەیە،چونکە کەسی تووشبوو بەم حاڵەتە،بەباشی لە ئاخاوتن و نووسین تێدەگات،بەڵام ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕەوان گفتوگۆ بکات،واتە قسە و دەربڕینەکانی پچرپچڕ و گیرن٠وێڕای ئەمە،ئاخاوتن و وتەکانیشی،لە ڕووی یاسا ڕێزمانییەکانەوە کێشەی هەیە،واتە نەخۆش ناوەندی ڕێکخستنی ڕێزمانیی وشەکانی زمانی،کە لە ناوچەی(برۆکا)[3]دایە،زیانی پێگەیشتووە و بەرکەوتووە٠ئەمەش وا دەکات،بەتەواوی ڕستە دروست نەکات و گرفتی لەگەڵ ڕیزکردنی کەرەستەکاندا،بەتایبەتی کاتەکانی کردار و مۆرفیمە گراماتیکییەکانی وەك کۆکردنەوە و لێکدەر و نەرێ و ناسراو و ٠٠٠٠٠هتددا،هەبێت٠

٣/ زمانگیریی گەیاندن(Conduction aphasia):

جۆرێکی ترە،یان شێوەی سێیەمە لە زمانگیریی،کە لە دوو جۆرەکەی تر جیاوازترە،چونکە نەخۆش هیچ کێشەیەك لەوانەی سەرەوەی نییە،واتە کەسی نەخۆش ناوچەی برۆکا و وێرنیکی تووشی لەناوچوون نەبوون،لەبەرئەوە بەتەواوی لە قسەکردن و نووسینیش تێدەگات،خۆیشی دەتوانێت قسەبکات و قسەکردنەکەشی لە ڕووی ڕێزمانییە دروستە،بەڵام تەنها کێشەی ئەوەیە توانای

---

1- MATTHEW J. TRAXLER:2012:479-508 .

2- ناوچەی وێرنیك،شوێنێکە لە مێشکی مرۆڤ و دەکەوێتە پلی پێشەوەی نیوەی چەپ لەسەر توێکڵی مێشك،بە زمانی ئینگلیزی(Wernicke's area )یان (Wernicke's territory)ی پێدەوترێت٠ئەم ناوچەیە لە لایەن زانا و پزیشکی بەناوبانگی ئەڵمانی(Karl Wernicke)ەوە،لە ساڵی(١٨٧٤ز) ،لە ڕێگەی پشکنینی دوو نەخۆشەوە بە ناوەکانی(Susanne Adam) و(Susanne Rother)،دۆزرایەوە٠

3-ناوچەی(برۆکا)ش،لە ساڵی(١٨٦١ز)،لە لایەن زانا و پزیشکی فەڕەنسی(Pierre Paul Broca)ەوە،لە ڕێگەی نەشتەرگەریی مێشک بۆ(دوو کەسی تووشبوو بەم نەخۆشییە زمانگیرییە،بە ناوەکانی(Leborgne) و (Lelong)پاش مردنیان،دۆزرایەوە و دواتریش بەناوی خۆیە ناونرا٠

دووبارەکردنەوەی فـرێز و ڕستەکانی نییە، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە،زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانی ئاخاوتنی بیستراو بۆ ماوەیەکی کەم لـە یادگە و هەستیدا دەمێننـەوە بـەرامبەر بە زانیارییـە واتـاییەکان،هـەر لەبەرئەمـەشە لە واتــای فرێز و ڕسـتەکان تێدەگات بـەڵام ناتوانێـت بـە شـێوەیەکی تـەواو و دروست دووبارەیان بکاتەوە و دەریانببڕێت. ئــەم حاڵەتــەش تێکچوونی ناوچـەیەکی مێشك لێـی بـەرپرسە و دەکەوێتە نێـوان هـەردوو ناوچـەی برۆکـا و وێرنیکـەوە و بریتییـە لـە کۆمـەڵێك،یان گورزەیـەك ڕیشاڵە دەمار،کـە هـەردوو شـوێنەکە پێکـەوە دەبەسـتێتەوە،ئەم ناوچـەیە پێیـدەوترێت( Geschwind’s territory)،واتـە ناوچـە،یان هـەرێمی (Geschwind)،هـەروەها(arcuate fasciculus)یشی پێدەوترێت،واتـە(پـشتوێنەی کەوانــەیی). بـەپێی مـۆدێلی(WLG) پرۆسـەکانی زمـان(ئاخـاوتن و تێگەیـشتن)،ئـەو سـێ بەشـەی لای چـەپی مێـشك(ناوچـەی برۆکـا و ناوچـەی وێرنیـك و پـشتوێنەی کەوانەیی)،لێیان بەرپرسن.لـەم ڕوانگەشـەوە هـەر کەموکوورییـەك لـەم ناوچـانەدا هـەبێت لـە تەمـەنی منداڵیدا،یان لە گەورەییدا،ئەوا زمانگیریی و کێشەی زمانی لێدەکەوێتەوە[1].لەم وێنەی خوارەوەدا ئـەو بەشانەی سەرەوە دیاریکراوە.




وێنەی ژ(٢)[٢]

1- MATTHEW J. TRAXLER:2012:482- 483 .
2- https://www.google.iq/search?q=arculate+fasciculus

ئەم مۆدێلەش وەك هەر مۆدێلێكی تری لێكۆڵینەوەی زانستی،دیارە،بێ گرفت و كێشە نییە،بۆیە لە چەند ڕوویەكەوە ڕەخنەی لێگیراوە و كەموكورتییەكانی دەست نیشانكراوە[١].

لە ئەنجامی چەند لێكۆڵینەوەیەكدا،ناوچەی تر لە مێشكدا دۆزراونەتەوە،كە پەیوەستن بە جۆرەكانی زمانگیرییەوە،بۆ نموونە هەندێك نەخۆش زمانگیریی وێرنیكی هەیە،كەچی ناوچەی وێرنیكی ساغ و بێ كێشەیە،هەروەها بەركەوتنی ناوچەی وێرنیك،هەموو كاتێك نابێتە هۆی زمانگیریی وێرنیك.ئەمە ئەوە دەگەیەنێت،ناوچەی تریش هەن،كە پەیوەستن بەم كێشەیەوە.

ئەمەش بە هۆی دیاریكردنی جێگەیەك لە مێشكدا بە ناوی(Basal Ganglia)[٢] واتە (بنكە گرێ) بڕوانە وێنەی ژ(٥).




وێنەی ژ(٣)[٣]

ئەم ناوچەیە،پێكهاتەیەكە لە مێشك و دەكەوێتە ژێر توێكڵی مێشكەوە لە نێوان هەردوو پلی پێشەوە و لای چەپ،تا ڕادەیەك،وەك بنكەیەكە بۆ بەشی پێشەوەی مێشك.ئەم شوێنە جگە لەكار و چالاكییەكانی تری،لەگەڵ ناوچەی مێشكۆكە(Cerebellum)لە پرۆسەكانی زمان و فێربووندا ڕۆڵیان هەیە[٤]،بە شێوەیەك هەر ناتەواوییەك لێرەدا هەبێت كاریگەریی لەسەر زمان و ئاخاوتن دەبێت،واتە هەندێك جار ناوچەی برۆكا و وێرنیك تەندروستن،بەڵام بە هۆی كێشە لەم ناوچەیەدا،زمانگیریی برۆكا و وێرنیك دەردەكەون،یان كاتێك ناوچەی برۆكا زیانی پێدەگات نەخۆش هەمان ئەو نیشانانەی نییە،كە مۆدێلی(WLG)دەست نیشانی كردوون،واتە تێكچوونی ئەم بەشەی مێشك،دەبێتەهۆی دەركەوتنی هەندێك نەخۆشیی زمان و قسەكردن.

---

1 - گرنگترین ڕەخنە لەم مۆدێلە ئەوەیە،كە نەیتوانیوە بەوردیی و بەتەواوی شوێن و جێگەی بەرهەمهێنان و كێشەكانی زمان و ئاخاوتن دیاری بكات،ئەمەش بۆ ئاڵوزیی و چڕیی ئەرك و چالاكییەكانی مێشك دەگەڕێتەوە،واتە جگە لەو ناوچانەش،كە ئەم مۆدێلە دیاریكردوون،شوێن و ناوچەی تریش هەن و پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە.لێكۆڵەرانی شیكاریی مێشكی مرۆڤ لەم بارەیەوە توێژینەوەی زۆریان پێشكەشكردووە،بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بردووەتە بەر لێكۆڵینەوەی مێشك لە ڕێگەی وێنەگرتنی لەرینەوەی موگناتیسی بۆ چالاكی و ئەركەكانی(FMRI–Functional Magnetic Resonance Imaging)،یان لە ڕێگەی وێنەگرتنی كومپیوتەرییەوە(Computerized Axial Tomography).

2- http://en.wikipedia.org/wiki/Basal_ganglia
3- http://www.google.iq/imgres?imgurl=http%3
4- /http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC2424405
هەروەها بڕوانە: http://www.cell.com/trends/neurosciences/abstract/0166-2236%2883%2990213-8

پارچەیەکی تر لە مێشك(Insula)[1]ی پێدەوترێت،پەیوەندیارە بە پرۆسەکان،یان نەخۆشییەکانی زمانوەرگرتنەوە.ئەم ناوچەیە بەشێکە لە توێکڵی پێشەوەی مێشك و هەرکێشەیەك تێیدا ڕوویدات،ئەوا دەبێتە هۆی تووشبوون بە هەندێك لە نەخۆشییەکانی زمان و دەربڕین.بڕوانە وێنەی ژ(٦).




وێنەی ژ(٤)[2]

لە ئەنجامی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا(Nina Dronker)[3]ئەوەی دەرخست،کە زیانکەوتن لەم جێگەیەی مێشك،کاریگەریی بۆ سەر زمان و ئاخاوتن دەبێت،هەروەها زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن،(Insula)لە هەڵسوڕاندنی ناوەندی ئاخاوتندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت[4]،بۆیە بەرکەوتنی ئەم شوێنە زیانی بۆ زمان و ئاخاوتن دەبێت.

نەخۆشی زمانگیری لە زۆربەی مرۆڤەکاندا دەکەوێتە لای چەپی مێشکەوە و هەموو تەمەنەکان(منداڵ، گەنج، پیر) تووشی دەبن،ئەگەر ئەو ناوچانەی لەسەرەوە باسکران،بە هەر هۆکارێك بێت زیانیان پێبگات.لە ڕەگەزی نێر و مێ دا،وەکو یەکە و جیاوازیی نییە.نەخۆش بە ئاخاوتن و قسەکردن و خوێندنەوەدا دەناسرێتەوە و دەزانرێت،کە ئەم نەخۆشییەیەتی[5].

ئەوەی باسکرا،تەنها باسی لای چەپی مێشك بوو پەیوەست بە نەخۆشییەکانی زمان و ئاخاوتنەوە،لە کاتێکدا مێشکی مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکی،وەك یەك لە قەبارەدا پێکهاتووە،بەشی چەپ( Left hemisphere)،بەشی لای ڕاست(Right hemisphere)،هەرچەندە هەریەکێك لەم بەشانە تایبەتمەندن بە کۆمەڵێك جووڵە و چالاکی لەش و جەستە،بەڵام ناکرێت پەیوەندییان پێکەوە نەبێت و پشت بە یەکتر نەبەستن،چونکە هەموو بەشەکانی لەش بەشێوەیەکی بەهێز پەیوەستن بەیەکەوە و کاری یەکتر تەواو دەکەن.لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە،کە بەشی چەپی مێشك ئەرکەکانی لای ڕاستی لەش و بەشی ڕاستیش ئەرکەکانی لای چەپ ڕادەپەڕێنێت،بەڵام مانای ئەوە نییە هەردوو

---

[1]- وشەیەکی لاتینییە بۆ(Island)واتە:دورگە،لە کۆندا بە باڵەخانەی نیشتەجێبوونی ڕۆمانییە کۆنەکانیان دەوت،بە تایبەت چینی سەرەوە و دەست ڕۆیشتووەکانیان.بڕوانە:http://en.wikipedia.org/wiki/Insula ،بۆ زانینی شوێن و کار و چالاکییەکانی(basal ganglia) و (insula)،چاوپێکەوتن لەگەڵ د.سەروەر جەمال باجەلاّندا کراوە، پسپۆری نەخۆشییەکانی مێشك و کۆئەندامی دەمارە.کۆلێژی پزیشکی،کاژێر(١١–١١،٢٠)،(٢٠١٥/٣/١٨)،زانکۆی سلێمانی.

2- https://www.google.iq/search?q=insula&client=firefox

[3]-(PHD.Nina Dronker )دەمارزان و زمانەوانێکی ئەمریکییە،بەڕێوەبەری ناوەندی زمانگیریی و شێواوی زمانییە،مامۆستای بەشی دەمارزانییە لە زانکۆی کالیفۆرنیا.بڕوانە:http://www.hse.ru/en/staff/dronkers، http://mindbrain.ucdavis.edu/people/dronkers

[4]- http://www.neurolang.org/nina-f-dronkers-vs-julius-fridriksson/، هەروەها بڕوانە: MATTHEW J. TRAXLER:2012 :p489-490، http://grantome.com/grant/NIH/I01-CX000254-03

5- http://www.nidcd.nih.gov/health/voice/pages/aphasia.aspx

نیوەی مێشک ئەرک و چالاکییەکانیان وەک یەک و یەکسان بێت[١].




وێنەی ژ(٥)[٢]

بۆیــە هەرچــەندە بــەپێی مــۆدێلی کلاســیکی(BWL–Broca-Wernicke-Lichtheim)[٣] ناوچەکانی زمان و ئاخاوتن دەکەونە لای چەپی مێشکەوە،بە تایبەت لای ئەو کەسانەی،کە ڕاستەوانەن واتە دەستی ڕاستیان چالاک و کارایە،کەواتە بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.بۆ نموونـە مـرۆڤ کاتێک ئاخـاوتن دەبیستێت،لە ڕێگەی هەردوو گوێیەوە دەگەنە هەردوو بەشی ڕاست و چـەپی مێـشک،یان بینینـی وشـە نوسراوەکان لەڕێگەی چاوەکانەوە،دیسان لەلایەن هەردوو بەشەکەوە وەردەگیرێن[٤].بەم پێیـە دەبێت پەیوەندییـەک لـە نێـوان هـەردوو بەشـەکەی مێـشکدا هەبێت،بەتایبـەت لـە بابـەت پرۆسـەکانی زمـان و ئاخاوتنەوە.بێگومان هـەردوو بەشـەکە بـە هـۆی(corpus callosum)،کـە بریتییـە لـە دەسـتەیەک ڕیشاڵە دەمار،پێکەوە دەبەسترێن،دیارە ئەم پەیوەندییە فیزیکییە بۆ گواستنەوەی زانیارییە لـە نێـوان هــەردوو لاکــەی مێــشکدا بــۆ جێبــەجێکردنی کــار و جووڵــەکانی لــەش. زمــان و بیــستن و ئاخــاوتن و خوێندنــەوە و نووســینیش لــە چــالاکییەکانی مرۆڤن،بۆیــە ناکرێــت هــەردوو بەشــی مێــشک ڕۆڵیــان لــە هەڵسوڕاندنیاندا نەبێت.لە ڕابردوودا باوەڕ وابوو،تەنها لای چەپی مێشک بەرپرسە لە پرۆسەکانی زمـان، ئــــەوەش لــــە ڕێگــــەی چــــاودێریکردنی ئــــەو کەســــانەی،لە ئــــەنجامی لەناوچــــوونی لای چــــەپی مێـشکیاندا(LHD) توشـی کێـشەی زمـانی بووبـوون.چـونکە وەک گوترا،بەشـی زۆری خـەڵک زۆربـەی

1- Jean Aitchison:2012:p44 .

2- https://www.google.iq/search?q=two hemisphere brain

3- John C. L. Ingram:2007:p40-43

4- ا/ David Crystal:2006:p171-174 ، ب/ د. تێبین صبری محمود،چاوپێکەوتن،چارگەکەی خۆی،٢٠١٤/٩/١،کاژێر(٥،٥).

ناوچەكانی زمان و ئاخاوتنیان لای چەپی مێشكیاندایە،بەڵام لە ئەنجامی دەركەوتنی چەند دیاردەیەكی لەناوچوونی لای ڕاستی مێشكیش(RHD)ئەوە زانرا،كە لەم حاڵەتەشدا نەخۆش گرفتی زمان و ئاخاوتنی دەبێت،ئەم گرفتەش بە زاراوەی زمانەوانی پێیدەوترێت زمانگیریی پەڕینەوە (CROSSED APHASIA)[1] بڕوانە وێنەی ژ(٦).




وێنەی ژ(٦)[٢]

لێكۆڵینەوەكان ئەوەیان ئاشكرا كردووە،لای ڕاستی مێشك ڕۆڵی لە هەندێك لە پرۆسەكانی زماندا هەیە وەك تێگەیشتن و ئاخاوتن.بۆنموونە كاتێك نەخۆش لای ڕاستی مێشكی تووشی لە ناوچوون دەبێت لەگەڵ هەندێك نەخۆشی زمانی ڕووبەڕوو دەبێتەوە،وەك لێكدانەوە بە زمان،دروستكردنی چەمك، گێڕانەوەی ڕووداو،گرانیی ئاخاوتن،وەك بازدان لە بابەتێكەوە بۆ یەكێكی تر.بەگشتی لای ڕاستی مێشك لە هەندێك حاڵەتدا دەتوانێت كار و چالاكییەكانی لای چەپ ڕاپەڕێنێت،ئەگەر هاتوو لای چەپ لە كاربكەوێت[٣].ئەمە واتای ئەوەیە،بەشی ڕاست پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە كردەكانی زمان و قسەكردنەوە هەیە،بەڵام ئایا ناوچەكانی پەیوەست بە زمان و ئاخاوتن دەكەونە كوێی لای ڕاستی مێشكەوە؟گوایە ئەوانیش بەرامبەر هەمان ئەو ناوچانەن،لە بەشی چەپی مێشكدا،كە بەرپرسن لە پرۆسەكانی زمان،یان دەكەونە شوێنی ترەوە لە نیوەی لای ڕاستدا؟تاقیكردنەوەكان دەریانخستووە،ئەگەر كەسێك هەمان ئەو ناوچانەی لای ڕاستی مێشكیشی لەناوچووبێت،هیچ كێشەیەكی زمانیی نابێت[٤].لە لای ڕاستی مێشك هیچ ناوچەیەك بە زمان دیاری و تایبەت نەكراوە،

1- MATTHEW J. TRAXLER:2012:P515-516 .
2- https://www.google.iq/search?q=corpus+callosum&clien
3- Danny D. Steinberg and Natalia V. Sciarini:2006:p252-255 .
4- http://faculty.washington.edu/chudler/split.html

بـەڵكو لای ڕاسـت بەگـشتی لـە چوارچـێوەی پرۆسـەكانی درككردنـی پرۆسـۆدی،ڕۆڵی سـەرەكی دەبینێت،هەنـدێك ئامـاژەش هەیە،كـە جێگـەی پرۆسـۆدی تێگەیـشتن و بەرهـەمهێنان جیاوازبێت،بـەم هۆیـەوە(Ross) زاراوەی (aprosodia)ی بـۆ كێـشەكانی تێگەیـشتن و بەرهـەمهێنانی زانیارییـەكانی تایبەت بـە پرۆسـۆدی بەكارهێنا،واتـە زمـانگیریی ئـاواز[1].بـەهۆكاری ئەوەی،پرۆسـۆدییش یەكێكـە لـە تایبەتمەندییـەكانی زمـان بەگـشتی،بۆیە لـەم نیوەنـدەدا هەنـدێك كێـشەی زمـانی پەیـدا دەبێـت،وەك گوترا،ئەگـەر نیـوەی ڕاسـتی مێـشك تـووشی نـەخۆشی،یان بەركـەوتن بـووبێت،لەم كاتـەدا نـەخۆش هەندێك لاوازی لە زمان و قسەكردندا دەبێت،وەك بەگران دەتوانێت جەخت بكاتە سەر ئەو قسانەی،كە دەیانكـات واتـە لـە ئاخاوتنـدا كـەمی ئاگـایی هەیە،هـەروەها لـە پەیوەنـدیی كۆمەڵایـەتی بـە زمـان (پراگماتیك)كێشەی هەیە، وەكو تێنەگەیشتن لە میتافۆر(خوازە)و ئاماژە و نوكتە،بەگرانیش دەتوانێت بۆ هێنانەوەی زانیارییە كۆنەكان و كۆكردنەوە و گەنجكردنی زانیارییە تازەكـان یادگـەی بـەكاربهێنێت، زۆر دیاردەی تریش،كە پەیوەندیی ناڕاستەوخۆیان بە كردەكانی زمانەوە هەیە[2].

ڕاپەڕانـدنی كـار و چـالاكی هەربەشـێكی لـەش لەلایـەن بەشـە پێـچەوانەكەی مێـشكەوە و دەركـەوتنی نیشانەی ڕاستەوانە(ڕاستاڵ) و چەپەوانە(چەپاڵ–چەپلەر)،ئەوەی ئاڵۆز كردووە،كە بە تەواوی بزانرێت، ناوچەكانی زمان و دەربڕین بە وردیی لە كوێی مێشكدان،یان بە واتایەكی تر لە كام جێگـەی لای ڕاست و چەپی مێشكی مرۆڤدان.بڕوانە خشتەی ژ(١)،كە ڕێژەی بەشداری ناوچەكانی ئاخاوتن،لـە هەریـەك لـە بەشەكانی مێشك لەلای كەسانی ڕاستەوانە و چەپەوانە پیشان دەدات.بڕوانە خشتەی ژمارە(١).

| شوێنی ناوەندەكانی ئاخاوتن | ڕاستەوانە | چەپەوانە |
| --- | --- | --- |
| نیوەی لای چەپی مێشك | ٩٠٪ یان زیاتر | ٧٠–٩٠٪ |
| نیوەی لای ڕاستی مێشك | ١٠٪ یان كەمتر | ١٠–٣٠٪ |

خشتەی ژ(١)[3]

ئەو ناوچە و جێگایانەی مێشك لـە پێـشەوە خرانەڕوو،كـەم تـا زۆر بـە كردەكـانی ئاخـاوتن و زمانـەوە پەیوەسـتن،بۆیە ئەگـەر منـداڵ لـە كـاتی كۆرپەلـەیی،یان لـە كـاتی لەدایكبووندا، تـا ئـەو كاتـەی زمانوەردەگرێت،هەر كێشە و ناتەواوییەك تێیاندا ڕوویدات،ئەوا ڕاسـتەوخۆ كاردەكاتـە سـەر دواكـەوتن، یان لەناوچوونی پرۆسەكانی زمانوەرگرتن.گشت ئەو هۆكارانەی سەرەوە،دەچـنە خانـەی كـەموكورتی بایـەلۆژیی و جەسـتەییەوە،بۆ كـاركردن لـە دواخـستن و لەناوچـوونی زمـانوەرگرتن. هـەرچەندە ئـەم كاركردانەی سەرەوە،بنجی و بنەڕەتین سەبارەت بە وەرگرتن و فێربوون،یـان دواكـەوتن و لەناوچـوونی

1- MA TTHEW J. TRAXLER:2012:518 .

2- http://www.ncbi.nlm.nih.gov/books/NBK10861/،هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
/http://www.asha.org/public/speech/disorders/RightBrainDamage

3- Jean Aitchison:2012:p47 .

زمان و ئاخاوتن لای منداڵ،بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵە هۆکارێکی تریش هەن و ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان لەسەر کێشەکانی زمان بەگشتی هەیە٠

## ٣/٣)هۆکارە دەروونییەکانی دواکەوتنی وەرگرتنی زمان

دیارە کەسێتیی مرۆڤ لە هەردوو لایەنی جەستەیی و دەروونی دروست دەبێت،ئەم دوو لایەنە ئەوەندە بەهێز پەیوەستن پێکەوە،بەبێ یەکتر نابن و کەسایەتیی مرۆڤ تەواو نابێت٠پەیوەندیی توندوتۆڵی جەستە و دەروون وا دەکات،کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر یەك هەبێت،بەشێوەیەك هەندێك جار کەموکووڕی لەلایەك دەبێتە هۆی نەخۆشی و گرفت لە لاکەی تردا٠

زۆر جاریش هەر لایەك،نەخۆشیی تایبەت بەخۆی هەیە و دەبێتە هۆکاری ناتەواوی مرۆڤ لە پێکهاتە لەشی و هۆشمەندییەکەیدا،ئەم ئاوێتەییەی جەستە و دەروون لەسەرەتای ژیانی منداڵییەوە دەست پێدەکات و کەموکورتییەکانیان دەبنە هۆی دواکەوتنی گەشەی منداڵ لە جێبەجێکردنی زۆر چالاکی لە زۆرێك لە بوارەکانی ژیاندا٠

تێگەیشتن لە لایەنی دەروونیی مرۆڤ زۆر گرنگە،بۆیە زانستێك بە ناوی(دەروونزانی)یەوە،بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی نەخۆشییەکانی ئەم بوارە دروستبووە٠یەکێك لەو بوارانەی،ئەم زانستە بایەخی پێ دەدات،زمانوەرگرتنی منداڵە٠ئەم بابەتە هەندێك جار لە کاتی سروشتیی خۆی دوادەکەوێت،بەشێك لە هۆکەشی بۆ کۆمەڵێك لە گرفتەکانی دەروون دەگەڕێتەوە،هەروەك چۆن بۆ کۆمەڵێك لە نەخۆشییەکانی مێشك و دەمار دەگەڕێتەوە،کەواتە کاتێك باسی زمانوەرگرتنی منداڵ دەکرێت،پێویستە ئەوە لە بەرچاو بگیرێت،کە تەندروستیی دەروون زۆر پێویستە،بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی ئاسایی بگاتە ئەنجام٠بە پێچەوانەشەوە،نەخۆشییەکانی دەروون کارکردیان لەسەر دواخستنی گەشەی زمانی منداڵ دەبێت٠هەندێك لە نەخۆشییە دەروونییەکان هەرخۆیان بەشێوەی نەخۆشیی زمانیی دەردەکەون و دەبینرێن،واتە نەخۆشییە زمانییەکانیان پێدەوترێت،بەڵام لە پشتیانەوە هۆکاری دەروونی هەیە٠

لەنێو نەخۆشییە زمانییەکانیشدا،نەخۆشییەکانی گوتنن،کە بریتین لە نەتوانایی دەربڕینی دەنگ و وشە و ڕستەکانی زمان لەلایەن منداڵ،یان گەورەوە بەباشی بەشێوەیەك کاردەکاتە سەر پەیوەندیی و لەیەکگەیشتن٠ئەمانەی خوارەوە هەندێك لە نەخۆشییەکانی گوتن و ئاخاوتنن،کە هۆکاری دەروونی ڕۆڵی لە دەرکەوتن و دروستکردنیاندا هەیە:

### ٣/٣-١)گەگ گرتن

نەخۆشییەکی تا ڕادەیەك باو و بڵاوە لە ناو منداڵاندا،منداڵی نەخۆش توانای دەربڕینی هەیە بەڵام زۆر بەگرانی،کاتێك دەیەوێت قسە بکات،پەستانێکی زۆر دەخاتە سەر خۆی،تا ئەوەی دەیەوێت بیڵێت و دەریببڕێت٠کاتێك کەسی بەرامبەر،یان گوێگر،کەسی تووشبوو دەبینێت،زۆر بە ڕوونی لە

ڕوخساریدا،هەست بەوە دەکات،زۆر لە خۆی دەکات بۆ وتن،کاریگەریی ئەو زۆر لە خۆکردنەوەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند نیشانەیەکی،وەك سووربوونەوەی ڕوومەت و گرژبوونەوەی دەم و چاو بەگشتی و گۆڕانی شێوە و جوولەی لێوەکان و بەشداریی ددانەکانیش لەم پرۆسەیەدا٠لەکاتی گۆکردنی دەنگەکاندا،لەسەر دەنگێك دەوەستێت و درێژی دەکاتەوە و دووبارەی دەکاتەوە،تا کاتێك بۆی دێت و دەریدەبڕێت،واتە زۆر جار دەنگێك دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئاخاوتنی نەخۆشدا٠بۆ نموونە کاتێك بیەوێت بڵێت(تۆ)،دەنگی(ت) چەند جارێك درێژدەکاتەوە و دووبارەی دەکاتەوە،وەك(تتتتتتتتتتۆ)٠

نەخۆش لە ئەنجامی وەستانی ئاخاوتنی،قسەکان لە دەروون و هۆشیدا پەنگ دەخۆنەوە و لە پڕێکدا گرژبوونەوەکەی نامێنێت و هەمووی پێکەوە دەردەبڕێت٠ئەم جۆرە کەسانە لە ناو کۆمەڵ و لەبەر چاوی خەڵکیدا زیاتر بەم شێوەیەن،ئەگینا زۆر جار بە تەنها بن،هیچ کێشەیەکیان لە ئاخاوتندا نابێت، واتە ناتوانن زمان بەشێوەیەکی ڕەوان بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنن،بەڵام دەتوانن بۆ خۆیان بدوێن و خەم خواستەکانی خۆیان بە زمان دەربڕن٠ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی،کە هۆکاری نەخۆشییەکە دەروونییە،چونکە ئەگەر بایەلۆژی بوایە لە هەموو کات و شوێنێکدا هەمان نیشانەی دەبوو٠ئەم نەخۆشییە زۆر جار لە سەرەتای ژیانی منداڵییەوە دەردەکەوێت و کاریگەریی خراپی لەسەر توانای زمانی و ئاخاوتنی منداڵ دەبێت٠هەندێك جاریش بینراوە،لە ئەنجامی لاساییکردنەوەی ئەو کەسانەوە، کە ئەم نەخۆشییەیان هەیە،کەسی لاساییکەر هەمان نەخۆشی تووش دەبێت٠منداڵی توشبوو هەندێك جار،لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەم حاڵەتەی نامێنێت،جاری واش هەیە لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، تا پێگەیشتن و گەورەبوونیش٠

ڕێژەی نەخۆشییەکە لە نێوان نێر و مێدا،تا ئەندازەیەك جیاوازە،لە نێردا (٧٤٪) و لە مێدا دەگاتە (٧٧٪)،هۆی ئەم جیاوازییە نازانرێت[1]٠

لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، هۆکاری سەرەکی ئەم گرفتەی ئاخاوتن،دەروونییە و بۆ کۆمەڵە دیاردەیەکی سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە،وەك:بێ بەش بوون لە سۆزی دایك و باوك و نائارامی و ڕاڕایی و چەوساندنەوە و توند ڕەفتارکردن لەگەڵیدا و٠٠٠٠هتد،لە ئەنجامی ئەمانەشدا منداڵ هەست بە نائومێدیی و هیوا بڕاوی دەکات و خۆی دەخواتەوە و دوورەپەرێز و نامۆ دەبێت و ئەم نەخۆشییەی لە لا دروست دەبێت٠

هۆکاری پەیدابوونەکەی دەروونییە،پێویستە لەڕێگەی ڕەواندنەوە و هێورکردنەوەی بارە ئاڵۆزە دەروونییەکانییەوە کار بۆ نەهێشتنی ئەم نەخۆشییە لای منداڵ بکرێت ،وەك سۆز پێدان و دڵنەوایی کردن و دروستکردنی متمانە و پشت بەخۆ بەستن لای نەخۆش و گفتوگۆ کردنی لەسەرخۆ و ئارام

---

1- ابراهيم ابو شحاده،١٩٨٤،العدد٢٤ ، هەروەها بڕوانە:http://egyig.com/Public/articles/family/7/52184996.shtml

لەگەڵیدا،ئەمانەش لە ڕێگەی ماڵەوە دەبێت،کە لانکەی سەرەتایی دروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤە لە منداڵییەوە،چونکە وا دەرکەوتووە،کە دروستبوونی پەشێوییە دەروونییەکان لە لای تووشبوو پەیوەندیی بە ماڵەوە هەبێت،لێرەدا ئەوە بۆ لێکۆڵەران دەرکەوت،پێویستە ڕێنمایی پێشکەش بەو کەسانە بکرێت،کە نزیکن لە نەخۆشەوە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان پێوەی هەیە[1].وەك دایك و باوك و ئەندامانی تری خێزان لە خوشك و برا،چونکە نەخۆش بە بەردەوامی،لەگەڵ ئەم کەسانەدا دەژی و هەڵسوکەوت دەکات،پێویستە هەست بە دڵنیایی و ئارامی بکات لەگەڵیاندا.

بەم شێوەیە دەتوانرێت ڕەوتی قسەکردنی منداڵی تووشبوو بەم زمانگیرییە،ئاسایی بکرێتەوە بۆ ئەوەی زمانی خێزانەکەی بەباشی وەربگرێت و لە پەیوەندییەکانیدا بەکاریبهێنێت،بەپێچەوانەوە،ئەگینا وەرگرتنی زمانی دوادەکەوێت و توانای بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیی زمانیشی بەلەنگی دەمێنێتەوە.

### ٣/٣-٢)تەتەڵەکردن،گراندوویی

جۆرێکی ترە لە نەخۆشییەکانی دەربڕین و ئاخاوتن،بریتییە لەوەی،منداڵی تووشبوو لەسەرەتای هەر ڕستەیەکدا،یەکەم وشە بەگران دەردەبڕێت،واتە کاتێك نەخۆش بیەوێت قسە بکات،بە هۆی گرژبوونەوەی ماسولکەکانی ئەندامەکانی ئاخاوتنی،دووچاری سەختییەك دەبێت لە دەربڕینی وشەی سەرەتای ڕستەکەدا،ئیتر هەر وشەیەك بێت.دوای گوکردنی وشەکە بەو گرانییە،باری قسەکردنەکەی ئاسایی دەبێتەوە،تا کۆتایی ئەو ڕستەیە،لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕستەیەکی نوێدا کەسی نەخۆش تووشی هەمان کێشەی دەربڕین دەبێتەوە و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت[2].

هۆکاری ئەم نەخۆشییەش،ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە،بۆ ئاڵۆزیی باری دەروونی دەگەڕێتەوە لە ئەنجامی پەروەردەی هەڵەوە،نەخۆش هەست بە کەمیکردن و ترس و شەرم و شڵەژانی دەروونی دەکات[3]،بە تایبەتی لە کاتی ئاخاوتن و قسەکردن،لەگەڵ کەسانی بێگانەدا و زۆرتریش لە هەڵوێست و بارودۆخە سەخت و گرانەکاندا.ئەمە بە واتای ئەوە نایەت لە کاتی ئاساییدا وا نەبێت،بەڵکو نەخۆش پێش ئەوەی قسەکردنی ئاسایی دەست پێبکات،ماوەیەك وەستان و بێدەنگیی پێویستە،بۆی ئەوەی زۆر لە خۆی بکات و خۆی ئامادە بکات،بەڵام ئەمە لە کاتی پرسیار لێکردن و گفتوگۆی لە ناکاو و کوتوپڕدا زیاتر لەسەر کەسی تووشبوو دەکەوێت،واتە دەبێت زۆرتر و زیاتر خۆی بگوشێت،بۆ ئەوەی ئاخاوتن دەست پێبکات.

ئەم حاڵەتە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی زمانوەرگرتنی منداڵ هەیە،بە تایبەتی لەو کاتەی وشەی یەکەم،یان یەکەم وشەی زمانی دایك فێردەبێت،چونکە ئاشکرایە،منداڵ سەرەتا بە تاکە وشە

---

[1]- عبدالكريم محمد شطناوي،و. ئازاد ئەمین باخەوان- ناصح محەمەد،٢٠١١،ل١٦٧-١٧٢ .

2- http://www.gulfkids.com/ar/index.php?action=show_art&ArtCat=16&id=1035

3- http://www.diwanalarab.com/spip.php?article15344

زمانوەرگرتن دەست پێدەکات،بۆیە لە ئەنجامی نەتوانینی دەربڕینیاندا،ناتوانێت ڕۆژانە بیانڵێتەوە و خۆی لەسەر وتن و گۆکردنیان ڕابهێنێت و گەشە بە فێربوونی زمانەکەی بدات و لەگەڵ دەروبەریدا بەکاریبهێنێت٠لە کۆتاییدا بە دواکەوتنی زمانوەرگرتنەکەی دەشکێتەوە٠هەرچەندە لەوانەیە هۆکاری ئەم نەخۆشییەی ئاخاوتن،لە سەرەتاکانی وەرگرتنی زماندا لای منداڵ،جگە لە لایەنی دەروونی،بۆ لایەنی ئۆرگانیش بگەڕێتەوە،چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا(لەدایکبوون،تا یەك ساڵی)،کەمتر هەست بە بێنازیی و شەرم و ترس و خۆبەکەم زانین٠٠٠٠٠هتد دەکات،بەڵام لەگەڵ گەشەکردن و گەورەبووندا لە واتای ئەو چەمکانە بە باشی تێدەگات،ئەگەر دروست مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت و لە مافەکانی بێبەشبکرێت٠

## ٣/٣-٣)نەتوانایی ئاخاوتن،یان کەڵەکەبوونی گوتن

منداڵی تووشبوو توانای زمانی تەندروستە،بەڵام ناتوانێت ئەو توانا زمانییە بە شێوەیەکی ئاسان دەربڕێت،واتە کێشەکە لە ئاخاوتن و قسەکردندایە،نەك زمان،بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی ئۆرگانیشی لە دەزگای ئاخاوتندا هەبێت٠ ئەم نەخۆشییە لە نێوان ساڵانی(٢ تا ٦) ی تەمەنی منداڵیدا دەردەکەوێت، تێبینی کراوە لە(١٨)مانگیشدا لای منداڵ دەبینرێت[1]٠

هۆکارە دەروونییەکان بەجۆر و ڕێژەی جیاواز نەخۆشییەکە دروست دەکەن،ئەو بارەی خێزانییەی،کە منداڵ تێیدا هەست بە ترس و چەوساندنەوە و پەرخستن٠٠٠٠هتد دەکات،ژینگەی بەرهەمهێنانی حاڵەتەکەیە٠بەڵام بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە هەندێك لە زاناکانیش نەخۆشییەکە بۆ کارکردی بۆماوەیی دەگەڕێننەوە و پێیانوایە،(سێ جینات)لە جیناتەکانی کۆرپەلە لە دروستکردن و گواستنەوەی نەخۆشییەکە بەرپرسن،ئەمەشیان بە تاقیکردنەوە لەسەر هەندێك خێزان سەلماندووە[2]٠ لەلایەکی تریشەوە،ئەم حاڵەتانەی ئاخاوتن،لە کاتی تەنهایی و هەست نەکردن بەشەرم و ترس و دڵەڕاوکێ،لای منداڵ دروست نابن،بەم پێیە ئەگەر منداڵێك بە تەنها بێت و دوور بێت لە هەر بارودۆخێکی ترس و شەرم کردن،ئاسایی قسەکانی دەکات و مەبەستەکانی ناو دەروونی خۆی پێدەردەبڕێت٠تەنانەت ئەم بارودۆخە لای کەسانی گەورەش دەبینرێت،دیارە مەبەست لە هۆکارەکانی پەیدابوونی نەخۆشییەکە نییە،ئەوەندەی کاریگەرییەکەی لەسەر دواخستن و دواکەوتنی پرۆسەی زمانوەرگرتن مەبەستە٠ هەندێك پێیانوایە،تووشبووی نەخۆشییەکانی گوتن لە کاتی ئاخاوتندا سێ ڕەوشتی گوتەیی لێ بەدەردەکەوێت،کە ئەمانەن:(دووبارە کردنەوە-Repetition)،(وەستان-Blocking)،(درێژکردنەوە -Prolongation)[3] ٠

1- http://classic.aawsat.com/details.asp?section=65&article=462906&issueno
2- https://www.youtube.com/watch?v=hlF4PUxoNT0
3- دانا تەحسین محەمەد،٢٠٠٨،ل٧٦-٧٨ ٠

کاریگـەریی ئـەم دیاردانـەی نـەبوونی توانـای دەربـڕین و ئاخاوتن،بـە ئاسـت و پلـە و ڕێـژەی جیـاواز کارکردیـان لەسـەر کـردەی زمـانوەرگرتن هەیە،چـونکە منـداڵ،تا قـسە نـەکات، نیـاز و داواکارییـەکانی نازانرێت و ناتوانرێت پەیوەندیی لێکگەیشتنی لەگەڵدا دروسـتبکرێت،مەگەر لـە ئاسـتێکی نزمدا،ئـەویش بەهۆی هەندێك ئاماژە و هەڵسوکەوتی نازمانییەوە،ئەگەر قسەش بکات دەبێت قـسەکانی ڕوون و ڕەوان و واتادار بن و دووربن لە هەر کەموکووڕیی و شێواوییەکی وشە و دەنگە زمانییەکان.

هەموو ئەو کەموکورتییانەی سـەرەوە نـەتوانایی ئاخـاوتن لای منـداڵ و گـەورە پیـشان دەدەن،بـەهۆی کاریگــەریی ئــاڵۆزیی دەروونییەوە،لەگــەڵ ئەمانەشــدا هەنــدێك گرفتــی تــری ئاخــاوتن و گــوێکردن هەن،پێدەچێت هۆکارەکانیان ئۆرگـانی بـن. دیسان ئەمانـەش بـەجۆرێك لـە جۆرەکـان زمـانوەرگرتنی منداڵ دوادەخەن.وەك ئەمانەی خوارەوە:

### ٣/٣-٤)جێگۆڕکێ(Substitution)

بـریتییـە لـەو کردەیـەی،منداڵ لـە کاتی دەربڕینی دەنگە زمـانییەکاندا،هـەندێك دەنگ بـە هـەندێکی تر دەگۆڕێتەوە،ئەمەش جۆرێکە لە گرفتی دەربڕینی دەنگەکانی زمان لای منداڵ،نەك بەهۆی گەشـەکردنی گـوێکردنی سروشـتیی دەنگـەکان لای منداڵ،چـونکە لـە کـاتی خۆڕاهێنـان و تاقیکردنـەوەی دەربڕینـی دەنگەکان لە قۆناغەکانی زمانوەرگرتندا،منداڵ زۆرجار بە هۆی ئاسانییەوە دەنگێك پێش دەنگێکـی تـر فێردەبێت،لـە ئـەنجامی ئەمەشـدا لـە جیـاتی یـەکتر بەکاریانـدەهێنێت[1].بـۆ نموونـە دەنگـی(ل) پـێش دەنگـی(ڵ) و (ڕ) فێردەبێـت. لەبەرئەمـە لـە جیـاتی ئـەوەی بڵێـت(مـاڵ)،یـان(ئـەڕۆم)،دەڵێـت(مـال) و (ئەلۆم). بەم شێوەیە زۆر دەنگی تریش ئاڵوگۆڕ پێدەکات،بەڵام بە تێپەربوونی کات و سـەرکەوتنی بـە پلـەکانی زمانوەرگرتندا،دەسـەڵاتی بەسـەر دەربڕینیانـدا دەشـکێت و فێریـان دەبێـت.ئـەم دیاردەیـە بەشێوەیەکی گشتی لای هەموو منداڵان دەبینرێت.

جێگـۆڕکێی دەنگــەکانی زمــان لای هــەندێك منـداڵ جیــاوازە و یــەکێکە لــە گرفتــەکانی دەربـڕین و گۆکردن.زۆر جار لەگەڵیدا دەمێنێتەوە،تا ساڵی شەشەم و حەوتەمی تەمەنی.لە کاتێکدا منداڵی ئاسایی لە پێنج ساڵیدا بە تەواوی زمانی دایك وەردەگرێت.

بـە هـۆکاری ئـەوەی منداڵی تـووشبوو توانـای دەربڕینی هەندێك لـە دەنگەکانی زمانەکـەی نییە،نـاچار دەبێت بە دەنگی تر قەرەبوویان بکاتەوە.وەك:

( ڵ ) ⟵ (ل)،ئەڵا.....ئەلا،باڵ.....بال.

( ڕ ) ⟵ (ل)،کەڕ.....کەل،بڕی.....بلی.

( ر ) ⟵ (ل)،بەرد....بەلد،سارد....سالد .

---

[1]- بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە،ل٧١-٧٢ .

( ت ) ←——— (د)،گرت·····گرد،تین·····دین ·

( ت ) ←——— (چ)،چێشت····تێشت،چەور·····تەور ·

(د،ز،س) ←——— (ت)،ئازاد·····ئاتات،ئاسن·····ئاتن ·

هەر لەم چوارچێوەیەدا،دیاردەیەکی تر لە گرفتی دەربڕین بەدیدەکرێت،لە زمانی کوردیدا پێی دەوترێت(سەر زمانگرتن)ئەم کێشەیە ئەوەندەی بزانرێت،لە گۆکردنی هەردوو دەنگی(ز) و (س)دایە و گۆڕینیانە بۆ دوو دەنگی تر،کە لە زمانی کوردیدا بوونیان نییە و فۆنێم نین·ئەوانەش دەنگەکانی (ذ) و (ث)ن·ئەم دەنگانە لە هەندێك زماندا فۆنیمن،واتە واتادەگۆڕن،وەك زمانی عەرەبی و ئینگلیزی·

کاتێك منداڵی کورد،یان قسەکەری کورد تووشی ئەم گرفتە دەبێت،زۆر بە ئاسانی دەنگی(ز) بە دەنگی (ذ) و دەنگی(س)یش بە(ث) دەگۆڕێتەوە·ئەم دیاردەیە نابێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەو وشانە،کە ئەم جێگۆڕکێیانەی تێدا ڕوودەدات،بەڵکو تەنها ئاوازی وتنی وشەکان دەگۆڕێن·وەك:

زارا ←——— ذارا ، ساردی ←——— ثاردی ·

هەندێك جار لە ئەنجامی کێشەیەك لە(ئەندامی زمان)دا،کەسی تووشبوو لە نێوان دەنگی(ڵ) و هەردوو دەنگی(ر،ڕ)دا،دەنگێك لە تێکەڵکردنی ئەم دوو دەنگە دەردەبڕێت،بەپێی ڕێژەی چوێنێتیی دەربڕین و گۆکردنەکەی،دەتوانرێت دیارییکرێت،کە لە کام دەنگیانەوە نزیکە،ئەوەی بیستراوە جاری وا هەیە،لە دەنگی(ر،ڕ)وە نزیکە،بەڵام(ر،ڕ)ئاسایی نییە،جاروباریش لە دەنگی(ڵ)دەچێت و لێیەوە نزیکە·شایانی ئاماژەیە،دروستبوونی ئەم دەنگە لە کاتی گۆکردنی دەنگی(ر،ڕ)دایە،لەو وشانەی ئەم دەنگانەیان تێدایە،وەك(برا،بڕۆ،ڕێبوار،برین،بڕین،بەران،سەرین·····هتد)·هەروەها هەندێك جاریش دەنگی(چ)بە دەنگێك لە نێوان(ث) و (س)دەردەکات·ئەم گرفتە بەرامبەر بە(سەر زمانگرتن) دەکرێت پێیبگوترێت(ژێر زمانگرتن)،چونکە ئەوەی تێبینیکراوە،ئەم گرفتانەی ئاخاوتن بەهۆی سەری زمانەوە ڕوونادەن،بەڵکو بەهۆی بەشەکانی تری زمانەوە ڕوودەدەن و دەردەبڕێن·هەرچەندە لەوانەشە ناوەندی جوڵاندنی ئەندامی زمان لە مێشکدا لێی بەرپرسیار بێت،بەڵام لە کاتی ئاخاوتن و قسەکردندا بەهۆی زمانەوە دەبینرێت و دەردەکەوێت·ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە بە وشە و زمان ئەستەمە،بەڵام بە گوێگرتن لە کەسی تووشبووی ئەم گرفتە و تێبینیکردنی ئاخاوتنی وشەکانی،بەباشی هەست بە بیستنی ئەو دەنگانە دەکرێت،کە بە تەواوی گۆناکرێن·زۆر جار ئەم گرفتانە لە ئاخاوتندا لەگەڵ منداڵدا دەمێننەوە،تا تەمەنی گەورەیی،هەندێك جاریش بە تێپەڕبوونی کات و نەمانی ئەو کێشە ئۆرگانی و دەروونییەی،کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی،چارەسەر دەبێت و نامێنێت·جگە لە سەر زمانگرتن،چونکە ئەوەی زانراوە و بینراوە،ئەم دیاردەیە دەبێتە تایبەتمەندییەکی گۆکردنی هەردوو دەنگی(ز،س)لای نەخۆش و تا کۆتایی تەمەن لەگەڵیدایە·

### ٥-٣/٣)لابردن،یان گۆ نەکردن(Omission)

یەکێکی ترە لە نەخۆشییەکانی ئاخاوتن،کە نەخۆش بەهۆیەوە دەنگێك،یان زیاتر،لە وشەیەکدا لا دەبات و گوێی ناکات.ئەم گرفتە لە دەربڕیندا بەراورد بە جێگۆرکێ،زیاتر کاردەکاتە سەر دواکەوتنی زمانوەرگرتن لای منداڵ،چونکە وشە دەربڕاوەکانی منداڵ، بەهۆی قرتاندنی دەنگێك،یان زیاتر لە دەنگێکیانەوە،واتای خۆیان لە دەست دەدەن و منداڵ ناتوانێت،وەکو وشەگەلێکی واتادار و دروست بەپێی(ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی زمانەکەی)بەکاریانبهێنێت.لە ئەنجامدا کەسانی دەوروبەریشی بە گران لێیتێدەگەن[1].ئەم لابردنەش هەموو دەنگێك ناگرێتەوە و بە هەموو شوێنێکیشەوە پەیوەست نییە، چونکە ڕیز بوون و هاوسێیەتیی دەنگەکانی زمان بەپێی کۆمەڵە یاسایەکی تایبەتە و پێیاندەوترێت یاسا فۆنۆلۆژییەکان،ئەم دیاردەیە،یان بەگشتی هەموو دیاردەکانی دەنگەکانی زمان لە چوارچێوەی ئەم یاسایانەدا ڕوو دەدەن و سەرهەڵدەدەن.

گۆ نەکردنی هەندێك لە دەنگەکانی زمان کاتێك،وەك نەخۆشییەك لای منداڵ دەبینرێت و کاردەکاتە سەر دواخستنی زمانوەرگرتن،کە لەکاتی ئاسایی دەربڕین و فێربوونی خۆیان تێپەڕیان کردبێت.بۆ نموونە منداڵی ئاسایی لە ساڵی یەکەم بە دواوە،بەتەواوی فێری گۆکردنی وشەی(دایە)دەبێت،بەڵام هەندێك منداڵ ئەم وشەیە،دواتر لەو تەمەنە وەردەگرێت و فێردەبێت،بەڵکو لە جیاتی(دایە) دەڵێت(دای).گۆنەکردنی دەنگی(ە)،واتای وشەکە لە هەندێك باردا دەگۆڕێت و لەوانەیە لەگەڵ فۆرمی(دای)کرداردا تێکەڵ بێن و ببێتە هۆی تێنەگەیشتن.لەبەرئەوەی وتنی ڕستەیەکی وەك(دای من)، لای منداڵ دوو ڕستەی وەك(دایکی من) و (دای بە من )ی لێهەڵدەهێنجرێت،بۆیە لە ئاکامدا گرفت لە پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵدا دروست دەبێت.ئەمە جگە لە زۆر لابردنی تر،کە واتای وشەکە بەتەواوی دەگۆڕن و دەیکەنە وشەیەکی تر.وەك ئەم لابردن و گۆ نەکردنانەی خوارەوە:

١/ گۆ نەکردنی دەنگی(ر) لە هەندێك وشەدا،وەك:(کردن،بردن)————◄ (کدن–کدی،بدن–بدی)

٢/ گۆ نەکردنی دەنگی(د) و گۆڕینی دەنگی(ر) بۆ دەنگی(ی)لە هەندێك وشەدا،وەك(دیاری...یایی) ئەگەر کۆتایی وشەی(دیاری)بە دوو(ی)بنووسرێت،یان ڕاستر بگوترێت(یی)بێت،ئەوا دەنگی(ر)ئاڵوگۆڕی پێکراوە،لەگەڵ دەنگی(ی)دا،نەك تیاچوون و گۆنەکردن.بەڵام ئەگەر یەك(ی)بێت،ئەوا دەنگی(ر)لابراوە و گۆنەکراوە.هەورەها گۆڕینی دەنگی(ر،ڕ) بۆ جۆرە دەنگێکی نزیك لە دەنگی(ی)،کە هێمای نییەو نانووسرێت لە هەندێك وشەدا،وەك لە ناوچوونی دەنگەکەیە،وەك:(دڕا، بڕا،درێژی،کڕی)————◄ (د...ا، ب...ا،د...ێژی،ك...ی)[2].

---

1- /http://www.education.com/reference/article/children-communication-disorders

2- هێمای ئەم چەند خاڵە(...)ئاماژەیە بۆ شوێنی ئەو دەنگەی،کە لە تیاچوون و دەرنەبڕینی دەنگی(ر،ڕ)وە دروست دەبێت.ئەم دەنگە دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکییە تەنها لای ئەو منداڵانە،یان کەسانە دەردەکەوێت،کە گرفتی دەربڕینی ئەم دەنگەیان هەیە.دەرکەوتن و پەیدابوونی لەم شوێنانەدا،واتای وشەکان ناگۆڕێت.بەڵام

٣/ خێرایی قسەکردن،یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی گرفتی زۆری دەربڕینی دەنگەکانی زمان، ئەو بارانەی سەرەوە لە کاتی ئاخاوتنی ئاساییدا بوون،بەڵام بەهۆی چەند کەموکوڕییەکەوە بوون لەو ئەندامانەی مرۆڤ،کە بەرپرسن لە گۆکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێك·لە ئەنجامدا دەنگەکان لە دەرچە و سازگەی ئاسایی خۆیانەوە دەرنەدەچوون و گۆنەدەکران·ڕەنگە هەندێك هۆکاری دەروونیش،وەك ترس و شەرم···هتد،ئەم کێشە قورستر بکات·

خێرایی ئاخاوتن و گوتن کێشەیەکی ترە،چونکە هەندێك مرۆڤ بە سروشت بە خێرایی دەدوێن و قسە دەکەن،بەبێ هیچ کێشەیەکی ئۆرگانی،یان دەروونی·وەك چۆن هەندێك مرۆڤ(کەمدوو)ن،یان (فرە وێژ و زۆر بڵێن)·منداڵانیش لەم حاڵەتە بەدەرنین،لەبەرئەوەی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و لە منداڵییەوە لەگەڵیدایە·خێرایی گوتن و ئاخاوتن لە منداڵدا زۆر جار هۆکارە بۆ قوتدان و دەرنەبڕینی هەندێك لە دەنگەکان و تێکەڵکردن و بەسەریەکەوە گۆکردنی هەندێکی تریان·ئەگەر گوێ لە کەسێکی لەم جۆرە بگیرێت،زۆر بەباشی هەست بە دیاردەیە دەکرێت·ئەمەی خوارەوە هەندێك لەو جۆرە دەربڕینانەیە:

| ***قسەکەری ئاسایی*** | ***قسەکەری بە پەلە*** |
| --- | --- |
| ١/ پێنج هەزار،پەنجا کەس | پێن هەزا،پەنا کەس |
| ٢/ فریای بکەون،فەلاقەی بکەن | فیای کەون،فاقەی کەن |
| ٣/ چۆنیت،باشیت،دەنگوباست؟ | چۆی،بای،دەو باست؟ |

ئەمانە و دەیان نموونەی تری لەم شێوەیە لەلایەن کەسی خێرا قسەکەرەوە وتراوە و دەربڕاوە،ئەمەش تەنها بەهۆی خێرایی ئاخاوتنەوەیە،چونکە هۆکارەکەی بۆ هیچ نەخۆشییەك ناگەڕێتەوە·بە هۆکاری ئەوەی،ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە بە لەسەرخۆیی و هیواشی قسەبکەن،ئەوا هەموو دەنگەکانی زمانەکەیان،وەك کەسێك،یان قسەکەرێکی ئاسایی گۆ دەکەن و دەردەبڕن·

ئەگەر خێرایی قسەکردن بە نەخۆشییەکی گوتن دانەنرێت،دەکرێت لە ئەنجامی تێکدانی دەنگەکانی زمان و تێنەگەیشتن لەو وشانەی،کە هەندێك لە دەنگەکانیان گۆ ناکرێن،یان تێکەڵ دەکرێن،لەلایەن گوێگرەوە،بە گرفتێکی ئاخاوتن دابنرێت و بژمێررێت·

خێرایی ئاخاوتن،وەك ئاماژەی بۆ کرا،هۆکاری کەموکووڕیی ئەندامی لە پشتەوە نییە،بەڵام لە هەندێك بارودۆخدا هۆکارە دەروونییەکان گرفتەکە گرانتر دەکەن،وەك حاڵەتەکانی تووڕەبوون، شەرمکردن،ترسان،خۆشی زۆر···هتد،چونکە دەبنە هۆی ئەوەی،کەسی قسەکەر لە جاران زیاتر بە خێرایی و بە پەلە بدوێت·لە ئەنجامدا دەنگ و وشە و ڕستە بەکارهاتووەکانی ناو ئاخاوتنەکەی پێکەوە دەنووسێن و دەئالۆسکێن·ئەمەش زۆرجار هۆکارە بۆ تێنەگەیشتن·

---

شێوە و وتنەکەیان دەگۆڕێت،کەچی دەرنەبڕین و گۆنەکردنی فۆنیمی(ر،ڕ) لەو وشانەی ئەم حاڵەتەیان تێدا ڕوودەدات،ئاواز و فۆرم و واتاکەشیان دەگۆڕێن و لە زۆر باردا دەبنە هۆی تێنەگەیشتن لە منداڵ، یان کەسانی تووشبوو بەم گرفتەی دەربڕین·

زۆر جار ڕێککەوتووە و بینراوە،لە کاتی گوێگرتن و قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەدا،کە بە پەلە دەدوێن،کێشەی تێنەگەیشتن ڕوویداوە و داوایان لێکراوە بۆ ئەوەی قسەکەیان دووبارە بکەنەوە،تەنها بە هۆی خێرایی ئاخاوتنەکەیانەوە.خێرایی ئاخاوتنیش کاریگەریی خۆی لەسەر زمانوەرگرتنی منداڵ دەبێت.بە بەڵگەی ئەوەی هەرچەندە لە کاتی ئاساییدا دەنگ و وشەکانی زمانەکەی وەردەگرێت،بەلاّم بە هۆی بە پەلە گۆکردنیانەوە،وەك منداڵی ئاسایی دەریاننابڕێت.بۆیە کەسانی دەوروبەری لە کاتی ئاسایی درەنگتر هەست دەکەن بەوەی،کە منداڵەکەیان قۆناغێك لە قۆناغەکانی وەرگرتنی زمانی بڕیوە.جگە لە خێرایی قسەکردن،حاڵەتێکی تریش لە هەندێك کەسدا هەیە،لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێی دەوترێت(منگن)،واتە کەسێك ئەم گرفتەی هەبێت،بە کەسێکی(منگن)دەناسرێت.ئەمەش بریتییە لەو تایبەتمەندییە،کە قسەکەر بەهۆی لووتەوە قسەکانی دەکات.هەرچەندە دەنگەکان،وەك کەسێکی ئاسایی پاك و ڕەوان دەرنابڕێت،بەلاّم کێشەی تێنەگەیشتن دروست ناکات. دیارە ئەو کەسانەی،کە کێشەی ئاخاوتن و دەربڕینیان هەیە،لە نووسین و خوێندنەوەدا هیچ گرفتێکیان نییە. بە پێچەوانەی هەندێك نەخۆشی زمانەوە،نەخۆش توانای خوێندنەوە و نووسین لە دەست دەدات،نەك هەر ناتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە،بەڵکو لێشیان تێناگات.ئەمەش پەیوەستە بە ناتەواوی ناوچەکانی زمان و ئەرکە زمانییەکان لە مێشکی ئەو کەسانەدا.

گرفتی شێواویی دەنگەکانی زمان(speech sound disorders)دەبێتە دوو جۆری سەرەکییەوە: ١/شێواویی دەربڕین(articulation disorder،یان phonetic disorder)،٢/ شێواویی جیاکردنەوەی فۆنیمەکانی زمان(phonemic disorder،یان phonological disorder ) هەندێك جاریش هەردوو جۆرەکە تێکەڵ دەبن و پێکەوە لە کەسێکدا دەردەکەون[1].هەرچی جۆری یەکەمە،کەسی نەخۆش کێشەی لە ناسینەوە و جیاکردنەوەی پەیڕەوی دەنگەکانی زمانەکەیدا نییە، بەڵکو تەنها بە هۆی کۆمەڵە هۆکارێکەوە ناتوانێت هەندێکیان گۆ بکات و دەریانبڕێت.وەك ئەو جۆرانەی،کە لەسەرەوە باسکران.بەلاّم لە جۆری دووەمدا،کەسی تووشبوو گرفتی لە جیاکردنەوەی دەنگەکانی زمانەکەیدا لە ڕووی واتاوە هەیە،واتا هەندێك جار دەنگێك لە جێگەی دەنگێکی تر بەکاردەهێنێت،بەبێ ئەوەی هەستی ئەوەی هەبێت،ئەم دوو دەنگە لە ڕووی تایبەتمەندیی واتایی و زمانییەوە دوورن لە یەکەوە و جیاوازن.ئەوەی گرنگە ئەوەیە،هەردوو جۆرەکە لەوەدا یەکدەگرنەوە،کە هۆکارن لە دواکەوتنی وەرگرتنی زمان لای منداڵ،چونکە وەك گوترا،بە هۆیانەوە درەنگتر زمانێکی ڕەوان و پاراو لای منداڵ دەردەکەوێت و دروست دەبێت،بۆ ئەوەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەروبەرەکەیدا پێ دروستبکات.دەگوترێت یەکێکی تر لە گرفتەکانی دەربڕین،(زیادکردن)ی دەنگە(Addition)،ئەمەیان دەبێت لە جۆری یەکەم بێت،واتە(articulation disorder)،

1- http://en.wikipedia.org/wiki/Speech_sound_disorder

ئەمەش ئەو حاڵەتەیە،کە قسەکەر لە کاتی گوکردنی وشەیەکدا،جیا لە دەنگە(فۆنیم)بنەڕەتییەکانی وشەکە خۆی،دەنگی تری بۆ زیاد دەکات.وەك بۆ نموونە(فەرمان.....ففەرمان، هێمن.....ههێمن، دایە......ددایە.....هتد)[1]. ئەم زیاد کردنی دەنگە،وەك دەبینرێت لە سەرەتای وشەدایە،بە واتایەکی تر دووبارە کردنەوەی هەمان دەنگی سەرەتای وشەکەیە و لەگەڵ دیاردەی(دووبارە کردنەوە–گەگ گرتن – Repetition)دا هەمان شتن و کەسەکە لە ئەنجامی نەتوانین و هەوڵدان بۆ گوکردنی دەنگەکە دووبارەی دەکاتەوە و زیادی دەکات.نەشبینراوە،جگە لە سەرەتای وشە و ئەو دەنگەی سەرەتای وشەکە،لە هیچ شوێنێك و هیچ دەنگێکی تردا دەربکەوێت.بەم پێیە ناکرێت بە جۆرێکی جیاواز لە شێواویی دەربڕین دابنرێت.

هەرچەندە هەندێك جار ئەم دیاردەیە،واتای وشەش دەگۆڕێت،بۆ نموونە:وشەی(دان)واتە(دانەوێڵە) وەك لەم ڕستەیەدا(کۆترەکە دان دەخوات).کاتێك ئەو کەسەی ئەم حاڵەتەی هەیە،کە ئەم وشەیە بڵێتەوە لە جیاتی ئەوەی بڵێت(دان)،دەڵێت(ددان)،دەبینرێت بەهۆی دووبارە بوونەوەی دەنگی(د)ەوە،واتا و شێوەی وشەکەش گۆڕا،بەڵام گوێگر سەرەڕای زانینی ڕەوش و هەڵوێستی قسەکردنەکە،بەهۆی دەربڕینی قسەکەرەکەوە یەکسەر تێدەگات،کە کەسی ئاخێوەر گرفتی دەربڕین و دووبارەکردنەوەی دەنگی سەرەتای وشەی هەیە،بۆیە لەم بارەدا تێنەگەیشتن ڕوو نادات،بەڵام لە منداڵدا بە جۆرێکی ترە،چونکە منداڵ بە بارودۆخ و چوارچێوەی ئاخاوتنەوە پەیوەست نییە،بۆی هەیە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر و لە ڕەوشێکەوە بۆ ڕەوشێکی تر بە ئارەزووی خۆی باز بدات.هەروەها تازە وشە سەرەتاییەکانی زمانیش وەردەگرێت،لەوانەیە ئەم بارە تایبەتییانەی منداڵ هۆکارێن بۆ تێنەگەیشتن لێی و جیای بکەنەوە لە کەسێکی پێگەیشتووی ئاخێوەر،بۆیە وا دەبینرێت،کە منداڵی تووشبوو بەم حاڵەتە هێشتا زمانی وەرنەگرتووە،یان دواکەوتووە.

جگە لەو دیاردانەی سەرەوە،هەندێك گرفتی تری ئەندامییش کێشەی دەربڕینی دەنگ دروست دەکەن،وەك شەقبوونی لێوەکان و ناڕێکی و کەوتن و نەبوون(درەنگ دەرهاتن)ی ددانەکان و کەرتبوونی مەلاشوو،کە هەریەکەیان بە جۆرێك شێواویی گوکردن لای منداڵ دەهێننە ئاراوە.

---

[1]- د. فیصل العفیف، ؟،ص٦. ئەم کتێبە لەم پێگەدایە:http://www.arab-book.com/ebook/arab_book_200.pdf

## ٤/٣)هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دواکەوتنی وەرگرتنی زمان

مرۆڤ بـە سروشت بوونـەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بێ کۆمەڵ ناتوانێت بژی و پەرە بە چالاکییەکانی بدات و لە ئاستێکەوە بچێتە ئاستێکی تر،ئەمە سەبارەت بە تاك و کۆمەڵیش هەر ڕاستە٠تەنانەت لە جیهـانی گیانەوەرانیشدا ئـەمە بەدیدەکرێت،چـونکە هـیچ گیانـەوەرێك نییـە،جیا لـە کـۆمەڵەکەی خـۆی بـژی و هەڵبکات٠دیارە بۆ ئەم پێکەوەبوون و پێکەوەژیانەش،(هۆکارێکی پەیوەندیی) پێویستییەکی بنەڕەتیی و چارەنووسـسازە،دەتوانرێت بگوترێـت ژیـانی کۆمەڵایـەتی ئـەو هۆکـارەی هێناوەتـە ئاراوە،یـان ئـەو هۆکارە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی لە نێوان تاکە تاکەی هـەر کۆمەڵێکدا دروسـتکردووە،بە هـەموو جۆرەکـانی گیانلەبەرانیـشەوە٠لێـرەدا مەبەسـت لـە گیانلەبـەران نییە،چـونکە لەبەشـی یەکەمـدا ئـەوە ڕوونکرایەوە،مرۆڤ لە چۆنێتی و چەندێتیی ئەو هۆکارەدا،کە زمانە،لـە تـەواوی ئـاژەڵان جیادەبێتـەوە و لەو ڕووەوە لە ئاستێکی زۆر باڵادایە٠

لێرەدا مەبەست لە کـاریگەریی ئـەو ژیـانە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمـەڵایەتییەیە لەسـەر دواکـەوتن و گەشـەی زمـانوەرگرتن لای منـداڵ٠ئەمـە دەمانباتـەوە بـۆ ئـەو پێناسـە زۆر بیـستراو و ناسـراوەی،کە شارەزایانی کۆمەڵناسی بۆ زمـان کردوویانـە و دەڵـێن:(زمـان هۆیەکـە بـۆ لەیەکگەیـشتن)،واتـە بـەهۆی زمانـەوە مرۆڤـەکان لەیەکدەگـەن و پەیوەنـدیی دروسـتدەکەن٠ڕاسـتە هۆکـاری تـریش هـەن بـۆ ئـەم لێکگەیشتن و پەیوەندییە،بەڵام هیچیان بە ئەندازەی زمان بەرهەمدار و گرنگ نین٠

ئـەگەر زمـان هێندە گرنگ بێت بـۆ کـۆمەڵبوون و ژیانی کۆمەڵایەتی،ئایا کـۆمەڵیش هێندە بـۆ فێربـوون و وەرگرتنی زمان گرنگە ؟وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەگەر لە مێژوودا جێگـەی مـشتومڕ بووبێت،ئـەوا بـە هـۆی ئـەوەوە بووە،کـە ئـەم دوو دیاردەیـە(زمـان) و (ژیـانی کۆمەڵایـەتی) بەشـێوەیەکی وەهـا پەیوەستبوون پێکەوە،زانایان نەیانتوانیوە لە ڕێگـەی بەڵگـەی مێژووییـەوە ئـەوە بسەلمێنن،کە زمـان کەی پەیدابووە،تا بەهۆیەوە بزانن کۆمەڵایەتیبوون،تا چ ئاستێك کارکردی لەسەر خێرایی،یـان هێواشـی دروستبوون و گەشەی زمان هەیە٠

ئـەوەی دەمێنێتەوە لێکـۆڵینەوەیە لـەسەر ژیانی منداڵ و کـاریگەریی ئەو ڕەهـەندە کۆمەڵایـەتیەیە لـە پەرەسەندن و وەرگرتن،یان دواکەوتن و فێرنەبوونی زماندا،ئەمەش قوربانی دەوێت و پێویستە منـداڵێك یان چـەند منـداڵێك بـە تـەواوی دوور بخرێنـەوە لـە ژیانی کۆمەڵایـەتی،یان بـۆ ماوەیـەك پـچڕ پـچڕ لـە تێکـەڵاوی خـەڵك گۆشـەگیر بکـرێن، بـۆ ئـەوەی بزانرێـت تـا چ ئەندازەیـەك ئـەم بارودۆخـە تایبەتییانـە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی زمانوەرگرتنی منداڵان هەیە٠ ئـەستەمـە کەس منداڵی خۆی بـەم شـێوەیە بخاتە ژێر ئـەزموونـەوە،بەڵام هەندێك جـار ئـەم حاڵەتانـە بـە ناچـاری دروسـت دەبـن و ڕوو دەدەن،لـە بـەشی دووەمدا نموونـەی(کـەماڵە)خرایـەڕوو،لێرەشدا نموونـەیەکی تـری منداڵان سەبـارەت بـە حاڵەتی

دووركەوتنـەوەی یـەكجاری و هـەمیشەیی لە ژیـانی كۆمەڵایەتی باسدەكرێت،لـەگەڵ كـاریگەرییەكـەی لەسەر وەرگرتن و فێربوونی زمان و قسەكردن٠

ئەم حاڵەتە دۆزینەوەی كوڕێكی(١١ بـۆ ١٢)ساڵ بوو لە دارستانێكی نزیك گوندی(Saint-Sernin)لـە هەرێمی(Aveyron)ی وڵاتی فەڕەنسا، لە كانوونی دووەمـی سـاڵی(١٨٠٠ز) لەلایـەن ڕاوكەرانەوە،ئـەم كـوڕە زمـانی نـەدەزانی و كێـوی بوو،بـەڵام نەزانرا،لـە چ تەمەنێكـدا بـەم شـێوەیە لـە كۆمـەڵ دوور كەوتووەتەوە،یان دوور خراوەتەوە[١]٠

دەستبەجێ دوای دۆزینەوەی،خرایە ژێر چاودێریی و ڕاهێنانەوە بۆ فێربوونی زمان و گەڕانەوەی بۆ نـاو ژیـانی كۆمەڵایەتی،ئـەم ئەركـە بـە(Jean Marc Gaspard Itard)[٢]سـپێردرا،كە ڕاهێنـەرێكی تایبـەت بـوو لـەو كـارەدا٠دواتـر هـەر لەلایـەن ئـەم زانایـەوە،نازناوی(Victor)لـەو كـوڕە نرا،واتـە (سەركەوتوو)٠پزیشكی ناوبراو بەرنامەیەكی چڕوپڕی دانا،بۆ ئـەوەی ئـەو كـوڕە كێوییـە فێـری زمـان و قسەكردن بكات،هەرچەندە هەوڵێكی زۆری لەگەڵدادا،بەڵام تەنها چەند وشەیەكی كەم فێربوو،بۆ نموونە وەك(lait)بە زمانی فەڕەنسی واتـە(شـیر)،بـەڵام نەیـدەتوانی لـە هـەموو بارودۆخـە جیاوازەكانـدا،وەك وشەیەكی ئاسایی زمان بەكاربهێنێت٠

هـەروەها(Victor)لـەو ماوەیەدا توانی لـەهەندێك فـۆرمی زمانی لـە شێوەی فـەرمـانداندا تێبگات،كـە لەلایەن سەرپەرشتكارەكەیەوە پێی دەوترا٠دوای ئەوەی(Itard)نائومێد بوو لەوەی،كە منداڵەكە فێری قسەكردن بكات،ئەنجا هەوڵیدا لە ڕێگەی نووسینەوە فێری زمـانی بكـات(خوێندنـەوە و نووسـین)٠دوای ماوەیەك هەوڵدان،بەشێوەی نووسینی پیتەكانی زمـان لەسـەر كـارت بۆی،تـوانی چـەند وشـەیەكی فێـر بكات٠سەرەتا بە هۆی كارتی پیتەكانەوە وشەی دروست دەكرد و پەیوەندیی دەكرد،دواتر خۆی تـوانی چـەند وشـەیەك فێربێـت و بیانووسـێت،وەك(گـەورە بـچووك،خوارد،دەخواتەوە٠٠٠٠هتـد)٠بـەم هۆیـە (Itard)زانی،كە كوڕەكـە مێشك و یادگـەی سـاغ و تەندروسـتە،دواتر جـارێكی تـر هـەوڵی ئـەوەی لـە گەڵدایەوە،بەڵكو قسەكردنی بۆ بگەڕێنێتەوە،بەڵام بێ سوود بوو٠لـە ئەنجامـدا(Itard)بڕیاریـدا،كۆتـایی بە هەوڵەكانی لەگەڵ ئەو كوڕەدا بهێنێت،كە پێنج سـاڵی خایاند،سـەبارەت بـە فێركردنـی زمـان و قسـە كردن٠ناوبراو جێگەیەكی بۆ(Victor)تـەرخانكرد،بۆ ئـەوەی تێیـدا بژی،ئـەوەبوو تـا كۆتـایی تەمـەنی بەبێ دەنگی و بێ ئاخاوتن لەوێدا مایەوە،لە تەمەنی(٣٨)ساڵی و لە ساڵی(١٨٢٨ز)دا مرد[٣]٠

بـەپێی ئـەم حاڵەتە و چەند حاڵەتێكی تری لـەم شێوەیە،دابڕان و دوور كەوتنەوە لە كۆمەڵ لە تەمەنی

---

1- Danny D. Steinberg and Natalia V. Sciarini:2006:p91-92 ٠

2- پزیشكێكی فەڕەنسی بوو،لە ساڵی ١٧٧٤ز لەدایكبووە و لە ساڵی ١٨٣٨ز ،كۆچی دوایی كردووە،شارەزابووە لە پەروەردە و فێركردن و ڕاهێنانی مناڵانی كەڕ دوورخراوە یان،دابڕاو لە ژیانی ئاسایی و كۆمەڵایەتی.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:-http://www.britannica.com/EBchecked/topic/297902/Jean-Marc-Gaspard-Itard

3- Danny D. Steinberg and Natalia V. Sciarini:2006:p93 ٠هەروەها بڕوانە:-http://www.edublox.com/victor-feral-child.htm

منداڵیدا،دەبێتە هۆی وەرنەگرتنی زمان،چونکە منداڵ کاتێك دێتە ژیانەوە،پێویستیی بەخێزان و کۆمەڵە بۆ ئەوەی کەرەستە سەرەتاییەکانی زمانیان لێوەربگرێت و لەگەڵ توانستە سروشتییەکەیدا دروستە و پێکهاتە زمانییەکانیان لێدروستبکات٠ئەمە کاتێك ڕوودەدات،کە منداڵ زمانی وەرنەگرتبێت، یان گۆشەگیریی و دابڕانەکەی تەنهایی و خۆ بە خۆی بێت،چونکە ئەگەر کۆمەڵە منداڵێك پێکەوە لە کۆمەڵ دوور بخرێنەوە،ئەوا بێگومان لە نێو خۆیاندا کۆمەڵێك دروستدەکەن و زمانێك بۆ پەیوەندیی کردن لەگەڵ یەکتردا دادەهێنن٠ئەگەر منداڵ پاش وەرگرتنی زمان دووچاری دابڕان و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ بوو،ئایا زمانی لە بیر دەچێتەوە،یان نا؟وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستیی بە بەڵگە و سەلماندن هەیە،لەبەرئەوە دەکرێت لە دوو ڕوانگەوە لێیبڕوانرێت،لە لایەکەوە فێربوونی شت لە تەمەنی منداڵیدا زۆر ئاسانە،بە هۆکاری ئەوەی یادگەکانی پاك و ئامادە و بەکارنەهاتوون،بۆیە زانیارییەکان بە جوانی وەردەگرن و بە سانایی لە مێشکیدا تۆمار دەبن٠ئەمەش وا دەکات زۆر بە گرانی لە بیر بچنەوە،یان هەر لە بیر نەچنەوە و وەکو خۆیان بمێننەوە٠بەڵگەش بۆ ئەمە بە بیر هاتنەوەی زۆر ڕووداو و بەسەرهاتی سەردەمی منداڵییە،لە کاتێکدا مرۆڤ لە تەمەنی گەورەییدا،شتەکان بە گران وەردەگرێت و زووش لە بیری دەچنەوە٠کوردیش هەر لە کۆنەوە گوتوویەتی(بیری منداڵیی تیژە)[1]٠

بە بەڵگەی ئەوەی منداڵ،زمان بەو هەموو ئاڵۆزییەوە لە ماوەیەکی کەم و دیاریکراودا وەردەدەگرێت ئەستەمە لە بیری بچێتەوە،هەرچەندە لە کۆمەڵیش دووربکەوێتەوە،یان دووربخرێتەوە بۆیە دەکرێت بگوترێت،منداڵ ئەگەر بە شێوەیەکی سروشتی زمان وەربگرێت،ئیتر هەرگیز لە بیری ناچێتەوە،تا ئەو کاتەی،کە دەمرێت،با لەگەڵ کەسدا قسەش نەکات٠

لە لایەکی تریشەوە دەتوانرێت بگوترێت،زمانیش وەك مرۆڤ خۆی و هەموو شتەکانی دەوروبەری دەگۆڕێت و لەگۆڕانێکی بەردەوامیشدایە٠ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی،زمانی هەر کۆمەڵگەیەکی تایبەت و دیاریکراو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاواز بێت[2]٠

بەم پێیە ئەگەر منداڵ زمانی شیری،یان زمانی کۆمەڵگەکەی خۆی وەرگرت و پاشان بە هەر هۆکارێك بۆ ماوەیەك لەو کۆمەڵگەیە دوورکەوتەوە،ئەوا کاتێك دەگەڕێتەوە،دەبینێت زمانەکەی هەمان ئەو زمانە نییە،کە ئەو وەریگرتووە و قسەی پێکردووە،چونکە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی زمانەکەدا زۆر وشە و ڕستە و دەربڕین هاتوونەتە ناوەوە،کە ئەو نایانزانێت و پێیان نامۆیە٠

دیارە،تا تەمەنی منداڵ کەمتر و ماوەی دوورکەوتنەوەی لە کۆمەڵگەکەی زیاتر بێت،زیاتر و زۆرتر لە زمانەکەی دوور دەکەوێتەوە،ڕاستە لەوانەیە زمانێکی تر(دووەم)ببێتە جێگرەوەی زمانە شیرییەکەی، بەڵام ئەگەر لەو ماوەیەدا بێزمانیش بێت،ئەم ڕاستییە هەر ڕوودەدات٠ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ

---

[1]- پەندێکی پێشینانی کوردە،واتە منداڵ شتەکانی سەردەمی منداڵیی لە بیر دەمێنێت٠

[2]- JEAN AITCHISON:2013:P3-18 ، هەروەها بڕوانە: R. L. Trask:2003:p1-16

کاریگەریی کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر گەشە و دواکەوتنی زمانوەرگرتن.

### ٣/٤-١)نەدواندنی منداڵ لە خێزاندا

خێزان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لە پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵاندا هەیە.ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر،بەپێی بە هێزیی و لاوازیی پێگەی خێزان تێیاندا دەگۆڕێت.لەو کۆمەڵگایانەشدا،کە خێزان شیرازەی لاوازە،زۆر شوێن و ناوەندی تر،وەك دایەنگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانە هەن و ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی منداڵدا دەبینن.دەکرێت ئەوانەش بە جۆرێك لە خێزانی گشتی ناوببرێن.

یەکێك لەو دیاردە گرنگانەی،منداڵ لە خێزانەوە پێی ئاشنا دەبێت،پێڕەوی زمانێکی سروشتییە و بە زمانی دایك،یان زمانی یەکەم ناسراوە.منداڵ هەر کە دێتە ژیانەوە،خۆی لە نێوان چەند کەسێکدا دەبینێتەوە و تێبینی ئەوە دەکات،جگە لە جوڵە و هەڵسوکەوت،ڕێگەیەکی تریش بۆ پەیوەندیکردن و لەیەك نزیکبوونەوە و تێگەیشتن هەیە،ئەمەش سەرەتا لای منداڵ تەنها دەنگێکە و لە قۆناغی کۆرپەلەییشدا بیستوویەتی،پاشان قۆناغ بە قۆناغ تێدەگات،کە ئەم دەنگە بریتییە لە کۆمەڵە یاسایەکی زۆر ورد و تێهەڵکێشکراو و پێویستە هەموو کەسێك لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕژێمێکی لەم جۆرە بزانێت،بۆ ئەوەی لەگەڵ تاکەکانی تردا، بیر و ڕا گۆڕینەوە و پەیوەندی بکات.

کەس گومانی لەوەدا نییە،منداڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێتە ژیانەوە،زمانی ئەو کۆمەڵگەیە وەردەگرێت، ئەگەر تا تەمەنی(٦)ساڵی تێیدا بمێنێتەوە.ئەم وەرگرتنەش لە ڕێگەی کەرەستە سەرەتاییەکانی ئەو زمانەوە دەبێت،کە دایك و باوك و کەسانی تری نزیك منداڵ بەکاریدەهێنن و قسەی پێدەکەن.بۆیە قسە و ئاخاوتنی دایك و باوك و ئەندامانی تری خێزانیش ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمانی منداڵ دەبێت.ڕاستە منداڵ ڕاستەوخۆ گوێی لە وتووێژی ئەندامانی خێزان دەبێت و کاریگەریی لەسەر گەشەی زمانی دەبێت،بەلاّم هێندەی ئەو گفتوگۆیە کاریگەر نییە،کە ڕاستەوخۆ بۆ منداڵ و لەگەڵ منداڵدا دەکرێت،وەك(لاواندن،پرسیارلێکردن،ئاخاوتن بە زمانی ئەو،یان نزیك لە قسەکردنی ئەو،یان هەوڵدان بۆ دەمکردنەوە و قسەکردنی منداڵ و دواتریش پشتگیریکردنی بە خۆشحاڵبوون و لە ئامێزگرتنی و دووبارەکردنەوەی قسەکەی و ڕاستکردنەوەشی....هتد).

ئەو منداڵانەی زۆرترین قسەیان لەگەڵدا دەکرێت،زووتر زمانوەردەگرن،بە واتایەکی تر لە کاتی ئاساییدا زمانوەردەگرن،بە بەراورد بەوانەی،کە فەرامۆش دەکرێن و نالاوێنرێن.ئەمەش بیرێکی کۆنە و لە زووەوە مرۆڤ هەستی بەم دیاردەیە کردووە،بۆیە دایکان بە پەرۆشەوە لەگەڵ هاتنەدنیای منداڵەکانیاندا،دەستدەکەن بە ئاخاوتن و دەمەتەقێ لەگەڵیاندا،هەرچەندە ئەوان لەهەندێك قۆناغی منداڵیدا تێناگەن و ناشتوانن قسە بکەن،بەلاّم دەکرێت هەوڵێکی شوێن دانەربێت لەسەر پرۆسەی زمان

وەرگرتن لایان،چونکە وەك ڕاهێنان و ئامادەکردنێکی پێش وەخت دەبێت بۆیان· بەپێچەوانەوە، ئەگەر منداڵ ڕۆژانە ڕاستەوخۆ و بە بەردەوامی قسەی لەگەڵدا نەکرێت و پشتگوێ بخرێت،ئەوا هەست بە تەنهایی و دوورەپەرێزیی دەکات و قسە ناکات و زمانی بەکارناهێنێت،لە ئەنجامدا وەلامدانەوەی بۆ وەرگرتنی زمان دوادەکەوێت و وەك منداڵێکی ئاسایی نابێت

ئەم دیاردەیە تێبینیکراوە و بینراوە لای ئەو دایکانەی،کە زۆرتر منداڵەکانیان دەدوێنن و ئەوانەشی منداڵەکانیان نادوێنن·ئەمە مانای ئەوە نییە،منداڵ ئەگەر قسەی لەگەڵدا نەکرێت، زمانوەرناگرێت،لە هەردوو بارەکەدا منداڵ دەتوانێت زمانوەربگرێت،بەلام لە جۆری یەکەمدا لە کاتی سروشتی و لە دووەمیاندا درەنگتر پرۆسەکە بە ئەنجام دەگات·

بێگومان لە هیچ خێزانێکدا منداڵ نییە قسەی لەگەڵدا نەکرێت،بەلام لە هەندێك زیاتر و لە هەندێك خێزانیش کەمتر،بە هۆکاری ئەوەی هەندێك دایك و باوك کاتی کەمتریان هەیە بۆ ئەوەی لەماڵەوە بن و منداڵەکانیان بلاوێنن·بە ناچاری دەیانبەنە دایەنگە و باخچەی ساوایان،لەوێش بەهۆی زۆریی منداڵان و نەبوونی سۆزی دایك و باوکانە،کەمتر ئاخاوتنیان لەگەڵدا دەکرێت·

## ٣/٤-٢)لە کاردابوونی دوو پێڕەوی زمانی لە خێزاندا

بوونی جووتزمانی لە هەندێك خێزاندا،کاریگەریی خۆی لەسەر دواکەوتنی وەرگرتنی زمان لای منداڵ هەیە،منداڵ لەو جۆرە خێزانانەدا ناتوانێت پێڕەوی دوو زمان پێکەوە لە یەك کاتدا وەربگرێت و قسەیان پێبکات[1]·لەبەرئەوەی وەك پێشتریش باسکرا بەهۆی هەندێك هۆکارەوە یەکێکیان زاڵ دەبێت و وەك زمانی یەکەمی منداڵ دەردەکەوێت،بەلام تا ئەم حاڵەتە یەکلایی دەبێتەوە پێڕەوی هەر دوو زمانەکە لە مێشکی منداڵدا،لەگەڵ یەکتردا لە ململانێدا دەبن،بۆ ئەوەی یەکێکیان ببێتە زمانی یەکەم،ئەمە بە زۆری لەو خێزانانەدا دەبینرێت،کە دایك و باوك سەر بە نەتەوە و زمانی جیاوازبن و هەردوو زمانەکەش لە کاردابن و تا ڕادەیەك،وەك یەك قسەیان پێبکرێت·

لە ئەنجامدا منداڵ ناتوانێت لە کاتی ئاسایی و سروشتیی خۆیدا زمانوەربگرێت،وەك لە خێزانێکی یەك زمانەدا وەریدەگرێت،بە هۆکاری ئەوەی،لە خێزانی یەك زمانەدا،ململانێ و کێبەرکێی زمانی نییە و منداڵ لە کاتی دایکبوونیدا ڕووبەڕووی یەك زمان دەبێتەوە و هەموو تواناکانی لە پێناوی وەرگرتنی ئەو زمانەدا دەخاتەکار،بۆیە لە کاتی ئاساییدا وەریدەگرێت·دەرکەوتووە منداڵ لە خێزانی دوو زمانەدا هەندێك جار لە کاتی ئاخاوتندا وشە و ڕستەکانی هەردوو زمانەکە لە بری یەکتر بەکاردەهێنێت،ئەمە لای منداڵ شتێکی ئاساییە و گرنگ ئەوەیە،پەیوەندیی پێدروستبکات،چونکە پێیوایە هەموو کەس

---

1- https://benjamins.com/#catalog/books/hsm.11.13pat/details

دەیزانن و لێیتێدەگەن·بەم پێیە درەنگتر دەسەلاتی بەسەر تەواوی ئاستەکانی زمانی یەکەمدا دەشکێت و فێری دەبێت،لەبەرئەوە بە بەردەوامی بەکاریناهێنێت و ناو بە ناو وازی لێدێنێت·

لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریشدا،لێکدانەوەیەکی سادە بۆ هەردوو دیاردەی(پێگرتن) و (زمانوەرگرتن) دەکرێت،گوایە دوو پرۆسەی پێچەوانەی یەکترن،واتە ئەگەر منداڵ زووتر پێیگرت،ئەوا زمانی دوادەکەوێت،چونکە پێگرتن و هەڵسوکەوت و جوڵەی منداڵ بە هەموو لایەکدا،جێگەی زمانی بۆ دەگرێتەوە و ئەوەی دەیەوێت بە زمان بیکات ئەوا بە کردەوە ئەنجامی دەدات[1]· بە پێچەوانەوەشەوە،ئەگەر زووتر زمانوەربگرێت،ئەوا درەنگتر پێدەگرێت و هەموو کارەکانی بە هۆی زمانەوە جێبەجێدەکات·ئەم دیاردەیە،ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەم ڕاستیش بێت و بەشێك لە هۆکارەکانی بۆ لایەنی بایەلۆژیش بگەڕێتەوە،دەکرێت لە ڕووی کۆمەلایەتیشەوە بە هەند وەربگیرێت،چونکە هەم زمانوەرگرتن و هەم پێگرتنیش دوو پرۆسە و دوو چالاکیین منداڵ بۆ پەیوەندیی کۆمەلایەتی بەکاریاندەهێنێت،بۆیە دەکرێت کەم،تا زۆر پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت[2]·

جێگەی باسە ئەم دیاردەیە،گشتی نییە و هەموو منداڵان ناگرێتەوە،چونکە زۆربەی زۆری منداڵان هەردوو دیاردەکە پێکەوە و لە کاتی ئاسایی خۆیاندا لایان دەردەکەون و دەبینرێن·

## ٣/٤-٣)باری ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتیی خێزان

ئەو خێزانانەی،کە باری دارایی و ڕۆشنبیریی و کۆمەلایەتییان لە ئاستێکی بەرز و پێشەکەوتوودایە، منداڵ تێیاندا زووتر زمانوەردەگرێت،وەك لەوانەی ئەم تایبەتمەندییەیان نییە،بەهۆکاری ئەوەی ژینگەی کۆمەلایەتی لێرەدا ئارامە و منداڵ هەست بە ئەوپەڕی دڵنیایی و ئارامی دەکات و دوور دەبێت لە گۆشەگیریی و خۆ بەکەم زانین و هەر دیاردەیە و نەخۆشییەکی دەرهاویشتەی ئەم بارودۆخانەش·

لە ژینگەی کۆمەلایەتیی ئەم جۆرە خێزانانەدا،پەیوەندییەکی زۆر و بەرفراوان منداڵ بە ئەندامانی تری بنەماڵەکەوە دەبەستێتەوە،هەروەها شارەزایی کەسانی دەوروبەری منداڵ،بە هۆی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییانەوە،لە کێشە و گرفتەکانی منداڵ و چارەسەرکردنیان و دوورخستنەوەیان لە هەر بارو دۆخێکی خراپ و نەشیاو،ئەوا دەبنە هۆکاری ئەوەی فەرهەنگی زمانیی لای منداڵ لەم جۆرە خێزانانەدا دەوڵەمەندبێت، دواتریش ئەمە بەسوودی گەشەی زیاتری زمانی منداڵ دەشکێتەوە·

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت،منداڵ لەو خێزانانەی،کە ئاستی بژێویی و ڕۆشنبیریی و کۆمەلایەتییان لە خوارەوەیە زمانوەرناگرن،یان فێری زمان نابن،بەڵکو منداڵ لە هەر ژینگەیەکدا لەدایك ببێت،ئەو زمانە وەردەگرێت،کە لەوێدا لەکاردایە،بەلام ئەگەر بێت و بەراوردێك لە نێوان ئەو دوو جۆرە خێزانانەی سەرەوەدا بکرێت،سەبارەت بە وەرگرتنی زمان و گەشەکردنی،ئەوا دەبینرێت منداڵی خێزانی یەکەم

---

1- شوان کنعان ،چاوپێکەوتن، (٢٠١٤/٩/٨)،تۆڕینگەکەی خۆی،کاژێر(٦)·

2- http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/1547588

هەموو هۆکارەکانی وەرگرتنی زمانی بۆ ساز و ئامادەیە،بێگومان یەکێك لەو هۆکارە گرنگانە،بوونی ناوەندێکی کۆمەڵایەتیی دروست و پڕ لە زانیاریی و ئارامی و خۆشییە،چونکە زمان ئەگەرچی پشت بە بنەمایەکی بۆماوەیی و بایەلۆژیی دەبەستێت و بەکۆمەڵێك ئەندامی جەستە،ئەو دیاردەیە بەرجەستە دەبێت،بەڵام پەروەردەی ژیانی کۆمەڵایەتییە و بێ کۆمەڵ دروست نابێت و گەشە ناکات.لەم ڕووەوە (فندەریس)دەڵێت:((زمان لە باوەشی کۆمەڵدا پەیدا بووە،واتە لەو ڕۆژەوە زمان پەیدابووە،کە خەڵك لەناو خۆیاندا هەستیان بەوە کردووە،پێویستییان بە لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕا هەیە. لەبەر ئەو هۆیانە دەکرێت زمان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دابنرێت))[1].

لە ئایینە ئاسمانیەکانیشدا،زمان خەڵاتی خوایە بۆ مرۆڤ[2]،بەڵام ئەم خەڵاتە لە سەرەتادا فێری هەموو مرۆڤەکان پێکەوە نەکراوە،بەڵکو لە کاتی دروستکردنی یەکەم کەسدا(ئادەم–سەلامی خوای لێبێت)،تەنها ئەو کەسە فێرکراوە.ئیتر فێرکردنەکە،ئەگەر بەشێوەی بەخشینی توانا و توانستی زمان بێت و دواتر مرۆڤ خۆی بە هۆی ئەو توانستە خواییەوە زمانی داهێنا بێت،یان بە شێوەی فێرکردنی ڕاستەوخۆ بێت،وەك کاتێك خودای گەورە ئادەمی دروستکردبێت و ناوی شتەکانی ئەو سەردەمەی دەوروبەرەکەی پێگووتبێت و فێرکردبێت[3].

لە هەردوو بارەکەدا،زمان پێویستیی بە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی بووە،بۆ ئەوەی تێیدا گەشە بکات و پێویستییەکانی ڕۆژانە و داهاتووی مرۆڤ دابین بکات،بۆیە ئەم ناوەندە کۆمەڵایەتییە لە هەر کاتێکی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا،چەند ئاوەدان و بەهێز بوو بێت،ئەوەندەش زمان خێراتر و بەهێزتر گەشەی کردووە و پەرەی سەندووە.بە پێچەوانەشەوە،ئەگەر ناوەندە کۆمەڵایەتییەکە سست و لاواز و لەناو چوو بوو بێت،ئەوا زمانیش تێیدا بێ هێز و گەشە نەکردوو و لەناوچوو بووە.

بەپێی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە،وەرگرتنی زمان لای منداڵیش هەر بەم شێوەیە،بە بەڵگەی ئەوەی ناوەند و ژینگەی کۆمەڵایەتی لە سەرەتاکانی پەیدابوونی زمانەوە،ڕۆڵی بنەڕەتی هەبووە.ئێستاش لە کاتی وەرگرتنی زماندا لەلایەن منداڵەوە،یان فێربوونی زمان لە لایەن کەسێکی ترەوە لە هەر قۆناغێکی تەمەندا،کاریگەریی گرنگ و چارەنوسسازی دەبێت.بە شێوەیەك،ئەگەر کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی نەبێت،نەك زمانوەرگرتن دوادەکەوێت،بەڵکو هەر بوونیشی نابێت. لەم بەشەدا ئەو هۆکار و نەخۆشییانە باسکراون،کە دەبنەهۆی لە ناوبردنی بەرهەمهێنانی زمان و ئاخاوتن،یان دواخستنی پرۆسەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ،ئەوانەش پەیوەستن بە بوارەکانی بۆماوەیی و بایەلۆژیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە،چونکە گرفت لەم بوارانەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر زمان هەیە.

---

1- تالیب حوسێن عەلی،٢٠١٤،ل٢٩٨ .

2- قورئانی پیرۆز،سورەتی ڕۆم،ئایەتی٢٢ .

3- قورئانی پیرۆز،سورەتی بەقەرە،ئایەتی٣١،٣٢،٣٣ .

# ئەنجام

ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەكە لەم چەند خاڵەدا خراونەتەڕوو:

١/ منداڵ وەك وەچەی هەموو گیانلەبەرانی تر،كاتێك لەدایك دەبێت زمان نازانێت،بەلاّم لە ماوەیەكی دیاریكراودا زمانێك لە زمانەكان،بەو هەموو ئاڵۆزییەوە،وەردەگرێت٠ ئەمە واتای ئەوەیە، كە منداڵ توانایەكی سروشتیی تایبەت بە وەرگرتنی زمانی هەیە و لە ناوەندێكی كۆمەلاّیەتی و مرۆڤایەتیدا گەشە دەكات ٠

٢/ یەكەم دەنگی گیراوی زمانەكە،كە منداڵ لە قۆناغی گڕوگاڵدا دەریدەبڕێت،دەنگی(غ)ە،ئیتر هەرچەندە لە هەندێك زماندا لاوازە،وەك زمانی كوردیدا٠

٣/ دەركەوتنی فۆنیمە لێوییەكانی وەك/م،ب،پ/لە قۆناغێكی دواتردا پاش فۆنیمی/د/لای منداڵ دەردەكەون و بڕگەشیان لێدروستدەكات،چونكە لە تەمەنی بیست مانگیش بەسەرەوە،منداڵەكەم نەیتوانیوە ئەو فۆنیمانە گۆبكات، بۆیە لە كاتی دەربڕینی ئەو وشانەشدا،كە ئەم فۆنیمانەیان تێدایە، بە فۆنیمی تر گۆڕیوینەتەوە٠

٤/ منداڵەكەم(ڕەیان)لە تەمەنی دووساڵیدا،لە كاتی دروستكردنی ڕستە و ریزكردنی وشەكانی ڕستەدا هەمیشە(كردار)ی دواخستووە،ئەمەش ڕەنگدانەوەی یاسای ڕێزمانیی(SOV)زمانی كوردییە٠

٥/ منداڵ لەگەڵ گەشەكردنی تەمەندا،لە واتای تاكە تاكەی وشەكان و ڕستەی زمانەكەی تێدەگات، ئەمە هەندێك جار وەك خۆیەتی و هاوشێوەی كۆمەڵە،هەندێك جاریش پێچەوانەیە٠ ئەوەتا وشەكانی(سارد) و (گەرم)ی بە هەڵە لەبری یەكتر بەكاردەهێنێت٠

٦/ (ڕەیان)لە زمانوەرگرتنەكەیدا ئامرازەكانی□ نەكردن□ و وشەكانی□ پرس□ زووتر لای دەركەوتن،وەك لە مۆرفیمەكانی ناسیاریی□ ەكە□ و نەناسیاریی□ ێك□ و كۆكردنەوە□ ان□ و ئامرازە پەیوەندیی و پێشناوییەكانی وەك□ لە،بۆ،بە،هتد٠٠٠٠□ ٠

٧/ لە كاتی دەركەوتنی كرداردا،دوای دەربڕینی كرداری ئاسایی ئەرێیی،كردار لە شێوەی(نەرێ)دا لای دەركەوتن، دواتریش كردار لە شێوەی پرسیاركردن و فەرماندندا٠

٨/ (ڕەیان)تەمەنی دوو ساڵی تێپەڕاندووە،هێشتا ناتوانێت جێناوی هەیی□ هی□ و ئامرازی دانەپاڵی□ ی□ لە ڕستەكانیدا بەكاربهێنێت،بۆیە وشەكانی ناو ڕستەكانی پەیوەندییەكی ڕێزمانیی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا نییە،بەڵكو زۆرجار تەنها خستنەتەكیەك و ریزكردنێكی بێ پەیوەندیی و سادەن٠

# سەرچاوەکان

## ١/ بە زمانی کوردی:

### ا/کتێب،نامەی زانکۆیی،گۆڤار:


١/ ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠١٢)،پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی لەریا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی٠

٢/ ئارام رەشید(٢٠٠٩)زمان لای منداڵ،لاساییکردنەوە،وەرگێران،پێداچوونەوەی،د٠ ئازاد باخەوان، زانکۆی کەرکوك،گۆڤاری زمانناسی،ژ(٤–٥)ت١،ت٢ ٠

٣/ ئازاد احمد حسین(٢٠٠١)،ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کرداریدا،نامەی ماستەر،بڵاو نەکراوە،زانکۆی سلێمانی٠

٤/ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٨٦)،چەند کێشەیەکی زمانناسیی(وەرگێڕان)،گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)،بەرگی پازدەهەم،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بەغدا٠

٥/ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٦)،زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا٠

٦/ ئەفرام محمد حسن(٢٠١٢)،دەروازەیەك بۆ نەخۆشییە دەروونی و هۆشمەندییەکان،هەندێك لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دەمار،چاپی سێیەم،چاپخانەی چوارچرا٠

٧/ ئەکرەم قەرەداخی(٢٠٠١)،بنەماکانی فسیۆلۆژی مرۆڤ،بەرگی یەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی٠

٨/ ئیحسان محەمەد حەسەن(٢٠١٢)،وەرگێڕانی،دیدار ئەبوزێد،تۆڕە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر٠

٩/ بەکر عومەر عەلی–شێرکۆ حەمە ئەمین قادر(٢٠٠٦)،زار و شێوەزار،چاپی یەکەم،چاپخانەی چوارچرا٠

١٠/ بەکر عومەر عەلی(٢٠١٤)،چەند لایەنێکی زمانەوانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی هێڤی،هەولێر٠

١١/ تیری ئیگلتۆن(٢٠٠٤)،وەرگێڕانی،سەلاّح حەسەن پاڵەوان،شیکردنەوەی دەروونی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی٠

١٢/ تالیب حوسێن عەلی(٢٠١٤)،زانستی زمان و زمانی کوردی،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر٠

١٣/ جۆن لیشتە(٢٠١٢)،وەرگێڕانی،دیدار ئەبوزێد،پەنجا فەیلەسوف و بیرمەندی هاوچەرخ،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر ٠

١٤/ حابس ئەلعەوالمە–ئەمین مەزاهرە( ؟ )،وەرگێڕانی،ئامانج محەمەد،منالٚ،سایکۆلۆژیای دەروونزانی گەشە٠
١٥/ دارا حمید محمد(٢٠١٣)،هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان،چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج،٢٠١٤ ٠
١٦/ دەرون عەبدولڕەحمان سالٚح(٢٠١٤)،ڕۆلٚی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەروونی تاکدا،نامەی دوکتورا،بلاٚونەکراوە،زانکۆی سلێمانی ٠
١٧/ دانا تەحسین محەمەد(٢٠٠٨)،نەخۆشی زمانگرتن لە نێو مندالاٚنی کورددا(لێکۆلٚینەوەیەکی زمانەوانی پراکتیکیە)،نامەی ماستەر(بلاٚونەکراوە)،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر٠
١٨/ سەلام ناوخۆش–نەریمان خۆشناو(٢٠١٠)،زمانەوانی،بەرگەکانی(٤،٥،٦،٧)،چاپی یەکەم،چاپخانەی منارە،هەولێر٠
١٩/ سەلام ناوخۆش(٢٠١٤)،زمان و فەلسەفە و زمانەوانی فەلسەفی،گۆڤاری زماننناسی،ژ(١٦)ی تەموز، هەولێر٠
٢٠/ سەروەت محەمەد ئەمین(٢٠٠٠)،کۆلێجی هونەر،گەشەکردنی سیستێمەکانی دەنگ و وشە لە کن زارۆکان،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژ٤ ٠
٢١/ شێرزاد فەقێ عەلی(٢٠١٣)،مندالەکەت بۆ وا دەکات،سەرپەرشتی زانستی(د٠ عبدالباقی ئەحمەد: دکتۆری تایبەتمەندی دەروونی منداڵ،چاپی دووەم،چاپخانەی موکریانی،هەولێر٠
٢٢/ عبدالستار تاهیر شریف(١٩٨٦)،وشە و ڕستە لای منداڵ لە تەمەنی ١–٦ سالاٚن،گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق،(دەستەی کورد)،بەرگی چواردەهەم،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بەغدا٠
٢٣/ عەبدولواحد ئەلوافی(٢٠٠٧)،وەرگێڕانی،د٠ ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم،زانستی زمان،چاپی یەکەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر٠
٢٤/ عبدالستار طاهر شریف(١٩٨٢)نەشونماکردنی زانیاری لای منداڵ،چاپخانەی(دار العراق للطبع و النشر)،بەغداد٠
٢٥/ عبدە ئەلراجحی،(٢٠١٣)،وەرگێڕانی،عەبدوللاٚ گەرمیانی،زمان و زانستەکانی کۆمەلٚگە،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاٚت،هەولێر٠
٢٦/ عەبباس مەحموود عەوەز(٢٠١٢)،وەرگێڕانی،قاسم عەلی عوسمان،دەروازەیەك بۆ سایکۆلۆژیای گەشە،مندالٚی– هەرزەکاری–پیری،چاپی یەکەم،چاپخانەی نارین سلێمانی ٠
٢٧/ عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٤)،زمانەوانیی دەروونی،چاپی یەکەم،چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر٠
٢٨/ عزالدین احمد عزیز(٢٠١٢)،بنەماکانی دەروونزانی گشتی،چاپی چوارەم،دەزگای چاپ و بلاٚوکردنەوەی ڕۆژهەلاٚت،هەولێر ٠

٢٩/ عەبدولڕەحمان عەدەس–یوسف ئەلقتامی(٢٠١٣)،وەرگێڕانی،سەلاح سەعدی،سایکۆلۆژیای پەروەوەردەیی(تیۆر و پیادەکردنی سەرەکیی)چاپی یەکەم،چاپخانەی نارین،سلێمانی٠
٣٠/ عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١١)،زارە کوردییەکان،چاپی یەکەم،چاپخانەی پاك،هەولێر٠
٣١/ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف(٢٠١٣)،نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆرمە گۆڕاوەکان،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە(٣٨)،کانونی دووەم،بەشیB ٠
٣٢/ عبدالكريم محمد شطناوى(٢٠١١)،وەرگێڕانی،پ٠ی٠د٠ ئازاد ئەمین باخەوان و ناصح محمد فاتح، گەشەکردنی زمانی منداڵ،چاپی یەکەم،چاپخانەی کارۆ،کەرکوك٠
٣٣/ غازی عەلی خورشید(٢٠١٠)،فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٠
٣٤/ غازی فاتح وەیس(١٩٨٤)فۆنەتیك،چاپی یەکەم،چاپخانەی(الاديب البغداديه)،لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان،بەغداد٠
٣٥/ فاروق عومەر سدیق(٢٠١١)،لەدایکبوونی وشە،چاپی یەکەم،چاپخانەی شڤان،سلێمانی٠
٣٦/ ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)،کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (شێوەزاری کرمانجی سەروو)،بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،کوردستان،هەولێر ٠
٣٧/ کەریم شەریف قەرەچەتانی(٢٠٠٩)،سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)،چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند،سلێمانی ٠
٣٨/ کاوە فەرەج سەعدون(٢٠٠٨)،ئاماژەکانی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی نەشری ئیحسان،تاران ٠
٣٩/ کۆمەڵێك زمانەوان(٢٠٠٩)،وەرگێڕانی،محەمەدی مەحویی،مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان،چاپخانەی ڕەنج،مەڵبەندی کوردۆلۆجی،سلێمانی٠
٤٠/کسپە ئەبوبەکر عەلی(٢٠١١)،پەیوەندیی بیر و زمان لە کوردیدا،نامەی ماستەر،بڵاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی ٠
٤١/ کەریم شەریف قەرەچەتانی(٢٠٠٨)،سایکۆلۆژیای پەروەردەیی،چاپی یەکەم،چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی٠
٤٢/ کەریم شەریف قەرەچەتانی(٢٠١١)،سایکۆلۆژیا و پەروەردەی منداڵ،چاپخانەی پەیوەند،سلێمانی٠
٤٣/ کتێبی زیندەوەرزانی(٢٠١٣)،پۆلی دوازەیەمی ئامادەیی(زانستی) ٠
٤٤/ کاروان عومەر قادر(٢٠١٢)،فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی بینایی،سلێمانی٠
٤٥/ کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨)،ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا(بە کەرەستەی کرمانجی خواروو)، چاپی یەکەم،چاپخانەی تیشك،سلێمانی٠

٤٦/ کەریم شەریف قەرەچەتانی(٢٠١١)،سایکۆلۆژیای گشتی،چاپی سێیەم،چاپخانەی دیلان،سلێمانی.
٤٧/ گۆڤاری خاك،ئایا ئەزانن منالەکانتان چۆن قسەکردن فێر ئەبن؟،ژ٣٤،ساڵی سێیەم،١٠ / نیسان .
٤٨/ محمد معروف فتاح(١٩٩٠)،زمانەوانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی دار الحکمة.
٤٩/ محەمەد مەحویی(٢٠٠١)،زمان و زانستی زمان،بەرگی یەککەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٥٠/ محەمەد عودە ئەلریماوی(٢٠١١)،وەرگێڕانی،ئاری عوسمان عوسمان خەیات،لە دەروونزانی منداڵدا، چاپی دووەم،چاپخانەی نارین،سلێمانی .
٥١/ محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨)فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی–فۆنەتیك،بەرگی یەکەم،زانکۆی سلێمانی .
٥٢/ محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩)،زانستی هێما،هێما،واتا و واتالێکدانەوە،بەرگی دووەم،زانکۆی سلێمانی.
٥٣/مەنوچێهر موحسنی(٢٠٠٥)،وەرگێڕانی،موسلح ئیروانی،کۆمەڵناسی گشتی(مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی)،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.
٥٤/ مەنوچێهر موحسنی(٢٠٠٧)،وەرگێڕانی(ڕێبوار سیوەیلی،موسلح ئیروانی،مراد حەکیم،دارا سوبحان، ئەبو بەکر عەلی،دڵشاد حەمە،تەحسین تەها) ،دەروازەکانی کۆمەڵناسی،چاپی سێیەم،چاپخانەی دەزگای ئاراس،هەولێر.
٥٥/ محەممەد محەممەد یونس عەلی(٢٠١٠)،وەرگێڕانی،نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو،سەرەتایێك بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیك،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر.
٥٦/ محەمەد رەزا باتنی(٢٠١١)،وەرگێڕانی،هێرش کەریم،چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ،چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج،سلێمانی.
٥٧/محەمەد ڕەزا باتنی(٢٠١٥)،و.ئاکۆ کەریم عەبدوڵلا،دەربارەی زمان،چاپی یەکەم، ئەندێشە، سلێمانی.
٥٨/ نوام چۆمسکی(٢٠١٣)،وەرگێڕانی،مستەفا غەفوور،زماننناسیی دیکارتی،چاپی یەکەم،چاپخانەی موکریانی،هەولێر.
٥٩/ ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣)،زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ–فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی،نامەی ماستەر، (بلاونەکراوە)،زانکۆی سلێمانی.
٦٠/نایف خرما(٢٠١٣)،وەرگێڕانی،شهاب شێخ تەیبچەند تیشکێك بۆسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاو–چەرخەکان،چاپخانەی،شەهید ئازاد هەورامی،کەرکوك.
٦١/ وریا عمر ئەمین(٢٠٠٩)،ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،بەرگی یەکەم،چاپی دووەم،دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر.

٦٢/ و. ب. گۆتەریچ(١٩٨٣)،وەرگێڕانی،هیوا عمر احمد،دەروونزانی،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو-
کردنەوەی کوردی،بەغدا.

٦٣/ یوسف عوسمان حەمەد(٢٠٠٤)،دەروونزانی(وتار- لێکۆڵینەوە-شیکردنەوە)،چاپی یەکەم،لە
بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما،هەولێر.

٦٤/ یوسف عوسمان حەمەد(٢٠٠٥)،تیۆرییەکانی پەروەردە و فێربوون،چاپی یەکەم،سەنتەری
ڕوناکبیری هەتاو،هەولێر.

٦٥/ یوسف رؤوف(١٩٨٠)،ئەو بایەخە تازانەی بە زمان دراون،ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە(٨١)ی (حوزەیران
-تەموز).

## ب/ چاوپێکەوتنەکان:

١/ بەکر عومەر عەلی،چاوپێکەوتن،زانکۆی سلێمانی،(٢٠١٣/٥/١٩) .

٢/ بەکر عومەر عەلی،چاوپێکەوتن،زانکۆی سلێمانی،(٢٠١٣/٥/٥) .

٣/ تێبین صبری محمود،پزیشکی بیستن،چاوپێکەوتن،چارگەکە(نۆڕینگەکە)ی خۆی،(٢٠١٤/٩/١).

٤/ سەروەر جەمال باجەلان،پزیشکی مێشك و دەمار،چاوپێکەوتن،کۆلێژی پزیشکی،زانکۆی سلێمانی
(٢٠١٥/٣/١٨).

٥/ شوان کنعان،پزیشکی پسپۆری نەخۆشییەکانی تازە لەدایکبوان و منداڵان،چاوپێکەوتن،
(٢٠١٤/٩/٨)،نۆڕینگەکەی خۆی کازێر(٦)،سلێمانی .

٦/ فاروق عومەر صدیق،چاوپێکەوتن،زانکۆی سلێمانی،(٢٠١٣/٥/٢٠) .

٧/ فەرەیدون عەبدول بەرزنجی،چاوپێکەوتن،(٢٠١٣/١١/٣).

## ٢/ بە زمانی عەرەبی:

١/ ابی الفتح عثمان بن جنی،الخصائص،حققه محمد علی النجار،عالم الکتب للطباعة و النشر والتوزیع،
الطبعة الاولی،بیروت،لبنان،١٤٢٧هـ-٢٠٠٦م،ص٦٧ .

٢/ابراهیم ابو شحادە(١٩٨٤)،ظاهرة اللجلجة فی الکلام،رسالة النجاح،العدد٢٤،تموز.

٣/ جون لیونز،ترجمة و تعلیق،د. حلمی خلیل(١٩٨٥)،نظریة تشومسکی اللغویة،کلیة الاداب/جامعة
الاسکندریة،الطبعة الاولی،دار المعرفة الجامعیة.

٤/ ر.ل. تراسك،ترجمه رانیا ابراهیم یوسف،اساسیات اللغة(٢٠٠٢)،الطبعة الاولی،الجزیرة،القاهرة

٥/ صباح حنا هرمز(١٩٨٩)،سایکولوجیة لغة الاطفال،دار الشؤون الثقافیة.

٦/ عبدالستار طاهر شریف(١٩٨٤)الذخیرة اللغویة عند الطفل الکردی فی منطقة کردستان للحکم الذاتی.

٧/فیصل العفیف،الاضطرابات النطق واللغة،http://www.arab-book.com/ebook/arab_book_200.pdf

٨/ قران الكريم.

٩/ موفق الحمدانی(١٩٨٩)،الطفولة،جامعة بغداد،بيت الحكمة.

١٠/ محمد المصباحی(١٩٩٠)،من المعرفة الی العقل/بحوث في نظرية العقل عند العرب، الطبعة الاولی،دار الطليعة،بيروت،لبنان.

١١/ معمر نواف الهوارنة(٢٠١٢)،دراسة بعض المتغيرات المرتبطة فی تاخر نمو اللغة لدی اطفال الروضة، (دراسة حالة)،مجلة جامعة دمشق،المجلد٢٨،العدد الثالث،كلية التربية،جامعة دمشق .

## ٣/ به زمانی فارسی:

١/ محمد رضا باطنی(١٣٨٨)،زبان و تفكر،مقالات زبان شناسی،چاپ نهم،مركز پخش،مؤسسة انتشارات اگاه، تهران.

٢/ ژان پیاژه. باربل اینهلدر،ترجمه،دكتر زينت توفيق(١٣٩١)،روان شناسی كودك،چاپ يازدهم،چاپ و صحافی سپیدار،تهران.

## ٤/ به زمانی ئینگلیزی:

1- Anat Prior¸Judith F. Kroll and Brain Mac Whinney¸Bilingualism: Language and Cognition¸First published online¸2012¸Cambridge University Press.

2- Claire Kramsch,Language and Culture,First published,1998, Oxford University Press,UK.

3-David Crystal,How Language Workes,First published,2007,Tehran.

4-Danny D. Steinberg¸Psycholinguistics¸Language¸Mind and World¸ First published¸1991¸Sixth impression¸1999¸US¸by Longman.

5-David Nunan¸Second Inc¸New York. Learning¸2001.U.S.A. Language Teaching and

6- Danny D. Steinberg and Natalia V. Sciarini¸AN INTRODUCTION TO PSYCHOLINGUISTIC¸Second edition¸2006¸Great Britain.

7-E.M. Rickerson and Barry Hilton,The 5 Minute Linguist,First published, 2006,UK,London.

8- Eric H. Lenneberg¸On Explaining Language¸1969¸published by American Association for the Advancement of Science.

9-Frederick Engels¸ The Origin of the Family, Private Property and the State First Published: October 1884, in Hottingen-Zurich; Proofed and corrected: Mark Harris 2010.

10-John C. L. Ingram,Neurolinguistics,First published,2007, UK, University Press,Cambridge.
11-Jean Aitchison,The Articulate Mammal, 2012,Routledge.
12-Judith F. Kroll¸Erica Michael¸Natasha Tokowicz and Robert Dufour¸Second Language Research¸the development of lexical fluency in a second language¸ 2002¸Pennsylvania State University.
13- J. Michael O´malley and Anna Uhll Chamot¸Learning Strategies in Second Language Acquisition¸Fourth printing¸1995¸Cambridge University Press¸USA.
14- JEAN AITCHISON¸LANGUAGE CHANGE¸FOURTH EDITION¸ 2013¸ UK.
15-Lev Vygotsky¸Thought and Language¸newly revised and edited by Alex Kozulin¸First published¸1385¸Tehran.
16- MATTHEW J. TRAXLER,INTRODUCTION PSYCHOLINGUISTICS, UNDERSTANDING LANGUAGE SCIENCS,First puplished,2012, UK,Oxford
17- Mark Robson and Peter Stockwell¸Language in Theory¸First published¸ 2005¸USA and Canada¸by Routledge.
18-NOAM CHOMSKY,The SCIENCE OF LANGUAGE, INTERVIEWS with JAMES MCGILVRAY,First published,2012,UK,Cambridge .
19-NEIL SMITH,Chomsky Ideas and Ideals,First published,1999, UK, Cambridge .
20-Rosamond Mitchell¸Florence Myles and Emma Marsden¸ SECOND LANGUAGE LEARNING THEORIES¸THIRD EDITION¸ published¸2013¸ by Routledge.
21-R.A.Hudson¸Sociolinguistics¸Second edition¸1996¸Cambridge University Press¸UK.
22-R.L. Trask¸Historical Linguistics¸1996¸reptinted¸2003¸London.
23- SANDRA SMIDT¸Introducing Vygotsky¸First published¸2009¸ USA and Canada¸by Routledge.
24- Thomas Scovel¸Psycholiguistics¸First published¸1998¸Oxford University Press¸UK.
25- V. J. Cook and Mark Newson¸Chomsky´s Universal Grammar¸ First published¸1988¸ Second edition¸1996¸Oxford¸UK.

### ٥/ پێگە ئەلیکترۆنییەکان:


1- http: □□ □ en.wikipedia.org □wiki □ Human-brain

2- www.google.iq/search.human brain

3- Consultant@Birthpsychology.com

4- Michael Halliday.From Wikipedia the free encyclopedia

5- http://EzineArticles.com/?expert=Kurt_Mortensen- Engaging the Five Senses

6- http:□ □www.innovativelearning.com□ teaching□teaching-methods.html 7- *http://www.multi-intell.com/MI_chart.html*

8- http://esperanto-afriko.webs.com/kurso%20angle.pdf

9- https://www.youtube.com/watch?v=Xj0CUeyucJw

10- www.youtube.com/watch?v=zvx90swmv-g

11- https://www.google.iq/search?q=BRONFENBRUNNER

12- Lindsey.greatnow.com/child.html

13- grammar.about.com/od/il/g/Linguistic-Competence-htm

14- http://www.education.com/reference/article/stage-language-development-first-words

15- /http://www.down-syndrome.org/reviews/5

16- http://www.cell.com/trends/neurosciences/abstract/0166-2236%2

17- □http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC2424405

18- https://www.google.iq/search?q=insula&client=firefox

19- http://www.hse.ru/en/staff/dronkers

20- http://mindbrain.ucdavis.edu/people/dronkers

21-/http://www.neurolang.org/nina-f-dronkers-vs-julius-fridriksson

22- http://grantome.com/grant/NIH/I01-CX000254-03

23- http://www.nidcd.nih.gov/health/voice/pages/aphasia.aspx

24- https://www.google.iq/search?q=two hemisphere brain

25- http://faculty.washington.edu/chudler/split.html

26- https://www.google.iq/search?q=corpus+callosum&clien

27- http://egyig.com/Public/articles/family/7/52184996.shtml

28- http://www.gulfkids.com/ar/index.php?action=show_art&Art

29- http://www.diwanalarab.com/spip.php?article15344

30- http://classic.aawsat.com/details.asp?section=65&article=46290

31- https://www.youtube.com/watch?v=hlF4PUxoNT0

32- http://www.education.com/reference/article/children-/communication-disorders

33- http://www.britannica.com/EBchecked/topic/297902/Jean-Marc-Gaspard-Itard
34-http://www.edublox.com/victor-feral-child.htm
35- https://benjamins.com/#catalog/books/hsm.11.13pat/details

ناوی ئەو مندالأنەی،کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سود لە ئاخاوتن و زمانوەرگرتنیان وەرگیراوە

| ژ | ناوی سیانی منداڵ | ڕەگەز | تەمەن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاوان عەدنان عەبدوڵلا | مێ | سیازدە ساڵ و دوو مانگ | کاتی منداڵییەکەی |
| ٢ | ئاسۆس عەدنان عەبدوڵلا | مێ | نۆ ساڵ و دوو مانگ | کاتی منداڵییەکەی |
| ٣ | ڕەیان عەدنان عەبدوڵلا | مێ | دوو ساڵ و مانگێك | لە لەدایکبوونەوە |
| ٤ | دیاری محمد عزالدین | نێر | پێنج ساڵ و نیو | بەپێی پێویست |
| ٥ | دیدار محمد عزالدین | مێ | سێ ساڵ و نیو | بەپێی پێویست |
| ٦ | هێلین محمد عزالدین | مێ | دوو ساڵ و نیو | بەپێی پێویست |
| ٧ | عیسی احمد قادر | نێر | سێ ساڵ و نیو | بەپێی پێویست |
| ٨ | هەڵمەت محمد حسن | نێر | دوو ساڵ و هەشت مانگ | بەپێی پێویست |
| ٩ | ڕەیان نازم حسن | مێ | ساڵێك و حەوت مانگ | بەپێی پێویست |

# خلاصة البحث

عنوان هذا البحث هو(اكتساب اللغة عند الطفل)، و يبحث في عمليات الاكتساب اللغوية التى تجعل الطفل قادرا على تعلم و استخدام لغة الام،او اللغة الاولى فى عمر معين كناطق اصيل. و يبدأ هذا العمر من مرحلة الجنينية،عندما يتأثر بلغة امه و ينطبع ببعض خصوصيات تلك اللغة،بحيث تصبح مرحلة تمهيدية لاكتساب جميع مستوياتها في عمر رابع او خمس سنوات.

حلل البحث فعاليات الاكتساب وفق المناهج العلمية لعلم اللغة،اي انه لم يعتمد على منهج واحد فقط،بل استعرض اراء المذاهب المختلفة عن الموضوع عند اقتضاء الحاجة،ولكن في النتيجة رأي المنهج صاحب الدليل الاقوى،سيصبح الحل لاحجية مسألة اكتساب اللغة عند الطفل،و هذا المنهج هو المدرسة للتوليد و التحويل.يتكون البحث من ثلاث فصول مترابطة بصورة تسلسلية و يقدمن معا بصورة عامة ظاهرة اكتساب اللغة عند الطفل،كالتالي:

**الفصل الاول:** تناول هذا الفصل خصائص اللغة بصورة عامة و اعتبر كاحد مميزات الانسان عن الحيوانات،خاصة الانواع القريبة منه و التي تشبهه الى حد ما مثل القرد.كما تم عرض خصائص الطفل و اذا كانت اللغة خاصة بالانسان كقاعدة،فيجب ان يكون صغيرة مختلفا عن صغار الحيوانات في اكتساب اللغة.كذلك العلاقة بين اللغة و عدة مفاهيم اخرى مثل الفكر والذكاء،لانها بصورة او باخرى مرتبطة باللغة.

**الفصل الثانى:** و في هذا الفصل تم رصد مناهج دراسة اكتساب اللغة فى اربع نظريات رئيسية و هي:

**١- النظرية السلوكية، ٢- النظرية الادراكية(المعرفية)، ٣-نظرية التفاعل الاجتماعى، ٤- النظرية البيولوجية و اللغوية.**

لكل هذه المدارس الاربعة نظرتها الخاصة لعملية الاكتساب،فالاولى تعتبر اللغة سلوك منظور و نتيجة للتعلم.و الثانية تحللها في اطار عملية تنشئة العقل و الوعي.اما الثالثة فتعتبرها من افرازات الحياة الاجتماعية.و المدرسة الرابعة ترجع اكتساب اللغة الى قاعدة وراثية و بيولوجية. وفي الوقت عينه هناك نقطة مشتركة بينهم جميعا و هي ان الانسان يستوعب اللغة و يستخدمها داخل المجتمع،و ذلك بعدد من الاعضاء.

وفي هذا الفصل ايضا تم بحث و تحليل مراحل اكتساب اللغة عند الطفل و التي هي اربع(البكاء و الصراخ، البربرة،تقليد اصوات اللغة و تكوين المقطع،تعلم الكلمة و القواعد اللغوية).اضافة الى القاء الضوء على اكتساب اللغة الثانية و علاقاتها مع اللغة الاولى،اى العمل سوية و الانسجام و التنافس بينهما كنظامين مختلفين للغتين مستقلتين في فكر الطفل خاصة و فكر الانسان بشكل عام.

**الفصل الثالث:**خصص هذا الفصل لبيان تباطئو عملية اكتساب اللغة لدى الطفل مع الاشارة الى الامـراض و الاسباب و الظروف التي تؤخر تلك العمليـة و الـتي تتجـسد في الامـراض الجـسمية و الحـالات النفـسية و الاجتماعية ٠

و هكذا انتهى البحث و عرض نتائجه في عدة نقاط و تـتلخص في ان اللغـة ظـاهرة خاصـة بجـنس البـشر او الانسان،و تعتمد على قدرة طبيعية وراثية و تنموا و تنضج فى بيئة اجتماعية،و الا لن يستطيع الطفـل ان يستوعب و يتعلم الانظمة المعقدة للغاية لاحدى اللغات الطبيعية في مدة محددة ٠

# Abstract

The title of this thesis is(The acquisition of Language by children)¸which studies the processes by which the children exquisite language through which children would be able to learn the(First¸or Mother Language)authentically and then use it in a specific period of time.That time when the child starts to learn language in a time when the influence of mother's language is shaped and would have its outcome for some of the qualities of a given language which later on become a primary stage for facilitating in a thorough acquisition of the language in the age of four till five years.The thesis has taken the analysis the influences of language acquisition based on the scientific approaches of linguitics¸that is to say¸ it has not only relied on one approach¸ or school¸ rather wherever it is the case of necessity¸it has taken perspectives of different approaches concerning the subject for the sake of obtaining the most convincing evidences in different approaches for solving the riddles of language acquisition by children¸and the given approach scrutinizes the linguistic schools of transformation and production.The thesis falls into three chapters and they are well connected serially in order a general view about the language acquisition by children would be created.They are as follow

**First Chapter:**In this chapter¸the characteristics of language have bee explained generally and then language has been shed light upon as a unique device used by human being to communicate.Also¸in the first chapter¸illustration has been given about those properties of language which are very near¸or similar from each other and those which are different¸as monkey. Then in the same chapter¸the features of children are introduced to show the probability of the uniqueness of language inherited by human beings¸so also human offspring should be different in acquisition of language.on the other hand¸in this very chapter¸the relationship of language and some other concepts have been brought under the binoculars of study because they are somehow related to each other as language and ideas¸or language and intellect.

**Second Chapter:**in this chapter the approaches of language cquisition researches have been identified in four major theories as follow:

1- Behavourism Theory ¸ 2- Cognitive Theory ¸ 3-Social Intraction Theory¸4- Biological Theory. Each of these four schools has taken the process in its own perspective; the first school perceives that language is the production of learning. The second school explains it as the

process of growth of consciousness and mind. Since the third school takes it as the result of social production. And the fourth school relates the ability of acquisition of a given language to biological and generic base.

The stages of the acquisition of language has also been discussed and shed light upon mirrored in four stages which are(crying and shouting¸ grumbling¸imitating the sounds of language and making up syllable¸ and learning words and grammatical rules).Along with all of these¸so light has been shed upon language acquisition and its relationship¸ suitability¸and competition as two independent languages in the mind and idea of the child¸especially human being generally.

**Third Chapter:** This chapter has been allocated to the phenomenon of the late time in the process of child language acquisition and the chapter is enriched with adding clues¸causes¸reasons¸diseases circumstances that create the late time or the slow process in language acquisition to be learned by the child¸as physical disability¸psychological and social behaviors.

Finally the research come to an end in this way and its conclusion has been given in the form of some points and its summary is that language is a phenomenon which is attributed to human being which is a unique ability. Such ability is dependable on natural and borne infrastructure and grows into maturity in a social and environmental media¸ if it is not for that¸ a child could not learn one of the most complicated and hierarchical language. .